KURDISTAN



# پێشمەرگە

## ئەو ڕۆژانەی شانازییان پێوە دەکەم

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێرست:

## ئەو ڕۆژانەی شانازیان پێوە دەکەم

* پێشـەکی........................................................................................ ٤
١- بەرەو تەوریوەر........................................................................................ ٦
٢- سەفەر بۆ ناو دڵی دوژمن........................................................................................ ١١
٣- گوندی مرواری........................................................................................ ١٦
٤- لێدانی گروهی زەربەتی کامیاران........................................................................................ ٢٠
٥- ئێمە و خەڵک........................................................................................ ٢٣
٦- جەولەی ناوچەی "سوور سوور"........................................................................................ ٢٦
٧- یەکەم شەهید........................................................................................ ٣٠
٨- شەڕی بانسەێی........................................................................................ ٣٤
٩- عەموو یەدی........................................................................................ ٣٧
١٠- کۆتایی زستان........................................................................................ ٤١
١١- تەفر وتوونا کردنی گوروهی زەربەتی کامیاران........................................................................................ ٤٧
١٢- چەند رۆژی بێحەسانەوە........................................................................................ ٥٢
١٣- بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان........................................................................................ ٥٨
١٤- لە ناوچەی مەریوانەوە بۆ ئالانی سەردەشت........................................................................................ ٦٣
١٥- دەورەی پێشمەرگایەتی........................................................................................ ٦٩
١٦- گەڕانەوە بۆ ناو دڵی شەڕگە........................................................................................ ٧٥
١٧- بیژەن کرماشانی........................................................................................ ٨٢
١٨- لێک دابڕان لە نێو جەرگەی دوژمندا........................................................................................ ٨٧
١٩- گەیشتنەوە بە هاوڕێیان........................................................................................ ٩٣
٢٠- کلاشینکۆفی چینی........................................................................................ ٩٩
٢١- کەمینی بێ تەقە........................................................................................ ١٠٤

٢٢- بێتەل و پیلانی دوژمن........................................................................ ١٠٩
٢٣- لە دەسدانی ٢ هاوسەنگەر..................................................................... ١١٤
٢٤- بەسیجیی........................................................................................ ١١٩
٢٥- پاڵنگان.......................................................................................... ١٢٤
٢٦- نادر گورجی ئەو پێشمەرگە ی گیانی فیدای نان کرد بۆ هاوڕێکانی...................... ١٣٠
٢٧- قۆناخێکی نوێ لە شەڕی پارتیزانی........................................................... ١٣٦
٢٨- "شاخ شکێن" پشت و پەنای پێشمەرگە........................................................ ١٤٠
٢٩- ئاگری بێدووکەڵ................................................................................ ١٤٤
٣٠- هۆرە............................................................................................. ١٤٨
٣١- پێشمەرگایەتی، سەرکەوتن و شکست............................................................ ١٥٣
٣٢- شەڕی دەستەویەخە.............................................................................. ١٥٩
٣٣- ژیانی پارتیزانی تێکەڵ بە دیسیپلینی حیزبی.................................................. ١٦٣
٣٤- کشانەوە بەرەو ناوچەی داگیرنەکراو........................................................... ١٦٧
٣٥- هاتنی سەرماو و سۆڵە.......................................................................... ١٧٠
٣٦- کیشەی کلاشینکۆفی موزەلی..................................................................... ١٧٣
٣٧- چەخماخەی شەڕی نێوخۆیی..................................................................... ١٧٦
٣٨- دیسان برا کوژی.................................................................................. ١٨١
٣٩- زستان و بێ تەحەروکی و دیسان سەردانی دوزخدەرە.......................................... ١٨٤
٣٠- کۆتایی............................................................................................ ١٨٧



## وەک پێشەکی:

بەڕێزان، خۆشەویستان ئەوەی لێرەدا ئەیخوێنەوە هەموو ئەو شتانە نیە کە پێویست بوو بنووسرێن و بە بیریان بێنینەوە بەڵام من بە گوێرەی بیر و هۆشی خۆم بەسەرهاتەکانم نووسیوەتەوە و چاوڕوانم لەو ئازیزانەی کە لەم بارەوە شتی زیاتریان پێیە یان من ناوی کەسێکم لە بیر چوە و لە جێگایەک دا بەسەرهاتەکان وەک خۆی ناگێڕمەوە دەس بدەنە قەڵەم یان تەلەفونەکەیان و پێوەندیم لەگەڵ بگرن و ئەم بەسەرهات و مێژووە پڕ لە شانازیانە وەبیر بێنەوە.

**لە کۆتایێ هەر بەشێک لە نوسیەنەکان دا باسی هەموو ئەو کەسانە ئەکەم بە کورتی کە ناویان هاتووە تەنیا بۆ زانیاری زیاتری ئێوەی خۆشەویست.**

هەروەها ئەم بیرەوەریانە هەشتساڵ لەمەو پاش لە سایتی راستیەکان و بە هاوکاری دوستی بەڕێزم کاک "سەعید باختە" بۆ یەکەم جار و بە شێوەی زەنجیرە بڵاو کرایەوە و دواتر لە سایتی هەڵویستا بە هاوکاری برای بەڕیزم کاک "خەلیل غەزەڵی" و لە سایتی پێشمەرگەکان بە هاوکاری دوستی لە مێژینە و خۆشەویستم کاک ساڵح نەڵۆسی بڵاو کرایەوە، هەروەها کاک "شێرکۆ جیهانی ئەلئەسڵ" زەحمەتی کێشا و بلۆگێکی بۆ کردەوە کە بەداخەوە ئیستا وا بزانم لە کار کەوتووە. کاتێک بیرۆکەی لاپەڕەی فیسبوکی تایبەت بە هێزی بێستون لە لایەن کاک "خالید درودی"وە باس کرا یەکێک لە پێشنیارەکان ئەوە بوو کە بیرەوەریەکانی تایبەت بە هێزی بیستون بڵاو بکەینەوە منیش پێوەندیم بە کاک خەلیل غەزەڵیەوە گرت و داوای ئەم بیرەوەریانەم لێکرد کە بەداخەوە لە لای خۆم نەمابوون کاک خەلیل وەک هەموو کاتێک بە ڕوحێکی بەرزەوە هاوکاری کردم و جارێکیتر نوسینەکەی خستەوە سەر سیستەمی ئوفیس.

بەڕێزان!


ئەم نوسینەی من تەنیا بیرەوەریە و هیچ مەبەستێکی تایبەتی لە پشتەوە نیە و ناشمەوێ لایەنگری لە کەسێک بکەم یان خراپەی کەسێک بنوسمەوە بەڵکو من هەوڵمداوە وەک گەنجێکی ١٤ یان ١٥ ساڵان ئەوەی تێیدا بەشدار بووم بگێڕمەوە و بە ئەقڵی ئیستاش نەنوسم چونکە ئەو کاتە ئەبێ وەک ماموستا و پسپۆڕ قسە بکەم بەڵام هەوڵی من ئەوەیە کە هەموو شتەکان وەک خۆیان بنووسمەوە و ئامانجم تەنیا ڕێز گرتنە لە خوێن و خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵە مرۆڤێکی ئازا و فیداکار لە قوناغێکی سەخت و دژواری خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانا.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

به بێ هیچ دوو دڵی و به دوور له ئێحساس دەڵێم که تاکه تاکەی ئەو پێشمەرگانه لەو سەردەمەدا لەو خەباته دژوارەدا بەشدار بوون جێگای ڕیز و به بیر هێنانەوەن و هەموویان شایانی ئەوەن باس بکرێن، به تایبەت ئەوانەی ئێستاش بێپسانەوە له تێکۆشاندان و ئەوانەی یان شەهید بوون یان ئەندامێک و چەند ئەندامی لەشیان کرده قوربانی ڕێبازی رزگاری نەتەوە و نیشتمان.

به هیوای ئازادی کورد و کوردستان

هیوا گوڵ محەممەدی






سەرچاوە
Serchawe

# ئەو ڕۆژانەی شانازیان پێوە دەکەم

## بەرەو تەوریوەر

ساڵی ١٣٦١(١٩٨١) ناوچەکانمان داگیر کرا و پاشەکشەمان کرد بەرەو ناوچەی ژاوەروی سنە و مەریوان و لە گوندەکانی "نیەر"، "گواز" و "سەرێز" دا جێگیر بوین.

هێشتا سەرەتای پاییز بو کە هەواڵ گەیشت دوژمن بە هێزێکی زورەوە هێرشی کردوەتە سەر پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزداە و هێندێ جێگای گرینگی وەک حەوشە گەورە و چەند گوندێکی ئەو ناوچانەنی داگیر کردوە و پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو هێزە لە بەرەنگاریدان و شەڕێکی گەرم بەردەوامە.

ئێمە کە مەترسی هێرش کردنە سەرمان لەو کاتە دا نەبوو نەمان ئەتوانی تەنیا گوێ بیسی ئەو هەواڵانە بین و کاک "شاپور فیروزی" بڕیاری دا کە بە هێزێکی دیاری کراو لە لکی شەهید "حەمە شەریف" و ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی کە پێشتر لە لکی شەهید "کەرەمی" هێزی شەریفزادە دا بە فەرماندەری کاک "حەسەن زارعی" ناسراو بەحەسەن سەرسپی لە ناوچەکانی بان لەیلاخ و کولیایی دا خەباتیان ئەکرد و لەبەر هێندێ کێشەی ناوخۆیی هاتبوونە لای ئێمە، کەوتینە ڕێ بەرەو بەرەکانی شەڕ.

دیارە ئەو کاتە هەواڵەکان تەنیا دەم بە دەم یان لە ڕێگای پێک و نامەبەر و هاتوو چووەوە ئەگیشت و لە یەکتر ئاگادار دەبوینەوە.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە قەراری سەفەرکردن درا و ناوی پێشمەرگە بەشدارەکان خوێندرایەوە من زۆر خەمبار بووم لەبەر ئەوە ناوی منی تێدا نەبوو، هەر بۆیە چومە لای کاک شاپور و داوام لێکرد کە منیش لەگەڵ بم.

کاک شاپور وتی تۆ سەر بە لکی شەهید حەمە شەریفی و فەرماندەی ئێوە کاک "سالار ئیبراهیمی" یە، منیش چوومە لای کاک سالار و وتم: بۆ ناوی من لە لیستەکەدا نیە، مەگەر من پێشمەرگە نیم؟

کاک سالار پێکەنی و وتی: تو فەرماندەمانی، کێ دەڵێ تۆ پێشمەرگە نیت! شتێکی تایبەتی نیە کە ناوی تۆمان نەنوسیووە،

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ئێمە هەموو پێشمەرگەکان نابەین، بەڵکو تەنیا هێندێ کەسی دیاری کراومان هەڵبژاردوە، شەڕەکە قورسە و ئێمەش ئاگادار نین کە هەل و مەرجەکە چۆنە و داخوا دەگەینە شەڕەکە دا یان نا. پاشان ئێمە دەبێ زەربەتی بڕوین و ڕەنگە چەند شەو و ڕۆژێک ئیمکانی حەسانەوەمان نەبێ.

منیش وەک ڕەوشی ئەوکاتی خۆم و منداڵبونم، لە سەری ڕوشتم و کاک سالارم ناچار کرد کە لەگەڵیان دا بڕۆم و بەم جورە سەرەڕای ئەووەی کە بەرەوە چارەنوسێکی نادیار و بەرەو شەڕگە و ناو جەرگەی توپباران ئەچوین دڵم خۆش و هەستم بە شانازی و گەورەیی ئەکرد.

گەیشتینە گوندی تەوریوەر و هەل و مەرجەکە زور ئاستەم بوو، شەڕ گەرم و دوژمن زەرەر و زیانێکی زوری لێ کەوتبوو و هاوکات چەند پێشمەرگەیەکیش شەهید و بریندار بوبوون کە یەکێک لە شەهیدەکان ناوی "حەمە سنەیی" بوو و پێشتر لە هێزی بێستون خەباتی ئەکرد و چەند مانگێک دەبوو کە خۆی نەقلی هێزی شەریفزادە کرد بوو.

شوێنێک بۆ ئێمە دیاری کرا و بە پەلە خۆمان گەیاندە ئەو جێگایە. دوژمن هێرشی خۆی ڕاگرت و ئێمەش چاوەڕوان ماینەوە. ڕۆژانە بە دەیان گولە توپ و خۆمپارەمان بە سەر دا دەباری، بەڵام ئێمە ڕاوەستاین و لە نێزیک هێزی دوژمنەوە سەنگەرمان گرت و چاوەڕوانی هێرش ماینەوە.(دوکتور ئەوڕەحمان ئەیوت ئەوە پارەی نەفتەکەیە کە خۆمەینی قەوڵی دا بوو بمانداتی کە ئێستا بەسەرمان دا دەبارێ)

ئێمکانات و خواردن و حەسانەوەمان زۆر خراپ بوو، دیارە ئەو کاتە ئێمە هیچ بیرمان لەو حاڵەتانە نەدەکردەوە و تەنیا ئاواتمان پێشگرتن لە داگیرکاران و پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکان بوو.

نێزیک ٣ حەوتو هەر ئاوا ماینەوە و سەر ئەنجام ئێوارەیەک کاک شاپور کۆی کردینەوە و وتی کە قەرارە ئەمشەو هێرش بکەینە سەر دوژمن. هەواڵمان پێ گەیشتوە کە هێزێکی زور هێنراونەتە بەرەکانی شەڕ و بە تەمای هێرشێکی بەرفراوانن، ئێمە دەبێ کارێکی وا بکەین ئەو پیلانە تێک بدەین.

هێزی شەریفزادە هێرش دەکەنە سەر حەوشە گەورە و ئێمەش لێرەوە پەلاماری گوندی "سۆ" ئەدەین، بۆ ئەم کارەش ئەوکەسانە دیاری کراون کە هێرش دەکەن و ئێمە لێرەوە ئامادە دەبین و پێشی هێرشی ئێحتماڵی دوژمن دەگرین.

کاک سالار و پێشمەرگە دیاری کراوەکان لای ئێوارە و لەگەڵ ئاوا بوونی هەتاوا بە بناری شیوو و دوڵەکانا شوڕ بونەوە و بەرەو بنکەکانی دوژمن کشان.

ئێمەش چاوەڕوان ماینەوە و لە سەعاتی دیاری کراوا شەڕ دەستی پێ کرد و ماوەیەکی کەم درێژەی کێشا، ئێمە کەوتینە دڵە ڕاوکێ.

من لە لای کاک شاپور و کاک حەسەن سەرسپی و کاک "غەزیز فۆڕیگەری" دانیشتبوم و گوێم لە قسەکانیان دەگرت. لەو باوەڕە دا بوون کە هیچکام لە پەلامار بەرەکانمان سەرکەوتو نەبوون، دەنا ئا بەو خێراییە شەڕ کۆتایی نەدەهات.

بەیانیەکەی لە نێزیک نیوەڕۆدا دانە، دانە و دوو، دوو پێشمەرگەکان هاتنەوە، هێندێکیان بریندار و ئەوانی دیکەش شپرزە بوبون، ئەوانەی کە گەیشتنە لای ئێمە دڵنیا بون کە چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون وەک "عەبدوڵا قوربانی" ناسراو بە عەبە شامراد، "ئیسمایل گرگری"، "حەسەن ڕوانسەری" و چەند کەسێکی دیکە کە بەداخەوە ناویانم لە بیر نەماوە، بەڵام هەواڵی کاک سالاریان نەبوو.

بەر لە نیوەڕۆ دیدەبانەکان بانگیان کرد کە چەکدارێک بەڕێوەیە بەرەوە ئێرە، کاتێ نێزیک بووەوە دیتمان کاک سالارە و هەموو گیانی خۆێنە.

**کاک سالار و هاوڕێکانی هەموو گەیشتن و دوکتور ئەوڕەحمان برینەکانی تیمار کردن و ئیجا باسی شەڕەکەیان ئاوا گێڕایەوە:**

گەیشتینە ناو ئاوایی و خۆمان لە بنکەکەیان نێزیک کردەوە و عەبە شامراد یەکەم ئارپیجی تێ سرەواندن و ئێمەش دەسرێژمان کردە سەریان، لە کوت و پڕێکا لە ناو تۆپەڵە ئاۆرێکا خۆمان دیتەوە، لە هەموو سەربان و لای ماڵێکەوە تەقەمان لێ دەکرا و بە تەواوی لە گەماوروو کەوتبووین، سالار فەرمانی دا کە هەر چ زووترە دەرکەونە دەرەوەی گوند، بەڵام وا شپرزە بوبووین کە کەس ئاگای لە کەس نەما و عەبە شامراد ویستی ئارپیجی دووهەم بوەشێنێ کەوتە بەر گولە و شەهید بوو، چەند هاوڕێی دیکەش هەروا کەوتنە بەر گولەی دوژمن و شەهید بوون و ئێمەش بەرەو دەرەوەی گوند و جێگای دیاریکراوی پاشەکشە کردن گەڕاینەوە، توزە توزە ئەوانەی مابوون یان بریندار بوون گەیشتن، کاتێ نێزیک بە نیو سەعات چاوەڕوان ماینەوە و کاک سالار نەهات وەڕێ کەوتین بەرەوە ئێرە.

کاک سالار دوو گولەی بەرکەتوبو و هەر دوو ڕانی گرتبووەوە، خۆێنێکی زوری لەبەر دەڕوا و خۆ دەگەیەنێتە ماڵێک لە بناری ئەو شاخانەی ئێمە سەنگەرمان لێگرتبوو و لە نێوان ئێمە و دوژمن دا بوو، ئەو ماڵەش یارمەتی ئەدەن و دەگاتەوە ئێمە.

هەوا خەریک بوو سارد ئەبو بەتایبەت شەوانە، ئێمەش هیچ جورە ئیمکاناتێکمان نەبوو کە بتوانین لەوە زیاتر بمێنینەوە.

هەر ئەو ڕۆژە کاک شاپور و کاک حەسەن سەر سپی و عەزیز قۆڕپەدەری و کاک سالار و دوکتور ئەڕەحمان کۆ بونەوە و بڕیاریان دا کە سەنگەرەکان بە جێ بێڵین و بەرەو بنکەکانی خۆمان بگەڕینەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەم فەرماندەکانی ئێمە و هەم بەرپرسانی هێزی شەریفزادە گەیشتبوونە ئەو باوەڕە کە دوژمن لەوە زیاتر نایەتە پێش و تەنیا ئەیەوێ ماندومان بکات، کەوا بوو ئێمە نابێ خۆمان ماندو بکەین و دەبێ لە بەرانبەر تاکتیکی دوژمن دا هەڵوێست بگرین و دەس بکەین بە گۆڕینی سەنگەرەکانمان و زەربە لێدانی پارتیزانی، کوت و پڕ و بە پەلە.

ئێمە لەگەڵ بریندارەکانا گەڕاینەوە، دیارە منیش بە بریندار حەساب ئەکرام، بەڵام من ئەو شەوە لەگەڵ نەبوم، بەڵکوو دوو ڕۆژ پێش بە هوی توپێکی دوکەڵ کەرەوە کە بۆ دەس نیشان کردنی جێگاکان ئەهاوێژران بریندار بوبووم و ئەگەر ئەو گولەیە ئەسڵی بوایە نەک من بەڵکو چەند کەسمان لە نێو دەچوین.

لە تەوریوەر توشی "کاک کاوس نیازمەند" و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە بووین و لەگەڵیان دا گەڕاینەوە بۆ گوندی شیان و لەوێ قاتریان بۆ گرتین و هەتا گوندی تەنگیسەر گەیاندمانیان و لەوێ لە ژوری دوکتور ئەوڕەحمان دا کەوتنیە بن دەرمان کردن و دوای حەوتویەک هەموو گەڕاینەوە لای هاوڕێکانمان.

ئێمە گەڕاینەوە گوندی گواز و لەوێ لە بن کوڕە مریەم دا ماوەیەکمان بەسەر برد، لەبەر ئەوە ئەو گوندە جێگاکەی وا هەڵکەوتووە پێشمەرگە بە ئاسانی ئەتوانێ تێدا بمێنێتەوە و بەرگەی پەلاماری دوژمن بگرێ.

زستان بە سەر دا هات و سەرما بەرماڵی گرت، جلی گەرممان بۆ هات و هەرکامە دەستێ جلمان وەرگرت و دامانە درون لە لای خەیاتی ئاوایی.

ڕۆژی عەلی تفێنی لە گوندی سەرێزەوە هات و نامەیەکی دایە کاک سالار، کاک سالار نامەکەی خوێندەوە و دایە کاک حەسەن سەرسپی کە ئەو کاتە جێگری کاک سالار بوو، واتە کاک سالار فەرماندەی لک و کاک حەسەن جێگری لک بوو.

(هێزی بیستون دوو لکی هەبوو یەکیان لکی شەهید نادر بە فەرماندەی کاک عەلی ئەشرەف و ئەیتریان لکی شەهید حەمەشەریف بە فەرماندەێی کاک سالار).

پاش چەند سەعاتێک کاک حەسەن سەرسپی و چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵ ئەحلە میسری دا کەوتنە ڕێ بەرەو لای کاک

شاپور و لەوێوە لەگەڵ پۆلێ لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید نادر بەڕێ ئەکەون بەرەو ناوچەی چەم شاری سنە و ئەوەش بۆ چەواشە کردنی دوژمن و پێوەندی گرتن بە گەلەوە بوو.

یەکەم بەفر باریبو بەڵام زور نەبوو، ئێمە هەروا مابووینەوە و چاوەڕوانی هەواڵەکان بووین، لەبەر ئەوە هێزی مەریوان هێرشیان لە سەر بوو و پۆلی پێشمەرگەی هێزی بێستون بە هانایەنەوە چوبوون.

لای ئێوارە نامەیەک لە کاک شاپورەوە گەیشت، کاک سالار بە خوێندنەوەی نامەکە بە پەلە کۆی کردینەوە و ڕای گەیاند کە دەبێ هەر ئەمڕۆ بکەوینە ڕێ بەرەو گوندی سەرێز و بگەینە کاک شاپور و ئەوان.

ئێوارە بەر لە تاریک داهاتن لە گوندی گۆاز وەدەر کەوتین و شەو گەیشتینە لای کاک شاپور و پێشمەرگەکان و لەوێ تێگەیشتین کە بەداخەوە هێزی مەریوان ناچار بوون پاشەکشە بکەن.

پێشمەرگەکانی هێزی بێستون دەگەنە شەڕگە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان شەڕێکی قورس لەگەڵ دوژمن ئەکەن و دەیان کەس لە هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکوژن یان بریندار ئەکەن.

بەداخەوە لە شەڕەکە دا پێشمەرگەیەکی هێزی بێستون ناسراو بە گەرمیان شەهید دەبێ، هەروەها فەرماندەری قارەمان و خۆشەویستی ناوچەکانی کامیاران و مەریوان کاک حیسام ئەسعەدی و چەند پێشمەرگەی دیکەی هێزی مەریوان ئەبنە قوربانی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەیان.

زستان سارد و هەواڵەکان ناخۆش، دەوروبەری ئێمە چۆڵ کراوە و تەنیا ئێمە نێزیک بە ٧٠ کەس مابوینەوە، نە بیسیمان هەبو کە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی حیزب و سەرکردایەتی دا پێوەندیمان هەبێ و نە ئیمکانی تەلەفون و ئەو شتانەش هەبوو. بەڕاستی تەنیا ورە و ئیمانی پۆلاینی پێشمەرگە ئەتوانێ لە کات و سات و هەل و مەرجێکی ئاوا دژوار دا خۆڕاگری بکات.

ئەوەندی پێشمەرگەی هێزی بێستون کە مابوینەوە هەمومان لە گوندی سەرێز کۆ ببوینەوە و چاوەڕوانی داهاتویەکی نادیارمان ئەکرد بەڵام ورەمان بەرز و ئیمانمان نەگۆڕ و ئامادەی خۆڕاگری و فیداکاری و بۆ پارێزگاری لە ماف و بوونی نەتەوەکەمان چاومان لە ئاسۆیەکی دور بڕیبوو.

هەنگاویک بەرەو ناو جەرگەی دوژمن، هەنگاوێک بەرەو باوەشی گەل، هەنگاوێک بەرەو قوڵایی خاکی نیشتمان و هەنگاوێک بەرەو ئازایەتی و نەترسی و بڕوا بە خۆ بون لێرەوە دەس پێ دەکا....

## سەفەر بۆ ناو دڵی دوژمن

ئەو شەوە کە گەیشتینە گوندی سەرێز و لەگەڵ کاک شاپور و کاک عەلی ئەشرەف مەجیدی و پاشماوەی پێشمەرگەکانی لکی شەهید نادر یەکمان گرتەوە پێیان وتین کە پۆلێ لە پێشمەرگە نییەریەکان ڕۆشتونەتەوە کە ماڵ ئاوایی لە بنەماڵەکانیان بکەن و چاوڕوانیان ئەکەین کە بێنەوە و پاشان دەستە بەشی لێ ئەکەین و ڕۆ لە ناوچە جیاوازەکان ئەکەین و خەباتی خۆمان درێژە پێ ئەدەین.

ڕۆژانە سێ جار بە ماڵانا بڵاو دەبوینەوە و دوای نان و چا خواردن ئەگەڕاینەوە مزگەوت. شەوی دووهەم کە قەرار وا بوو پێشمەرگەکان لە نییەرەوە بگەنە لامان نەهاتن. لەبەر ئەوە بەفرێکی زۆر باریبوو و گەردەنەی نێوان سەرێز و نیەری گرتبوو. با ئەوەش بڵێم کە ئەو شەوە کە ئێمە بەڕێووە بووین بەرەو گوندی سەرێز بەفر کلو کلو ئەباری. بەیانی کە هەستاین لە نیو گەز زیاتر باری بوو کە ئەمەش لە کوێستانەکان و گەردەنەکانا زوور زیاترە.

لە هەل و مەرجێکی ئاوا دا دوژمن ناوێرێ هێرش بکا، ئەویش لە کاتێک دا کە هێشتا ئاگاداری ئەوە نەبوون ئێمە بە تەنێ ماوینەتەوە و هێزەکانی دیکەی دەور و بەرمان پاشەکشەیان کردوە.

جاری وا بووە کە ئێمە تەپۆڵکە یان گوندێکمان چوڵ کردوە و نەمان ویستووە لەوە زیاتر مەقاومەت بکەین و ئەوەش لە بەر چەندین هوی جیاواز و یەک لەوان پێش گرتن لەوەی خەڵک زەرەری لێ بکەوێ و پێشمەرگەش ماندوو نەبەن و... کەچی دوژمن دوای چەند ڕۆژ توپ باران و خۆ ڕێک خستن ئینجا وێراویە بێتە جێگاکەمان.

ئەوەی لەو کات و سات و هەل و مەرجە دا زورتر ئێمەی ئازار ئەدا ترس لە هێرشی دوژمن نەبوو، بەڵکوو ئەوە بوو کە ناچار بووین ڕو لە ماڵی ئەو خەڵکە هەژارە بکەین کە دەستیان بە هیچ جێگایەک ڕا نەدەگەیشت و ئێمەش هیچ شتێکی وامان نەبوو کە بتوانین خۆمانی پێ بەخێو بکەین. گوندەکە هەر ٥٠ ماڵێک دەبو و ئێمەش لە ٧٠ کەس زیاتر بووین، بۆیە ماڵەکانمان لەگەڵ یەک ئەگۆڕیەوە تاوەکوو چەند جار لەسەر یەک نەچینەوە هەمان ماڵ.

لەبیرم ناچێ کە ئەو خەڵکە هەژار و بێ دەرەتانە جارێ لە جاران ڕویان لێ گرژ نەکردین و هەموو کاتێ بە باوشی ئاواڵەوە وەریان ئەگرتین و لە ژەم و دەمی ماڵ و منداڵەکانیان ئەگێڕایەوە و بە قورگی ئێمەیان دا ئەکرد.

ئێوارەی ڕۆژی سێهەم لە کاتی تاریک و لێڵا، پێشمەرگەکان لە گوندی نییەرەوە گەیشتنەوە لامان. کاتێ دیتبوویان ناتوانن

ڕێگاکە ببڕن نەیانوێرابوو مل لە ملی بەفر بنێن بۆیە چەند کەسێک لە خەڵکی ئاوایی نییەریان لەگەڵ خۆیانا هێنا بوو، ئەوانیش کە شارەزای بست بە بستی ئەو شاخ و داخە بوون بە ئاسانی لە کەل سەریان خستبوون. لە مزگەوتا هەمومان یەکمان گرتەوە. جلەکانیان وەک دەهۆڵی لێ هاتبوو سەر و سمێڵ و دەم و چاویان بەفری پێدا شۆڕ ببووەوە، کوورەمان لێ تاوا داو و گەرمیان بووەوە و چایمان بۆ لێ نان و بۆ خۆشیان هەرکامە و بابوڵەیەکیان پێ بوو خۆاردیان.

هاتنەوەیان خۆشی خستە دڵمانەوە لەبەر ئەوە زور نیگەرانی هەواڵیان بووین و زیاتر ترسی ئەوەمان بوو کە نەوەک توشی هەرەس یان سەرما لێدان بوبێتن، وەک لە بەشی یەکەما باسم کرد ئەو کاتە ئیمکاناتی پێوەندی گرتن نەبوو، تەنیا بە قەرار و مەدار یەکمان ئەگرتەوە و کارەکانمان ڕائەپەڕاند.

تا چاو بڕ کات هەموو هەر سپی بوو، زستان سارد و بەفر زوور، ڕێگا دوور و چارەنوس نادیار. ڕێگاکان دیار نین و ڕچە نەشکاوە، بەڵام ئێمە لە بەفر و سەرما و باو باوەهو و کرێوەی زستان بە هێزتر بووین.

دڵی پێشمەرگە گەرم وەک کورەی مزگەوت و چاوی پێشمەرگە تیژ وەک هەڵۆی بەرزە فڕ و بڕوای پێشمەرگە قایم وەک شاخەکانی زاگروس و شاهۆ.

دوای ئەوەی پێشمەرگەکانی نیەر گەشتنەوە لە مزگەوتا کۆبوینەوە و کاک شاپور و کاک ڕەشاد حسێنی قسەیان بۆ کردین و بەرنامەی لێک دابڕانیان شی کردەوە.

کاک ڕەشاد وتی: خەباتی ئێمە بە شێوەی پارتیزانی دەس پێ ئەکات، بۆ ئەوەش کەمترین زەربە بخۆین و خۆمان بگەیەنینە بەهار دەبێ ببینە دوو بەشەوە و ڕەنگە هەر بەشەش ببێتە چەند گروپێک، ئێمە پێشمەرگەین و خزمەتکاری گەلی خۆمانین و پشت و پەناشمان هەر ئەو گەلەیە و لە کاتی خۆشی و ناخۆشی دا هەر ڕۆ لەوان ئەکەین، ئەگەر چی زوربەی گوندەکان پێگەی دوژمنیان تێدایە و بەفریش لە عەرزە و شۆێن پێمان ئەکەوێ دەبێ زور بە وریایی بجوڵێنەوە و تاکتیک و تێکنیکی جیاواز بە کار بێنین و لەم بارەشەوە هێندێ تەگبیری پێوستمان گرتووە کە پاشان کاک سالار و کاک عەلی ئەشرەف بۆتان باس ئەکەن، ئێستاش کاک شاپور هێندێ قسەتان بۆ ئەکا و پاشان من ناوی گروپەکان ئەخۆێنمەوە.(دیارە قسەکانی کاک ڕەشاد رێک ئاوا نەبوون و منیش هیچ یاداشتێکم لە بەردەستا نیە، بەڵام لەو چوارچیوەیەدا قسەی).

پاشان کاک شاپور هەستایە سەرپێ و بە ورەیەکی بەرز و بە بڕوایەکی پۆڵاینەوە ڕوی لە پێشمەرگەکان کرد و وتی: ئێمە نەبوینەتە پێشمەرگە کە دایم لە هەڵپەڕین دا بین، ئێمە دەعوەت نەکراوین بۆ زەماوەن، ئێمە پارێزەری مان و نەمانی

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

خەڵکێکین کە دوژمن لە بەر هەر ماڵێکا پێگەیەکی بۆ سەرکوت و دەمکوت کردنیان داناوە.

لە کاتێک دا کە ئێمە ناچارین لێک دابڕیەین زستانە، بەفرە، سەرمایە و چەک و تەقەمەنی ئێمەش هەر ئەوەیە کە پێمانە، کە لێک جیا بوینەوە کەس نازانێ کە داخۆا یەک دەبینین یان نا، زور پێویستە تا بۆمان دەکرێ خۆ لە شەڕ بپارێزین، ئەگەر شەڕیش بەردرگای گرتین دەبێ دەس بە فیشەکەوە بگرین، هاوڕیان فیشەک و نان بۆ ئێمە وەک یەک گرینگن.

من ئێوە بناسم لەم کۆسپ و تەنگەژەیە بە سەر بەرزی و ڕۆسوریەوە لە بەهارا یەک دەبینینەوە، ئێوە زور ڕۆژی سەخت و دژوارتان دیووە، لە زور شەڕی گەورە گەورە دا سەنگەری دوژمنتان تێک شکاندوە و شانازیتان خوڵقاندوە و ئەم هەنگاوەش دەبێتە سەرەتای مێژوویەکی پڕ لە شانازی(قسەکانی کاک شاپوریش لەم چوارچێوەیەدا بوون).

کاک ڕەشاد ناوەکانی خوێندەوە، لیستی یەکەم ئەوانە بوون کە لەگەڵ کاک سالار ئەکەوتن و لیستی دوهەم لەگەڵ کاک عەلی ئەشرەف.

ئەوانەی کە لەگەڵ لیستی دووهەم دا بون دەبوو لەم گوندەدا بمێننەوە و لیستی دووهەم دەبوو هەر ئەو ڕۆژە بکەونە ڕێ و ڕۆ لە قولایی ناوچە میلیتاریزە کراوەکان بکەین، من لە گەڵ لیستەکەی کاک سالارا بووم.

پاش تەواو بوونی قسە و باسەکان، بەرەو ناو چومی پیرباخ شۆڕ بوینەوە، تا دەهاتینە خوارەوەتر بەفرەکە کەمتر دەبوو، ناو چوم و دوڵەکان گەرمرتر بوون و بەفری کەمتریان وە خۆ گرتبوو، هەر بویە بڕیار وا بو ئێمەش بە ناو چوم و بە گوێی ئاوەکانا هەڵکشێین تا جێگایەک کە ئێمکانی هەبێ.

لە پیر باخا لە ناو خانویەکا کۆ بوینەوە و کاک سالار باسی سەفەرەکەی بۆ کردین کە چۆن وەڕێ دەکەوین، کامانە تیمی پێشڕەون و هەروەها ئەو گروپەی ئێمە کە ٣٠ کەسێک دەبوین کرایە سێ پەل و بۆ هەر پەلە سەرپەل و جێگرێک دیاری کرا....

سەیر لەوە دایە، لە هەل ومەرجێکی ئاوا دا ئەو پێشمەرگانە وایان ئەزانی کە بۆ شایێ ئەڕۆن و کەریم بزوەشی و سوبەت گومەتەیێ و حەیبەلا گازرخانەیێ کەوتنە گۆرانی وتن و شوکرە قەناسە و سەعی زیویەیێ و ئەوانی دیکە دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ...

بەرەو پیری ئێوارە ئەچوین، چەک و ڕەختمان لە خۆ بەست و بە گۆێ چۆمەکە دا کەوتینە ڕێ بە فاسیلەی سەد میتر چوار کەس لە پێشەوە و ئەوانی دیکەش یەک لە دوای یەک بەدۆایانا.

ئێمە بەرەو گوندەکانی نێزیک شاری کامیاران و سەر جادەی سنە - کامیاران ئەڕۆیشتین، بەڵام بە باشی نەمان ئەزانی کە پێگەکانی دوژمن لە گوندەکانا چۆن هەڵکەوتون و کامە ڕێگا ئاسانتر و هەروەها کامە گوند پێگەی تێدایە.

ئەوکاتە دوژمن گروهی زەربەتی دروست کرد بوو و وەک پێشمەرگە شەوانە ئەگەڕان و بە گوندەکانا بڵاو ئەبونەوە و ئەوەش زور مەترسی دار بو بۆ ئێمە. لە لایەک زوربەی چەکدارەکانی ئەو گروپانە کورد و خەڵکی ناوچەکە بوون و لە لایەکی دیکەوە نەمان ئەزانی کەی و چۆن ئەچنە گوندەکان.

بە لای ئاوایی پەشاوە دا لە نێزیک ماڵەکانا و بە بن پێگەی هێزە داگیرکەرەکانا دەرباز بووین، شەو لە نیوە لای دابوو کە گەیشتینە گوندی شایەنی، ئەو گوندە دوو پێگەی لێبوو، کاک شاپور و کاک سالار پێیان وا بوو کە لەو گوندە دا بمێنینەوە و لە چەند ماڵێکا دابەش بین و بەم جورە ئەتوانین تا شەوی داهاتوو لەوێ بحەسینەوە.

ئەو گوندە لە نێوان دوو شاخ یان تەپۆڵکە دا هەڵکوتووە و لە خوار و ژوری ئاوایی دا دوڵ و شیو هەیە و ئێمە ئەمانتوانی لە چەند ماڵێکی ژور ئاوایی دا بحەسینەوە و ئەگەریش ئاشکرا بووین دوڵکیشی بۆ بکەین و خۆمان بپارێزین، بەڵام لە کاتی ڕاوێژ کردندا بوون کە تەقەی تفەنگێک ڕایچڵەکانیدین، لە پێشدا نەمان زانی چی بووە و خۆمان لە ناو بەفرەکەدا وە عەرزی دادا و چاوڕوانی شەڕ بووین، بەڵام وتیان هیچ نیە هەستن و خێرا وەڕێ کەون نەوەک پایگاکان ئەم ناوە بدەنە بەر دەسرێژ و توشی زەرەر بین، فڵانەکەس(کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە) فیشەکی لە دەست دەرچووە.

ئێمە لە ئێوارەوە کەوتبوینە ڕێ و ئێستا کات لە نیوەی شەو لای دابو و بە تەواوی ماندوو ببوین. بە ناو بەفر و ئاوو و ڕێگای سەخت و دژوار و بێ حەسانەوە تا ئێرە هاتبووین و چاوەڕوان بوین کە بتوانین بحەسینەوە و ئەو بەزمەمان بە سەر دا هات و دەبوو ڕێگاکەمان درێژە پێ بدەین بەرەو گوندێکی سەرەوە تر کە ئەمانزانی پایگای دوژمنی لێ نیە و ئەگەر گروی زەربەتی تێ نەهاتبێ ئەوا بە ڕوناکیش ئەتوانین بچینە ناو گوند و لەوێ بحەسینەوە.

لە ڕاستی دا لە پێ کەوتبوین بەڵام ناچار بوین بەردەوام بین و ملی ڕێگامان گرت، تا زیاتر هەڵدەکشاین بەفرەکە زیاتر دەبو وبەر لە ئێمەش کەسی پێدا نەچووبوو و ئێمە ڕچەشکین بووین، تاریک و لێڵی بەیانی گەیشتینە ناو ئاوایی و مزگەوتمان دیتەوە، من نازانم چی ڕوی دا و چون چوومە ناو مزگەوتەکە، وەک بێ هوش کەوتبم ئاگام لە دنیا نەما و کاتێ خەبەرم بووەوە کورەکەیان تاو دابوو و مزگەوت گەرم و منیش دوو جانمازم بەسەردا درا بوو، دوایی بۆم دەرکەوت کاک

عەزیز ڕەوانسەری داپپۆشیبوم کە سەرمام نەبێ.

ئەوەی کە لێرە دا بە کورتی باسی دەکەم مروڤ لە فیلمیش دا نەیدیوە و ئەگەر بە وردی باسی لێوە بکەم ئەوا سەدان لاپەڕەی گەرەکە. لە پیرباخەوە بۆ ئەسرابا بە یەک شەو و بە کۆڵ و بار و تفەنگ و قەتار و بەو بەفرە و لە سەرمایەکی زور دا، ناچێتە ئەقڵی کەسەوە. هەر بۆیە دوژمنیش سەری ئاوسابوو و بڕوایان بە ئەو هەواڵانە نەئەکرد کە باسی هاتنی پێشمەرگەیان بۆ نێزیک شار ئەکرد.

ئەو ڕۆژە دوا نیوەڕۆ بە ماڵان دا بڵاوەمان لێ کرد، مەسئولەکان پێیان ڕاگەیاندین کە هەرکەسەمان بەشی ٢٤ سەعات نان لەگەڵ خۆمانا هەڵگرین.

لە مزگەوتا کۆ بوینەوە و خەڵکمان کۆ کردەوە و کاک شاپور قسەی بۆ کردن، باسی سیاسەتی حیزب و کارە ناڕەواکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە گەلی کوردی بۆ کردن و پاشان داوای یارمەتی لێ کردن کە هەرکەسە چەندەی پێکرا پارەی پێمان دا، واتە درایە کاک شاپور.

**ئێمە هەنگاوی یەکەممان هەڵگرت، هەنگاوێکی پڕ مەترسی و ئاستەم بەڵام هەنگاوێکی سەرکەوتوانە و سەرەتایەکی پیروز و تێپەڕاندنی قۆناغێکی پرشنگدار.**

## گوندی مرواری

ئەسراباد گۆندێکی بچکۆلەیە کە لە ٣٠ ماڵ پێک هاتوە و لە ناو دۆڵێک دایە، کاتێ ئێمە هاتینە ناو ئاوایی بەرە بەری بەیانی بۆ، من ئەوەندە ماندوو بوم کە نەم ئەزانی گوندەکە چۆن هەڵکەوتوە، بەڵام کاتێ لە خەو هەستام و بە ماڵان دا بڵاوەمان لێکرد و ئەو خەڵکە هەژار و دڵ و دەرون ئاوالە و پێشمەرگە خۆشەویستە باشترین خۆاردنیان پێدایین و هاتینەوە سەرەخۆ، تێگەیشتم کە بەڕاستی گوندێکی دڵگر و جوانە وەک هەمو گوند و جێگاکانی دیکەی کوردستان.

هەتا چاو بڕ کات بەفرە و سروشت بەرگی سپی لەبەر کردوە، ڕەشایی سەربانەکان نەبێ هیچ ڕەشایی دیکە نابینی و سەر تەپۆڵکە و شاخ و ناو دۆڵەکان بەفر داگیری کردوە، بەڵام پێشمەرگە بەفر و بۆران و کرێوە ناناسێ و چۆک بە تاریکی و ناخۆشی و ترس دا ئەدات.

خەڵکی ئاوایی نەیان ئەزانی کە ئێمە لە کوێوە و چۆن گەیشتوینەتە لایان، نە دەنگ و باسی پێشمەرگەیان بیستبوو و نە هەواڵی هاتنی پێشمەرگە هاتبوو.

ئەوەی بەلایانەوە گرینگ و خۆش بو ئەوە بو کە پێشمەرگە ماوە و بەردەوامە و خەبات ئەکات و سەریان لێ ئەدات و داوای مافیان بۆ ئەکات.

**خەڵک نەیان ئەپرسی لە کۆیوە هاتوون و بۆ کوێ ئەچن، ئەوەی ئەیان وت ئەوە بو کە: ئاگاتان لە خۆتان بێ، گروی زەربەت ئەگەڕێن، بەڵام بەم ناوە دا نەهاتون و لەوبەری جادەوەن.**

ئێمە لە بەردەم مزگەوتا کۆ بۆینەوە و وەک هەمو کاتێ گروپەکەی ئێمە واتە کەریم بزوەشی، سوبەت گومەتەیێ، حەبیبەلا گازرخانەیێ و ڕەمەزانی خاڵۆ نەبی دەستمان کردە سرود خۆێندن.

دوایێ دەستوری ۆەڕێ کەوتن درا و وەک مار ڕیچکەمان بەست و بە فاسیلەوە کەوتینە ڕێ و ماڵ ئاوایمان لە خەڵکی گوند کرد.

بەرەو گوندەکانی سەر جادەی کامێاران - سنە یان باشتر بڵێم جادەی کرماشان- سنە بەفرەکەمان ئەشێلا و بێ وچان ئەچوینە پێش.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

کاک شاپور فیروزی کە لە هەمووومان بە تەمەنتر بو وەک شاخێک لە جوڵە دا بێ ئاوا بوو، مروڤێکی باڵا بەرز، بە خۆە، پێکەوتو، جوانچاک بوو، کڵاو و دەزماڵێکی هەورامی ئەبەستەوە و کڵاشینکۆفێکی جوت لاقی لە شان ئەکرد و بەڕاستی ماندووێی نە ئەناسی، کۆڵەپشتیەکی لە کۆڵ ئەکرد و هێمن، لە سەرخۆ، بە ورە و زانا لە کاری خۆیا هەم فەرماندە و هەم برای گەورە و هەم بەرپرسی گشتی و هەم پێشمەرگەیەکی سادە و ڕوخۆش و دڵفراوان، هێز و گوڕی بەردەوامیمان بوو. کاک شاپور شارەزای تەواوی ناوچەکان بوو، گوندەکان، ڕێگاکان و خەڵکەکەی ئەناسی و ئەوەش وای کردبوو کە ئێمە خەمێکی وامان نەبێ.

حیزب "کۆت"(پاڵتۆ) ی بۆمان کڕیبوو کە سپی بون و لەگەڵ بەفرەکە دا هاوڕەنگ دەبووین، دیارە بەرگەی سەرمایان نەدەگرت زۆر ناسک بوون بەریان پێوە نەبوو، گۆیا بو ئەوە بەرەکانیان لا بردوون کە سوک بن، ڕاستە سووک بوون بەڵام گەرماشیان نەبوو.

تیمی پێشڕەو گەیشتنە ناو ئاوایێ ماسان و چاومان لێان بوو کە خەڵکیان لێ کۆ بووەوە و ئێمەش چەند خولەک دواتر یەکە یەکە چوینە ناو دێ.

زوور نەماینەوە و بە ماڵانا بڵاوەمان لێکرد و نان و چایەکی خەجاڵەتیمان خۆارد و وەدەر کەوتین و چوینە سەر جادەی قیر و لە چایخانەیەک دا لامان دا. خاوەن چایخانەکەمان لە خەو ڕاکرد و سەروو چامان لە لای خۆاردەوە، دیارە مروڤێکی بە قەدر و قیمەت و پێشمەرگە خۆشەویست وجێگای بڕۆای ئێمە بوو.

بە پەنا جادە قیرەکەی سنە - کرماشان دا ئەڕۆیشتین و هێندێ جار بە سەر جادەکە و هێندێ جار لە پەنایەوە ئەڕۆیشتین و نەمان ئەویست کە شۆێن پێمان لەسەر بەفرەکە بکەوێ.

ئەوکاتە دوژمن شەوانە هاتوو و چوی نەئەکرد و ڕێگای نەئەدا کە خەڵکیش هاتوچوی ماشینیان هەبێ و لەمبارەوە بێ خەم بووین.

لە پەنا پایگای سەر گەردەنەی مرواری و ڕوبەڕوی گوندی لایەن و ڕادارەکەی لایەن دا دەرباز بووین و خۆمان گەیاندە گوندی مرواری.

ئێمە بە شەو ڕێگامان ئەبڕی و لە دەمەو بەیانا خۆمان ئەگەیاندە گوندی مەبەست. بەرەو کوێ ئەچوین و کام گوند مەبەست بوو تەنیا چەند کەس ئەیانزانی و کەسیش نەی ئەپرسی بۆ کوێ ئەچین و کەی دە گەین و چۆن ئەچین.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ئێمە لە پێشمەرگایەتی وا تێگەیشتبوین که دەبێ بۆ هەموو چەرمەسەری و تەنگاژیەک ئامادە بین و لە ڕاستیش دا هەروا بوو.

گوندی مرواری کە لە پەنا جادەی ئەسڵی هەڵکەوتووە، لە کاتی هاتنی لەشکری ئێران بۆ داگیرکردنی شاری سنە ناوبانگی دەرکرد، دوای ئەوەی پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵە و چریک فارەمانەتیان نۆاند و گەردەنەی مرواری بوو بە موتەکەی سەر سینگی هێزە داگیرکەرەکان.

مانەوەی ئێمە لەو گوندە دا بە ڕۆژ و ئەویش دوای ڕێگا ڕۆشتنێکی چەند کاتژمێری و ماندوو و هیلاک و بە بێ دەرکردنی کەمین و گرتنی بەرزایەکان تەنیا بە ئەقڵی کاک شاپور و کاک سالار و فەرماندەکانی هێزی بێستون دەگەیشت و ئامادە بوون ئەو مەترسیە قەبوڵ کەن.

دیارە هەم پڕ مەترسی و هەم کەم مەترسی بوو، لە لایەک نێزیکی جادەی ئەسڵی، چەندین پێگەی مەزن، لە نیو سەعاتی پادگانی شاری کامیارانین و ئەگەر ئاشکرا ببین توشی خەساری مەزن دەبین و لە لایەکی دیکەوە کەم مەترسی بوو لەبەر ئەوە پێگەی گەورەی ملە مرواری بەسەرەوە بوو کە هەمو ئاوایی لە ژێر چاوەدێری و ڕۆژانەش بە درێژایی چەند سەد میتر هێزەکانی دوژمن لە سەر تەپۆڵکەکانی پەنا جادەکەدا بڵاو دەبونەوە و پێیان ئەوتن تەئمینی جادە و کەمترین گومانیان هەبو کە پێشمەرگە بە ڕۆژ لەو گوندە دا بمێنێتەوە.

ئێمە لە خەڵکەکە دڵنیا بووین و بەڕاستی پاک، پێشمەرگە خۆشەویست و وەڵاتپارێز بوون و ئێمەش داوامان کرد کە کەس لە گوند وەدەر نەکەوێ بە بێ ئاگاداری ئێمە.

لە سێ ماڵ لە دەور یەک دابەش بوین و قەرار درا هەر ماڵە و نیگابانێک لەبەر دەرکە دانێن بۆ وەشیاری، دەنا لە ڕاستی دا پێویستمان نەبوو. شوێنی کۆبونەوە، شوێنی پاشەکشە و شەڕ و ئەوشتانە بۆ ئێحتیات دیاری کرا و ئەمەش بەردەوام دووبارە دەبویەوە و هەروەها ناوی نهێنیشمان هەبوو کە پێیان ئەوت ناوی شەو ئەگەر چی خەریک بو ڕۆژ بێتەوە بەڵام هەر ئەمانوت ناوی شەو.

ئێمە نێزیک ١٠ کەس لە ماڵێکا بووین، جێگا و پێخەفی گەرم ونەرم و نۆیان بۆمان ڕاخست و لێی ڕازاین، نورە نیگابانی من کەوتبوە کاتژمێر ١٠ی بەیانی و تا ئەو کاتە بە باشی ڕازام و وام ئەزانی ناوچە ئازادە و چەک و ڕەختم لە خۆ کردەوە و بە ئاسودەیی و بێ خەم و بیر کردنەوە و دوو دڵی سەرم لە سەر سەرین نا. هاوڕێکانم چەک و ڕەختیان لە خۆ نەکردەوە و ئەمەش نەوەک بترسن بەڵکوو وەک ڕەسمی پێشمەرگایەتی و دەبێ دایمە ئامادە بی....

کاتێ لە خەو هەستام کات لە نیوەڕو نێزیک ببوەوە و کاک عەزیز ڕەوانسەری کە پێش من قەرەوڵ بوبو منی وەشیار نەکردبووەو و لێم گەڕا بو لە دنیای مناڵی خۆما خەوی خۆش ببینم.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

نان و خۆاردنی خۆشیان پێ داین و دوایێ ئاویان بۆ گەرمکردین و داوایان لێ کردین کە خۆ بشۆین و جلەکانمان داکەنین کە بۆمان بشۆرن، بەڵام ئێمە پێمان وترابو کە نابێ جل و بەرگ لە خۆ بکەینەوە. من سەرم بە ملا شورد و هەستم بە ئاسودەیی کرد کە بەڕاستی ١٠ ڕۆژێک دەبوو کە نە سەرم شۆردبوو نە خۆم.

دوای کاتژمێر ٤ی ئێوارە کە تائمین جادەکانیان هەڵگرت ئێمە لە ماڵان هاتینە دەر و خەڵکمان لێ کۆ بووەوە و بەڕاستی دڵگەرمیان کردین.

هاشم شێروانی وتی وەرە ماڵی ئەو خزمەی من کاریان پێتە، منیش لەگەڵی ڕۆشتم، کوڕێکی گەنج و دوو کچی پێگەیشتوو و ژنێکی گەنم ڕەنگی ڕوخۆش لەوی بوون و هەموویان منیان لە باوش گرت و زوور ڕێزیان لێگرتم وەک منداڵی خۆیان و پاشان کۆتێکی جوان و شانەیەک و سەعاتێک و وابزانم سەد تمەن بوو پارەیان پێدام.

زورم پێ سەیر بو کە بۆ ئەو هەمو شتەم پێ ئەدەن، زوری نەبرد کە پرسیارەکەی مێشکم وەڵامی وەرگرت و ژنەکە پێی وتم کە کوڕەکەمان توێی دیووە لە ناو پێشمەرگەکان دا و هاتووەتەوە پێی وتوین کە پێشمەرگەیەکی منداڵیان لەگەڵ دایە و پێشمەرگەکان دەڵێن زوور ئازایە، ئێمەش حەزمان کرد بت بینین و ئەم دیاریە ناقابیلەت پێ بدەین.(دیارە مەبەست ئازایەتی شەڕ کردن نەبوو مەبەستیان ئەوە بوو کە ئازایەتیە لەو تەمەنەدا پێشمەرگە بیت)

ئەو ڕۆژە ماینەوە و ئێوارەش تا نیوە شەو هەر لەوێ بووین و پاشان لە نیوە شەوا کەوتینە ڕێ و ملمان لە ملی بەفرەکە نا و لە هەوراز نشێو و لە نشێوەکانا بەرز بوینەوە و حەپە حەپی سەگێکی ماندوو ئاگاداری کردین کە لە گوندێک نێزیک دەبینەوە. گوندەکانی ئەو ناوە لە ناو دوڵ و شیوەکانا دروست کراون و مروڤ تاوەکونی نەچێتە ناو ئاوایێ نایبینی بەتایبەتی لە شەودا.

تاریک و لیڵی بەیانی گەیشتینە گوندی "کازماوا". ئەم گوندە نێزیک دە دوازدە ماڵێکی هەژاری تێا دەژیان، لە پێشدا رومان لە مزگەوت کرد و نەمان ویست خەوی خەڵک تێک بدەین، بەڵام مزگەوتەکە تەنیا سەگێک و چەند توتکێکی تێدا بوو و سارد و سڕ و تاریک بوو بۆیە ناچار بووین بە ماڵانا دابەش بوین و کاتێ لە خەو هەستاین و نان و چامان خۆارد، بەر لە ڕۆشتن کاک شاپور قسەی بۆ خەڵک کرد و داوای لێ کردن کە تا جارێکی دیکە دێینەوە مزگەوتەکە چاک بکەن و هێندی فەرشی تێدا ڕاخەن و سوبەیەکی بۆ دابنێن، وتی ئێمە دەبوو یارمەتی کۆ بکەینەوە بەڵام کۆی ناکەینەوە بۆ ئەوە خەرجی مزگەوتەکەی بکەن.

کاتێ لە گوندی مرواری بووین کاک خالید درودی وتی وەرە ئەو دوکانە کانادا و شیرینی هەیە. پێکەوە ڕۆشتین و سەرو کانادا مان خۆارد. زۆرم پێ خۆش بو ماوەیەکی زور بوو کە کانادا و پیپسیم نەخۆارد بوو.



سەرچاوە
Serchawe

## لێدانی گروهی زەربەتی کامیاران

لە گۆندی کازم ئاوا کەوتینە ڕێ، پێشمەرگەکان شاد و بە کەیف، ورە بەرز و ماندوویی نەناسانە بێ ئەوەی سەرنج بدەنە بەفر و سەرما و دووری ڕێگا ئامادەی هەموو پێش هات و ڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراو بوون.

دیارە بەردەوام تیمێکی پێشڕەومان هەبوو کە بە چەند خولەکێک بەر لە ئێمە وەڕێ ئەکەوتن و ڕێگا و بان و ناو ئاواییان تاقی ئەکردەوە.

خەریک بوین لە گوندی "وزمانە" نێزیک دەبوینەوە کە یەکیک لە پێشمەرگەکانی تیمی پێشڕەو بە پەلە هاتبووە دواوە و ئاگاداری کردین کە گروی زەربەت تۆزێ پێش لەو گوندەوە کەوتونەتە ڕێ و ئێستا لە ئاوایێ "کانیشە"ن و ژمارەیان دەگاتە ٦٠ تا ٧٠ کەس و خەڵک ئەو زانیاریانەیان پێداون.

پێشمەرگەکان بە بیستنی ئەو هەواڵە گەشانەوە، دەمێک بوو کە توشی شەڕ نەبوبوین و حەزمان ئەکرد کە دەستێک لە دوژمن بوەشێنین و ئەویش لەو کات و ساتە دا.

**پێشمەرگە حەزی لە مروڤ کۆشتن نیە بەڵام کاتێک وەڵاتەکەی داگیر کراوە، دوژمن ماڵ و ژیانی لێ قەدەغە کردوە و ناهێڵن بە ئاسودەیی بژی و هەناسە هەڵمژێ، تورە دەبێ و ئامادەیە دەس بوەشێنێ و سەری خۆی لە پێناو ئازادی و مانەوە دا دانێ و سەری داگیرکەر و بەکرێگیراوەکانی شۆڕ بکات و لە عەرزیان بدا.**

**وەک هۆزانڤانی نەتەوەیی گەلەکەمان ماموستا هێمن فەرمویەتی:**

**ناهێڵن ئاسودە دانیشم لە داوێنی چیام قاسپەیی کەو بێتە گۆێم کۆا گرمەیی مینم دەوێ.**

پێشمەرگەکان وەک لە سەر ئاگر ڕاوستا بن ئۆقرەیان لەبەر بڕا، کاک شاپور و فەرماندەکان هەوڵیان ئەدا کە پەلە نەکەن و چاوەڕوان بن تا بگەینە کاک سالار و تیمی پێشڕەو و ئاگادری هەل و مەرجەکە بین، بەڵام فایدەی نەبوو پێشمەرگەکان هەنگاویان لێ هەڵگرت و بەرەو ناو ئاوایێ هەڵهاتن.

گوندەکانی کانیشە و وزمانە زور لێک نێزیکن و بە پێ تەنیا ١٠ خولەک دەبێ، بەڵام تەپۆڵکەیەک لێکی دابڕیوون و مروڤ کە لە گوندی وزمانە بێت تەپۆڵکەیەکی بچوک پێش دیتنی دەگرێ و هەر ئەو تەپۆڵکەیەش بووە هوی ئەوەی هەتا

پێشمەرگەکان نەگەیشتنە پەنا ئاواێی کانیشە و دەسرێژیان لە بەکرێگیراوەکان نەکرد، نیگابانەکەیان هەستی بە هیچ نەکرد و بەمجورە غافلگیر کران.
ئێمە کاتێکی زۆرمان بە دەستەوە نەبوو، هەوا خەریک بوو تاریک دا بێ و گروی زەربەتیش لە ناو ماڵەکان بوون و پێگەی گەردەنەی لایەن لە سەرەوەی ئاواێی بو و ئیمکانی هاتنی هێزی یارمەتی دەر هەبوو کە لە شارەوە(کامیاران) بە فریایانەوە بێن، گروی زەربەت بیسیمیان پێ بو و ئەیانتۆانی هەواڵ بە پێگەکان بگەیەنن.

لە یەکەم دەسرێژ و دوای سەعاتێک شەڕ جەنازەی چەند کەس لە بەکرێگیراوان لە سەر بان و ناو کۆڵانی گوندا کەوتبوو و ئەوانەش کە مابوون لە ناو ماڵەکانا بێ هەدەف تەقیان ئەکرد.
فەرماندەکان دەستوریان دا کە پاشەکشە بکەین ئێمە کە وەک هێزی پشتیوان لە بەرانبەر ئاواێیدا سەنگەرمان گرتبوو بەروە شۆێنی یەکگرتنەوە هاتین و دوای تۆزێ هەموو پێشمەرگەکان لە لای ئاواێی وزمانە کۆ بوینەوە و بڕیار درا کە بە پەلە وەڕێ کەوین.

پێشمەرگەکان دەبینن چەندین جەنازە کەوتوە و چەک و ڕەختیان پێوەیە و هەوڵ ئەدەن کە بچنە سەریان و دەسکەوتەکانیان لێ بکەنەوە، بەڵام کاک سالار ناهێڵێ و دەڵێ ڕەنگە لە ماڵەکانەوە تەقەتان لێبکەن و توشی خەسار بین، هەر بۆیە تەنیا ٣ قەبزە ژ س لەگەڵ خۆیانا دێنن...

**ئەوە یەکەم زەربەی پێشمەرگە بوو کە وە پەیکەری گروی زەربەت ئەکەوت و هەتا ماوەیەکی باش حەپەسان و توشی ترس و خۆف بوون و لە هەر جێگایەک ناوی پێشمەرگەی لێ بایە نێزیکی نەئەکەوتنەوە.**

ئێمە بە ناو دۆڵێکا کەوتینە ڕێ و دوای ٢ سەعاتێ ڕێگا ڕۆشتن لە گوندی "دەروەن ئازیز" خۆمان گرتەوە و لە ماڵانا بڵاوەمان لێکرد و باسی شەڕەکەمان بۆ خەڵک گێڕایەوە و دڵیان خۆش بوو کە پێشمەرگە توانیویە ئەو بەکرێگیراوانە بترسێنێ و زەربەیان لێ بدات.

شایانی باسە ئەو گروهی زەربەتە هەمویان کوردی خۆفرۆش بوون و لە هەموو گوندەکانا بێ ڕێزیان بە خەڵک ئەکرد و کاری نارەوای زوریان ئەنجام ئەدا و ئەمەش دەبووە هوی ئەوە کە لێدانیان لە لایەن پێشمەرگەوە دڵی خەڵک خۆش بکات و خۆشەویستی پێشمەرگەش زیاتر ببێ.

گوندی "دەروەن ئازیز" لە داوێنی دوو چیا دا هەڵکەوتوە لە ناو دۆڵێک دا و لەو کات و سات و سەردەمە دا بۆ ئێمە جێگای حەوانەوە بو، لە لایەک جادەی لەسەر نەبوو، بەفرێکی زۆر لە عەرزا و ئیمکانی هێرشی ڕژیم بە پەلە نەبوو و لە لایەکی دیکەوە گروی زەربەت تازە زەربەی خۆارد بوو و ماوەیەکی باشیان پێویست بو تا خۆ دەگرنەوە و ورە پەیدا ئەکەنەوە و

بکەونە شۆینمان.

ئەوەی بۆ من زۆر جێگای خۆشحاڵی بوو ئەوە بوو کە دەبومە خاوەن چەکێکی بە کەڵک، پێش ئەوە ببینە پارتیزان و ئەو کاتە کە لە گوندی گواز و سەرێز بوین تفەنگێکی "برنەو"م هەبوو بەڵام لەگەڵ کۆێخا مەجی دا گۆڕیمانەوە، ناوبراو تفەنگێکی سیمینۆفی هەبوو کە یازدە فیشەکی کلاشینکۆفی ئەخۆارد و سوک و لە بار بوو.

بەڵام کاتێ لە گوندی "ئەسراباد" بووین میلەکەی شکا و لە ڕاستی دا من تەنیا دارێکی سارد و سرم پێ بوو، ئەو شەوە کە چەکەکانیان هێنا و بەرێوە بووین بۆ گوندی دەروەن ئازیز یەکیک لە ژ سێ کانم هەڵگرت و وام ئەزانی خەلاتێکێ باشێان کردوم.

من و فەریدون یوسفی، عەزیز رەوانسەری و مەنسوور رەوانەسەری لە ماڵێکا بووین واتە لە کاتی دابەش کردنا هەر ماڵە و چوار کەسی بەر کەوتبوو. ئەو ماڵە زەبتێک و یەک کاسێتیان هەبوو، ئێمەش زۆرمان پێخۆش بوو و داوامان لێکردن گوێ لە گۆرانی بگرین.

شەو بە ئاسودەیی نووستین و بەیانی کاتێ کۆبوینەوە بۆ قسە و باس کردن، کاک شاپور پێی وتین کە تا ئێوارە لەوێ دەبین و دوایی قەرارەکە گۆڕاو شەویش هەر لەوێ ماینەوە.
چومە لای کاک سالار و داوام لێکرد کە ژس یکم بداتێ، بەڵام کاک سالار وتی: ژ س بۆ تۆ قورسە، چاوەڕێ بکە بەڵکوو شەرێکمان ببێتە توشەوە و کلاشینکۆفێکت بۆ بگرین بەڵام من منداڵێکی بیانوو گر بووم و قسەی کەسم نەئەپژراند و سوور بوم لە سەر ئەوە کە دەبێ بمدەنێ و دوایی هاورێکانم پشتیان گرتم و کاک سالارمان قانع کرد و بوومە خاوەن تفەنگی خۆم.

ڕۆژی دوایی پاش نیوەڕۆ کۆ بوینەوە و دوای ئەوەی کاک شاپور قسەی بۆ خەڵک کرد و داوای لێکردن کە زانیاری لەسەر پێشمەرگە نەدەنە دوژمن بەرەو شۆێنی مەبەست قاچمان نا بە بەفرەکە دا و سینگمان لە سینگی هەورازەوە نا....

**دنیای ئێمە دنیایەکی پڕ سۆز، خۆشەویستی، سەرمەستی، چاوتێری و ئامادەی فیداکاری و ڕوداوی کوت و پڕ و خۆش و ناخۆش بوو.**

**دنیای ئێمە دنیای کارەسات و خوڵقاندن بوو، دنیای شانازی و ڕاگەیاندنی پەیامی بەرزی ئازادی و ئازادیخۆازی و ئاسودە ژیان و ژیانی سەربەست و بە شکۆ بوو.....**

## ئێمە و خەڵک

پێشمەرگەکان یەک لە دوای یەک بەرەو پشت ئاوایی کەوتنە ڕێ. ڕێگا دیار نەبوو، بەڵام پێشمەرگە ڕێگا خۆشکەرە. پیاوان و لاوانی گوند هەموو کۆ ببونەوە و ماڵ ئاوایمان لێیان ئەکرد و ژنان و کچانی گوند لە پەنجەرە و بەردەرکە ڕا بە چاو و بە هەست هەتا لێیان دور کەوتینەوە بەڕێیان کردین.
ئێمە لە خەڵک بێگانە نەبوین و لە گەڵ یەک دەبوینە یەک و ئەوانیش باوشیان بۆ لە ئامێز گرتنی ئێمە وەک دەرگای ماڵەکانیان کردبووەوە. لە سەر سفرەی سادە و کوردانەیان میوانداریان لێ ئەکردین و ئەوەی هەیانبایە لێیان دریغ نەئەکردین.

دوانیوەڕۆ و لای عەسر و خۆرائاوا بە داوێنی شاخەکە دا هەڵکشاین و بەفرەکەمان ئەشێلا و ئەگەر چی بە زەحمەت بەڵام بە ئیرادە و نۆرە نۆرە، دوو، دوو ڕچەکەمان ئەشکاند. دیارە ڕۆژەکەی هەتاو بوو و ئەوەش وای کرد کە بەفرەکە شل بێتەوە و توزە تۆزە لەگەڵ سیبەرەکە و سەرمای ئێوارە دا خۆی ئەگرتەوە و ئەمەش ڕێگا ڕۆشتنی ئێمەی زەحمەت ئەکردەوە.

مەودای نێوان ئەو گوندەی لێی بووین و ئەو گوندەی بۆی ئەڕویشتین زۆر نەبوو، ڕەنگە لە کاتی ئاسایی دا تەنیا یەک کاتژمێر بایە، بەڵام ئێمە بە سێ کاژمێر توانیمان خۆ بگەیەنینە ناو ئاوایی "کەشکەمیر سەرو".

وەک هەمو کاتێ کۆبوینەوە و قەراری یەکگرتنەوە، دیاری کردنی ماڵەکان بۆ پەلەکان کە تێدا بخەون، شوێنی نیگبانی، پاشەکشە و ناوی شەو دیاری کرا.

من لەگەل کاک شاپور و کاک سالار و عەزیز ڕەوانسەری دا چوینە ماڵێک. گوندەکانی ئەو مەڵبەندە بچوکن، هەر کامە و لە ۱۰ تا ۱۵ ماڵ واتە بنەماڵە پێک هاتووە و ئەوەش وای ئەکرد کە هێندێ جار دوو، دوو و هێندێ جار سێ، سێ و لە زۆر کاتیش دا چوار، چوار دابەشی ماڵەکان ئەبووین.

ئەو ماڵەی ئێمەی لێ میوان بووین، ماڵێکی ڕو خۆش و پاک و خاوێن و دڵ و دەرون فراوان بوو. چرا تۆڕێکیان داگیرساند بو، بەڵام پەردەی دەلاقەکانیان کێشا بوو کە ڕوناکایی نە ڕواتە دەرەوە.

چامان خۆارد و سفرەیان هێنا و خەریکی ڕاخستنی بوون. ئێمە هێشتا ڕەختمان لە خۆ نەکردبووەوە و هەرکامە و چەکەکانمان لە پەنا خۆ دانابوو و ئەمەش کارێکی ئاسایێ بوو کە ئێمە ئەمان کرد.

ماندوێی ڕێگا، سەرما، قورسی چەک و ڕەخت، هەروەها گەرمی ماڵەکە و هەڵلوشینی چایەکان وای کردبوو کە برسیمان بێ و زوور بە پەلە بووم کە خۆاردنمان بۆ دانێن.

لە پێشدا سفرە ڕاخرا، نانی ویشک هات و لەوانە بوو خۆاردنەکەش بگا، لە پڕ دەنگی ڕەگبارێک ماڵەکەی شڵەژاند، خاوەن ماڵەکە خێرا چراتۆڕەکەی کوژاندەوە، ئێمەش کە ئامادە بوین دەرپەڕینە دەر و هەر بەم جۆرە هەمو پێشمەرگەکانی دیکەش شڵەژا بوون و هاتبوونە دەر و خەریکی خۆ ئامادە کردن بۆ بەرپەرچ دانەوەی دوژمن بوون..

من و کاک شاپور دواین کەس بووین کە لە ماڵەکە وەدەر کەوتین. نازانم چون و بە کوێڕا کاک سالار دەرپەڕیە دەرێ و کاک عەزیز بە کام لا دا خۆی گەیاندە سەر بانی ماڵەکە.

دڵم هەر لە لای خۆاردن و گەرمی ماڵەکە بوو، پڕ بە دڵ ئاواتەخۆاز بووم کە دوژمن نەهاتبێتە سەرمان، ئاخر لەو حاڵەتە دا ماندو و برسی کەی کاتی شەڕ و هەڵلا بوو.

کاک سالار زۆر تورە بوو، لەگەڵ یەکیک لە پێشمەرگەکان هاتەوە و پێی ڕاگەیاندین کە ئەم زلحۆلە بووە تەقەی لە سەگ کردوە.

کاتێ پێشمەرگەکان ئەچنە ماڵەکان، دوو کەس وەک نیگابان دا ئەنێن و پێیان ئەڵێن کە بە دەور ئاوایێ دا بگەڕێن، تا ئەو کاتە پەلەکان یەک ئەگرنەوە و نگابان دیاری ئەکەن.

یەکێک لەو کەسانە ناوی حەمەسەلیم بوو، لە کاتی گەڕان دا سەگێک پەلاماری ئەدات و ئەویش لە شپرزەیی دا ڕەگبارێکی لێ ئەکات و سەگە بەستە زمانەکە ئەکوژێت.

حەمەسەلیمیان هێنایە لای کاک شاپور، کاک سالار هێشتا تورە بوو، بەڵام کاک شاپور وەک هەموو کاتێ لە سەرە خۆ و هێمن، ڕوی لە حەمە سەلیم کرد و پێی وت: ڕوڵە ئەگەر بت برنەوە دووی وەک منت تیایە، بۆ دەبێ لە سەگ بترسی؟ حەمە سەلیم زور شەرمەزار و لە ناوەوە خۆی ئەخۆاردەوە.

خاوەن ماڵەکەمان چراتۆڕەکەی داگیرساندەوە و سفرەکەیان هێنایەوە و خۆاردنیان بۆ هێنـاین، خۆاردنێکی گەلێ خـۆش بـوو، هەمو ترس و ماندو بوون و شڵەژانەکەی لە بیر بردینەوە.

خانە خۆێ کەمان تۆزی نائاسایی بوون و دوای دەرکەوت کە ئەوە سەگی ئەوان بووە بەر کەوتوە و ئەمەش وای کرد کە کـاک شاپور بڕیـاری چەک کردنی حەمە سەلیم بدات بۆ ڕازی کردنی دڵـی خـاوەن ماڵەکە، بەڵام خـاوەن ماڵەکەمان مرۆڤێکـی تێگەیشتو، لـە سەرخۆ و قسە خۆش بـوو، ڕوی لـە کـاک شـاپور کرد و پێی وت: بـە خوا ئەگەر جوتێ ئەسپی دەستەموو نەکراویشم بەنێ قیمەتی سەگەکەم نیە، بەڵام حەیفە کوڕێکی گەنجی ئاوا لەبەر سەگێک دڵی بشکێ و ئەوا ئێمە لـە خۆێنی خۆمان خۆش ئەبین و داواکارم کە هەتا لە لای ئێمەن خۆتان بە خاوەن ماڵ بزانن.

بەڵام حەمە سەلیم وەک خۆی لێ نەهاتەوە و هەمو کاتێ لە لایەن پێشمەرگەکانەوە گاڵتـەی پـێ ئەکرا و هـەر کە سەگێک حەپەی لێوە بەهاتایە ئەیان وت، بێدەنگ بە حەمە سەلیم لێرەیە.

ئەو شەوە و ڕۆژی داویش لە "کەشکەمیری سەرو" ماینەوە و بە باشی حەواینەوە و شاد و بە کەیف و بێ خەم لە ماڵی دنیـا، لە سەر بانی خانە خۆێ یەکەی ئێمە کۆ بوینەوە.

پێشمەرگەکان وەک یەک بنەماڵە وا بوون، ئەگەر یەک کاتژمێر یەکمان نەئەبینی دڵمان بۆ یـەکتر تـەنگ ئەبوو و هـەر کە پێک دەگشتینەوە شایی و خۆشی لە هەڵس و کەوتی هەمووانەوە دیار دەبوو.

ژیان لە لای ئێمە پـارە و سەروەت و سامان، کڕین و فرۆشتن نـەبوو، ژیـان لـە لای ئێمە واتـای مرۆڤایـەتی و مافداری و ڕەوایـەتی بـوو، ئێمـە ئـەژیاین کـە ژیـانێکی شـایان بخـوڵقێنین. ئێمـە ئەڕویشـتین کـە بگەڕینـەوە، ئەگەڕاینـەوە بـۆ ئـەوە پەیامەکەمان ڕابگەیەنین، ڕاگەیـەنین کە ئێمە مروڤین، کوردین خـاوەن حەقین و حـەق ئـەم بـەفر و سـەرما و برسیەتیە ئەگۆڕێ بە گەرمی، تێرێ و توانەوە، توانەوەی کێوی سەهۆڵبەندانی داگیرکاری، کاری ئەوانەیە کە بـە چـاوی سەر سەیری دژوارییەکان ناکەن بـەڵکوو بـە دڵـی ئـەوین و ئـەوینی وەڵات و بـۆ ئـاوەدانی وەڵات ئـەودیوی چیـا، ئـەودیوی ژیـان، ئـەودیوی ئاواتەکان ئەبینن و بەرەوە تروسکەی ئاسوی چیای حەز و خۆزگەکان هەڵ دەکشێن.

## جەولەی ناوچەی "سوور سوور"

ناوچەی "سوور سوور" پێکهاتوە لە چەندین گوندی بچکولە و ناوچەیەکی ڕوت و بێ دارستانە و چەندین تەپۆڵکە و وەردە شاخ و شیو و دۆڵ، گوندەکان لێک دا ئەبڕێ، بەڵام مەداوی نێوانیان زۆر نیە.

دیارە لەو کات و سات و سەردەمە دا کە ئیمکانی پێوەندی گرتن نەبوو و هەروەها ئەو بەفرە قورسەی کە زەوی داپۆشیبو، وای کردبوو کە خەڵکی گوندەکان بە دەگمەن ئاگایان لە یەکتر و لە ڕوداوەکان هەبێ.

هاتوو و چوو زور کەم بوو و خەڵک پێویستیەکی وایان بە هاتوو و چوو کردنی شار نەبوو، خۆاردن و ئیمکاناتی خۆیان دەستەبەر کردبوو کە لە زستانا خۆیان ئیدارە بکەن. لە ڕاستی دا نەخۆشی و شتی واش زۆر کەم بوو، خەڵک کرێکار و هەڵسوڕ و دایمە لە جم و جوڵدان وئەمەش لەشساغییان ئەپارێزێ.

پێشمەرگەکان وەک زەنجیر بە هەورازەکانا هەڵ ئەکشان و بەروە ناو دۆڵەکان شۆڕ ئەبونەوە و لە دۆڵ و شیو و لاپاڵەکانا، ڕێگایەکی باریکیان لە ناو بەفرەکە و لە شۆێن خۆیانەوە بە جێ ئەهێشت کە زۆر جار باو و باوەهۆ و بارینی بەفر ڕێگاکەی کوێر ئەکردەوە و ئەوەش هێندێ ئەرخایەنی لە لامان دروست ئەکرد.

سەرنج ڕاکێشتر لە هەموو شتێک شادی و ورەبەرزی و خۆڕاگری ئەم پۆلە پێشمەرگەیە بوو کە ئەت وت خاوەن هەموو دنیان و بە خۆیان و چەک و ڕەختی شانیانەوە لە ناو خەڵکی هەژار و پێشمەرگە خۆشەویستی ئەم گوندانە دا ئەخولانەوە و شایی و خۆشیان بە مالانا بڵاو ئەکردەوە.

سەرەڕای سەختی زستانەکە و هەژاری خەڵک و بێ دەرەتانی و دوریێان لە شار و نەبوونی ئیمکانی هاتووچوو، بە هاتنی پێشمەرگە بۆ گوندەکانیان ئەگەشانەوە، ئەهاتنە پێشۆازمان و هەرکەسە و هەوڵی ئەدا زوتر پێشمەرگە لەڵ خۆیا بەرێتەوە بۆ ماڵ.

پێشمەرگەکانیش بە زۆری قسە خۆش، ڕوح سوک و خۆڕێکخەر بون، کاتێ ئەچونە ماڵەکان خۆیان بە نەناس و بێگانە نەئەزانی و خێرا ئەکەوتنە کار کردن. داریان ئەهێنا بۆ گەرمکردنی کورە، بەفری سەربانەکانیان ئەماڵی و گۆرانیان ئەوت و قسەی خۆشیان ئەکرد و ئەبوونە خۆشەویستی گەورە و بچوکی ماڵەکان و تا جارێکی دیکە ئەهاتینەوە تامەزروی یەکتر

بووین.

لە گوندی "کەشکەمیر"ەوە داکشاین بۆ گوندی "پشت تەنگ" و لەوێوە چووینە گوندی "سەیدئاوا" و دوای چووینە گوندی "کانیشە" کە ماوەیەک پێش یەکەم شەڕی ئەم گەشتەمان تێدا کردبو.

بەڕاستی خەڵک وایان پێشوازی کردین کە شانازیمان بە خۆمان ئەکرد. کاتێ بە ماڵەکانا بڵاو بوینەوە ئاگادار کراین کە لە نیوەشەوا ئەکەوینە ڕێ بەڵام دەبێ وا بە خەڵک بڵێن کە لە مزگەوتا ئەخەوین.

ئەو ماڵەی ئێمەی لێ میوان بووین، یەکێک لەو ماڵانە بو کە لە کاتی شەڕەکەدا چەند جاشێک خۆیان تێدا حەشار دابوو و شتی سەیریان لێ ئەگێڕانەوە و مروڤ تێدەگەشت کەسانی خاین بە گەلەکەیان چەندە پەست و ترسەنوک و بێ قیمەتن.

کچی ماڵەکە ئەیوت چەند جار داوایان لێ کردوین کە چەکەکانیان بشارینەوە و خۆیان لە زاخەی ماڵەکەدا حەشار دابوو و ئەپاڕانەوە کە نەهێڵین دەست پێشمەرگە بکەون.

نیوەی شەو بەرەو گوندی مرواری کەوتینە ڕێ و لە دەمەو بەیانا بە ناو سێ خانوو دا بڵاوەمان لێکرد و لێی ڕازاین.

ئێوارە لەگەڵ کۆکردنەوەی "تامین"ی جادەکانی پایگای مرواری، لە ماڵان هاتینە دەر و لەگەڵ داهاتنی تاریکی بەرەو سەرجادەی ئەسڵی کامیاران سنە کەوتینە ڕێ. لە پێشدا وامان ئەزانی کە قەرار دراوە بچینە ناو شار و بەمجۆرە شەڕێکی قورس ئەنجام بدەین، بەڵام لە جادەکە لامان داو و چوینە ناو گوندی "بوانە". ئەم گوندە لە سەر جادەی ئەسڵی هەڵکەوتوە و لە شاری کامیارانەوە زۆر نێزیکە. گوندێکی پاک و خاوێن و بۆنی شاری لێوە ئەهات، ئەو کاتە کارەبای هەبوو و هێندێ لە ماڵەکان یەخچاڵ(سەلاجە)یان هەبوو.

دوای ئەوەی خۆاردنمان خۆارد لە کاتی دیاریکراوا کۆ بوینەوە و نەیان هێشت ڕاوەستین و دەستوری حەرەکەت درا و ئێمەش تۆزێ بە پەلە کەوتینە ڕێ، هەتا ئەهات لە شار نێزیکتر دەبوینەوە، من خۆم ئەو ناوە شارەزا نەبوم، بەڵام کاتێ چراخانی شار دەرکەوت وام ئەزانی ئەمانەوێ بچینە ناو شار.

ترس و دڵەخۆرپە و پرسیار و سەرپێچی کردن کاری ئێمە نەبو، ئەچینە ناوشار، شەڕ ئەکەین، کەمین دا ئەنین، لە ناو بەفرەکەدا ئەنوین... ئامادەین و بۆ ساتێکیش بیرمان لێ نەکردوەتەوە.

لە ڕێگا لامان داو و چرای یەکەم خانوی ئاواییمان لێ وەدەر کەوت، خەڵک نوستبون، ئەم گوندە لە پەنا شارە و تەنیا

تەپۆڵکەیەک لێکی دابڕیوون. بە ئەقڵی داگیرکەرا نەئەهات کە پێشمەرگە لەوێ دا بمێنێتەوە.

کاک سالار و چەند کەسێکی دیکە لە پێشمەرگەکان خەڵکیان ئەناسی و بڕیاریان دابوو کە لە کامە ماڵ بمێنینەوە و لە لای سەروی گوندەوە لە سێ ماڵی لێک نێزیکا دابەش بوین. خانەخۆێکەمان لە خەو هەستان، ژن و پیاوێکی نە زۆر گەنج و نە پیریش لە دەوری ٤٠ ساڵێک دا ئەبوون و منداڵیان نەبو بەڵام دیار بوو کە "دەستیان ئەگاتە دەمیان"، دوای تۆزێ دەرکەوت کەسێکی کاسبە و منی ناسیەوە و وتی ئەرێ تۆ کوڕی فلانی نیت ؟، وتم بەڵی و منیش ئەوم ناسیەوە.

خۆاردن وچایان بۆ ئامادە کردین، نەک لە بەر خاتری من، بەڵکو ئەوە ڕەوشی ئەو خەڵەکە بوو، لە هەرکاتێکا ڕۆمان لە ماڵەکانیان ئەکرد، حەزیان ئەکرد هەست و خۆشەویستی خۆیان بە پێشمەرگە جۆرێ نیشان بدەن و ئەوەی هەیانە لە پێشمان دانێن.

بەیانی لە کاتی دیاری کراوا کۆ بوینەوە و بڕیار درا کە بۆ خۆاردنی ناشتا بە ماڵانا بڵاو بینەوە و لەبەر ئەوە گوندی "تۆانکەش" گوندێکی تۆزێ گەورە بو، ئێمە دوو، دوو چوینە ماڵەکان.

دوایێ هاتینە جێگای دیاری کراو و خەڵکمان لێ کۆ بووە و بڕیار درا کە کەس لە گوند وەدەر نەکەوێ، بەڵام زور زەحمەت بوو بتوانین کۆنترۆڵی هەموو هاتوو چوەکان بکەین، ئەم گوندە وەک گەڕەکێکی شار وایە و خەڵک ڕۆژانە هاتوو و چوی شار ئەکەن و ئەگەر کەسیش ڕوی لە شار نەکردایە سەرنجی دام ودەزگا و پێگەی پشکنینی شاری ڕائەکێشا، بۆیە بڕیارەکە گۆڕا و ڕێگا بە خەڵک درا دوای نیوەڕۆ هاتووچوو بکەن.

نۆرە نیگابانی من و مامە نەبێ بوو کە دوو ماشین ڕویان لە گوند کرد، من بەرەوە سەرڕێگاکەیان هەڵهاتم و مامە نەبیش خۆی ئاسایی، هات وهاورای وەڕێ خست بەرەوە ناو ئاوایی و پێشمەرگەکانی ئاگادار کرد.

ماشینەکانمان ڕاگرت، دەرکەوت کە خەڵکی ئاساێین و بەخێرهاتنمان لێ کردن. لە ڕاستی دا بە دیتنی ئێمە هەم ترسا بوون و هەم خۆشحاڵ بوون.

دوایێ بۆ خۆاردنی نانی نیوەڕۆش بە ماڵانا بڵاوەمان لێکرد، هاتینەوە جێگای قەرار و هێندی لە پێشمەرگەکان لە دەرەوە و لە ناو خەڵکەکە دا بوون و ئێمەش لەگەڵ شەوفێری ماشینەکان لە ماڵی ئاشناکەی منا دانیشتبوین. سوبەت گومەتەێ و کەریم بزوەشی و حەبیبەڵا گازرخانەیێ برێ گۆرانیان وت. لە پڕێکا هاواری مامە نەبی بێدەنگی ناو ئاوایێ شکاند. ئێمە هێشتا لە ماڵەکە نەهاتبوینە دەرەوە کە ڕگباری "کالیبرپەنجا"ی دوژمن وەک ساردی بەفرەکە ڕوحمانی ئازار دا.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

کاک سالار و پۆلێ لە پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندبوە سەر ڕێگای هێزەکانی دوژمن و نەیان هێشتبوو کە دەستیان بگاتە ناو ئاوایێ. باشی لەوەدابوو کە ڕۆژی زستان کورت بوو و ئەوەش یارمەتیدەرێکی باش بوو بومان.
لە دوو قۆڵەوە شەڕ دەستی پێ کرد، دیتمان دوژمن ئەیەوێ بە لاشانی ئاوایێ دا دزەبکات و سەربەرزایەکانمان لێبگرێ و لە گەمارۆمان خەن.

چەند کەس لە پێشمەرگەکان وەک هەڵۆ خۆیان گەیاندە سەر ترۆپکەی شاخەکە و سینگیان کردەوە و دوژمنی ماندو و ترساویان دایە بەر ڕەگباری چەکەکانیان و وەری هێزەکانی دیکەی دوژمنیان دابەزاند بە جۆری کە ئەوانەی سەر جادە و بەر ئاواییش پاشەکشەیان کرد و داوای هێزی یارمەتیدەریان کرد کە لە شارەوە بۆیان بێت.

دەم بە دەم ئاگادار کراین بەرەو لای جادەی ئەسڵی و گوندی "بۆانە" پاشەکشە بکەین و لەگەڵ تاریک داهاتنی هەوا پاشەکشەمان کرد و دوای سەعاتێک هەمو یەکمان گرتەوە و دەرکەوت کە هەموو پێشمەرگەکان سلامەتن و ئەمەش دڵی هەمومانی خۆش کرد.

لە ڕاستی دا ئەوە سەرکەوتنێکی دیکەی ئێمە بوو، لە پەنا شار و لە ڕۆژی ڕۆناک و بە بەرچاو خەڵکەوە بەرنگاری دوژمن بوین و بێ ئەوەی خەسارێک بدەین زەربە و خەسارمان لە دوژمن وەشاندبوو.

جارێکی دیکە هاتینەوە گوندی بۆانە و نان و چاما خۆارد. دیسان لەگەڵ کاک شاپور فیروزی و تەیموری برای دا یەکمان گرتەوە کە شەوی پێش لەوێ مابونەوە وڕۆژەکەشی هەرلەوێ بوون. نازانم کاک شاپور ئەیویست خۆشکەکانی ببینی یان هێندێ لە ئەندامانی حیزب.

دیارە کاک شاپور بە هاتنەوەی ئێمە خۆشحاڵ و بە کەیف بوو. ئیتر وەرێ کەوتین بەروە ئەودیوی چیا و تۆزێ لە جادەی ئەسڵی و شار و قرە و هەرا دوور کەوتینەوە، بەڵام کەس نازانی چی ڕو ئەدا و ئەوەی کە تۆ ناتەوێ ڕو ئەدا و ئەوەی کە مروڤ بە ئەمن و ئاسایشی ئەزانێ، پڕ مەترسیە.

ئەم پێشمەرگانە گیانێک بوون لە پۆڵا، ڕۆحێک بوون لە نەترسی، دڵێک بوون پڕ لە خۆشەویستی. چاوەکانیان وەک چاوی هەڵۆکانی سەر چیاکانی شاهو و دالاهۆ، وەک هەڵۆکانی سەر چیاکانی دالانپەڕ و ئاژوان، ئەدرەوشانەوە و ڕۆیان لە گوندەکان ئەکرد و درگای ماڵی هەژارانیان لێئەدا و مزگێنی بەردەوامبونیان پێ ئەدان.

## یەکەم شەهید

دوای ئەوە نان و چامان خۆارد و لە لایەن خەڵکی ئاوایی "بوانەوە" بە گەرمی بەڕێ کراین، ملی ڕێگامان گرت و بەرە و شۆێنی مانەوەی ڕۆژ و حەوانەوە وەڕێ کەوتین. هاتینەوە سەر جادەی قیر و بەرەو گوندی مرواری لار بوینەوە، لە پێشدا دڵم خۆش بوو کە ئەمشەو زوور ناڕۆین و ڕەنگە وەک جارەکانی دیکە لەو گوندە دا بمێنینەوە. ئەگەر چی دوای ئەوە لە هەڵکەوتەی جوگرافی و ئەندازەی مەترسی مانەوە لەویدا شارەزا بووم هێندی دڵەڕاوکەم هەبو، بەڵام لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە و بەو ورە و ئیمان و قارەمانەتیەی هەیانبو، مروڤ شەرمی ئەکرد کە بە خەیالیش بیر لە ترس بکاتەوە. ئەچوینە ناو ئاوایی و بە پەنا دێ دا سەرەو ژور بوینەوە و لە پێشدا بە ناو دوڵ و چۆمێکی بچوک و پاشان هاتینەوە ناو بەفرەکە و بە تەپۆڵکەیەکدا هەڵکشاین و لە ناو دۆڵێکی دیکەدا ڕایانگرتین و چاوەڕوانماینەوە تا ئەو کاتە تیمی پێشڕەو ناو ئاوایی تاقی کەنەوە و ئینجا ئێمەش بچینە ئەوێ و بحەوینەوە.

لە کاتی ڕێگا ڕۆشتنمانا بە شەو وامان هەست ئەکرد کە هەوا ڕوناکە، لەبەر ئەوە بەفر هەموو ئەو ناوەی سپی پۆش کردبوو. ڕەنگی ئاسمان لە ڕۆژهەلاتەوە گۆڕا و تۆزە تۆزە ڕۆناکایەکە بلاو ئەبووەوە و ئەوەش نیشانی ئەدا کە خەریکە لە دەمەو بەیان نێزیک ئەبینەوە. لە ڕاستیدا دوو ڕووژ بو کە نەحەوابوینەوە، پێشمەرگەکان ماندوو بون بەلام کەس ورتەی لێوە نەئەهات و هەموو چاوەڕوان مابونەوە. یەکێک لە پێشڕەوەکان هاتەوە و وتی ئاوایی ئەمن و ئەمانە و ماوەی دوو مانگ ئەبێ هێزەکانی دووژمن ڕویان تێنەکردوە، هەواڵەکە خۆش بوو، خێرا سێ ماڵ بۆ حەوانەوە دیاری کرا، خۆی لە ئەسڵدا گوندەکە تەنیا ٦ یان ٧ ماڵ زیاتر نەبوو.

ئەوەندە خۆش خەوتبووم ئەگەر بانگیان نەکردایەم ڕەنگە هەتا ئێوارە وەخەبەر نەهاتایەم. ئەوەی بۆ ئێمە گرینگ بوو تەنیا ئەوە نەبوو کە بیر لە خۆمان بکەینەوە، بەڵکو دەبوو بیر لە خەڵک و لەو ماڵانەش بکەینەوە کە لێیان میوان بووین و بۆیە ئەگەر چی درنگیش ئەگیشتینە گوندەکان و بە ماڵانا بڵاوەمان لێئەکرد، بڕیار وا بوو کە لەگەڵ خەڵکەکەدا لە خەو ڕابین، تەنیا باشی لەوە دا بوو کە زستان و بێکاری وای ئەکرد خەڵکی گوندەکان بێجگە لەوانەی نۆێژیان ئەکرد ئەوانی دیکە تا درەنگان لە خەو دا ئەبون.

ئاوایی "کانی لەیلێ"، ئاوایەکی خەنجیلانە و لە ناو دۆڵ و لە داوێن شاخێک و پەنا دۆڵێک دا هەڵکەوتوە، خەڵک بە هاتنی ئێمە خۆشحاڵ بوون و ئەوە یەکەمجار بوو کە پێشمەرگە ئەچوە گوندەکەیان.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

دوانیوەڕۆ ماڵ ئاوایمان لەو گوندە جوانە کرد و بەرەو گوندی "بەلوجە" کەوتینە ڕێ، هێشتا نیوەی پێشمەرگەکان نەگەشتبونە ناو ئاوایێ کە شایێ و هەڵپەڕکێ دەستی پێکرد. ئێمە لە ڕۆژا و لە کاتی ڕوناکایێدا فاسیلەیەکی زورترمان ئەگرت واتە دوو، دوو ئەڕۆیشتین و مەودای نێوانمان لە شەو زیاتر ئەبوو و ئەوەش وای نیشان ئەدا کە ژمارەمان زۆرترە و درەنگتریش ئەگەیشتینە ناو دێ.

گوندی بەلوجە بوبوە گوندێکی گەشاوە و پڕ لە شایێ و هەڵپەڕکێ، مروڤ وای ئەزانی کە زەماوەنێکی تایبەتیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بنەماڵەی یوسف بەلوجەیێ بوون کە بە هاتنی هاوسەنگەرانی کوڕەکەیان کەوتبونە سەما و هەموو بنەماڵەکەیان گورانیوو دهەوڵ و زۆڕنایان لێ ئەدا. دیمەنێکی تایبەتی و پڕ لە خۆشەویستی بوو. ئێمەش هەڵپەڕینێکی باشمان کرد و دوایێ بە ماڵانا بڵاوەمان لێکرد. کاتێ هاتینەوە مزگەوت دیتم سێ پێشمەرگەی لکی شەهید نادر کە لەناوچەی بێڵەواری کامیاران مابونەوە، لەوێ بوون، نازانم چون هاتبوون و زانیبویان ئێمە لەوێین.

نەفەرێکیان لەگەڵ خۆ هێنابوو ناوی "جەبار" و ناسراو بوو بە جەباری فەتە عەینا و ئەیانوت ناوبراو پێوەندی هەیە بە دەزگای جاسوسی حکومەتەوە.

من چومە لای جەبار لەبەر ئەوە ئەمناسی و لە ئەسڵ دا خەڵکی گوندەکەی دایکم بوو، واتە گازرخانی و تۆزێ ناسیاوی بنەماڵەیشمان هەبوو و کاتێ بەیانی بە ماڵانا بڵاو بوینەوە لەگەڵ تیمەکەی خۆماندا بردمان و دەرکەوت کە هیچی لەسەر نیە و دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایێ کاتێ ویستمان گوندی بەلوجە بەجێ بێڵین، کاک شاپور و کاک سالار بڕێ قسەیان لەگەڵ کرد و پاشان وابزانم ١٠٠ تمەن یان ٢٠٠ تەمنیان پێ دا و ئازادیان کرد.

هێشتا ڕۆناک بوو کە بەرەوە گوندی "پڕتاڵە" وەڕێ کەوتین و پێیان وتین کە قەرارە کاک "حەسەن سەرسپی" و ئەو پێشمەرگانەی لە "چەمشار"ی سنەن، بێنە ئەوێ و لەوێدا یەک بگرین. گوندی پڕتاڵە لە نێزیک گوندی بەلوجە دایە و ماوەی نیو سەعاتێک بە پیادە لێک دوورن، هەروەها لە شاری کامیارانیشەوە زور دوور نیە.

ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و بەیانی لە خەو ڕابووین و بەماڵانا بڵاوەمان لێکرد، زۆر ئیسراحەت بووین و چاوەڕوانی هیچ ڕوداوێکمان نەئەکرد. هێندێ لە پێشمەرگەکان بە بێ ئیجازەی فەرماندەکان جلەکانیان دابووە ماڵی خانەخۆێکانیان بۆیان بشۆرن و یەک دوو کەسیش خەریکی خۆشۆردن بوون لەپڕ نیگابانەکان هاواریان لێ هەڵسا، ئەو پێشمەرگانەی کە ئامادە بوون بەرەولایان ڕۆشتن و ئێمەش بەرەو تەپۆڵکە بچوکەکەی پشت ئاوایێ هەڵهاتین، تەقە دەستی پێکرد، هەواڵ هات کە گروی زەربەتن، ئەوان لە ناو بەفرەکە و ئێمە لە ناو ئاوایێ و پشت ئاوایێ لێک دامەزراین، هەموو هەوڵی کاک سالار و

کاک شاپور ئەوە بوو پێشمەرگەکان ئحساساتی نەبن و پەلامار نەبەن بەروە گروی زەربەت.

لە یەکەم تەقەدا مەنسور ڕوانسەری لێیان هاتبووە دەست و ٤ کەسی لێ خۆار کردبونەوە و دوایێ چەند کەسی دیکەیان لێ کۆژرابوو.

پێشمەرگەکان هەروا لە تەقە کردن دا بوون و پۆلێکی دیکە لە ناو ئاوایەوە هەوڵیان ئەدا چەکی کوژراوەکان بێنن، بەڵام لەبەر ئەوە دوژمن لەناو چوم و پەنا پەستێوەکان دا بون و لە ناو بەفرەکە خۆیان مەڵاس دابوو، کاری ئێمەی هێندێ ئاڵۆز کردبوو، هەر ئان و ساتیش چاوەڕوانی ئەوە ئەکرا لە شارەوە هێزی یارمەتیدەر بە فریایانەوە بێن.

پێشمەرگەکانی ناو ئاوایێ پاشەکشەیان کرد و دەستور درا بە ئێمەش بە دووڵەکەدا هەڵکشێین، کاتێ گەیشتینە سەر بەرزایەک و هەموو یەکمان گرت، دەرکەوت کە "مەنسور" شەهید بووە و ئەوەش هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو. تاریکایێ باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، بەفرێکی زوور لە عەرزا و ئێمەش بە باشی نەمان ئەزانی لەکوێن و دەبێ ڕو لە کوێ بکەین. عەلی ئاغا وتی: بەم لایە دا بچین ڕەنگە بگەینە گوندی کەشکەمیر یان سەرمان بە پایگایەکەوە هەڵ ئەتۆقێ.

دەستمان دایە دەستی یەک و بەفرەکەمان شەق کرد و ڕێگای نادیاری چارەنوسێکی پڕ مەترسیمان گرتە بەر، نەیان ئەهێشت ڕاوستین و ئەیانوت مروڤ لە بەفرا ڕاوەستی سارد ئەبێتەوە و لە بەین ئەچێ، بەبێ پشوو و ماندو هیلاک یەک بین ئەڕۆشتین. کات لە نیوە شەوا بوو، وەڕەی سەگێک تۆزێ وڕەی پێداین، بەڵام نەمان ئەزانی چەنددەمان ماوە بگەینە ئاوەدانی و نەشمان ئەزانی کامە گوندە. بەرەو دەنگی سەگەکە ڕۆشتین و دیسان تیمی پێشڕەو بەڕێ کرا و تێگەیشتین لە گوند نێزیکین، هەواڵ لە تیمەکەوە هات کە لە گوندی "کەشکەمیر"ین و قسەکەی عەلی ئاغا وەڕاست گەڕا.

نازانم چۆن تۆانیمان ئەو شەوە بەو بەفر و سەرما و ماندویەتیە، بگەینە ئەو گوندە. چاوەڕوانی ڕوداوی مەترسیدار بوین و ئەترساین لە بەفرەکەدا تێدا بچین یان بەفرەکە هەڵمانگرێ، بەڵام بە خۆشیەوە ساق و سڵامەت گەیشتینە جێگای ئەمن، لە لایەکی دیکەوە پەرۆشی کاک حەسەن سەرسپی و هەڤاڵەکانی بوین کە نەوەک بەرەو شۆێنی دیاریکراو بڕۆن و توشی شەڕ و کارەسات بن.

خەمی لە دەستدانی مەنسور و خۆشی کوژرانی ئەو چەند بەکرێگیراوە تێکەڵ بە یەکبوون و ماندویێ باڵی بە سەر فکر و ئەندێشەمانا کێشا و لە ناو گەرمی ماڵەکەدا خەو بردینیەوە.

خەوی خۆشی پاش ڕێگا، بەڵام خەیاڵی ڕێگا بڕینی بەیانی و هەڵهاتنی هەتاوی زستان و بە یەکگەیشتەنەوەی پولە لێکدابڕاوەکان، لاپەڕەیەکی دیکەی ژیانی پێشمەرگایەتی، ژیانی قارەمانەتی، ژیانی فیداکاری، ژیانی پڕمەترسی، ژیانی بە ئێش و ژان  لە بەیانیەوە هەڵ ئەدرێتەوە.

**ئەوەی شایانی باس بێ ئەوە بو کە تاڵیەکانمان زوور زوو لە بیر ئەکرد و بەزمی شایێ و گۆرانی و خۆشیمان هەموکاتی گەرم بوو.**

## شەڕی بانسەیێ

گەیشتینە نێزیک گوندی پشت تەنگ کە لە نێوان گوندەکانی کەشکەمیر و بانسەیێ دا هەڵکەوتووە و شوێنێکی ئەمن و جێگای حەسانەوەی ئێمە بوو.

تیمی پێشڕەو ئاگاداریان کردین کە دەنگی تەقە ئەبیسن و خەڵکی ئاوایێ وتویانە کە لە بەیانیەوە دەنگی تەقە دێت و لەوە ئەچی پێشمەرگە و حکومەت بن.

پێشمەرگەکان وەک لە سەر ئاور ڕاوەستابن پەلەیان بوو بگەنە شەڕگە بەڵام کاک شاپور و کاک سالار لە هەوڵی ئەوەدا بون کە چاوێ بە ناوەندی شەڕەکەدا بگێڕن و پاشان دەستە بەشی لێبکەین و ئینجا بەرەو ئاوایی بانسەیێ پێشڕەوی بکەین.

دوو تیمی پێنج کەسی لە دوو قۆڵەوە بەڕێ کران و پاشماوەی پێشمەرگەکانیش بە دوڵەکەدا شۆڕبونەوە تیمی یەکەم هاواریان کرد کە هاوڕێیانی چەمشارن و کاک حەسەن سەرسپیان ناسیوەتەوە و بە بانگ و هەرا لێک حاڵی بوبون و تیمی دووهەمیش گەیشتنە نێزیک شەڕگە و هاوڕێکانیان ناسیبووەوە.

هێشتا نەگشتبوینە یەک بەڵام هێزێکی تایبەت پاڵی پێوە ئەنایین بەرەو لایان. ئێمە گەیشتینە تەپۆڵکەی پشت ئاوایی کە کاک حەسەن سەرسپی و پۆلە پێشمەرگەیەک سەنگەریان لێگرتبو، پۆلی یەکەم و دووهەم خۆیان گەیاندبوە سەنگەری یەکەمی شەڕگە و چوبونە ناو ئاوایی.

ئێمەش کاک شاپور و خاڵە حەسەن سەرچەرمووماں بە جێهێشت و بەرەو ناو ئاوایی داکشاین و لەوێ پێشمەرگەکانمان بینی شاد و بە کەیف و سەرکەوتوو دوژمنیان تێکشکاندبو و چەند جەنازەیەکیان بەدەستەوە بوو و بۆ خۆشیان سڵامەت و بێ زەرەر بوون.

حەمەکەریم زیویەیی ئەحلە مسری و پێشمەرگەکانی دیکە بە فەرماندەری حەسەن سەرسپی لە چەمشارەوە ڕو لە ناوچەی سوورسوور و کولیایی ئەکەن وبەرەو یەکگرتنەوە لەگەڵ ئێمە هاتبون و لە گوندی بانسەیێ مابونەوە، دوژمن لە بوونی پێشمەرگە لەو ناوچەیە ئاگادر ئەبێ و هێزەکانی خۆی کۆ ئەکاتەوە و لە دەمەو بەیانا پەلاماری گوندی بانسەیی و شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان ئەدات.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ئێمە لەو کاتەدا ئەچووینە هەر گوندیک کە بە ئاشکرا ئەماینەوە، دەمەو بەیان تیمێکیان وەک کەمین بەڕێ ئەکرد بۆ بەرزایەکان و ئەمەش سەرڕای سەرما و زوقمی بەیانیانی ئەو زستانە سارده، پێشمەرگەکان کەمتەرخەمیان نەئەکرد و بە ئەرکی خۆیان ڕادەبون هەربۆیەش ئەو بەیانیە کاتێ تیمی کەمین دەگەنە بەرزایی خوار ئاوایی دنیا بەرەو ڕوناکی ئەڕوات و پێدەحەسێن کە ئەوا هێزی پیادەی دوژمن خەریکە لیان نێزیک دەبنەوە و ئەوانیش ڕێگایان بۆ ئەکەنەوە و بەتەواوی هێزی پێشڕەوی دوژمن لە ناو کەمینی خۆیان خافڵگیر ئەکەن و ئەینادەنە بەر دەسڕێژ هێزی زوور و بۆری دوژمن سەریان لێ ئەشێوێ و ناچار دەبن پاشەکشە بکەن بۆ ئاوای "شێخ ڕەش" و لەوێ مابونەوە و جارو بارە هەوڵیان ئەدا کە پێشڕەوی بکەن بەڵام دیار بو وەریان نەمابوو و لە نیوەی ڕێدا ئەگەڕانەوە.

**پێشمەرگەکانی ناو ئاوایی بانسەیێی لە ماڵەکان دێنە دەر و خێرا خۆیان سازمان ئەدەن و بەرزایەکان ئەگرن و لە ناو ئاواییا سەنگەر ئەگرن و چاوڕوانی هێرشی دووبارەی دوژمن ئەبنەوە.**

کاتێ هەمووومان یەکمان گرت و دڵنیا بووین دوژمن نایەوێ هێرشی نوێمان بکاتە سەر لە بەر مزگەوتا کۆبوینەوە پێشمەرگەکان سوور بوون لە سەر ئەوە کە ئێمە هێرشیان بکەینە سەر بەڵام کاری نەکراو بوو ئەو ناوە هەموو دەشت و بەفر بوو بۆیە ئەگەر ئێمە هێرشمان بکردایە توشی خەسار ئەبوین کاک شاپور و خاڵە حەسەن سەرسپی ئەیانەویست قسەمان بۆ بکەن و پێشمەرگەکان ڕازی بکەن کە هێرش نەکەن و توشی خەسار نەبین لە پڕێکا پێشمەرگەکانی ئەو بەر ئاوای کە ڕوبەڕوی هێزەکانی دوژمن دامەزرابون و جم و جوڵەکانیان خستبونە ژێر چاوەدێری هاواریان کرد هات، ئێمەش بڵاوەمان لێکرد و وامان ئەزانی دوژمن هێرشی هێناوهتەوە بەڵام دوو هەلیکۆپتەر تەپە تەپ گەیشتنە سەر ئاوای و دەستیان کردە گولە باران کردنی ئەو ناوە و دوای چەند خولەک دەرچون و ئێمەش گەڕاینەوە جێگاکانی خۆمان.

چەند کەرێکیان هێنا و جەنازەی کوژراوانی حکوومەتیان سوار کرد و بە خەڵکی ئاوای دا ناردنیانەوە بۆ لای هێزەکانی دوژمن بەڕاستی ئەو دیمەنە زور جێگای پێکەنین بوو، ئەگەر چی باسی کوشتن و مرۆڤ و ئەو شتانەشە بەڵام داگیرکەر و دوژمن جێگای ڕێز نین و نابێ مرۆڤ دڵی بۆیان بسوتێ.

ئەوە یەکەم جار بوو کە پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا زەربەی کاریگەر لە دوژمن بوەشێنێ هەر لەم ئاوایە دا و پێش ساڵێک پۆلێ پێشمەرگەی هێزی شەریفزادە غافڵگیر کرابون و لە لایەن چەکدارە دڕندەکانی قورووەوە شەهید کرابوون و ئەوەش وایکردبو کە ئەو چەکدارانە لە خۆ بای بن و هەرکە هەواڵی هاتنی پێشمەرگە دەبیسن خێرا هێرش دەکەن بەڵام ئەمجارە دەرسێکیان پێدرا کە قەت لەبیری نەکەن و لە هەر کوێ ناوی پێشمەرگەیان بەرگوێ بکەوتایە بترسن و هەڵێن.

ئەوە لایەکی سەرکەوتنی ئێمە و لایەکی دیکەی ئەوە بوو کە دوو بەش لە هێزەکەمان دوای خوڵقاندنی چەندین شانازی و

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

دوای فیداکاری و لە خۆبردوویەوە یەکیان گرتەوە و ئەمەش وای کرد کە هەست بە هێز و دەسەڵاتی خۆمان بکەین و بە تەواوی لە ناوچەکەدا هەڵسوڕێین و لە لایەن خەڵکەوە بەباوشی ئاواڵەوە پێشوازیمان لێبکرێ و وەک هێزی ئازادی و قارەمانەتی چاومان لێبکەن.

سەرکەوتن، یەکگرتن، هیوا و شای پێشمەرگەکان وای نیشان ئەدا کە هەمومان بە بنەماڵەکانمان شاد بوینەتەوە و بەڕاستی جێگای شەهید مەنسوور خاڵی بوو و بە بیستی ئەو هەواڵە پێشمەرگەکانی چەمشار کە تازە پێک گەشتبوینەوە تەمی پەژارە و ماتەمینی باڵی بە سەر دا کێشان و ئەو شەڕەیان بە تۆڵەی شەهید مەنسوور ڕەوانسەری دایە ڕادیو دەنگی کوردستان.

چەند خۆشە خەبات لە پێناو ژیان و ژیان بۆ بەردەوامی و بەردەوام بوون وەک تاک و تاک لە کۆمەڵگای ئازاد و ئازادی بۆ دەربڕین و دەبڕینی هەستی دەرون و دەرون کردنەوەی خاوەن بیر و بیرمەندانی خاوەن هەڵوێست و هەڵوێست گرتنی سەربەستانە.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

## عەموو یەدی

شەڕی بانسەیی بە خێرا دەنگی دایەوە و هێندێ جار وەک ئەفسانەی لێئەهات و دەم بە دەم بە گوند و شارا ئەگەڕا کە حەسەن سەرسپی وای کرد و پەلەکەی حەسەن سەرسپی ئاوایان کرد.

ئەوەی شایانی باس بێ ئەوەیە کە بەڕاستی کار و فیداکاری و هەڵمەت بردنی ئەم پێشمەرگانە زیاتر وەک ئەفسانەیەک ئەچوو سەرما و داگیرکراوی ناوچە هێز و ئیمکاناتی فراوانی داگیرکەر نەبوونی جێگای حەوانەوە و پشت جەبەیەک و زور شتی دیکە هەبوون کە کۆسپ و تەگەرە و ئاستەم بوون بەڵام ئەم پێشمەرگانە لە هەموو ئەو شتانە گەورەتر و بە ئیرادەتر بوون.

شەڕەکانی ئێمە بە فەرماندەری کاک شاپور و کاک سالار لە گوندەکانی "کانیشە" "توانکەش" و "پرتاڵە" و شەڕەکانی "بانسەیی" "دێگولان" و چەمشاری سنە کە شەڕەکانی هێزەکەی دیکە بە فەرماندەری خاڵە حەسەن سەرسپی و حەمەکەریم و ئەحلە میسری دوژمنی ترساند بو و ورەی دابووە گەل و پێشمەرگەکان و ئەتوانم بڵێم لەو مەڵبەندەدا کە ئێمەی لێ بوین وەک ناوچەی نیوە ئازادکراو وا بوو.

ئێستا بە یەکگرتنەوەی ئەو دوو باڵە ژمارەمان زیادی کردبوو و لە دوو گوندی نێزیک یەکا ئەماینەوە سەرەڕای ئەوەی کە مەترسی هێرشی فراوانی دوژمن کەم بو ئێمە هەرگیز لە شەوێ زیاتر لە گوندێکا نەئەماینەوە و بەردەوام بە شەو یان ئێواران ئەکەوتینە ڕێ و لە دەمەو بەیانا ئەگەیشتینە گوندەکانی مەبەست و تیمی کەمین بەڕێ ئەکرا و ئەوانی دیکە نیگابانیان دا ئەنا و ئەحەسانەوە.

ڕومان کردە ناوچەی کولیایی و قوروە و گەشتێکی هێمنانە و بێ شەڕمان کرد بە گوندەکانی، باخوڕم، قەڵاگا، قەڵای کۆماین، کۆماین، نەسرەت ئاوا، گرگڕی خۆارو و گرگڕی سەرو، وەرمەکان و چەندین گوندی دیکە کە بەداخەوە ئێستا ناوەکانیانم لە بیر نەماوە.

لە وەرمەکانەوە کەوتینە ڕێ و بڕیار وا بو بپەڕینەوە بۆ ئەو بەر جادە و لەوە ئەچو کە بمانەوێ بچین بۆ لای هێزی شەریفزادە کە ئەوکاتە لە باینچۆ گیرسابونەوە بەڵام وا نەبوو و تێگەیشتین کە بڕیار وایە بچین بۆ ئاوایی "قۆڕیەر" نازانم چیان لەوێ شاردبووەوە.

دوانیوەڕۆ لە گوندی وەرمەکانەوە کەوتینە ڕێ و لە نێزیک جادەی قوروە - سنە - کامیاران چوینە گوندی خەیراوا و ئەسەد خێراوەیی زۆر چالاکانە هەڵئەخولا و دایکە پیرەکەی زیارەت کرد کە پێم وابێ ساڵ و نیوێک بو یەکیان نەدیبوو.

لە گەل میوانداریەکی گەرم بەرەو ڕو بوین و ئێوارەکەی کەوتینە ڕێ و بە ناو بەفرێکی زور و بە ڕێگایەکی دژوار و دور و درێژا دەمەو بەیان ماندوو و هیلاک گەیشتینە گوندی قۆڕیەر و لەوێ کاک عەزیز قۆڕیەری لە دابەش کردنی پێشمەرگەکان چالاک بوو و بەڕاستی خەڵکیش خۆشیان ئەویست و جێگای ڕێز و متمانەی هەموو لایەک بوو.

لە پێشدا بەرپرسەکان پێان وتین کە دوو ڕووژ لەوێ ئەمێنینەوە و بە باشی ئەحەسێینەوە بەلام دەمەو ئێوارە قەرارەکە گۆڕا و هەواڵ گەیشت کە دوژمن خۆی سازمان داوە لەو ناوە دا هێرشمان بکاتە سەر و توشی شەڕێکی دور و درێژمان بکەن و لە ناوچەکانی دیکە دامانبرن هەربۆیە بە پەلە هێشتا بە تەواوی نەحەسابوینەوە دیسان وەڕێ کەوتینەوە و شەو لە نیوەیدابو کە گەیشتینە گوندی "موچڕ(موژژ)" ئەم گوندە لە سەر جادەیە و لە نێزیک گوندی "نارنجە" و گوندی نارنج ناوەندی هێزەکانی دوژمن بوو و پادگانی لێبوو لە مزگەوتی موچڕ دا حەساینەوە بە ماڵەکانا بلاو نەبوینەوە دوای هێندی حەسانەوە دیسان وەڕێ کەوتینەوە.

دەبوو بە بێدەنگ لە ئاوایێ دەرکەوین و لە پێشدا بەرەو گوندی نارنج و لای پادگانی دوژمن شۆڕبوینەوە کە وا نیشان بدەین بەرەوە ئەو ناوە ئەچین بەلام لە خۆارەوەی ئاوایدا ئەگەڕاینەوە و بەرەو وەرمەکان هەڵئەکشاین ئا لەوکاتە دا ئێمە نێزیک بە پازدە نەفەر لە هاوڕێکانمان دابڕاین و بەرەو شوێنێکی دیکە کە خۆشمان نەمان ئەزانی بۆ کوێ ئەچین ملی ڕێگامان گرت بێ پسانەوە ئەڕۆشتین و کاتێ سروشت ڕوناکی تێکەوت دوکەڵی لولە سوپای گوندێکمان بینی و تێگەشتین کە پایگای لێنیە و خۆمان گەیاندە ناو ئاوایی.

دوای ئەوەی هاتینەوە سەر خۆ تێگەشتین ئەو ڕێگایەی ئێمە بە چەند کاتژمێر بڕیومانە تەنیا ڕێگای یەک کاتژمێرە و ئێمە ڕێگامان لێتێکچووبوو و هەر بە دەور خۆمانا خولابوینەوە و لە ڕاستیدا زوور لە پادگانی نارنجەوە نێزیک بووین ئێمە لە ماڵەکانا ماینەوە و بڕیارمان دا ئەوەندە هاتووچوو نەکەین و لە لای عەسر و خۆڕ ئاوا لە ماڵەکان دەرکەوتین و خەڵکمان کۆ کردەوە و ساڵح نەدیمی کە بانگمان ئەکرد حاجی و سەرپەل بوو قسەی بۆ کردن.

دوایی بە دۆڵی پشت ئاوای و بە ڕێگایەکدا کە ئەمانی گەیاندە گوندی وەرمەکان وەڕێ کەوتین و لە نیوەشەوا گەیشتینە ئەوێ تیمی پێشڕەو لە لایەن نیگابانەکانەوە دەنگ دران و یەکمان ناسیەوە کاک شاپور و خاڵە حەسەن و ئەوان لەوێ مابونەوە و چاوەڕوانی هەواڵی ئێمە بون و پێش بینی ئەوەیان کردبوو کە ئەمشەو پێان بگەینەوە و لە ڕاستیدا بە هاتنەوەی ئێمە هەموویان خۆشحاڵ و شادومان بوون و ئێمەش پشویەکمان هاتەوە سەر بەلام نەیانهێشت بحەسینەوە و خێرا

لەوێش وەڕێ کەوتین و لە گوندی گرگری خۆارو و گوندی نیەر دا جێگر بوین. هەڵبژاردنی ئەو گوندانەش بۆ ئەوە بوو کە لە باری نیزامیەوە بۆ شەڕ و بەربەرەکانێ لەبار بوون.

ئەو کارەی ئێمە پیلانی دوژمنی پوچەڵ کردەوە و ئەوەندە بە خێرا ئەجولاینەوە دوژمن نەیئەتوانی زانیاری تەواومان لەسەر کۆ کاتەوە لە لایەکی دیکەوە خەڵک وایان پروپاگەندە کردبوو کە ئێمە زیاتر لە ٧٠٠ کەسین و ڕوو لە هەر کۆێ ئەکەین جێگامان نابێتەوە. ئیتر جوڵەی خێرا زیاتر ئەمانی پاراست و تەنیا شەوێک لە شۆێنێکا ئەماینەوە بۆیە شەوی دواتر جوینە دوو گوندی دیکە.

تیمێکمان لە گوندی "کۆماین" و ئێمەش لە قەڵای کۆماین بوین من لەگەڵ خاڵە حەسەن کاک شاپور و کاک سالار و دوکتور ئەوڕەحمان لە ماڵی کابرایەکی دەوڵەمەندی ئاوای دابووین ئەو کابرایە مرۆڤێکی خۆێندەوار و تێگەیشتو بو کچێکی ١٩ - ٢٠ ساڵانی هەبوو کە دەزگیران دار بوو ئەوکاتە حیزب بڕیاری دا بوو کە کەس هەقی نیە شیربا وەر گرێ ئەم کابرایەش شیربای وەرگرتبو یان داوای شیربایەکی زوری کردبوو هەواڵ دەگاتە ئەحمەد تانک ئەویش خۆی دەگەیەنێتە ئەو گوندە و هەڕەشە لەو کابرایە ئەکات و شناسنامە - سجیل - ەکانیان ئەبا.

خاڵە حەسەن و کاک شاپور دڵی کابرایان دایەوە و سۆزیان دایە کە شتەکانیان بدەنەوە و بەڵێنیشیان لە کابرا سەند کە شیربایێ وەرنەگرێ.

سفرە ڕاخرا خەریکی نان خۆاردن بووین کە پێشمەرگەیەک لە دەرگای دا و پاشان بانگی کاک سالاری کرد کاک سالار هاتەوە و نەفەرێکی خڕیلەی تۆزی گوشتن و ڕەشتاڵەی لەگەڵ خۆی هێنایە ژورێ کابرا سڵاوی کرد و دانیشتن پاکەتە جەگەرکەی دەرهێنا و سیگارێکی چاخ کرد و بە هەموو هێزی خۆی دوکەڵەکەی هەڵ ئەڵوشی بە جۆرێ مروڤ وای ئەزانی ئێستا ئەوەندە ئەکۆکی گیانی تیا نامێنێ بەڵام وا نەبوو ئەوە وەک سیگارکێشانی ئاسایێ بوو بۆ ئەو.

دوای نان خۆاردن و قسە کردن کابرا ناوی خۆی ئاشکرا کرد کە ناوی یەدوڵایە ناسراو بە عەموو یەدی هێندێ قسەی کرد و سەر ئەنجام بە ناسیاوی کاک شاپور و هەڤاڵی کۆنی دەرچوو.

دەسکەوتی ئەم گەشتەمان تەنیا عەموو یەدی بوو، عەموو یەدی تۆزە تۆزە ڕوی کرایەوە و ئیتر وای لێهات بۆبە بەشێک لە حەرەکەتەکەمان و بە قسە خۆشەکانی سەرنجی هەموو پێشمەرگەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لە گەڵ عەلی تفێنی بوونە دنیای کومێدی ئێمە و لە مزگەوتەکانا پێشمەرگەکانیان وە پێکەنین ئەخست.

ئەو شەوە پەڕینەوە و بەیانیەکەی گەیشتینە ئاوای بانسەێ و ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێ بەرەو ئاوای "ترازولە" من و

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

فەریدون یوسفی لە ماڵێکا بوین کورسی یان دانابوو و لە بن کورسیەکەدا خەوم لێکەوتبوو، فەرەیدون ئەچێ بۆ مزگەوت و لەوێ بڕیاری حەرەکەت دراوە و پێشمەرگەکان ئاوایی بە جێ دێڵن بە بێ ئەوە کەس وەبیری بێتەوە منیش لەگەڵم و خاوەن ماڵەکەش دڵی نایە خەبەرم بکاتەوە.

کاتێ وشیار بومەوە پێان وتم پێشمەرگە لە دێ دا نەماوە، بە پەلە هاتم بۆ مزگەوت دیتم کەس نەماوە تۆزێ دڵەخورپەم لاپەیدا بوو بەڵام وەسەر خۆم نەهێنا و بە شۆێن پێشمەرگەکاندا کەوتمە ڕێ لە نیوەی ڕێدا دیتم عەزیز ڕەوانسەری حەیبەڵا گازرخانەیی و کەریم بزوەشی بەرەو لای من دێن لە پێشدا هێندێ پێکەنین پاشان کاک عەزیز لە فەریدون توڕە بوو و بە منیشی وت تۆ پێشمەرگەی دەبێ ئاگات لە خۆت بێ ناتوانین نیگابانت بۆ دانین.

کاک سالار لەو کارەی من کە بۆ خۆم وەڕێ کەوتوم و بە شۆێنیان دا هاتبوم ڕازی بو وەک ئازایەتی چاوی لێئەکرد و خۆشم چەند ڕۆژ داتریش هەر ئەترسام لە دڵی خۆما و ئەموت ئەگەر دوژمن بهاتایە چیم بکردایە....

تا ئەو کاتە مروڤ ئەژی، تا ژیان بە بنەما و ئەسڵە دیموکراتیک و دنیای ئێمە بەرەو ڕاستای واتادار بون و ئەرزشمەندی بڕوا و تا ئەو دەمەی کە قیمەتی مروڤ لە بونی دایە و بونی مروڤ وەک ئەسڵی دیالکتیکی و سروشی ڕێزی لێبگیردرێ و هەتا هەتاوی گەرمی ئازادی لە کەلی ئاواتەکانمانەوە تیشک نەهاوێ و تا ئەو کاتەی خەنەبەندان بۆ ڕێبەندانی خەونەکانمان لە بەهاری چاوڕوانی دا وەڕێ نەخەین بەردەوامین و هەدا نادەین و تۆزە تۆزە بەفری چیا و دۆڵ و شیوەکان ئەتۆێنەوە و ئێمەش بەردەوام و بە هیوا و جەسوور لە سووڕانەوە داین...

## کۆتایی زستان

لە بەشی پێشودا لە بیرم چوو کە باسی هەواڵی شەهید بوونی ڕاغێب زۆرئەسنا بکەم، بۆیە لێرە دا ئەگەڕێمەوە سەر ئەو باسە و پاشان درێژە بە بەسەرهاتەکان ئەدەم.

شەو کە هاتنیە ئاوای گرگڕی سەرو لە دەمەو بەیانا تیمێک لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید نادر کە لە ناوچەی بێڵەواری کامیاران بوون هاتبوون بۆ لای ئێمە و لە بەرەبەیانا تووشی تیمی کەمینەکان ئەبن و دێنە ناو ئاوای.

لە مزگەوتا لێیان کۆ بوینەوە و بە خێرهاتنمان کردن، دیار بوو زۆر ماندوو و هیلاک و لە ڕێگایەکی دورەوە هاتبون، بەڕاستی هەر ئەم مرۆڤە بە ئیرادانە ئەیانتوانی بەو جۆرە ئەو ڕێگایانە ببڕن و یەکتر بدۆزنەوە و درێژە بە خەبات و خوڵقاندنی قارەمانەتی بدەن.

ئەو پۆلە پێشمەرگەیە هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەواڵی چەند شەڕ و ئازایەتی پێشمەرگەکانیان بۆمان گێڕایەوە بەداخەوە هەواڵی چاوەڕوان نەکراوی شەهید بوونی ڕاغێب زۆرئەسناشیان پێراگەیاندین.

ڕاغێب کادری کۆمیتەی شارستانی کرماشان و بەرپرسی کۆمیتەی ڕەوانسەر و پێشمەرگەیەکی جەسوور و ئازا و ڕوح سوک بوو لە هێزی شاهۆوە لەگەڵ نەجمەی زۆرئەسنا و چەند کەسێکی دیکە هاتبوونە هێزی بێستون و لە شەڕەکانی ناوچەی بێڵەوار و چەند شەڕێکی دیکە دا قارەمانەتیان نواند و ڕاغێب وەک قارەمانێکی خۆڕسک چاوی لێئەکرا و لە لایەن خەڵک و پێشمەرگەوە جێگای باوەڕ و خۆشەویست بوو.

لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی عەلیمراد جەواهێری ئەچنە گوندی تیلەکۆ و بە تەما ئەبن کە شەو لەوێ بنوون و بە ڕۆژ لەو ماڵە دا خۆیان حەشار دەن کە دیارە پێشتر ئەو کارانەیان زۆر کردبوو، بەڵام بەداخەوە لە لایەن یەکێک لە نیگابانەکانی پایگاوە ئەبیندرێن و بۆ کەم شانسی ڕاغێب و هەواڵەکەی گروی زەربەتی ڕژێمیش لەوێ ئەبن و لە مزگەوتا مۆلیان خواردبوو.

پایگا هەواڵ ئەداتە گروی زەربەت و دەوری ئەو ماڵە ئەگرن کە هاوڕیانی لێ دەبێ و تەقە دەس پێ ئەکا، بڕیار ئەدەن کە بە تەقە و هێرش بردن لە ماڵەکە بێنە دەر و هەوڵ بدەن خۆ بگەیەنە ناو کۆڵانەکانی گوند، لە کاتی هاتنە دەروە لە

ماڵەکە ڕاغێب بریندار ئەبێ و ناتوانێ بۆ دەرەوە بچێ و خۆ بە ژێرخانی ماڵەکە دا ئەکا و عەلیمراد ڕزگاری ئەبێ و لە کاتێکدا کە ڕاغێب بەردەوام تەقە لە دوژمن ئەکات عەلیمراد ئاوای بە جێ دێلێ.

دوژمن سەربان و دەور ماڵەکە ئەگرن و گەمارۆکەیان تەنگ ئەکەنەوە و نارنجۆک ئەخەنە ناو ماڵەکە، ڕاغێب نائۆمید ئەبێ و بۆ ئەوەی بە زیندویی نەکەوێتە دەس دوژمن گولەیەک لە دڵی خۆی ئەدات و جەنازە ساردەوە بوەکەی ئەکەوێتە دەس دوژمن.

شایانی باسە ڕاغێبی قارەمان لەو هەلە کەڵک وەرئەگرێ و هەمو ئەو بەڵگانەی پێیەتی ئەدڕێنێ و لە نێویان ئەبات و ئەوەش لایەنێکی قارەمانەتی، ئازایەتی و دڵسۆزی ڕاغێب بـو کە بەڕاستی شەهید بونەکەشی هیوای بە هەڤاڵەکانی دا و پێشمەرگەی لە لای گەل خۆشەویستر ئەکرد.

---------

لـەو گوندانـە دا ئەخولاینـەوە و بـێ شـەڕ و شـۆڕ ڕۆژەکانمـان ئـەبردە سـەر، لـە گونـدی کانیشـە نێزیـک بوینـەوە و لـەوێ حەمەکـەریم و پـۆلێ لـە پێشمەرگەکانی لکـی شـەهید نـادر جیـا بونـەوە و بـەرەو ناوچـەی بێڵـەوار کەوتنـە ڕێ، ئێمـەش گەڕاینەوە بۆ ئاوایی سەیدئاوا و لەوێ توشی چەند پێشـمەرگەیەکی دیکـەی لکـی شـەهید نـادر بـووین و ئـەوانیش هـەواڵێکی ناخۆشیان پێبوو کە پەلێ پێشمەرگە لە گوندی تەنگیسەر لە حاڵێ پشوو دان دا ئەبن کە گروی زەربەت غافڵگیریان ئەکات و لە شەڕێکی نەخۆازراوا حەمە شوان بریندار ئەبێ و لەبەر خوێنڕێژی زور و نەبونی ئیمکانی دەوا و دەرمان شەهید ئەبێ و لە گوندی نییەرا جەنازەکەی ئەدەنە خەڵک کە بینێژن و بۆ خۆشیان ئەکەونە ڕێ بەرەو لای ئێمە.

بەرە بەرە لە مانگی کۆتـایی زستان نێزیک ئەبوینەوە و خۆمان بـۆ بەربـەرەکانێ و هێرشی دوژمن ئامادە ئەکرد، ڕۆمـان لـە بەشی سەرەوەی ناوچەی "کولیایی" کرد و لە گوندی قەڵای گرگر گیرساینەوە.

لەو گوندە دا کابرایەکمان گرت کە لە لایەن باوکیەوە شکایەتی لـێ کرابـوو، ئـەو کابرایـە بـرای شـەهید سـاڵح بـوو کـە لـە شەڕی ئـاوایی "سـۆ" دا شـەهید بـوو، بـاوکی شکاتی لێبـو کـە جاسوسـە و بوەتـە هـۆی شـەهید بـوونی دوو پێشـمەرگەی هێـزی شەریفزادە.

ئەو دوو پێشمەرگە ڕوو لـەو گونـدە ئەکـەن و بـە تێڕادیویـەوە لـە مـاڵی بـرای شـەهید خـۆ حەشـار ئـەدەن بـەڵام کـابرا خـۆی ئەگەیەنێتە دوژمن و پەلکێشیان ئەکات و لە شیرین خەوا ئەو پێشمەرگانە شەهید ئەکەن.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ڕۆژی دوایی کابرامان لەگەڵ خۆمان هێنا و لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری ئیعدامکردنی درا. قەرار وا بوو لە لای گوندی گرگرێ خۆارو کاری تەواو کەن، کاتێ نێزیکی ئەو گوندە بوینەوە هەواڵ گەیشت کە پۆلێ چەکدار بەرەو ئێرە دێن، دەستە بەشمان لێکرد و لە ناو تەنگەبەری لای ئاوایی چەکدارەکانمان لە ناو خۆمانا گەمارۆ دا و پاشان داوایان لێکرا خۆ بناسێنن وەڵامیان داینەوە کە پێشمەرگەی کۆمەڵەن و دوای دەرکەوت کە لە بوونی ئێمە لەو ناوە ئاگادر بوون، بەڵام لەگەڵ ئێمە نەهاتنە ناو ئاوای و وتیان ئەیانەوێ بەردەوام بن، ئیتر نازانم چییان لێهات و بەرەو کۆێ چون.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە کابرای تاوانبار ئێعدام کرا و ئێمە کەوتینە ڕێ و ڕومان لە ئاوایی وەرمەکان کرد، لەوێش کاک شاپور و خالە حەسەن و پۆلێکی دیکە جیا بونەوە و ڕویان لە ناوچەی ئازادکراو کرد کە ئەو کاتە دەوروبەری باینچو و ئەو ناوە بوو.

من لە گەڵ لکی شەهید حەمە شەریف لە ناوچە مامەوە، ئەم لکە پێک هاتبوو لەپۆلە پێشمەرگەیەکی گەنج و جەسوور و ئازا، بەفرەکە تۆابووەوە و ڕەشایی کەوتبوە زەوێ و سروشت هەناسەی گەرمێ هەڵئەمژی.

بەرەو پەنجەی عەلی کەوتینە ڕێ و سەردانی ئەو گوندانەمان کردلە ئاوایی(ناوەکەیم لە بیر نەماوە) دانیشتبوین، هەتاو تێشکی بەسەر ئەو ناوەدا بڵاو کردبووەوە، دەنگی موتورێک هات ئێمە چەند پێشمەرگە لە نێزیک جادەکە وەک نیگابان دامەزرابوین داوامان کرد کابرا ڕاوستێ بەڵام ڕانەوەستا ئێمەش دامانە بەر گولە و کابرا و موتورەکەی گرمۆڵەبوون گەیشتینە سەر کابرای موتورسوار و دیتمان قاچی بریندار بووە و موتورەکەی چەند گوللەی بەر کەوتووە.

ئەو هەژارە زور ترسا بوو وەک شۆڕەبێ ناو ئاو ئەلەرزی پێشمەرگەکانی دیکەش گەیشتن و یەک لەوان کاک سالار بوو بە بینینی دیمەنەکە زور تێک چوو لەوانە بوو توشی کارەسات باین.

دوای دەرکەوت کە موتور سوارەکە کەڕە و گۆێی لە دەنگی ئێمە نەبووە هەرچۆنێ بوو کابرایان هێنایە ناو دێ و برینەکەیان پێچا و ناردیانەوە بۆ ماڵ خۆیان کە لە گوندێکی سەرەوەتر بوون و نەیانهێشت بچێ بەرەوە شاری قوروە و لەوێ دەرمانی برینەکەی بکات.

شایانی باسە ئاگادار کرابووین کە چەند موتور سوارێک جاسوسی ئەکەن و بەو ناوەدا ئەخولێنەوە هەر بۆیە کاتێ داوامان لێکرد ڕاوستێ و بە قسەی نەکردین پێمان وابوو کە یەک لەو جاسووسانەیە و دامان گرت، دیارە چەند کەس تەقەمان لێکرد بەڵام هەموو تاوانەکەیان خستە ئەستوی من و وتیان کە تەنیا من تەقەم کردوە وئەووەش وای کرد کە کاک سالار لێم تورە بێ و شەپازلەیەکی تێسرەواندم بەڵام دوای تۆزێ هات و ئاشی کردمەوە و داوای لێبوردنی کرد و وتی: ئەگەر ئەو

کابرایە بکوژرایە چیمان بکردایە؟ ئابڕومان ئەچوو.

دوایی کەوتینەڕێ بۆ گوندی سەرەوە و بە ماڵانا دابەش بووین بۆ بەد شانسی من و کاک سالار و عەزیز ڕەوانسەری بەر ئەو ماڵە کەوتین کە کوڕەکەیان بریندار بوو.

کاتێ چوینە ماڵ و بریندارەکەمان بینی زور شەرمەزار بوین و کاک سالار وتی هەستن با بڕوین بۆ ماڵێکی دیکە ئەمەش گوبەنی تو (بە منی وت).

خاوەن ماڵ کە زانیان ئەمانەوێ بڕوین هاتن و بەر دەرگایان لێگرتین و زور بە حورمەتەوە پێیان وتین بە بریندار بوونی کوڕەکەمان دڵمان نەئێشاوە چونکە ئەزانین دوژمنایەتیتان لەگەڵی نیە و هەڵکەوتێک بووە بەڵام ئەگەر لە ماڵی ئێمە نەمێننەوە وبڕون ئەوا دڵمان ئەشکێت و لێتان زویر ئەبین.

ئیتر ئێمەشماینەوە و کاک سالار و کاک عەزیز هەموو بەسەرهاتەکەیان بۆ باوک و دایکی بریندارەکە گێڕایەوە و وتیان کە ئامادەن پارەیان بدەنێ بۆ خەرجی دوکتور و دەرمان و هەروەها پێشیان وتن کە من تەقەم لێکردوە و ئەتوانن سزا بۆ منیش دیاری بکەن بەڵام ئەو دایک و باوک و بنەماڵەیە زور گەورە و دڵ فراوان وخاوەن هەڵوێست بوون و وتیان بیری لێ مەکەنەوە و ئەو منداڵەش وەک کوڕی خۆمانە نەک سزای نادەین بەڵکو دەبێ خزمەتیشی بکەین و لە کاتی ماڵ ئاویی کردنمانا سەد تمەنیان پێدام و دایکی کوڕەکە و باوکی ئەملا و ئەولایان ماچ کردم.

بەو ناوەدا خێرا ئەگەڕاین و لە خولانەوەدا بووین سەرمان لە خوار شاری کامیارانەوە دەرهێنا و لە گوندی "نەیجەقەوی" ئەو ڕۆژەمان بەسەر برد و بەیانی زوو لە ئاوایی دەرکەوتین و لە ناو باخێکا خۆمان حەشار دا هێشتا بەیانیان سارد بوو و زەوی تەڕ و ئێمەش جل و بەرگی گەرمان وەک پێویست نەبوو.

لای ئێوارە چوینە سەر جادەی کامیاران مەریوان و بە گرتنی پاسدارێک تا دوژمن هێرشی هێنا ئێمە پاشەکشەمان کرد.

جارێکی دیکە گەڕاینەوە ئەوبەری جادە و ڕومان لە "ترازولە" و "بانسەی" کرد و دوای چەند ڕۆژ گەڕان بە ئەسیرێکەوە قەرار درا کە بچینە سەر جادەی مارنج و موژژە و لە نێوان جادەی فەرع و ئەسڵی سنە کرماشان کەمینێک دانێین و پاشان ئەو ئەسیرەش ئازاد کەین.

دەستە بەشمان لێکرد و نێزیک دوو سەعات لە چاوەڕوانی دا ماینەوە قەرار درا کە کەمینگاکان جێ بێڵین و پاسدارەکە بەرەڵا کەین لە پڕێکا تیمی سەرەوەی نێزیک ئاوایی هاواریان لێ بەرز بووەوە.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

پێنج جاشسەرباز لە ئاوایەوە دێن کە بچن بۆ شاری کامیاران و هەر کە پێشمەرگەکان ئەبینن ئەیانەوێ دەس بۆ چەک بەرن بەڵام یەکێک لە خۆیان بە ناوی جەهانگیر ناسراو بە "جانێ" پێیان دەڵێ وا باشترە تەسلیم بین و لە ڕاستیدا ئەو کۆڕە بووە هۆی ئەسیرکردنیان دەنا ڕەنگە تووشی خەسار بەهاتاین.

پێنج گەنجی کورد لە نێوان ١٨ و ٢١ ساڵ دا بوون و هێندێکیان ٦ مانگ و یەک دوانیان یەک ساڵ دەبوو کە چەکدارا بوون و بێجگە لە "جانێ" ئەوانی دیکە خەڵکی شاری کامیاران بوون.

یەک دوو ڕۆژ ئەو ئەسیرانەشمان لەگەڵ خۆمان گەڕان و لەگەڵیان بوینە دوست و بە تەواوی لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بون "جانێ" بڕیاری دا ئەگەریش ئازادی کەین ئەو نایەوێ بڕواتەوە و حەزی لە پێشمەرگایەتیە و ئەو چوارکەسەکەی دیکەیش باسیان کرد کە ئەگەر "جانێ" نەبایە ئەوان نەیا ئەویست تەسلیم بن.

دوای گەشتێک بەو ناوەدا و نیشان دانی ئەسیرەکان، لە ئاوایی "پەنێران" نێزیک بووینەوە و وتیان ئەمشەو ئەچینە ناو ئاوایی. ئەو گوندە لە سەر جادەی قوروە سنە دایە و نێزیکی پادگانی مارنج و موژژە.

گوندێکی ئاوەدان و خاوەن کارەبا بوو نان و چامان خۆارد و لە جێگای دیاری کراوا کۆ بوینەوە جانییان دایە ئێمە و وتیان هەڵکشن بۆ پشت ئاوایی و ئەو چوار کەسەکەی دیکەیان برد بۆ سەر جادە لە ڕاستیدا پێمان وا بوو ئازدیان ئەکەن بەڵام دەنگی چەند فیشەکێک خورپەی لە دڵ و هەناوم هێنا.

من بۆ خۆم لەگەڵ یەکێک لە و گەنجانە زور نێزیک بوبومەوە لەو ماوەیەدا کە پێکەوە بقوین بوی باس کردم کە چوەتە گوندەکەی ئێمە و سەردانی ماڵی باوکمی کردوە و لەگەل براکەم دا بونەتە ڕەفیق و ئەیوت کە ئەو تەنیا ئەیەوێ خزمەتی سەربازیەکەی تەواو بکات و پاشان ئەچێەتە بەر خۆێندن.

ئەوەی ئەو شەوە زور ترسا جانی بوو بڕوای نەئەکرد کە بە زیندووی بمەێنێتەوە بەڵام بڕیار درابوو کە بیکەنە پێشمەرگە و بە دەم و زمانیا دیار بوو کە کوڕێکی بەکەڵکە و بۆ ناوچەکانی کەنولە و ناودەروەن پێویستمان پێدەبێ.

بە پەلە هاتینەوە ئەم بەری جادە و دیسان گەڕاینەوە و ڕومان لە ناوچەکانی شێخ ڕەش کرد و لە گوندی تەپەسمایل چەند کەسیان هێنان کە گویا شکیان لەسەرە و لە ئێوارەدا ٣ یان ئێعدام کردن و یەکیان ئازاد کرا ئێستاش نازانم تاوانی ئەو سێ کەسە چی بوو؟

هاتنیەوە نێزیک کەشکەمیری خوارو و ئێوارە چوینە ئەو گوندە و لەوێ دەستە بەشیان لێکرد، کاک سالار و گروپێک چون بۆ

نێزیک شاری کامیاران و ئێمەشیان ناردە گوندی کەشکەمیری سەرو.

**ئێمە لە ناوجەرگەی دوژمن دا ئەگەڕاین و دەبوو بوونی خۆمان بسەلمێنین دوژمنی ئێمە تەنیا داگیرکەر نەبوو بەڵکو کولە نانی خۆماڵی مەترسیان زیاتر بوو...**

**ئەگەر ژیان لە نوێوە جارێکی دیکە ئیمکانی خولانەوەی هەبێ، ئەگەر بیست ساڵ بەر لە ئێستا وەک ئەمڕۆ بیرمان بکردایەتەوە ئەوا ڕەنگە زور پرسیارمان لە لا دروست نەدەبوو و کار و کردەوەکانمان جوڕێکی دیکە دەبوو...**



سەرچاوە Serchawe

## تەفر وتوونا کردنی گوروهی زەربەتی کامیاران

هەواڵ گەیشتبوو کە بەرپرسێکی پایە بەرزی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو ڕۆژانی هەینی ئەچێتە گوندی(ناوی گوندەکەم لەبیر نەماوە) و خەریکی پێوەندیگرتن ئەبێ لەگەڵ کەسانی سەربە حکوومەت و خەریکی سازماندانی تۆڕێکی جاسوسی و چەکدارکردنی خەڵکی ئەو ناوەیە.

ئەگەر چ تیمیکی ١٠ کەسی و ئەنجامدانی عەملیاتێکی ئاوا گەورە ئاسان نەبوو بەڵام کاری ئەم پێشمەرگانە ئاسانکاری و ململانێ کردن لەگەڵ توند و تیژی و دژواریەکان دا بوو.

ئێمە شەو لە گوندی کەشکەمیری سەرو دا ماینەوە و بەیانی زوو کەمین نێردرایە سەر بەرزایەکان و دوای ئەوە کە ڕوناکایی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا و لە خەو هەستاین تیمی کەمین هاتنە خوارێ و قەرار وا بوو دوو کەس، دوو کەس نیگابان لە پشت ئاوایەوە دانێین زیاتر بۆ ئەوە گۆیمان لێبێ کە کەی کاک سالارو ئەوان شەڕەکە دەس پێئەکەن و گەر شەڕەکەیان درێژەی کێشا وە فریایانەوە بچین.

کاک خالید درودی و حەمید ڕەوانسەری نیگابان بوون ئێمە تازە بە ماڵانا دابەش بوبوین لە پڕ هات و هاواری مامە نەبی ڕای چڵەکانین.

خالید و حەمید دەبینن ئەوا هێزێکی زوری چەکدار خەریکە بەرەو ناو ئاوای دێن و دڵنیا دەبن کە گروی زەربەتی دوژمنە.

نایانەوی تەقەیان لێبکەن و ئەیانەوێ ئێمە ئاگادار کەن کە بتوانین زەربەیان لێدەین بەڵام هیچ ئامرازێکی پێوەندی گرتنمان نەبوو هەر بۆیە بانگ ئەکەن بۆ ناو ئاوایی و کێچک گۆێی لێیان ئەبێ و بە مامە نەبی ئەڵێ مامە نەبیش تێدەگا کار لە کار ترازاوە و ئەیکاتە هات و هاوار.

تا ئێمە لە ماڵ هاتینە دەر تەقە دەستی پێکرد بە پەلە بەرەو بەرزایی خوار ئاوایی دەرچوین، خالید و حامید لە سەرێ و مامە نەبی و چەند پێشمەرگەی دیکە لە خوارەوە پێشیان لە گروی زەربەت گرتبوو بەڵام ئەوان هیچ گۆێیان نەئەدایە و ڕێک خۆیان کردە ناو ئاوایا و ئێمەیان دەرپەڕاندر.

ئێمەش لە بەرزایەکان دامەزراین و سەنگەرمان لە یەکتر گرت، دورە تەقە بەردەوام بوو، هاوکات گوێمان لە دەنگی تەقەوە بو لە لای کاک سالار و ئەوان و تێگەشتین کە ئەوانیش شەڕیان دەسپێکردوە.

کاک سالار و هەڤاڵەکانی لە جێگای دیاریکراوا خۆ مات ئەکەن و چاوەڕوانی هاتنی ماشینی دوژمن ئەبن کە لە کاتی خۆیا بێت و لێدەن بەڵام یەک سەعات درەنگتر لە کاتی خۆیان دێن، پێشمەرگەکان لەوەدا ئەبن کە سەنگەرەکانیان جێبێڵن و بگەڕێنەوە بۆلای ئێمە دەبینن ماشین هات. ئەوەی ئەوان چاوەڕوانی بوون دوو ماشینی پڕ لە چەکدار دەبێ کەچی بۆ کەمشانسی ئەوان چوار ماشین ئەو ڕۆژە دێن، پێشمەرگەکان نایانەوێ پلانەکەیان تێکبچێ و تەقەیان لێئەکەن.

ئەو بەرپرسە پایەبەرزە لە جێدا ئەکوژن و چەندین کەسی دیکە دەکوژرێن و بریندار ئەبن بەڵام ئەوانی دیکە سەرنگەر ئەگرن و لە شاریشەوە هێزی یارمەتیدەر دێت بۆیە کاک سالار فەرمانی پاشەکشە ئەدات و بەرەو لای ئێمە ئەگەڕێنەوە کاتێ گۆێیان لە تەقە ئەبێ بە تەواوی نا ئومید ئەبن و وا تێئەگەن کە ئێمە غافڵگیر کراوین.

لە کوت و پڕێکا پێشمەرگەکانی خوار ئاوایی بانگیان کرد: هەژار هاتەوە و ئەوەش ناوی دیاریکراوی کاک سالار بوو.... ناوی هەژار بوو بە بۆرکانێک و پێشمەرگەکانی لە سەنگەرەکانیان هەڵکەند و وەک ئاور بەربونە گیانی دوژمن، سەنگەر لە دوای سەنگەر پاککرایەوە و هەموو گروی زەربەت لە ناو ئاوایی دا گەمارۆ دران.

زیاتر لە ١٥ جەنازە بە چەک و تەقەمەنی و ئیمکاناتەوە کەوتبوە دەست پێشمەرگە لە سەرەوە پۆلێ پێشمەرگە خۆیان گەیاندە ماڵەکانی ئاوایی و ئەوانی دیکە لە ناو شیوی خوار دێوە دامەزران. هێزەکانی دوژمن بە دیتنی پێشمەرگەکان کە لێان نێزیک ئەبونەوە وەرەیان لە دەست دا و ماڵەکانیان بە جێهێشت و بە دۆڵەکەی خوار ئاواییدا بۆی دەرچون بەڵام خەیاڵیان خاو بوو لەوێ کەوتنە کەمینی پێشمەرگەکانی دیکە و ٢٢ کەسیان لێ بەدیل گیرا و سەر ئەنجام لە هەموو ٧٥ کەسی ئەو گروی زەربەتە تایبەتە کە بۆ ڕاونانی ئێمە هەڵبژێرکرابون تەنیا ١٠ کەسیان بە هەزار حاڵ نەجاتیان بوو ئەویش نەمان ویست دوایان کەوین دەنا ئەوانیش دەرباز نەدەبوون.

**لەو کات و ساتە دا وەک ئەوە وا بو هەموو کوردستانمان ئازاد کردبێ حیسابمان بۆ حکومەت و هێزی دوژمن نەئەکرد شاد و سەرمەستی سەرکەوتن بوین نەک سەرکەوتنێک بەڵکوو دوو سەرکەوتن لە یەک ڕۆژا.**

چەک و چۆڵ کۆ کرایەوە و دیلەکان ڕیز کران و قەرار وا بوو ناونوس بکرێن، لە پڕ بوو بە تەقە و جەنازە وەک دار ئەکەوتە عەرز، دیمەنێکی ترسناک بو، تامی سەرکەوتنەکەی نەهێشت. ئێقباڵ جوانرۆی بە ڕەگبار بەربوە گیانی دیلەکان و لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە هەموویان کوشتن.

کاک سالار تورە بوو و کردیە هات و هاوار و جنێو دان و وتی: ئاخر ئێوە پێشمەرگەن یان...؟ کوا وا دەبێ ئەوە کەی کاری مروڤانەیە ئێوە ئەیکەن. بەڕاستی کاک سالار زوور لەوکارە تورە بوو و دەمانچەکەی دەرهێنا خۆی بکوژێ بەڵام کەریم بزوەشی و سوبەت گومەتەی گرتیان نەیان هێشت.

یەکێک لە گیراوەکان فەرماندەی ئەو گروی زەربەتە تایبەتە بوو و ناوی سالار و ناسراو بە سالار پرتاڵەیی بوو، کەسێکی جوان چاک، باڵابەرز، بەدەنێکی وەرزشی و جوانی هەبوو، تەمەنی لە دەور ٢٥ ساڵ دا بوو، کەسێکی زور دڕندە و بەکێگیراویکی بێ ڕوحم بوو، ئازاری خەڵکی زۆر ئەدا و دەستدرێژی کردبووە سەر خێزانی چەند پێشمەرگەیەک و بەڕاستی خەڵکی وەزاڵە هێنا بوو.

کەلاشینکۆفێکی جوتلاقی جوانی پێبوو، کاتێ ئەیەوێ لە ئاوایەوە هەڵێ و خۆی نەجات بدات لە ناو چومەکەدا شەمسەلاَ لێی دێتە دەست و دەڵێ تەسلیم بە، ئەویش دەس بەرز ئەکاتەوە و شەمسلاَش بۆ خۆشی یەک گولە لە دەستی ڕاستی ئەدات و ئەڵێ: باوک پشی ئەگەر پیاوی ئێستا قسە بکە...

یەکێک لە هۆی ئەو کۆمەڵکوژیەش هەر ئەوە بوو کاتێ زانیان ئەوە سالارە ئەوانەی دیکەشیان پێوە کوشت کە لە ڕاستی دا کارێکی باش نەبوو.

چەک و چۆڵمان لە کۆڵ نا و بڕیار درا بەرەو بەرزایەکان بکەوینە ڕێ لە پڕ بوو بە تەقە و سەعی زیویەیی بریندار بوو. یەکێک لە چەکدارەکان بە زیندوویی مابووەوە و تەقەی کرد کە پێشمەرگەکان لێی هاتنە دەست و لە ماوەی نیوە خولەکێک دا کابرایان سارد کردەوە. لە ڕاستیدا ئەوکابرایە ئەنجەڵی هاتبوو دەنا پێمان نەدەزانی لە ناو کونی بەفرەکەدا خۆی حەشار دابوو کە ئێمە نەمان ئەدیت و کاتێ ویستمان پاشەکشە بکەین و لێی نێزیک بوینەوە ترسا بوو و دامانیە بەر تەقە و بە مردنی خۆی کۆتای هات.

چەک و تەقەمەنیەکی باشمان دەس کەوت و ملمان پێووە نا و کردمانە ئەوبەرەوە و هەتا لای وەرمەکان نەوەستاین و دوای سێ یان چوار ڕۆژ ڕادیو کوردستان هەواڵەکەی خۆێندەوە و لە هەموو کوردستانا دەنگی دایەوە و لە ڕاستیدا ئەو شەڕە یەکیک لە شەڕە بەناو بانگەکانی ئێمە بوو کە ئێستاش خەڵک باسی لێوە ئەکەن.

نارنجەک ئەندازێکی بچوکمان گرتبوو زۆر سوک و لەبار بوو بە ٦ گولەوە و درایە من و زۆر کەیفم پێ ساز بوو و ئەچوینە هەر گوندێک خەڵک لە من کۆ ئەبونەوە و ئەو چەکەیان پێ سەرەنجڕاکێش بوو.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ئیتر بەفر تواوبووەوە و نەمان ئەتوانی بە ڕۆژا لە گوندەکانا بمێنینەوە و ناچار بووین تا دەمەو بەیان لە ماڵان یان مزگەتەکانا ئەنوستین و پێش شەفەق ڕومان لە شیو و دوڵ و شاخەکان ئەکرد.

بە خێرا ئەگەڕاین و ڕومان لە گوندەکان ئەکرد و جێگامان ئەگۆڕی و هەوڵمان ئەدا خۆ لە هێرشی دوژمن بپارێزین و مەودای ئەوەیان نەدەینێ کە هێزمان بۆ کۆ کەنەوە و توشی شەڕی درێژماوەمان بکەن.

لە گوندی کانیشەوە کەوتینە ڕێ و قەرار وا بوو لە جادەی سنە کامیاران نێزیک بینەوە. باران نم، نم ئەباری و تەم و مژ ئەو ناوەی داپۆشیبوو لە پڕ گوێمان لە دەنگی تەقەوە بوو پۆلێ لە پێشمەرگەکان گەڕانەوە و ئێمەش لە ناو بەردەکانا بڵاوەمان لێکرد.

گروی زەربەت دوای ئێمە هاتبونە ناو ئاوایی و تەم و مژەکە لێکی شاردبوینەوە بەڵام کاتێ خەڵک پێان دەڵێن ئێستا پێشمەرگەکان لە ئاوایی دەرچوون بە بێ هەدەف لە ترسانا دەست ئەکەنە تەقە کردن.

ئەگەر چی تەم ومژەکە باش ڕێگای دوزینەوەی دوژمنی لە ناو دێ دا نەئەدا بەڵام پێشمەرگەکان برێ تەقەیان لێکردن وپێم وا بێ چەند کەسیان لێ بریندار ئەبێ و بەرەو شار پاشەکشە ئەکەن و ئێمەش درێژەمان بە ڕویشتن دا و چوینە گوندی "قنگرە" و وتیان ئەم گوندە دەستی بە شاخەوەیە و بەیانی تا ئێوارە لێرە ئەمێنینەوە.

کابرایەکی شێت هەبو ناوی دەشک بوو ئەویش لە مزگەوتا بو ئێمە نەمان ئەهێشت کەس دەرکەوێ و خۆشمان هاتوچومان نەئەکرد و لە مزگەوت و ماڵانا حەوابوینەوە.

شەمسڵا و کەریم بزوەشی و حەیبەڵا گازرخانەیی و سوبەت گومەتەی سەر ئەنێنە سەر دەشک و تورەی ئەکەن و ئەویش لە مزگەوت دەرئەپەڕێ و بە جنیودان بە پێشمەرگە و شێخ عیزەدین ماڵەکانی بە جێ هێشت و بومان نەگیرا و دەرچوو.

کاک سالار فەرمانی دا ئامادە بین لەوە ئەترساین کە دەشک بچێتە گوندەکانی دەورو بەر کە پایگایان لێبوو و باسی پێشمەرگە بکات و هێرشمان بکرێتە سەر.

هێشتا خۆر ئاوا نەبوو بوو کە دوو، دوو لە دێ دەرکەوتین و شەو چوینە گوندی "کەچەڵە" کە لەسەر جادەی سنە کامیارانە و بڕیار وا بوو لەوێ خۆمان حەشار دەین و ڕۆژی دوایی ئەو جادەیە کونترۆڵ کەین و زەربەیەک لە دوژمن بوەشێنین.

لە دەمەو بەیانا لە خەویان هەڵسانین و وتیان خێراکەن دەبێ لە دێ دەرکەوین. یەکێک لە پێشمەرگەکان کە نیگابانی

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

دەمەو بەیانە دیار نیە. پەستەکێکی جوانم هەبوو شەو قەرار درا نیگابانەکان لەبەری کەن بۆ ئەوە سەرمایان نەبێ، دوایین نیگابـان پێشمەرگەیەک بـوو بە نـاوی نەجمە، دوای ئـەوە کـە نیگابـانیەکـەی تـەواو ئـەبێ پەستەکەکەی منیش داناکەنێ و یەکڕاست ئەچێتە سەرجادە و خۆ ئەگەیەنێتە نێزیکترین پێگە و خۆ ئەداتە دەستەوە و ئەمەش بۆ ئێمە جێگای مەترسی بوو و لەوە ئەترساین کە جێگاکەمان بە دوژمن بڵێ.

کزەی بـەیـان و هەڵکشـان بـە شـاخـا و ترسی هێرشی دوژمـن لـە لایـەک و خـەمی من بـۆ پەستەکەکەم لـە لایەکی دیکـە... گەیشتینە سەر لوتکەی شاخەکە و خۆمان مات دا، تەم و مژ ئەو ناوەی داگیر کرد بـوو ئێمەش دەستمان بـە هیچ جێگەیـەک نەئەگەیشت سەرما زوری بۆمان هێنـا و قـەرار درا بکەوینـە ڕێ و لـە پڕ دیتمـان کـە لـە ڕاداری" لایـەن" نێزیـک بۆینەتـەوە و باش بو نەمانیان بینی بوو. هێندێ لە پێشمەرگەکان ئەیانوت وا باشترە پەلاماری ڕادارەکە بدەین و بیگرین بـەڵام کـارێکی ئاقڵانە نەبوو بویە وازمان لێهێنا و خۆمان مات دا تـا ئێوارە و شـەو چوینـە نـاو ئـاوایی "لایـەن" و دوای نـان و چـا خـۆاردن کردمانە ئەوبەری جادە و لە پشت ئاوایی ئەسرابا دا ماینـەوە و شـەو چوینـە ئـەوێ و لـە دەمەو بـەیـانا کەوتینـە ڕێ و لـە نێوان ئەسرابا، شایەنی و پەشاوە دا لـە باخێکـا دانیشتین و چاوەڕوانی هەڵهاتنی هـەتـاو ماینـەوە کـە گـەرممان کـاتـەوە نەدەبوو ئاگر بکەینەوە بۆ ئەوەی جێگاکەمان ئاشکرا نەبێ....

**ژیانی ئێمە ڕێگا ڕوشتن، هەڵهاتن و شەڕ بوق، پولێ پێشمەرگە لە هێز دابڕاو و بە چەک و ئیمکاناتێکی بەرتەسک و کەم و ناوچەیەکی فراوان و پڕ لە هێزی دوژمن.**

## چەند رۆژی بێحەسانەوە

ئەو ڕۆژە زۆر بە لەسەرەخۆ گەیشتینە لای عەسر و بڕیار درا بچینە سەر جادەی پەشاوە - شایەنی کەمین دانینەوە.

دەستە بەش کرا و تیمێک چونە سەر جادە و ئێمەش لە بەرزایەکانەوە سەنگەرمان گرت و خۆمان ئامادە کرد بۆ هێرشی ئێحتمالی دوژمن لە پێگەکانی شایەنی و پەشاوەوە.

نێزیکەی یەک سەعات چاوەڕوان ماینەوە, ماشینێکی سەربازی بە چەند چەکدارێکەوە هاتن و کەوتنە کەمینەکەوە و پێشمەرگەکان دایاننە بەر دەسرێژ و لە ماوەیەکی کورتا قاڵیان بڕایەوە و هاوڕییانی هەڵمەتبەر بە دەسکەوتەکانەوە هاتنەوە بۆ لای ئێمە.

لە تاریک و لێڵی ئێوارەدا بەرەو دەشتەکانی نێوان کامیاران و گەشکی و ناو پێگە چڕ و پڕەکانی دوژمن داکشاین و چوینە گوندی کەڕەگڵ و نان و چامان خوارد و لە سێ ماڵا حەواینەوە تا کات لە نیوەی شەو لای دا.

لە گەرمەی خەوا بەخەبەریان کردینەوە و کەوتینە ڕێ، کزەی سەرما لە جەستەمان کاری ئەکرد بەڵام سەرمایەکی ناخۆش نەبوو، هەست بە نیزیکبونەوەی بەهار ئەکرا.

دەمەو بەیان گەیشتینە گوندی کورەدەری خۆرەتا، بڕیار درا کە لە دێ دا بمێنینەوە و ئەوەش بۆ ئێمە کە ڕێگایەکی دوور و درێژمان پێوا بوو هەواڵێکی خۆش بوو، ئەو گوندە لە نێزیک جادەی کامیاران مەریوان و نێزیکی پێگەی ئەسڵی گەشکی و چەندین پێگەی دیکەی دوژمن بوو و ڕۆژانە هێزەکانی ڕێژیم بە سەر جادەکە دا بڵاو دەبونەوە و نیگابانیان ئەدا و ڕێک لە بەرانبەر گوندەکەوە ئەوەستان و ئەوەش وای کردبوو کە ئێمە نەتوانین لە گوندا هاتوو چوو بکەین و دەبوو لە ماڵەکانا بمێنینەوە.

خەڵکی گوند پێان وتین کە دوو ماموستای کچ لە دێ دان و ئێستا ماموستای ئەوێن. بە بیستی ئەم هەواڵە کەریم و سوبەت ئۆقرەیان لەبەر بڕا و منیان هان دا کە بچینە دەر و ئەیانویست من بەکار بێنن کە ئەگەر کاک سالار تورە بو تاوانەکە بخەنە ئەستوی من لەبەر ئەوە ئەیان زانی کاک سالار لەمن تورە نابێ و ئەگەریش تورە بێ زوو ئاشتم ئەکاتەوە.

هێشتا لە ماڵ نەهاتبوینە دەر وتیان هات، ئێمەش بەرەو خوار ئاوای دەرپەڕین و سەنگەرمان گرت، دیتمان

ماشینێکی شەخسیە.

ئیتر بیانومان دەس کەوت و وتیان تازە ئاشکرا بووین، لەگەڵ سوبەت و کەریما ڕومان لە مەکتەبی دێ کرد و ڕاوەستاین تا زەنگی ئازاد لێدرا.

چاک و چونیمان لەگەڵ ماموستاکان کرد، بە گەرمەوە وەڵامیان داینەوە، دوو کچی سنەیی، دوو مروڤی خوێن گەرم و نەترس بوون، هێندێ قسەیان لەگەڵ کەریم و سوبەتا کرد.

لەوکاتە دا کە هەڵهاتین بۆ خوار ئاوایی من کەوتم و دەستم بریندار بوو یەکێک لە ماموستاکان دەستە بریندارەکەی منی دیت و پرسیاری کرد ئەوە چیە؟ وتم کەوتم، وتیان باشە ئێمە ئێستا مەدرەسە دائەخەین وەرە لەگەڵمان بۆ ماڵەوە. ئەو دوو ماموستایە خانویەکیان بە کرێ گرتبوو لە ناو دێ دا.

بەردەوام لەگەڵ مندا قسەیان ئەکرد و بەلایانەوە عەنتیکە بوو من بەو تەمەنە کەمەوە ئەو قسە قەڵەوانەم ئەکرد.

لە ماڵەکەی خۆیانا هێندێ شیرنی و هەوڵەیەکی دەور مل و نازانم چەند شتی دیکەیان پێدام و برینەکەیان بە ئاوی گەرم شورد و خاوێنیان کردەوە و پێچایان و ئینجا چایان بۆ لێنام.

من هێندێ شەرمم ئەکرد، یەکەم جار بوو بە تەنیا لەگەڵ دوو کچا بم و ئاوا بە ڕێز و مێهرابانیەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دا بکەن.

ئێوارە وەڕێ کەوتین و چوینەوە ئەوبەر جادە و لە گوندی وابزانم "نەیجە قەوی"نان و چامان خۆارد و بوو بەرەو بناری زەڕنە کەوتینەوە ڕێ و چوینە گوندی "تیانە" و لە مزگەوت دا لێی ڕاکشیان.

هێشتا چاوم نەچووبووە خەو کە وتیان هات. پێشمەرگە دەرپەڕینە دەر، من هێشتا نەگەیشتم کەوشەکەم لە پێبکەم هەڵۆکانی لکی شەهید حەمەشەریف کونتروڵی ماشینەکەیان کرد و ڕایان گەیاند کە ماشینی شەخسیە.

شەمسولا و ئەحلە میسری و چەند پێشمەرگەی دیکە بە پەلە خۆ ئەگەینە سەر ڕێگای ماشینەکە و ڕای ئەگرن و ئەبینن کابرایەکی ئاساییە، نازانم بۆ بەو نیوە شەوە هاتبوو، کابرا و ماشینەکەیان ڕاگرت کە نەوەک کەسێکی سەربەگۆبەند بێ.

زۆرم پێ خۆش بوو کە دەژمن نەبوو، لێی ڕاکشاینەوە هێشتا جەستەم ماندوو بوو کە بە دەنگی نۆێژخوێن وەخەبەر بوینەوە.

کابرا ڕێک لەسەر سەری ئێمە دەستی نابووە بنا گوێ و یەک بۆخۆی هاواری ئەکرد ئەڵاهو ئەکبە..

ئیتر خەوەکەمان بۆ نەکرا و چاوەڕوان ماینەوە تا خەڵک لە خەو هەڵسان و پاشان بە ماڵاندا بڵاو بوینەوە.

خەڵک بە هاتنی پێشمەرگە زور شادومان بوون لە پێشدا بڕوایان نەئەکرد بەڵام کاتێ کاک سالاریان ناسیەوە دڵنیا بوون و بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازیان لێکردین.

دوانیوەڕو کەوتینە ڕێ و لە لاشانی شاخەکەی پشت ئاوای "تیانە"وە گەیشتینە پشت ئاوای "ئەڵک" و لەوێوە ئاودیوی جادەی کامیاران- ڕەوانسەر بووین و لە دوای کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ چوینە سەر جادەکە و ماوەی ٢ کاتژمێر زیاتر چاوەڕوان ماینەوە، هیچما بە نەسیب نەبوو پێمان وا بوو پێان زانیوین بۆیە هاتووچویان ڕاگرتبو.و

لەگەڵ تاریک داهاتنی هەوا داکشاین و چوینە گوندی "گورگان" لە نێوان کامیاران و کرماشان و نێزیک دەربەندی ڕازاوەر.

گوندێکی خۆش و پاک و خاوێن بوو دوکانێکی تێدا بو کە پڕ بو لە شت و ئێمەش فرسەتێکی باشمان وەچەنگ کەوتبوو.

وتیان کە حەمەڕەش لە ماڵە بابیەتی، حەمەڕەش پێشمەرگەیەکی قسە خۆش و لەبەر دڵان بوو بەڵام بە خۆی و برنەوەکەیەوە تەسلیم بوبووەوە، ئێمەش لەو هەلە کەڵکمان وەرگرت و پارەی تفەنگەکەمان لە باوکی سەند و حەمەشیان بەخشی.

خۆاردنی باشمان لەگەڵ خۆ هەڵگرت و بەرەو بناری شاخی شاخشکێن کەوتینە ڕێ، لە دەمەو بەیانا گەیشتینە نێزیک ترۆپکی شاخەکە و لەوێ دانیشتین، نەدەکرا ئاور بکەینەوە چونکە خەڵک نەکەووتبونە کەژ و کێوان و کاری گوندیەکان لە دەرەوەی ماڵاکانیان دەستی پێنەکردبوو و مەترسی هەبوو ئاشکرا ببین و دوژمن بمانداتە بەر چەکی دورهاوێژ.

دوانیوەڕۆ کەوتینە ڕێ بەرەو گوندی "گوریەر" و لە شاری "ڕەوانسەر" نێزیک کەوتینەوە و هێشتا هەوا ڕوناک بوو کە بەشێک لە پێشمەرگەکان چوونە ناو دێ و ئێمەش دوای دە خولەک گەیشتین.

دیتمان پێشمەرگەکانی تیمی پێشڕەو چوار کەسیان گرتووە، ئەو چوارکەسە لە ڕاستیدا پاسدار بوون بەڵام بە ناوی جەهادی سازندەگی کاریان ئەکرد... خەڵکی ئەو گوندە هەژار و نەدار بوون. هاوڕێیانی فەرماندە وتیان بەپەلە نان و چا بخۆن و کۆ بنەوە... کاتێ کۆ بوینەوە دیتمان چەند کەس لە پێشمەرگەکان و دیلەکان نەماون بە ئێمەشیان وت خێرا لە دێدا دەرکەون هێشتا لە ماڵەکان نەترازابوین تەقە دەستی پێکر. پێشمەرگەکان دەسرێژیان لە پاسدارەکان کردبوو ویستبوویان

ماشینەکە بسوتێنن بەڵام لە شارەوە هێزی دوژمن هات وئەو ناوەی دایەبەر ئاگر، لەوە ئەچوو بەر لەوە تەقە ببیستن پەروشی ئەندامەکانیان هەبوبێ کەوا نەگەڕابونەوە و ئەوانیش بۆ وەرگرتنی هەواڵ وهۆکاری نەگەڕانەوە کەوتبونە ڕێ بەرەو ئەو گوندە.

پێشمەرگەکان بە زەحمەت گەیشتنەوە ئێمە بەڵام دیار بو کە دوژمن زور زاڵە و ئەیانەوێ بە شۆینمانا بێن، خێرا ملمان لە شاخەکە نا و هەڵکشاین و بەو دیوا واتە بە دیوی کرماشانا داکشاین.

لە سەر یەک ئەوە دوو شەو و ڕوژ بوو کە بەڕێوە بوین و زور کەم حەوابوینەوە، ڕۆژی دوای ئەو چالاکیە لە پەنا شاخێک لە نێزیک "وەیس ئەلقەرەنی" و پەنا دەشتی مایدەشت بە دوربین چاومان لەو ناوە و شاری کرماشان کرد و ئێوارە چوینە گوندێک کە ناوەکەیم لە بیر نەماوە.

تیمی پێشڕەو ئاگاداریان کردین کە چەکدارێک لە دێدا بووە و بە هاتنی ئێمە هەڵهاتووە، زوری پێنەچو گۆێمان لە تەقەی پایگاکەوە بوو و دیار بو کە کابرا خۆی گەیاندوەتە پایگاکە و هاتنی ئێمەی پێڕاگەیاندون.

دەستور درا کە بە پەلە نان کۆ کەینەوە و دەرکەوین. بە شاخا هەڵکشاین، شاخێکی بەرز و ئاستەم بوو لە دەمەو بەیانا گەیشتینە دۆڵێک و حەواینەوە بەڵام چۆن حەوانەوەیەک.

دوا نیوەڕۆ دیسان کەوتینە ڕێ بەرەو گوندەکانی نێزیک جادەی کرماشان بڕیار درا بچینە گوندێکی تۆزێ گەورە وابزانم ناوی "چیامار بوو" بەڵام تیمی پێشڕەو ئاگاداریان کردین کە دوو جاش لە دێ دا بوون و بە هاتنی ئێمە هەڵهاتوون و خۆیان گەیاندوەتە پاسگای قازانچی، بەو حاڵەوە و سەڕەای ماندوو بوون لە گوندا نەماینەوە و کەوتینە ڕێ، لە سەر ڕێمانەوە گەیشتینە ئاواییەک لەوێ نان و چامان خۆارد و پاشان فروشگایەکی دوڵەتی لێبوو کە خەڵک زوری لێناڕازی بوون ئەیانوت شت و مەکەکان نادەنە خەڵک، ئێمەش ئەوەمان بە هەل زانی و ئەو فروشگایەمان تاڵان کرد و بە خەڵکمان وت چیتان پێخۆشە ببەن و بڵێن پێشمەرگە بووە.

لە بناری دەشتەکە و لە پەنا شاخی ئاژوان پاسگایەکی دەوڵەتی بۆ پارێزگاری لە گیانلەبەرانی ئەو ناوچەیە دانراوە بەڵام کەسی تێدا نەبوو.

لە پاسگاکەدا ماینەوە و تا نێزیک بەیانی حەواینەوە و پاشان پاسگاکەمان ئاور تێبەردا و کەوتینە ڕێ بەرەو سەر شاخی ئاژوان.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوینە سەر شاخ دوژمن دامانیە بەر توپ و بوو بە تەقە بەڵام ئێمە ئاوڕمان نەدایەوە و درێژەمان بە ڕێگا ڕۆشتنی خۆمان دا.

دیار بوو کە هێزەکانی دوژمن بەشۆینمانەوەن و ئەیانەوێ دەرگیرمان کەن ئێمە هەتا دیوی "کەنولە" ڕانەوەستاین دیتمان دوژمن لەوێش لە هاتوو چوو دان لە پەنایەک دا خۆمان مات دا و دوای ئەوە هەور ئاسمانی داپۆشی و هێندێ بناری شاخەکە تاریک بوو کەوتینە ڕێ.

لە بناری شاخەکە ڕاوەستاین بۆ حەوانەوە لەو کاتە دا من پاڵم بە بەردێکەوە دابوو و خەوم لێکەوتبوو، پێشمەرگەکان کەوتبونە ڕێ و کەس ئاگای لەوە نەبوبو کە من لە پەنا بەردەکەدا خەوتوم.

کاتێ وەخەر هاتم دیتم بە تەنێ لەو بنارە دا ماومەتەوە و لەوبەرەوە تەقەیە لە پێشدا وام ئەزانی پێشمەرگەکانن بەڵام دیتم لە "قوڕ"ەکە دا شۆێنی پێشمەرگەکان بەرەوخوار چووە منیش کەوتمە شۆێن پێکانیان.

لە چومێکی بچوک کردمە ئەوبەرەوە و توشی دوو مێر منداڵ هاتم لێم پرسین گروی زەربەتان نەدیت لێرەوە بڕوا وتیان با چون بۆ ئەو ئاوایە(من نەم ویست بڵێم پێشمەرگەم ئەترسام بڕوام پێنەکەن.

لە جادەی کەنولە - کامیاران پەڕیمەوە، گۆێم لە دەنگی ماشین بۆ بە پەلە دانیشتم و نارنجک ئەندازەکەم خستە چاڵێک و وام نیشان دا کە کاری دەس بە ئاوم هەیە ماشینەکە حکومەتی بوو پڕ بوو لە چەکدار.

ئەژنوم ئەلەرزی، بە پەلە کەوتمەوە ڕێ و هێشتا لە تەپۆڵکەکە نەچوبومە سەر دیتم عەزیز ڕەوانسەری کەریم بزوەشی و حەبیبەڵا گازرخانەیی هاتن بەرەوڕوم و بە بینی من خۆشحاڵ بوون و وتیان نەڵێی پێشمەرگەین.

کاتێ ئەگەنە ناو ئەو گوندە و سەرژمێری ئەکەن من دیار نابەم بۆیە بڕیار ئەدەن کە ئەو چەندکەسە بێن بە شۆینما.

کاتێ گەیشتینە پێشمەرگەکان دیتمان تراکتورێکیان ئامادە کردوە بە تراپلیەکەیەوە هەموو سوار بوین و کەوتینە ڕێ، زۆرمان نەمابوو بگەینە گوندەکەی سەرەوە شۆفێرەکە ئەڵێ: ئێوە لە گروی زەربەت ناچن ڕاستیەکەم پێ بڵێن ئەگەر گروی زەربەت نین ئەو گوندەی بۆی ئەچین پایگای لێە.

لە شیوی خوار دێوە تراکتورەکەیان ڕاگرت و دابەزین و وتیان بە خۆار ئاواییدا دەرئەچن و تراکتورەکەشیان ڕەوانە کرد بۆ ناو ئاوای و پێیان وت بڵێ ئەوانە گروی زەربەتن.

## ئەو ڕۆژانەی شانازییان پێوە دەکەم

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

زورمان نەمابو ئەو گوندە بەجێ بێڵین و ئاودیوو بین دراینە بەر تەقە، لە قوڕ و چڵپاو دا چەقیبوین، جاشەکانیش بۆمان دانیشتبون "کەوکوژ" بە بڕنەو تەقەیان لێ ئەکردین و ئێمەش بە زوری لە دەشتەکەدا لە ناو قوڕەکەدا چەقیبوین.

دانە دانە هەڵئەساین و هەوڵمان ئەدا خۆ دەرباز کەین، من خۆم لە قوڕەکە نەجات دا، ڕەحیم هەژار بە شۆێن منەوە بوو و دوای ئەویش شەمسلا خەراجیانی.

هەر کە هەستام ویزە ویزی گولە بە دەورو بەرما سەری لێشێواندم بەڵام چارم نەبوو دەبوو هەڵێم، ڕەحیم نەوەستا تا من دەرباز ئەبم بە شۆێنما هات.

هەر ئەوەندەم گۆێ لێبوو کە زریکەیەکی لێوە هات و وتی بریندار بووم، شەمسلا خێرا خۆی گەیاندە لای و کێشی کرد و وتی دان بە خۆتا بگرە دەنگمان ئەگاتە ئاوایێ.

پێشمەرگەکانی دیکە خۆ ئامادە ئەکەن بۆ پەلامار دانی جاشەکان و پێیان وابوو کە ئێمە شەهید بووین، کاتێ ئێمە گەیشتینە لایان، بە پەلە بڕیاری وەڕێ کەوتن درا.

ئەمە چیروکی خەیاڵی و خۆهەڵکێشان نیە، ئەمە بەسەرهاتێکی ڕاستی و ڕاستی ڕوداوی قۆناغێکی مێژوویی، مێژوویەکی پڕ لە کارەساتی ئێمەیە و لە خەونیش دا مروڤ بڕوا ناکا کە ئەم پۆلە پێشمەرگەیە لەم دەشەتە بەرەهوتە و دوای سێ شەو و سێ ڕۆژ بێ حەوانەوە و بە برینداریکەوە بتوانن خۆیان دەرباز بکەن.

## بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان

ئەوەندە ماندوو بووین کە توانای ڕێگا ڕۆشتنمان نەمابوو، لە لایەکی دیکەوە ڕەحیم نەیئەتوانی یەک میلیمیتریش بڕوا لەبەر ئەوە گولە بەر ڕانی کەوتبوو و ئێسکی شکاندبوو.

ناچار بووین لا بدەینە یەکم گوندی سەر ڕێگامان، ئێمە زۆر بە دەور خۆمانا خولابوینەوە و هاتبووینەوە پشت ئەو گوندە کە تەقەیان لێکردین.

لە دوو ماڵا دابەش بووین، خاوەن ماڵ بەخێرهاتنیان کردین، ئەوان پرسیاریان نەکرد ئێمە کێن و ئێمەش هیچمان نەوت، چا و نانیان پێداین ئێمە لە ماندوویەتی دا خەومان لێکەوتبوو بەڵام بە دەنگی تەقەیەک شڵەژاین و خۆمان ئامادە کرد. دوای دەرکەوت کە جاشەکانن و لە ترسی خۆیان تەقە ئەکەن، ئەو گوندەکە جاشەکانی لێبوو نێزیک دە خولەک لێمانەوە دوور بوو. کاتێ بەم حاڵەمان زانی ماندویەتیمان ڕەویەوە و بە پەلە کەرێکمان هێنا و ڕەحیممان سوار کرد و کەوتینە ڕێ.

هەرچۆنێ ڕەحیممان سواری کەرەکە ئەکرد نەدەکرا، قاچی خراپ بریندار ببوو و ئیمکانی لەوە باشترمان نەبوو بۆیە ناچار بووین دوو گونی پڕکەین لە کا و ڕەحیم بخەینە سەر گونیەکان.

ئەوەی بۆ ئێمە گرینگ بوو ئەوە بوو کە بەر لە ڕوناکایێ خۆو بگەیەنینە جێگای ئەمن، لە ڕاستیدا باش نەمان ئەزانی لە کوێن بۆیە ملی ڕێگامان گرتبوو و بە پێی زانیاریەکانی "عەلی ئاغا" دەبوو بەرەو ژوور بچین.

دەمەو بەیان نێزیک گوندێک بوینەوە و دەرکەوت هەمان گوندە کە کاک سالار و ئەوان بەر لە هەفتەیەک کەمینیان تێدا دانابوەوە و شەڕێکی باشیان کردبوو.

گەیشتینە ناو ئاوایێ و بە پەلە مینیبوسێکیان هێنا وسواری بووین و بۆی دەرچوین. ڕێگای ماشین نێزیک چارەکێک زیاتر نەبوو و پاشان ماشین نەیئەتوانی بەردەوام بێ ئێمە لە ماشینەکە دابەزین و خەریک بو بکەوینە ڕێ مامە "نەبی" وتی ئەوا چەند ماشین پڕ لە چەکدار هاتنە ناو دێ بەڵام تازە ئێمە دەرباز ببووین و ئەمانزانی ڕو لە کوێ بکەین.

لای نیوەڕۆ گەیشتینەوە گوندی "کەشکەمیری سەرو" و پاش حەوانەوەیەکی کورت لە ئاوای دەرکەوتین و خۆمان گەیاندە دوڵەکەی نێوان "کەشکەمیر" و "پشت تەنگ" و لێی ڕاکشاین.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ئەوە نێزیک بە حەوتویەک دەبوو کە بێ وچان لە هەڵهاتن و شەڕ دابوین، دوژمن بە شوێن مانەوە بوو و ئێمەش هاوکات کە هەوڵمان ئەدا زەربەیک بوەشێنین لە هیچ جێگایەک نەدەوەستاین و ئەمەش هۆی مان و بەردەوامیمان بوو.

لەو شوێنە دا مەترسی ئەوتۆمان لەسەر نەبوو و ئەمانتوانی خۆ بپارێزین، دیارە دوژمنیش لەوێدا زەربەیەکی باشی وێ کەوتبوو و نەیان ئەوێرا خۆ لە قەرەی ئەو مەڵبەندە بدەن.

لە بناری کێوەکانی پشت گوندەکانی مارنج، موژژ، قۆرخ و پەنێران بڕیار درا کە ئێمە لەگەڵ چەند پێسمەرگەدا بەڕێ بکەن بۆ نەخوشخانە کە ئەوکاتە نیزیکترین نەخۆشخانە بە ئێمەوە لە گوندی حاجی ئەول نە نوجەی سەق بوو.

شارەزای ڕیگاکەمان کاک نەسێ بوو، من و ڕەمەزان چەکمان پێ نەبوو و زیاتر ئەیانویست لە کۆڵیان بینەوە، وەک دەڵێن شەپکە توند بوو و ئێمەش منداڵ بووین و بەرگەی ئەو هەڵهات، هەڵهاتەمان نەئەگرت، بۆیە کاک سالار بڕیاری دا بمان نێرێتە پشت جبهە.

شەو لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید حەمەشەریف جیا بوینەوە، پێشمەرگەکان یەکە، یەکە لە ئامێزیان گرتین، دیمەنێکی تایبەت بوو، ئەم لێک دابڕانە ئاسایێ نەبوو، نەمان ئەزانی کە ڕۆژێ دێت یەکتر ببینینەوە یان نا، ئێمە ڕێگایەکی ئاستەم و دژوارمان لە بەر بوو، بەرگەی هیچ هێرشێکی دوژمنمان نەئەگرت، بە برینداریکەوە و ناشارەزای ناوچە و لەلایەکی دیکەوە هاورێ پێشمەرگەکانمان لە لکی شەهید حەمەشەریف ڕویان لە ناوچەی پڕ لە مەترسی ئەکرد و هێزەکانی دوژمنیش خۆیان بۆ بەربەرەکانێ کردنیان ئامادە ئەکرد.

ئێمە هاتینە چەم شاری سنە و لە گوندەکانی نێزیک شارا ماینەوە و ئێوارە کەوتینە ڕێ و بەیانی ڕۆژی دوایی گەیشتینە گوندەکانی "هانیس" و "خەیارە" و لەوێ پێشمەرگەیەکی هێزی شەریفزادەمان تووش بوو بە ناوی سەبری.

سەبری کەسێکی سەربەخۆ و پێشمەرگەیەکی لە هێز دابڕاو بوو، مرۆڤێکی ئازا و بە جەربەزە و شارەزای ناوچە و ناسیاوی خەڵک بوو، خۆی بە تەنیا حکومەتی ئەکرد.

ئەو کاتە هێندێ لە پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە لە هێز دابڕا بوون و بۆ خۆیان لەو گوندانە دا ئەخولانەوە و چەند کەسێکیشیان لە ناو چوون.

سەبری گەیشتە فریای ئێمە و لە جادەی سنە - سەقز پەڕاندمانیەوە، خۆی لە پێشدا بە تەنیا چووە سەر جادە و پاشان ئیشارەی دایە ئێمە کە بکەوینە ڕێ و ئەو بۆ خۆی لە سەر جادەکە مایەوە تا ئەو کاتە ئێمە گەیشتینە جێگای دیاریکراو،

سەیر لەوە دابوو کە سەبری بە ڕۆژی ڕوناک ئێمەی گەیاندە سەر جادە و هێشتا خەڵک چرایان هەڵ نەکردبوو کە گەیشتینە گوندی "کۆرکۆرە" ئەو گوندە لە نێزیک شاری سنەیە و پایگایەکی گەورەی دوژمن لە تەپۆڵکەکەی لا سەروی ئاوایەوە بوو، خەڵک هێندێ حەپەسا بوون کە چۆنە ئێمە ئاوا زوو تۆانیومانە بچینە ناو ئاوای.

دوای نان و چا خۆاردن "سەبری" چەند کەس لە خەڵکی ئاوایێ لەگەڵمان خست کە بمان گەیەنێنە گوندیکی دیکە. بەیانی تاریک و ڕون گەیشتینە ئەۆ گوندە و دوو خەڵکی گوندی کۆرکۆرە گەڕانەوە، ئێمەش ویستمان لەوێدا بمێنینەوە بەڵام خەڵک پێیان وتین کە ڕۆژانە گروی زەربەت دێنە نا وگوند و زور جار هەموو بەرزایەکان ئەگرن، بە ناچاری لەوێش چەند کەسمان کۆ کردەوە و ڕەحیمیان کردە تابوت و بە شان هەڵیان گرت و خۆمان گەیاندە گوندێکی دیکە کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە تا ئێوارە حەواینەوە و دوایێ لەوێش کەوتینە ڕێ و ڕۆمان لە گوندی "ماچکە" کرد. شەو گەیشتینە گوندی "ماچکە"ی خۆارو و لەوێ ئاگاداریان کردین کە پێشمەرگە لە گوندی ماچکەی سەرون، دوو لە هاوڕیانیمان بە پەلە کەوتە ڕێ و خۆی گەیاندە گوندی ماچکەی سەروو و لەوێ توشی هێندێ لە پێشمەرگەکان دەبن و باسی هاتنەکەمان و برینـدارەکەیان بۆ ئەکەن و ئەوانیش ئەنێرن بە شۆێن کاک شاپور و خاڵە حەسەن سەرسپی دا و هەواڵەکەیان پێڕائەگەیەنن، هەر ئەو شەوە کاک عەلی ئەشرەف تیمێکی لە پێشمەرگەکان ئامادە کرد کە لە جادەی سنە - دیواندەرە بمانپەڕێننەوە.

وتیان دوژمن بە تەمای هێرشە بۆ سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی باینچۆ، ئێمە لە جادە نێزیک بوینەوە و تیمی پێشڕەو ئاگاداریان کردین بگەڕێنەوە و بەپەلە گەڕاینەوە، پێشمەرگەکانی تیمی پێشڕەو هاتنەوە و وتیان سەرتاسەر جادەکە پڕە لە هێزی دوژمن و بە ماشینەوە وەستاون.

گەڕاینەوە لای پێشمەرگەکان و بەیانی کە لە خەو هەستاین کاک شاپور و پێشمەرگەکان گەڕابونەوە و بڕیار درا ئێمە بە ڕێگایەکی دیکە دا بنێرن.

کاک شاپور هەر لەوێ نامەیەکی نووسی دایە من و وتی تۆ و ڕەمەزان ئەنێرم بۆ دیتنی دەورەی پێشمەرگایەتی کە پێیان ئەوت "زانکۆ" و ئەوەش هەواڵێکی خۆش بوو بۆ ئێمە.

کاک شاپور هێندێ پارەی پێداین بۆ خەرجی ڕێگا و کاک عەلی ئەشرەف بڕنەوێکی هێنا و دایە من کە بێ چەک نەبم بەڵام کاک شاپور وتی پێویستیان بە چەک نیە، دوژمن ئێستا بە خەتی یەکەمی شەڕگەوە خەریکە و ئاگایان لە دواوەی خۆیان نیە.

ئێمەیان سواری تەراکتور کرد و تەپە تەپ بەرەو پیری مەرگ کەوتینە ڕێ. بڕیاریان دا کە سەرەتا تەنیا من و ڕەمەزان و

کاک نەسێ بەڕێ بکەن بەڵام کاک ئەولەسەن مەنبەری پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ چەند پێشمەرگەمان لەگەڵا بنێرن و سەرئەنجام بڕیارەکە گۆڕا و کاک ئەولەسەن و کاک نەجمە مەنبەریش بونە هاوڕێمان، لە ڕاستیدا بوونە نەجاتیدەری ئێمە.

نازانم چۆن کردمانە ئەوبەری جادە و بە چ شێوەیەک ڕانندەی ئەو تەراکتورە بە بێ چرا لێی خوڕی و ئێمەی نەجات دا، تاریک و ڕون گەیشتینە گوندێکی ئەو بەر جادە.

خەڵک بە بینی ئێمە و بریندارەکە شپرزە بوون و وتینا هێزەکانی دوژمن بەڕێوەن بۆ ناو ئاوایی و پێشمەرگاەکان پاشەکشەیان کردوە، هەواڵێکی ناخۆش بوو، ترسمان لێ نیشت بەڵام کاتێ گەل پاڵپشت و یارمەتی دەر بێ ترسی پێناوێ، خێرا کابرایەک بە خۆی و ماشینەکەیەوە ئامادە بو بمانگەیەنێتە گوندەکەی سەرەوە و هێندێ لە شەرگەمان دور خاتەوە. هێشتا ئێمە نەگەشتبووینە گوندەکەی دیکە دیتمان کە هێزەکانی دوژمن ڕژانە ناو ئەو گوندەی تازە لێوەی هاتبوین.

لە ڕاستیدا ئەوە گەل بوو کە ئێمەی ئەپاراست و یارمەتیدەرمان بوو کە ئەو بریندارە بگۆێزینەوە و نەکەوینە دەست دوژمن.

کە گەیشتینە ئەو گوندە خەڵکمان لێ کۆ بووەوە و بە پەلە ڕەحیمیان کردە تابوت و گەیاندمانیانە گوندێکی دیکە کە بنکەی ئەسڵی کۆمەڵەی لێبوو.

عارف مەولانایی هاتە پێشوازمان و بردمانیە مقەڕەکانی خۆیان و دوو بێهیار یان برینپێچی کچیان هەبوو هاتن وبرینەکەیان کردەوە و دەرمانیان کرد برینەکە چڵکی کردبوو و بۆگەنی لێئەهات بەڵام ئەو دوو کچە زوور بە دڵسۆزی و بێ قیز و بێز کاری خۆیان کرد.

پاشان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە خەڵکیان کۆ کردەوە و ڕەحیمیان کردە دارەمەیت و بە شان بەرەو گوندی "بانگەوێ" وەڕیان خستین. شایانی باسە پیشمەرگەکانی کۆمەڵەش هەر دوای ئێمە ئەو گوندەیان چۆڵ کرد و پاشەکشەیان کرد نازانم بۆ کوێ چون، لەو هێرشەدا بەربەرەکانێی باشیان کردبوو و چەند شەهیدیان دابوو.

هەر بەم جۆرە و گوند بە گوند خەڵک ڕەحیمیان گەیاندە گوندی "دوزەخدەرە" لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دوایی تووشی کاک "برایم شێخاڵی" فەرماندەی هێزی دیواندەرە و "حەسەن حەمەخانە چار" جێگری هێز و چەند پێشمەرگەی دیکە بووین ئەوانیش یارمەتیان داین و خەڵکیان کۆ کردەوە و گەیاندمانیانە گوندی "شاقەڵا" کە ئەو کات بنکەی فەرماندەری هێز و کومیتەی شارستانی دیواندەری لێبوو.

لەوێ دیتمان چەند پێشمەرگەی ئەوانیش بریندارن، یەکێک لە بریندارەکان کاک شارۆخ موڕادی بوو.

گوندی شاقەڵا گوندێکی خۆش و دڵگر و لە داوێن دوڵ و شاخێکی جوان و لە نێوان گوندی "برایم ئاوا"، "دولکان" و "دەرەگاوان" دا هەڵکەوتوە.

ئێمە گەیشتبوینە جێگای ئەمن و هیچ هەڕەشەیەکی جیدیمان لەسەر نەبوو. لەوێدا نەسێ کە ناسراو بوو بە نەسی حاجی حەبیب لە ئێمە جیا بووەوە و بەرەو لای هێزی شەریفزادە گەڕایەوە و ئێمەش بەرەو ناوەندی ئاژوان کە ئەوکات بنکەی لە گوندی "بس" بوو وەڕێ کەوتین و لەوێ توشی کاک ڕەشاد و کاک ڕەحیم بەغدادی و کاک باباعەلی بووین. زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکردین و بە ئاسودەیی حەواینەوە. لە ڕاستیدا کاک بابا عەلی وەک منداڵی خۆی هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەکردین و دایمە چاوی لەسەرمان بوو و ئەیوت زور ماندون و دەبێ بحەوێنەوە، بەڵام کاک ڕەحیم بەغدادی وەک هەموو کاتێ کە ئەخلاقی تایبەتی خۆی بوو تەنیا ئەوەی پرسی: ئەتانەوێ بۆ کوێ بچن؟ پێمان وت وەک دەبینی بریندارێکمان لە نێزیک شاری کرماشانەوە هێناوە و ئەمانەوێ بگاتە دوکتور و دەرمان و پاشان من وتم نامەمان پێیە کە من و ڕەمەزان ئەچین بۆ دەفتەر سیاسی بۆ بینینی دەورەی پێشمەرگایەتی.

## لە ناوچەی مەریوانەوە بۆ ئالانی سەردەشت

بەیانی زوو لە خەو هەستاین و ماڵ ئامایمان لە ئاژوان کرد(واتە کاک بابا عەلی، کاک ڕەحیم بەغدادی، کاک ڕەشاد حوسەینی، مام فەتاح و ئەوانیتر کە ناویانم لەبیر نەماوە).

بەرەوە گوندی دەرەویان وەڕێ کەوتین، لە گوندی"بس" چەند کەس لە خەڵکی ئەو گوندە زەحمەتکێش و دلسۆزە ڕەحیمیان بە تابوت هەڵگرت و بە ڕێگا باریک و شاخاویەکانا بێ منەت و بۆڵە ملی ڕێگایان گرتە بەر.

گەیشتینە سەر گەردەنەی نێوان گوندی "بس" و "دەرەویان شێخ" و "سۆڵە" لەوێ بڕیار درا کە ڕەمەزان و نەجمە لەگەڵ خەڵکەکە ڕەحیم بەرنە گوندی دەرەویان و ئێمەش بچینە گوندی سۆڵە. لە ئاژوان پیان وتین کە کاک مەنسوور ڕەشە هەورامی لەو گوندەیە و دەبێ بچینە لای و داوای لێبکەین کە هێزی مەریوان لە جادەی مەریوان سەقز بمان کاتە ئەوبەرەوە. وتیان باشترە ڕەحیم ڕاستەو خۆ ببەنە گوندی درەویان نێزیکترە و پێویست ناکا بە دوو مەنزڵ بڕۆن، من و کاک ئەولەسەن مەنبەری لەوان جیا بووینەوە و گەیشتینە گوندی سۆڵە، لەوێ هەواڵی کاک مەنسوورمان پرسی، پێشمەرگەیەکی ڕیشنی کورتەباڵا، پێست سپی کە هەر لە یەکم دیتنا ئەچوو بە دڵا، زۆر بەگەرمی چاک و چونی لەگەڵ کردین و وتی وەرن بتانبەم بۆ لای کاک مەنسوور.

کاتێ چوینە بەر ئەو ماڵە کاک مەنسووری لێبوو دیتمان زۆر قەرەباڵغە و حەیوانێکیان سەربڕیووە و خەریکی کەباب کردن و چێشت لێنانن. پێشمەرگەکە لە پێشدا چووە ماڵ و پاشان هاتە دەر و بانگی ئێمەی کرد.

ماڵ جەمەی ئەهات لە خەڵک، شکوفەی قوبادی ببوو بە خاوەن کوڕێکی چاوگەش و هەر لەوێ ناویان نابوو هیوا ئێمەش تێکەڵ بەو خۆشی و شانازیە بوین، بە گەرمی پێشوازیمان لێکرا و بردراینە لای سەرەوە و لە پەنا کاک مەنسوور دانیشتێین نامەکەم دایە دەست کاک مەنسوور، خوێندیەوە و بە نەرمی پرسیارێکی ئاراستە کردین، کاک ئەولەسەن وەک هەمووکاتێ هێمن و بێدەنگ چاوی لە من کرد، منیش وەڵامی کاک مەنسوورم دایەوە و باسی ڕەحیم و چونیانم بۆ گوندی دەرەویان گێڕایەوە کاک مەنسوور وتی: زوور باشە هێندێ لە پێشمەرگەکانی ئێمەش لەوێن و دەیانەوێ بپەڕنەوە بۆ "بایەر" و "بۆردەمە".

شکۆفە هەواڵی چەند کەس لە ناسیاوەکانی پرسی و خۆشحاڵی خۆی لە هاتنی ئێمە لەو کات و ساتە دا نەئەشاردەوە و

پاشان ئامانەتی منی دایە کاک مەنسوور و وتی تکایە ئاگاتان لێبێ.

دوای ئەوە نان و چامان خۆارد ماڵ ئاوامان لە شکۆفە و دایکی کرد و لەگەڵ کاک مەنسوور و چەند کەسێکی دیکە دا کەوتینە ڕێ بەرەو لای پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان کە لە گوندی دەرەویان چاوەڕوانی کاک مەنسووریان ئەکرد شەو لەوێ ماینەوە و بەیانی بە ماڵانا دابەش کراین.

ئێوارە کاتێ گەیشتینە گوندی دەرەویان دستەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵەشی لێبوو و شورا وتی هەموتان پێکەوە دابەش ئەکەین، ئەو ماڵە ئێمەی لێبوین دوو پێشمەرگەی کۆمەڵەشی لێبوو، یەکیانم ئەناسی ناوی کاک ڕوستەم گودەرزی و خەڵکی گوندی چرۆسانە بوو زوور خۆشحاڵ بوم و پێم وابوو ئێستا لەگەڵ کاک ڕوستەم ئەکەوینە قسە کردن و هەۆاڵپرسی ناوچە و ئەو شتانە بەڵام نانمان خۆارد، چای خوراوە و هێندێکی دیکە دانیشتین کاک ڕۆستەم یەک قسەشی نەکرد و سەری بەرز نەکردەوە، ئێمە دەبوو بڕۆێن بۆ مزگەوت و وابزانم پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەلەی هەستانیان نەبوو، لە کاتی ماڵ ئاوایدا وتم: کاک ڕۆستەم ئەڕوین کارێ ئەمرێکی هەت بێ؟ ئەویش بە بێ ئەوە سەری بەرزکاتەوە بە هێواشی وتی: ئەوە ئەڕۆن!

مزگەوت پڕ بوو لە پێشمەرگە و هەمو پێشمەرگەکان گەنج، بە ئینرژی، شاد، قسە خۆش و بە ئیمان بوون، ئەگەرچی کاک مەنسوور فەرماندەری هێز بوو بەڵام لە ناو پێشمەرگەکانا وەک ئەوان گاڵتە و جەفەنگی لەگەڵ ئەکردن و زووریش لەوان بە تەمەنتر نەبوو.

ڕۆژی دوایی بڕیار درا لە جادەی سەقز - مەریوان بپەڕینەوە و بچینە گوندی "بایەر" و لەوێ بریندارەکە بگەیەنینە نەخۆشخانەی "حاجی ئەول" و ئێمەش واتە من و ڕەمەزان بەردەوام بین بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی لە ناوچەی ئالانی سەردەشت.

ئەوکاتە دوژمن بە هێزی زۆرەوە هێرشی کردبووە سەر ئەو ناوچانە و هەوڵی ئەدا کە جادەی سەقز - مەریوان بگرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش قۆناغ، قۆناغ ئەهاتە پێش. سەرەڕای ئەوەی لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە زەربەی لێ ئەدرا بەڵام بەداخەوە توانای پێشمەرگە ئەوە نەبوو بتۆانێ لەبەرانبەر ئەو هێرشە بەربڵاوانەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی داگیرکەری ئێرانی دا بەربەرەکانێ بکات.

لە جادە نێزیک بووینەوە، تیمێکی پێشڕەو ڕەوانەی سەرجادە کرابو، لە پڕ تەقە دەستی پێکرد و پیان وتین دوژمن لە حاڵی پێشڕەوی دایە و پێشمەرگەکان تێیان سرەواندون.

ئێمە لەگەڵ بریندارەکە و کاک مەنسوور و کاک کاوەی بارامی و چەند کەسێکی دیکە لە بەرزایی زاڵ بە سەر شەڕگەکەدا ماینەوە و هەموو پێشمەرگەکانی دیکە داکشان بۆ لێدانی دوژمن و کاک ئەولەسەن و کاک نەجمەش ڕۆشتن، تۆپ و خۆمپارەباران و دەنگی ڕەگباری کالیبرپەنجا و سیلاحەکانی دیکە ساتێ هەدا دانیان نەبوو و ئێمەشی ئەگرتەوە.

لای ئێوارە وەڕێ کەوتین، نێزیک جادە بوینەوە و وتیان دوژمن بە هێزی زوورەوە هاتونەتە پێش بەڵام نێزیک بە یەک کیلومیتری جادەکە لە دەست پێشمەرگەکاندایە و دەبێ ئێمە بە پەلە بپەڕینەوە.

لە جادە پەڕینەروە و لە پەنایەک تۆزێ حەواینەوە و پاشان کەوتینە ڕێ، لە دەمەو بەیانا گەیشتینە گۆندێک کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، دەرکەوت کە لە ڕێدا لێک دابڕاوین و ئێمە نێزیک بە ١٥ کەس بەرەو خوار و نێزیک جادە هاتوین و ئەوانی دیکە و بریندارەکە چونەتە گوندی بایەر.

کاک کاوەی بارامی نەیهێشت ئاڵۆزی دروست بێ و بە پەلە دابەشی کردین و بە پێشمەرگەکانی هێزی مەریوانی وت کە ئێمە ئەکەوینە ڕێ بەرەو بایەر و ئێوەش بگەڕێنەوە بۆ لای کاک مەنسوور و ئەوان کە پێم وابێ چوبونە گوندی بۆردەمە و لە بنەڕەتا دەبوو هەموومان بچینە ئەو گوندە.

ئێمە بوینە ٦ کەس، من، ڕەمەزان، کاک کاوە، کچ و کوڕێکی سنەیی کە ئەیانەویست ببنە ژن و مێرد و نەفەرێکی دیکە نایەتەوە بیرم کێ بوو.

شۆرای ئاوایی نەفەرێکی وەک شارەزا لەگەڵ خستین و لای ئێوارە گەیشتینە گوندێک لەسەر جادەی مەریوان - سەقز - بانە، تەنیا دوو پێشمەرگە لەو گوندە دابوون و بە ئێمەیان وت کە نابێ بمێنینەوە و دەبێ بکەوینە ڕێ دەنا ئیمکانی هەیە دوژمن هێرش بێنێ و ئێمە تێدا بچین. ماندوو و هیلاک ڕێمان گرتە بەر و بەردەوام بووین و نێزیک کاتژمێر ١٠ و ١١ی ئێوارە چووینە گوندێکی دیکە و لەوێ توشی پێشمەرگەیەکی دیکە بووین، لە سێ ماڵ دابەشی کردین، من و کاک کاوە و ڕەمەزان بۆ ماڵێ و خۆی و نەفەرەکەی دیکە بۆ ماڵێ و ئەو کچ و کوڕەش بۆ ماڵێکی دیکە نارد.

لەوێوە من و کاک کاوە و ڕەمەزان بوینە تیمیک و کاک کاوە پێی وتین کە دەبێ بەردەوام پێکەوە بین و لێک دانەبڕدرین، کاک کاوە کەلاشینکۆفێکی پێ بوو و ئەو نەفەرەکەی دیکە "ژ س" یەک و کچ و کۆڕەکە و من و ڕەمەزان بێ چەک بوین.

لەگەڵ ڕەمەزان بڕیارمان دا کە یارمەتی کاک کاوە بدەین و کوڵەپشتەکەی بۆ هەڵگرین، کاک کاوە لە پێشدا وتی نابێ و من باری خۆم بە خۆم بێ باشترە و ئێوە نابێ کۆڵ بۆ کەس هەڵگر. بەڵام پاشان کە ڕۆژێ پێکەوە بوین و دوستایەتیمان

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

گەرم بوو ڕازیمان کرد کۆڵەکەمان بداتێ.

گوند بە گوند لە بناری کێوەکانی شاری بانە نێزیک بوینەوە، کاک کاوە دەوریکی باشی هەبوو لە حەرەکەتەکامان دا بەڕاستی ئازا، ماندوی نەناس، فرز و بە پشوو بوو.

نێزیک گوندێک بوینەوە و لە ماڵێکا لامان دا، دیتمان خەڵکی گوند تۆزێ شپرزەن، دوای دەرکەوت کە کەسێکی خەڵکی ئەو گوندە لە گوندێکی سەرووتر بە چەقۆ هێرشی کردوەتە سەر پێشمەرگەیەکی هێزی بانە بە ناوی "حسین سەر ڕەش" و برینداری کردوە و پێشمەرگەش تەقەیان لە کابرا کردوە و کوشتویانە.

کاک کاوە وتی بڕۆین باشترە، لەوێش نەحەواینەوە و بەردەوام ڕێگامان درێژە پێدا. بەناو دارستانی چڕ و پڕی کێوەکانی بانە دا و بە هەوراز و نشێوەکانا خۆمان گەیاندە پشت شار و لەوێ توشی پێشمەرگەی هێزی بانە(ئەربابا)بووین، بەڕاستی ماندوو و هیلاک، چەندین شەو ورۆژ لە شەڕی بەردەوامدا بوون و زوور ناوچەیان لە دەست دابوو.

شەو لەوێ حەواینەوە و بەیانی سواری ماشینیان کردین و پێان وتین کە دەبێ وەشیار بین ڕەنگە بماندەنە بەر تۆپ، دەنا تا سەعاتێکی دیکە دەگەینە چەمپاراو.

شانسی ئێمە هیچ ڕوی نەداو و لە بازاڕی "چەمپاراو" دابەزین و پێیان وتین کە ئەم ناوچەیە ئازاد کراوە، ئیتر ئێمەش هەستمان بە حەسانەوە ئەکرد.

لەوێ من و کاک کاوە و ڕەمەزان لەوان جیا بووینەوە و چووینە ماڵ ناسیاوێکی کاک کاوە، نان و چامان خۆارد و کەوتینە ڕێ و چووینە بنکەی کومیتەی شارستانی بانە و بە گەرمی وەریان گرتین و ڕێگایان پێمان نیشان دا. لێرەوە بە بێ خەم ئەڕویشتین و کەوتینە سەر جادەیەکی خاکی و پیان وتین کە ڕەنەگە توشی ماشینی حیزب ببن و بتانگەیەنێتە گوندی "بێتوش".

تووشی چەندین دەستەی کاروانچی و پێشمەرگەی کۆمەڵە و لایەنەکانی دیکە بووین. لە نیوەی ڕێگاکە تووشی چەند پێشمەرگەی حیزب و نێزیک ٢٠ کەسی مەدەنی بووین کە خەریکی چاک کردنی جادەکە بون.

کاک کاوە لەگەڵ مەسئولەکەیان قسەی کرد و داوای لێکرد کە بمانگەیەننە گوندی بێتوش و ئەویش ڕازی بوو. ئێوارە گەیشتینە جێ و لە ماڵێکا لامان دا و بە باشی و بێ ترس حەواینەوە.

ڕۆژی دوایی هاتینە "دولکان" کە ئەو کات بنکەی ڕادیو دەنگی کوردستانی لێبوو، لەوێش لامان نەدا و هاتینە گوندی "بێژۆێ" و چووینە بنکەی حیزب.

کاک کاوە بە تەلەفون لەگەڵ بنکەی دەفتەری سیاسی کە ئەو کات لە گوندی "مەزرێ" بۆ قسەی کرد و بە ئێمەی وت دەبێ ئێوە بڕۆن بۆ بنکەی زانکۆ و ڕێگای پێمان نیشان دا.

لە کاک کاوە جیا بووینەوە کە بەڕاستی لەو سەفەرە دا گەیشتە فریای ئێمە. شایانی باسە هەتا گەیشتینە جێ، کاک کاوە لە گیرفانی خۆی خەرجی ئێمەی کێشا و زوور بەڕێزەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەکردین و فێری کردین کە چۆن لەگەڵ خەڵک هەڵس و کەوتمان هەبێ.

چووینە زانکۆ  چەند چادرێک لە ناو دارستانێکدا هەڵدرا بوو، لە پێش چادرەکان و لە بن دارێکا دوو نەفەر ڕایان گرتین و نامەکەیان لێمان سەند و ئێمەیان بردە ناو چادرەکە کە پێیان ئەوت ئیستیعلامات.

چایەکیان پێداین و بردمانیان بۆ چادرێکی دیکە دوو سێ کەس دانشتبون، یەکێکیان کە کەسێکی بە خۆوە، کراوە، هێمن بوو کە دیار بوو وەرزشکارە کەوتە  پرسیار کردن لێمان و دوای دەرکەوت ئەو کەسە بەرپرسی زانکۆیە و ناوی ماموستا "چەکۆ"یە و پێیان ئەوت سەروان چەکۆ.
هەرکامەمانیان دایە چادرێک و پێیان وتین لە بەیانیەوە دەورە دەس پێ ئەکات و ئێوە لە کاتی خۆی دا هاتوون. دڵمان زوور خۆش بو، هەرکەسە و پەتویەکیان پیمان دا و ئێمەش وەک هەتیوو لە ناو پێشمەرگەکانی دیکە دا گرمۆڵەمان کرد. دوو منداڵ بووین و کەس بڕوای نەئەکرد کە ئێمە  پێشمەرگە بین.

بەیانی زوو لە خەویان هەڵسانین و بردمانیان بۆ سروود خوێندن، ماموستا چەکۆ پێی وتین کە ئەمڕۆ سەرهەنگ "چیا" دێ بۆ ئێرە و دەبێ زوور بە نەزم و ڕێک و پێک بن.

بۆ من و ڕەمەزان کارێکێ ئاسان نەبو، هەمو شتەکان نوێ و نائاسی بۆ، ئێمە لە هێزی بێستون دا وا ڕاهاتبوین کە کەسانێکی سەربەخۆ و دایمە چاوەڕوانی دوژمن بین، بەڵام لێرەدا ئێمە سەرباز بووین و دەبوو بە قسەی هەموو ئەوانەی دیکە بکەین و خۆمان پێ بێدەسەڵات بوو، نەشیان ئەهێشت پێکەوە بچینە چادرێک.

خەریکی وەرزش کردن و هەڵهات هەڵهات بووین بانگیان کردین بە خەت بن، سەرمان بەرز ڕاگرین و سینگمان دەرپەڕێنین، ماموستا چەکۆ لەوبەرەوە وەستا و ئێمەش وشک لە جێی خۆمانا چەقین.

پیاوێکی بە تەمەن، مڕوو مۆن، بەڵام قنج و قیت لە پێشەوە و چەند چەکدارێک بە شوێنیەوە هاتن، مامۆستا چەکۆ بەخێرهاتنی لێ کردن.

سەرهەنگ چیا دانە دانە سەیرمانی ئەکرد و شتێکی ئەوت، گەیشتە لای ڕەمەزان و پێی وت: چەند ساڵی؟ ڕەمەزانیش وتی: ١٤

سەرهەنگ چیا وتی: وەرەدەرێ و بڕۆ لە هۆ ئەوێ ڕاوەستە تا دوایی.

پاشان گەیشتە لای من و هەمان کاریشی لەگەڵ من کرد، من و ڕەمەزان کە دیار بو هێندێکیش ترسابوین، سەرمان داخست بوو و بە بێ ئەوە پێکەوە قسە بکەین چاوەڕوانی سەرهەنگ چیا ماینەوە...

ئەوکاتە پێشمەرگایەتی، تەنگانە و زەحمەتکێشان و ماندوو بوون بوو، پێشمەرگایەتی ئازایەتی و لەخۆ بردووی بوو، پێشمەرگایەتی چاو تێری و قەناعەت بوو.

شەڕ گەرم دەبوو و هێزەکانی دوژمنی داگیرکەر تۆزە تۆزە ناوچەکانی ئەگرتەوە و ناوچە ئازادکراوەکانی بەرتەسک ئەکردەوە و ژیانی پێشمەرگایەتی ئاستەمتر دەبوو.

ئێمە بڕیاری خۆمان دابوو کە بەردەوام بین و ئەوەی بەلامانەوە گرینگ نەبوو مردن و ترس و تەنگانە و برسیەتی و هێرشەکانی دوژمن بوو، بۆیە دەبوو خۆمان بسەلمێنین و بتوانین نیشانی بدەین کە ئێمەش ئەتوانین پێشمەرگە بین.



سەرچاوە
Serchawe

## دەورەی پێشمەرگایەتی

سەرهەنگ چیا و ماموستا چەکۆ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا هاتن بۆ لای من و ڕەمەزان، ئێمەش هەستاینە سەرپێ و خۆمان قنج و قیت ڕاگرت. سەرهەنگ چیا وتی: ئەنگۆ لە کۆیوە هاتون و تەمەنتان چەندە؟ لە پێشدا نەمان زانی ئەنگۆ یانێ ئێوە بۆیە وەڵامان نەدایەوە، دوبارەی کردەوە، ئێمەش سەیرێکی یەکترمان کردو بێدەنگ ماینەوە، پاشان ماموستا چەکۆ وتی: دەڵێ ئێوە لە کۆیوە هاتوون؟

منیش کە زورتر دەم لە پێش و حازر وەڵام بووم وتم: ئێمە خەڵکی ناوچەی کامیارانین و لە هێزی بێستونەوە هاتووین و ئەوە زیاتر لە یەک ساڵە پێشمەرگەین و لە شەڕدا بەشداریمان کردوە، ڕەمەزان بێجگە لەوەی برایەکی شەهید بووە باوک و برایەکی دیکەشی پێشمەرگەن.

سەر هەنگ چیا دەستێکی بە سەر ڕەمەزان دا هێنا و پاشان دەستی منی لە ناو دەستەکانی ناو وتی: ئاخر بابم ئەنگۆ دەبوایە ئێستا لە مەدرەسە بتانخوێندایە، هێشتا زووە ببنە پێشمەرگە ئێمە لە شەڕ داین، شەڕەکە توندە، پێشمەرگایەتی ئاسان نیە، ئێمە تا بێ ژیانمان ئاستەمتر دەبێ.

من هاتمە وەڵام و وتم باشە ئەگەر لێرە ڕامان ناگرن بمان نێرنەوە بۆ هێزی بێستون، ئێمە نامانەوێ بڕۆینەوە، ئێمە پێشمەرگەین.

سەرهەنگ چیا و ماموستا چەکۆ پێکەنین و وتیان: هێزی بێستون وای گۆش کردون کە پاشەکشە کردنیان بۆ نیە. پاشان لەگەڵ خۆیانا بردمانیانە چادرەکەی ماموستا چەکۆ و چایان پێداین و کاتێ سەرهەنگ چیا ماڵ ئاوای لێکردین بە ماۆستا چەکۆی وت: ئاگات لەو منداڵانە بێ، ئەمانە سەرمایەی دۆاڕۆژن.

ئەو قسەیەی سەرهەنگ چیا توند و تیژی سەرەتای چاوپێکەوتنەکەی لە بیرمان بردەوە و خۆشی خستە دڵمانەوە کە وەرمان ئەگرن و ئینجا ڕومان لە چادرەکانی خۆمان کردەوە.
بەیانیان زوو لە خەو ڕادەبوین و لە پێشدا بەو ناوەدا و بە بناری شاخەکەی پشت سەرمانەوە هەڵ ئەهاتین و پاشان ئەگەڕاینەوە و وەرزشی بەیانیانمان ئەکرد و دوایی ڕیز ئەبوین و سرودی ئەیڕەقیب و خۆایە وەتەن ئاواکەیمان ئەخوێند و پاشان سۆحانە ئەخورا و دەرس واتە کلاسی فێربون دەستی پێئەکرد.

چەند کاتژمێر دەرسی سیاسی و پاشان تەمرین کردن بە چەک و سیلاح و فێربونی کاری نیزامی و شێوەی پەڕینەوە لەسەر جادەکان، بەربەرکانێ کردن لە کاتی کەوتنە کەمین، شێوەی شەڕی جەبهەی و پارتیزانی، گۆاستنەوەی بریندار لە شەڕگە، هێرشکردنە سەر پێگەی دوژمن وەک ڕۆتینی ڕۆژانە ماوەی ٤٠ ڕۆژ بەردەوام بوو.

زۆربەی بەشداربووانی دەورەکەی ئێمە خەڵکی ناوچەی هەوشار بون و ئەوانی دیکە پێک هاتبوون لە مەهاباد، بوکان، سەردەشت و مەریوان. هەوشاریەکان زۆربەیان دەنگ خۆش و گۆرانیبێژ بون و زۆربەی ئێواران هەڵپەڕین دەستی پێئەکرد و پێشمەرگەکانی هەوشار "کێ خشەی لێ بێنێان" ئەوت و ئێمەش هەڵئەپەڕین و بەڕاستی زۆر بە خۆش و بێ خەم ڕۆژەکانمان ئەبردە سەر.

لە کۆتای دەورەکەمانا بوین دەنگی توپباران لێمانەوە نێزیک ئەبووەوە و هەواڵ هات کە بنکەی ڕادیو گوازراوەتەوە لەبەر ئەوە دوژمن جێگاکەی زاویەگیری کردوە و ڕۆژانە توپ بارانی ئەکات.

هەموو ڕۆژێ گۆیمان لە ڕادیو ئەگرت، شەڕ لە هەموو ناوچەکانا بەردەوام بوو، سەر چاوەی زانیاری ئێمە و ئاگاداربونمان لە هەل و مەرجی ناوچەکان تەنیا ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران بوو ئەویش دەبوو هەموو ڕۆژێ چاوەڕێ بکەین تا دوا نیوەڕۆ و لە هەموو ئوردوگاکەش دا تەنیا یەک دانە ڕادیوی لێبوو.

ڕۆژێ من و ڕەمەزان چووین بۆ نەخۆشخانە کە ئەوکات لە گوندی "مەزناوێ" بوو. "سوبەت گومەتی" و "یۆسو بەلوجەی" هاتبوون بۆ ئەوێ بۆ عیلاج و ئێمەش ویستمان سەردانیان بکەین. لەوێ سوبەت پێی وتین کە سێ پێشمەرگەی هێزی بێستون شەهید بوون و ڕادیو نایانخۆێنێتەوە.

ئێمە تەنیا دوو کات ژمێر ئیجازەمان هەبوو، بۆیە بە پەلە گەڕاینەوە و ئەو هەواڵە پەرۆشی کردبوین. ڕۆژێ بەڕێز کاک سیامەند شێخ ئاغایی هات بۆ فێرگە بۆ ئەوەی باسی داهات و دارای حیزبمان بۆ بکات. دوای ئەوە دەرسەکەی تەواو بوو من چومە لای و داوام لێکرد کە ئەو هەواڵەمان بۆ ڕون بکاتەوە و کاک سیامەندیش زۆر بە مێهرەبانی و وەک ئێخلاقی جوانی خۆیەتی بەڵێنی دا کە تا دوو ڕۆژی دیکە ئاگادارمان بکاتەوە.

دوو ڕۆژەکە تەواو بوو لای ئێوارە کاتێ چوم بۆ ناوی شەو لە لای ماموستا چەکۆ، نامەیەکی بچکۆلەیان پێدام کە بە چەسپ بەسترا بوو. ئەو کاتە دەبوو هەموو ئێوارەیەک بەرپرسانی تیمەکان بچنە لای ماموستا چەکۆ و ناوی شەو وەرگرن. نامەکەم کردەوە و خۆێندمەوە، حەپەسام، جارێکی دیکە خۆێندمەوە، بڕوام نەدەکرد. نوسرا بوو، بە داخەوە لە لایەن بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامیەوە سێ پێشمەرگەی هێزی بێستون بە ناوەکانی کەریم، سەدیق و عەبدولکەریم ڕەوانسەرێ شەهید بوون.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

بە خۆم نەبوو بانگم لێ بەرز بووەوە، کەریم و سەدیق هاوڕێ و دوستی نێزیک و قارەمان و دوو ڕۆڵەی بە ئەمەگی گەلەکەمان و دوو شێرە پێشمەرگەی هێزی بێستون بون. ئێمە لە هێزی بێستون گرێدراوی یەکتر بووین و بە لێکدابڕان هەموو ئازای گیانمان ئەهاتە ئێش. پێشمەرگەکانم لێکۆ بونەوە و ماموستا چەکۆش هات، وتی چ باسە؟ نامەکەم دایە، لە ئامێزی گرتم و وتی: خەبات خۆێنی دەوێ، دەبێ هەوڵ بدەی ڕێگایان درێژە پێبدەی نەک بگری، پێشمەرگە ناگرین. لەو کاتە دا ڕەمەزانیش هات و پرسیاری کرد ئەوە چیە؟ بە هاتنی ڕەمەزان من ئەوەندەی دیکە دڵم پڕ بوو و لە بانگی گریانم دا، ئەویش بێ ئەوەی بزانێ چیە دەستی کردە گریان و باوەشی بە منا کرد.

ئیتر ئەو شەوەمان لێ تار بوو، نانمان نەخۆارد، بە ڕەمەزانم وت یەکێک لە شەهیدەکان کەریمی براتە و ئەوەش دەبووە دووهەم برای شەهیدی. ڕەمەزان زۆر گریا و پاشان ئارامیان کردینەوە و ئەو شەوە نیگابانیان پێمان نەدا. بەیانی ڕۆژی دوایی مامۆستا چەکۆ بانگی کردین و زۆر دڵخۆشی داینەوە و من و ڕەمەزانیش بەڵێنمان دا کە لەوە زیاتر لەسەری نەچین و خۆمان پەروەردە بکەین.

دوو ڕۆژ بەر لە کۆتایی دەورەکەمان پێان وتین کە دەورەی ئێمە و دەورەی مودیریەت پێکەوە تەواو دەبێ و بۆ کۆتایەکەشی دوکتور قاسملوو و ڕۆژنامە نوسی بێگانە و چەند میوانێکی دیکە دێن.

من کرامە بەرپرسی کۆڕی سرود و چەندین سرودمان ئاماد کرد. ڕۆژی دیاریکراو دوو هەواڵنێری فەرانسەیێ بە دوربینەوە هاتن و دەستیان کردە فیلم گرتن و لە پێش هەمو کەسێکا فیلمی منیان گرت کە بە جامانەیەکی قیتەوە لەپێش گروپەکەوە قنج و قیت ڕاوستا بووم و لە هەموشیان کورت تر و بچکۆلەتر بووم. ئەو فیلمە ئێستا لە سەرەتای فیلمی نان و ئازادی لە دەرهێنانی کاک تەیفوور بەتحای دا هەیە.

لە لای نیوەڕۆ دوکتور قاسملوو و چەند کەسێکی دیکە بە سواری ئەسپ هاتن و لەگەڵمان دەستیان دا، یەکێک لە میوانەکان "هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد" خێزانی مام جەلال بوو. لە کاتی سرود خۆێندنا من هونراوەکەی ماموستا هێمنم خۆێندەوە کە دەڵێ: ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم...بەڵام کاک دوکتور قاسملوو نەیهێشت تەواوی کەم و وتی ئێمە هونراوەی هێمن ناخۆێنینەوە، منیش ئاگام لەو شتانە نەبوو و نەم ئەزانی کە مامۆستا هێمن کێشەی لەگەڵ حیزب دا بووە.

بۆیە وتم: وەڵا هەر ئەوەندەم پێە، و ناتۆانم هیچی دیکە بڵێم. هەموو دانیشتوان کە لە قسەکەم حاڵی بوون دایانە قاقای پێکەنین.

**سرودی چی بو تاوانی ئەوانە وا لە سێدارە دران، ئەی شەهیدان، خۆایە وەتەن ئاوا کەی، من پێشمەرگەی کوردستانم خۆێندرایەوە. کاک دوکتور قاسملو هێندێ قسەی بۆمان کرد و پاشان بە هەڵپەڕکێ کۆتای بە مەراسیمەکە هات.**

ئێوارەکەی گۆێمان گرت لە ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران. هەواڵەکان زۆر ناخۆش بوون، شەڕ لە زۆربەی ناوچەکان بەردەوام بوو، زورترین شەڕ لە ناوچەی هەوشار کرابو و نێزیک بە ١٢ شەهیدیان هەبوو. بە بیستنی ئەو هەواڵە شایمان لێ بوو بە شین و پێشمەرگەکانی هەوشار وەک باوک و برایان شەهید بوبی پڕ بە گەرویان هاواریان ئەکرد و هەڤاڵە شەهیدەکانیان ئەلاواندەوە.

ڕۆژی دوایی دابەش کراین و بوینە دوو پەل. ڕەمەزان وتی من لێرە نامێنم و دەبێ بڕۆمەوە بۆ لای باوکم. منیان بانگ کرد و وتیان دەبیتە سەرپەل بەڵام کاتێ ڕایان گەیاند پێشمەرگەکانی هەوشار قەبووڵیان نەکرد و وتیان ئەو منداڵە چون دەبێ ببێتە فەرماندەی ئێمە کە هەرکامەمان بە ئەندازەی ئەو سمێڵمان هەیە. پێشمەرگەیەکی مەریوان بە ناوی ڕەحیم بێسارانی کرایە سەرپەل و لەبەر ئەوە تەنیا من خۆێندەواری ناو پەلەکە بوم کرامە جێگری پەل.

ئێمە دراینە هێزی پارێزگاری دەفتەری سیاسی و لە گوندی دولکان جێگریان کردین. من دەبوو ناوەکان بۆ نیگابانی دان بنووسم و وەک پاسبەخش ناویان ئەبردم و جاری وابوو لەبیریان ئەچوو نورەی کێە منیان بەخەبەر ئەکردەوە. ئەو کاتە دەبوو بچینە گوندی بێتوش بۆ هێنانی تەداروکات و ئەو ئەرکەش بە من سپێردا بوو، منش بۆ ئەوەی کرێ نەدەم هەموو شتەکانم بە کۆڵ ئەهێنا و ڕۆژانە دوو جارم ئەکرد.

دوای ماوەیەک ماندوو بووم و چووم بۆ لای کاک خەلیل حاجی کە ئەو کات فەرماندی لک و فەرماندی ئەو مەڵبەندی ئێمە بوو و داوام لێکرد کە بمنێرنەوە بۆ هێزی بێستون و وتم من لێرە پێشمەرگایەتیم پێناکرێ، نە شەڕێکی لێە و نە تەقەیەکی لێئەکرێ. لە ڕاستی دا کاتێ گوێم لە ڕادیۆ ئەگرت کە پێشمەرگەکانی هێزی بێستون ڕۆژانە چالاکی ئەنجام ئەدەن و دوژمنیان وە زاڵە هێناوە ئارامم لەبەر بڕابوو.

کاک خەلیل وتی: ئاوا نابێ، تۆ پارێزگاری لە مێشکی حیزب ئەکەی و ئەم ئەرکە هیچی لە شەڕکردن کەمتر نیە، قەوڵت پێ ئەدەم کە دوایی هەر بڕۆیتەوە بۆ هێزی بێستون.

من گۆێم نەدایە و چومە مەقەڕی حیزب لە بێتوش، دیتم ڕەمەزانیش لەوێە و هێشتا چاوەڕوانی گەڕانەوەیە. ڕەمەزان وتی نەگەیشتمە سوبەت و ئەوان و ئێستاش ناهێڵن بڕۆم و دەڵێن کاک بابا عەلی و کاک عەبدوڵای بارامی هاتوون بۆ پلۆنوم و دەبێ چاوڕوان بن تا ئەوان ئەگەڕێنەوە و ئێوەش لەگەڵیان بڕۆن.

منیش بە هەلم زانی و نامەیەکم بۆ کاک باباعەلی نارد، ئەو ڕۆژە وەڵامم نەبوو، دیسان نامەیەکی دیکەم نارد و سەرئەنجام لە ماوەی ٣ ڕۆژا نێزیک ١٠ نامەم بۆ کاک باباعەلی نارد و لە هەموشیا داوام ئەوە بوو کە دەبێ بگەڕێمەوە.

لای ئێوارەی ڕۆژی چوارەم بوو کە تەلەفونچییەکە وتی دەڵێن بێتە خوارێ بۆ بنکەی دەفتەر، منیش ڕۆشتم و لەوێ نیگابانەکان ڕایان گرتم و وتیان بۆ کوێ ئەچی؟ چکارەی؟ و لەو شتانە، لە پڕ کاک سیامەند شێخ ئاغایم بینی و ناسیمەوە و بانگم لێکرد و پێم وت کە دەمەوێ کاک بابا عەلی ببینم، ئەویش وتی ڕاوەستە ئێستا دێمەوە. زۆری پێ نەچوو کاک بابا عەلی و کاک عەبدوڵای بارامی و کاک مەلا حەسەنی ڕستگار هاتن. ئەملا و ئەولایان ماچ کردم، کاک بابا عەلی وتی: ئەرێ بەبە گیان ئەو ڕەگباری نامەیە چی بوو؟ باشە لەگەڵ خۆمانا ئەت بەینەوە خەمت نەبێ، بەیانی وەرەوە بۆ ئێرە نامەیەک وەرگرە بۆ چەکەکەت تا دوو ڕۆژی دیکە ئەگەڕینەوە.

گەڕامەوە بۆ بێتوش و لەگەڵ ڕەمەزان چوین بۆ چایخانەکەی ناو گوند بۆ ئەوە سەیری تەلەفزیون بکەین کە ئەو کاتە لە وێوە ئەیانتوانی چاو لە بەرنامەی کوردی تەلەفزیونی ئێراق بکەن. بۆ ئێمە زۆر شتێکی نوێ بوو کە بۆ یەکم جار کاناڵی کوردی و گورانی کوردیمان بە دەنگ و ڕەنگەوە ئەبینی و بەردەوام ئەو دوو شەوەکەی دیکە کارمان ئەوە بوو تا داڵەکەی ئەدا لەو چایخانەدا ئەماینەوە.

ڕۆژی دوای ئەوەی کاک باباعەلی و ئەوانم بینی چومەوە بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی. کاک دکتور قاسملوو خەریکی پیاسەکردن بوو و دوو نیگابان لەملا و لەولایەوە بوون. یەکێک لە نیگابانەکان هات بەرەو پیرم و قسەی لەگەڵ ئەکردم کە کاک دوکتور گەیشتە لامان و دیار بۆ منی ناسیەوە و کەوتە قسە کردن لەگەڵما. لەگەل کاک دوکتور قاسملوو قسەم ئەکرد دیتم نەفرێکی کورتەباڵای خڕەلە و چوست و چابوک هێندێ کتێب و کاغەزی داووەتە بن دەستی و هات بۆ لامان. کاک دوکتور قاسملوو پێی وت: ئەمە پێشمەرگەی هێزی بێستونە و ئەیەوێ لەگەڵ کاک بابا عەلی و ئەوان دا بڕواتەوە، نامەیەکی بۆ بنووسە و هەزینەی سەفەری بدەنێ.

پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسە کاک دوکتور سەعیدە و ئەو کاتە جێگری سکرتێری گشتی حیزب بوو، پاش تۆزێ کاک دوکتور سەعید نامەیەکی بۆم نووسی و مۆری دەفتەری سیاسی لێدا کە تێدا نوسرا بوو: بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەڵگری نوسراوە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ودەورەی پێشمەرگایەتی بە سەرکەوتنەوە کۆتای پێ هێناوە و ئەگەڕێتەوە هێزی بێستون، تکایە هاوکاری بکەن.

پاشان کوتە کاغەزێکی پێدام و وتی بچۆو بۆ لای کاک سیامەند و هەزینەی سەفەر وەرگرە. منیش وام ئەزانی سەد تمەنێکم ئەدەنێ یان ئەوپەڕی دووسەد تەمەن. بەڵام کاک سیامەند وتی: ئا ئێرە ئیمزا بکە، منیش ئیمزام کرد، پاشان کاک

سیامەند هەزار تمەنی دامێ، زۆرم پێ سەیر بوو و وتم: ئەمە زۆرە من پێویستیم بەم پارەیە نیە بەڵام کاک سیامەند وتی ئەوە هەقی خۆتە و کاک دوکتور سەعید نووسیویە کە بتدەمێ و ئەو هەزینەیە دەفتەری سیاسی بڕیاری لەسەر داوە.

کاتێ گەڕامەوە و هەواڵەکەم بۆ ڕەمەزان باس کرد وتی: بە خوا منیش بەیانی ئەچم داوای هەزینە سەفەر ئەکەم بەڵام قەت ڕوی نەبوو ئەو کارە بکات و من پانسەد تمەنی خۆم دایە، لە ڕاستیدا پارەمان بەش نەکردبوو و پێکەوە هەرچیمان هەبایە خەرجمان ئەکرد.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی بڕیار وا بوو بکەوینە ڕێ، لە بڵندگۆی مزگەوتەوە بانگەوازیان کرد کە هەر چی چەکدار لە دێدا هەیە با بێ بۆ مزگەوت، ئێمەش ڕۆشتین، لەوێ شۆڕای گوند وتی هێرش لە "کونەمشکێ" و "قەڵە ڕەشکە" دا توندە و دەبێ هێزێکی زۆر ڕو لەو ناوە بکەن، ئێمەش بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە بە پەلە چوینەوە بۆ مەقەڕ کە چەکەکانمان بێنین و بچین بۆ بەرەی شەڕ، بەڵام مەسولی مەقەڕەکە وتی: ئێوە بەیانی ئەڕۆنەوە بۆ ناوچەی خۆتان و کاک بابا عەلی وتویە کە ئاگام لێتان بێ تا بەیانی بۆ ئەوە بە جێ نەمێنن...

**کۆتای مانگی بەهار و گەرما دەستی پێکردبو و ئێمەش دەبوو سەفەرێکی دور و درێژ دەس پێبکەین، سەفەرێک کە کۆتایەکەی نازانرێ و نادیارە بەڵام ئیمان و بڕۆامان بە هێز و بێ غەل و غەش بوو...**

## گەڕانەوە بۆ ناو دڵی شەڕگە

شەڕ لە هەمو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە گەیشتبوە قۆماغێکی نوێ، زۆربەی شار و گوندە ئازادکراوەکان لە لایەن دوژمنەوە داگیرکرابون، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هێندێ مەڵبەند شەڕی جەبهەیێیان ئەکرد و لە هێندێ جێگاش وەک گروپی پارتیزان ئەگەڕان و زەربەیان لە هێزەچەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەشاند.

**هیوامان بە کۆماری ئیسلامی ئێران و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد نەمابوو، سەرەڕای ئەوەی ئاشتی تەنیا ڕێگەچارەی کێشەکانە، سەنگەرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و دژوارتر و خۆێناویتر دەبوو.**

بەیانی زوو لە گوندی بێتوش کەوتینە ڕێ، بێجگە لە کاک بابا عەلی و کاک عەبدوڵا بارامی، چەند کەسێکی دیکە هەبوون و من یەکەمجار بوو ئەمناسین، ئەوانەش کاک سەدیق بابای کاک سەدیق فەرۆخیان کاک ئیبراهیم ئەحمەدی و چەند کەسیتر کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە و هیوادارم لە درێژەی باسەکانا وەبیرم بێنەوە و باسیان لێوە بکەم.

لە گەردەنەی هۆمل وەسەر کەوتین و لای نیوەڕۆ چوینە گوندی شەڵماش و دوای نان و چا خواردن کەوتینەڕێ و لە چۆمی "کەڵۆێ" پەڕینەوە. ئاوی چۆمەکە زۆر بو و مرۆڤ نەیئەتوانی بە ئاسانی لێی بپەڕێتەوە، ئەسپەکان لە بۆارگەیەکەوە پەڕینەوە و یەکێک لە بارهەڵگرەکان کەسێکی مەلەوان و زور شارەزا بو و بە ئاسانی لەو چۆمە گەورەیە پامەلەی ئەکرد و شتەکانی لە سەر سەری دا ئەنا و ئەیکردە ئەوبەرەوە، ئێمەش بە "وەنەک" پەڕینەوە، واتە پەتێکیان بەم بەر و ئەوبەری شاخەکەوە بەستبوەوە و دوو کەس دوو کەس خۆمان بە پەتەکەدا هەڵ ئەواسی و ئەپەڕینەوە.

چوینە گوندی کۆڵەسە(نازانم باشم لەبیر ماوە یان گوندێکی دیکە بو) ئەو گوندە لە نێزیک جادەیەک هەڵکەوتبوو و لە ژێر چاوەدێری دوژمن دا بوو و بە ئێمەیان وت کە دەبێ زور بە وەشیاریەوە بچینە ناو ئاوای و لەوێوە ئەپەڕینەوە بۆ بەری زمزیران، لەم ناوە دا پێشمەرگەی لێ نەبوو بەڵام لەوبەرەوە پێشمەرگە هەبوو.

کاتی بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران هاتبوو و هەموو لە دەور کاک بابا عەلی کۆ بوینەوە کە گوێ لە هەواڵ و ڕوداوەکان بگرین. بە قورعان خۆێندنەکەدا ئەمانزانی کە هەواڵەکان خۆش یان ناخۆشن. وەک پێشمەرگەکان ئەیانوت هەر ڕۆژێ "وەحوش و حۆشیلەت"ی تێدا بایە ئەوە کارەساتێک ڕوی دابوو. کورتەی هەواڵەکان و

تەفسییری سیاسی خۆیندارەیەوە و درێژەی هەواڵەکان کۆتای هات، بەڵام ئێمە هەموو حەپەسا بوین. پێشمەرگەکان لە چەندین ناوچەی جیاوازەوە زەربەی باشیان وەشاند بو شەهیدیان نەبوو بەڵام لە شاری مەهاباد پەنجا و نو نەفەر لە دار درابون. ئەو هەواڵە وەک هەواڵی کۆمەڵکوژی حیسابی بۆ ئەکرا و نیشانی ئەدا کە شەڕەکە گەیشتوەتە کوێ و دوژمن ئامادەیە هەموو دڕندایەتیەک بکات و بەلایەوە، پێشمەرگە و خەڵکی ئاسای جیاوازی نیە.

دوای ئەوەی نان و چامان خوارد، لە ژوور ئاوایەوە کۆ بوینەوە و پێیان وتین کە بەر لە تاریک داهاتن بکەوینە ڕێ و بتوانین جادەکە کونترول بکەین.

تیمی پێشڕەو بە فەرماندەری ئیبراهیم ئەحمەدی دیاری کرا و دەبوو توزێ پێشتر وەڕێ کەوین. من لەگەڵ گروی پێشڕەو بووم، بەڵام ڕەمەزان لەگەڵ کاک بابا عەلی و ئەوان بوو و نەیان ئەهێشت بیێتە پێشڕەو. منیش ڕازی نەبووم و داوام لە کاک عەبدوڵا بارامی کرد ڕێگا نەداتە ڕەمەزان بیێتە گروی پێشڕەو و ئەویش وتی نا ناهێڵم، تەنیا کوڕی بنەماڵەکەیە کە ماوەتەوە دەبێ بیپارێزین. پاشان کاک عەبدوڵا بە منی وت حەز ناکەم توش بڕۆی، وا باشترە لەگەڵ ئێمە بی، بەڵام کاک ئیبراهیم سوور بو لەسەر ئەوە من لەگەڵ تیمی پێشڕەو بم و بە کاک عەبدوڵای وت: پێت وایە چەند کەسی وەک ئەممان هەیە کە بڕوای پێ بکەم و لێیان دڵنیا بم ئەتوانن لە سەر جادەکە بمێنەوە و مقاومەت بکەن.

ئەوکات کاک ئیبراهیم ئێمەی کۆ کردەوە و قسەی بۆ کردین و وتی: ئێمە گروی پێشڕەوین، کاری ئێمە تەنیا چونە سەر جادە نیە، بەڵکوو دەبێ بتوانین ئەم کاروانە بکەینە ئەوبەرەوە و ئەمە یەکەم هەنگاوی مەترسیدارە و ئەگەر ئەم شەو سەرکەوتو بوین ئەوا یەکێک لە قوناغە حەساسەکانمان تێ پەڕاندوە، ئێمە دەبێ پارێزگاری لەم کەسانە بکەین لەگەڵمانن و کەسانی بەرپرس و گرینگن و ئەگەر دوژمن پێمان بزانێ بەم ئاسانیە لەکۆڵمان نابێتەوە.

جێگای چونە پێش، ئەندازەی کونترول کردنی جادەکە، جێگای پاشەکشە کردن و یەکگرتنەوە دیاری کرا. ئێمە کەسمان شارەزای ناوچەکە نەبوین بەڵام کاروانچییەکان ڕێگاکانیان پێمان نیشان ئەدا و ئەوان بەڵەدمان بوون. لە جادەکە نێزیک بووینەوە، کاک ئیبراهیم دەستە بەشی پێمان کرد، ئێمە شەش کەس بووین و قەرار درا دوو، دوو بچینە سەر جادە و یەکێک لە دوو کەسەکەی ناوەڕاست بگەڕێتەوە و بە کاروانەکە بڵێ وەڕێ کەون.

تا گەیشتینە نێزیک جادەکە و دەستە بەشمان لێ کرد تاریکای داهات و ئەو ناوەش لەبەر ئەوە دارستانە، زوورتر تاریک ئەنوێنێ. من سەرم بەردابووەوە و چەکەکەم گرتبووە دەستەوە و فیشەکم بردبووە بەرکار. هێشتا مانگ هەڵ نەهاتبوو و تاریکایەک بوو چاو چاوی نەدە دیت. منیش نەم ئەزانی بە تەواوی جادەکە لە کوێیە، ئاوڕم نەئەدایەوە و هەروا ئەڕۆشتم و

چاوم ئەگێڕا و دار و دەوەن و تەپۆڵکەم ئەدیت و هێندێ جار دار و بنچکەکان لە پێش چاوم ئەجولان، تۆزێ ڕا ئەوەستام و پاشان درێژەم بە ڕۆشتن ئەدا. لە کۆگا خاکێکەوە سەر کەوتم و پاشان تۆزێ شۆڕ بومەوە و ڕەشایێ جادەکە سەرنجی ڕاکێشام، چەکەکەم بەرز کردەوە و بە حاڵەتی ئامادکاری و ئامادی بەر بەرکانێ کردن بە دەستەوە گرت و خۆم کۆم کردەوە و چومە سەر جادەکە، ئاوڕم دایەوە کەسم لەگەڵ نەبوو، لە پێشمەرگەکان دابڕابووم، ئەوان قۆناغ، قۆناغ هاتبوون و من یەک بین. لە سەر جادەکەوە دەستم کردە پیاسە کردن، هەستم ئەکرد هەموو کوردستانم ڕزگار کردوە، خۆم زۆر پێ پاڵەوان بوو، بیرم لە ترس و خۆف نەدەکردەوە.

بەرەو خوار و بەرەو ژوور بومەوە و بە درێژایی سەد میترێک جادەکەم خوار و ژوور کرد و لە پڕ گوێم لە خشە، خش بوو، خۆم بە جادەکەووە نوساند و چاوەڕوان مامەوە. تەپە تەپ لە دوو لاوە پێشمەرگەکان هاتنە سەر جادەکە و تاپۆیانم ئەبینی، بە هێواشی بانگی کاک ئیبراهیمم کرد، پێی سەیر بوو، هات بۆ لام و وتی ئەوە لێرە چی دەکەی؟ وتم ئەی نەهاتوین جادەکە کۆنترۆڵ بکەین؟ وتی ئاخر تۆ چون وا خێراتر هاتوی ؟ وتم نازانم سەرم دخاستبوو و کاتێکم زانی لەسەر جادەکەم.

کاروانەکە هات و لە جادە پەڕینەوە، من و کاک ئیبراهیمماینەوە تا ئەو کاتە کاروانەکە نێزیک دوسەد میتر لە جادەکە دوور کەوتنەوە و ئێمەش کەوتینە ڕێ و پێیان گەیشتین.

لەگەڵ تاریک و ڕونی بەیانی گەیشتینە چایخانەیەک و پێیان وتین کە لەوێ دا ئەحەوینەوە، بەڵام بڕیارەکەیان گۆڕی و وتینا دەبێ بچینە گوندی... کە بنکەی کومیتەی ناوچەی زمزیرانی لێیە.

لە پێشدا وامان ئەزانی کە زوور نێزیکە، بەڵام بە تەواوی هیلاک بوین تا ئەو کاتەی کە وتیان ئەمە ئەو گوندەیە لێی دەمینینەوە. لە مزگەوتا دابەزین و حەواینەوە، هێشتا قسەیان ئەکرد کە دەبێ چی بکەین من خەوم لێ کەوت و ئاگام لە دنیا نەما.

ئێوارە بەخەبەر هاتمەوە و دیتم دواین کەسم لە مزگەوتا و هەوا خەریکە تاریک دەبێ، هاتمە دەرێ دیتم کاک ئیبراهیم و ئەوان خەریکی سیگار کێشانن. بە منیان وت ماڵتا ئەو هەموو خەوە چیە و کەوتنە گاڵتە کردن لەگەڵما و باسی شەوی ڕابردوویان ئەکرد و پاشان کاک ئیبراهیم تێی گەیاندم کە نابێ کاری وا بکەم و دەبێ ئاگاداری یەکتر بین و باسی مەترسیەکانی ئەو کارەی بۆ کردم.

پاشان پێیان وتم کاک بابا عەلی بانگت ئەکا و منیش چوم بۆ لایان. کاک عەبدوڵا بارامی، کاک بابا عەلی، کاک سەدیق بابی و کاک سەدیق فەڕۆخیان دانیشتبون و دیار بوو ماڵی کەسێکی دەوڵەمەندی گوندە و جێگا و ڕێگا و فەرشەکان نۆێ و خاوێن بون...

کاک بابا عەلی پرسیاری لێ کردم کە نانم خۆاردوە یان نا؟ منیش وتم نەوەڵا ئێستا لە خەو هەستاوم. داوایان لە خانەخۆێکە کرد خۆاردنم بۆ بێنن. ئینجا باسی شەوی ڕابردویان کرد و تاریفیان کردم کە بەڕاستی سەری هێزی بێستونم بەرز کردوە و کاک ئیبراهیم وتویەتی ئەم کوڕەم بدەنێ هەموو جادەکان کونتروڵ ئەکەم و پاشان بە کاک سەدیق باباى وت: تۆ ئەچی بۆ لای ئەو هێزەی ئەمە منداڵترین یانە. کاک سەدیق وتی قارەمانەتی بە گەورە و بچوکی نیە.

من خۆم ئەوەندە بەلامەوە گرینگ نەبو کە ئەو شەوە چوبومە سەر جادە و لە ڕاستی دا ئەگەر بم زانیانە بە تەنیام نەدەچوم و وام ئەزانی هەموو گروپەکە وەک من بەڕێوەن، دەنا ئەوندە قارەمان نەبووم و شەرمیشم ئەکرد ڕاستیەکەیان بۆ باس بکەم، بەڵام وای لێ هات کە ئیتر بۆ هەموو پێش کەمین و شۆێنە مەترسی دارەکان لە پێشەوە بووم.

دوای چوینە کۆمیتەی ناوچە و لەوێ چەند کەسێکمان بینی، بنکەیەکی سارد و سڕ و چڵکنیان هەبوو، زیاتر لەوە ئەچوو خۆیان بۆ پاشەکشە ئامادە ئەکەن و بڕوایان بە مانەوە نەمابوو، لەبەر ئەوە دەور و بەریان هەموو گیرا بوو. بڕیار درا بکەوینە ڕێ و ڕۆژی دوای گەیشتینە ناوچەی بانە و بە دیوی بۆکان و سەقز دا درێژەمان بە ڕێگاکەمان دا و زوورتر بە ڕۆژ ئەجوڵاین. لە گوندی مێرگە نەخشینێ بارگەمان لێ خست. وتیان ئەم گوندە بۆ مانەوە دەبێ، بەڵام مەترسی هێرشی لەسەرە و ئێمە نازانین پێشمەرگە تا کۆیان بە دەستەوەیە. ئێوارە لە ماڵانا دابەش بووین و شەو بۆ حەوانەوە هاتینەوە مەزگەوت، ئەو ماڵە ئێمەی لێ میوان بووین کوڕێکیان هەبوو کە ڕوشتی بەدەنی تەواو نەبو لە باری فیزیکیەوە، واتە کورتە باڵا و قاچەکانی کورت بوون، من لەگەڵیا زور نێزیک بوبومەوە و وەک هاوڕێیەکی نێزیکمان لێ هاتبوو، سەرەڕای ئەوەی چەند کات ژمێر زیاتر پێکەوە نەبووین، کەچی ئەت وت بەساڵانە یەکتر ئەناسین. شەو لە مزگەوتا نوستین و نیگابانمان دا نا و نورەی من کەوتبووە لای نیوە شەو. لە مزگەوتەکە دوور کەوتمەوە و وتم وا باشترە لە یەک جێگا دا ڕانەوەستم و بگەڕێم و ئاگام لە ئەملاو ئەولای گوندەکە هەبێ. بە دەور مزگەوتەکەدا خولێکم خوارد و بە بەر ماڵەکانا هاتمە خۆار و دیسان گەڕامەوە و لە پڕ دیتم نەفەریک شتێکی لەسەر شانە و بەرەولای مزگەوت بەڕێوەیە، چەکەکەم گرتە دەستەوە و گوڕاندم کێ کورە نەجوڵێ: کابرا لە جێ خۆی وشک بوو، منیش پێم وت چیت پێە لە عەرزەکەی دانێ. کابرا هاتە زمان و وتی کاکە من خەڵکی گوندم ئەڕوم بۆ سەر ئیش و کار. من بڕوام نەکرد و وتم ئادەی دەسکە بە چەپڵە لێدان و ئەمەویست دڵنیا بم کە هیچی بە دەستەوە نیە. لەم هات و هاوارەی ئێمە دا ئەو کوڕە کە من شەو میوانیان بووم خەبەری ببوەوە و دەنگی من و دەنگی کابرای دیکەی ناسیبووەوە و بانگی منی کرد و وتی ئەو کابرایە ئەناسم لێی گەڕێ با بڕوا. منیش بە قسەم کرد و



سەرچاوە
Serchawe

دیار بو ڕاستی ئەکرد. تا ئەم هات و هاوارە تەواو بو کاتی نیگابانیەکەم تەواو بوو و خەوەکەی منیش زڕا و ئیتر کەسم هەڵ نەسان بۆ نیگابانی دان و خۆم ڕاوەستام تا ئەوکاتە ڕۆژ بووەوە و ئەمەش بۆ بە یەکیکی دیکە لە قارەمانەتیەکانی من و هاوڕێکانم باسیان لێوە ئەکرد و ئافەرنینان بۆ دەناردم، لە کاتێک دا من هیچ مەبەستم پاڵەوانبازی نەبوو و بەڕاستی نەشم ئەزانی کە ئەو کارانانە ئازایەتین.

دوای بە لای سەقز دا شۆڕ بوینەوە و چوینە گوندی سیادەرەی سەرو و نان و چامان خۆارد و دوای ئەوە گۆێمان لە هەواڵەکانی ڕادیو گرت کەوتینە ڕێ بۆ گوندی سیاسدەرەی خۆارو لە نێزیک جادەی سەقز - بانە. زۆربەی شەڕەکان بە تۆڵەی پەنجاو نۆ شەهیدی مەهابادی بوو، بەڵام سەرنج ڕاکێشترین هەواڵ ئەوە بوو کە هاوکات یەکەم هەواڵی تولە ئەستاندنەوەی هێزی بێستونی بلاو کردەوە، ڕای گەیاند کە قارەمانەکانی هێزی بێستون بڕیاریان داوە بە تۆڵەی ئەو شەهیدانە پەنجاو نۆ عەمەلیات ئەنجام بدەن و ئەمەش لاپەڕەیەکی نۆێ بو لە خەبات و وەفاداری ئەو هێزە ئازا و نەترس و قارەمانە.

پێیان وتین کە تیمی پێشڕەو بکەوێتە ڕێ و بەر لە تاریکای داهاتن جادەکە کونترۆڵ بکەین و بپەڕینەوە بۆ بەری ئەو بەر. بە ناو شیو و چۆمێک دا شۆڕ بوینەوە و بەر لەوە بچینە سەر جادە، بووینە سێ بەش و دوو کەس نێردران بۆ بەرزایەک لە لای ڕاست و دوو کەس بۆ لای چەپ و من و کاک ئیبراهیم ڕاست و ڕاست بۆ سەر جادەکە.

فیشەکمان بردە بەر لول و ملمان پێوە نا، سەد میتر زیاتری نە مابو بچینە سەر جادەکە، کاک ئیبراهیم بە هەموو هێزی خۆی ڕای گرتم و قامکی ئیشارەی نایە بەردەمی بە واتای بێدەنگ بوون. پێم سەیر بوو کە چی قەوماوە، بێ هیچ جم و جوڵێک چاوەڕوانی دەستوراتی کاک ئیبراهیم مامەوە. سینگی نایە خۆڵەکە و تۆزێ سەری بەرز کردەوە و بە دەست منی بانگ کرد بۆ لای خۆی و منیش وەک ئەو سەرم بەرز کردەوە، ئای چی ببینم، تەواوی ئەو ناوە هێزی دوژمن بوو، لەوە ئەچوو ئاگادری هاتنی ئێمە بوبێتن، چەندین ماشین و دەیان هێزی چەکدار لەو ناوە دا بوون.

لە پێشدا بەلامەوە ئاسای بوو، بەڵام لەپڕ ترس و دڵە خۆرپێ سەراپای وجودی داگیرکردم، لەبەر ئەوە کاک ئیبراهیم بە ترسەکەم نەزانی و لەبەر ئەوەی شەرمم ئەکرد بڵێم ئەترسم، وتم: بیاندەمە بەر ڕەگبار؟ وتی نا. دەرچونمان نابێ، دەبێ بگەڕینەوە بە بێ ئەوە پێمان بزانن. لەو قسانە دا بوین کە پێشمەرگەکانی پشتیوانیان بینی و دایاننە بەر ڕەگبار و هەموو چوونە سەنگەرەوە، ئێمەش هەلمان دەس کەوت و بە پاڵپشتی پێشمەرگەکانی پشتیوان، ماشینەکانمان دایە بەر گولە، شەڕێکی گەرم دەستی پێ کرد، خەشابەکەم گۆڕی و سەنگەری نێزیکی خۆمانم دایە بەر گولە، ماشینەکان ڕۆشتن و لە بەر چاو ون بوون، دیارە پێگەی "میرەدێ"ش نێزیکی شەڕگەکە بوو. کاک ئیبراهیم وتی پاشەکشە دەکەین و هەر بە ناو ئەم


سەرچاوە
Serchawe

دووڵە دا ئەگەڕینەوە، توپباران دەستی پێ کرد، بەڵام ئێمەی نەئەگرتەوە، ئێمە لە ناو دووڵەکەوە پاشەکشەمان ئەکرد و گولەش نەمانی ئەگرتەوە، تا ئەم هات و هوتەمان کرد، تاریک داهات و بە بانگ و هاوار ئەو چوار کەسەکەی دیکەشمان دوزیەوە و گەڕاینەوە ناو ئاوای و بە پەلە لە گوند وەدەر کەوتین و بڕیار درا بە ڕێگایەکی دیکە دا بکەینە ئەوبەرەوە.

بە هەورازێکا سەرکەوتین و لە پشت گوندی خافورە دێ ڕاوەستاین، ئەو گوندە پێگەی دوژمنی لێ بوو، بەڵام پێگەکە لە تەپۆڵکەی خوارەوەی دێ دا بوو، وتیان دەبێ سێ کەس بچنە ناو ئاوای و هێندێ زانیاری کۆ کەنەوە و بگەڕێنەوە، دیسان من یەکێک لەو کەسانە بووم کە دیاری کرام، ئەگەر چی لە دڵەوە ئەترسام بەڵام لە ڕو دا وام نیشان نەئەدا، چوینە ناو ئاوای و لە دوو ماڵمان دا و درگایان بۆ کردینەوە، لە پێشدا ئەترسان و بڕوایان نەئەکرد کە پێشمەرگە بین، بەڵام پاشان کارتی پێشمەرگایەتیەکی منیان بینی، ئاویان بۆمان هێنا و پرسیارەکانمان کرد و تێ گەیشتین کە تەنیا یەک ڕێگا بۆ پەڕینەوە هەیە و ئەو ڕێگایەش مەترسی لە سەرە و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا کەوتبونە کەمین لەوێدا.

گەڕاینەوە و شتەکەمان بۆ باس کردن، بڕیار درا هەر چۆنێ بووە دەبێ ئەم شەو بپەڕینەوە دەنا ئیمکانی ئەوەی هەیە بەیانی هێرشمان بکرێتە سەر و تووشی شەڕ بین.

تیمی پێشڕەو جیا کرایەوە و دیسان من یەکەم کەس بووم کە کاک ئیبراهیم هەڵی بژاردم بۆ سەر جادە، ئەرمجارەیان سێ کەس چوینە سەر جادە و سێ کەس وەک پشت کەمین مانەوە، بە کۆمە کۆم لە جادە نێزیک بوینەوە و سەنگەرەکانی دوژمنمان بینی کە هەڵکەندرا بوون. سەنگەرەکانمان کونترۆڵ کرد، چۆڵ بوون و گەیشتینە سەر جادەکە، جێگایەکی مەترسی دار و سامناک بوو، کاک ئیبراهیم ئەو کەسەکەی دیکەی نارد بۆ لای تیمی پشتیوان و پێ وت کە کەسێک بنێرن بە شۆێن کاروانەکە دا کە بێن و خۆشیان دابەزن بۆ سەر جادەکە و پاشان دوو کەسیانی نارده ئەوبەر جادەکە و من و خۆشی خوار و ژووری جادەکەمان گرت و کاروانەکە پەڕیەوە و دوای تۆزێ کە دڵنیا بوین مەترسی نەماوە ئێمەش کەوتینە ڕێ.

بەو هەورازە دا سەرکەوتین، مانگە شەو بو، وامان ئەزانی زوورمان نەماوە، هەر دەڕۆشتین و شاخەکە دوورتر ئەکەوتەوە، کاروانەکە لێک دابڕابووین و گروپێک چوبونە گوندی کێلەشین و ئێمەش بەرەو سەر شاخەکە ئەڕۆیشتین، خەریک بوو هەوا ڕوناک ئەبووەوە گەیشتینە سەر لوتکەی شاخەکە و لە بنە بەردێکا لێی ڕاکشاین و هێزی ڕۆشتنمان لەبەر بڕا، کاتێ هەتاو هەڵهات و هەوا گەرمی کرد لە خەو هەستاین و تێ گەیشتین کە تەنیا چەند کەسێمان ماوەتەوە، ئێمەش داکشاین بەرەوە خوار وچوینە لای چەند کەسێک کە خەریکی کار کردن بوون و نان و چایان پێ داین و وتیان کە کاروانێکیان دیوە بەرەو گوندی پیرومەران ڕۆشتوە، ئێمەش بەرەو ئەو گوند کەوتینە ڕێ.

## ئەو ڕۆژانەی شانازییان پێوە دەکەم

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ژیان بە ئازادیەوە واتادار دەبێ، مروڤ بۆ ئەوە نەهاتوەتە دنیاوە کە بن دەست و زەلیل و چاو لەدست بژی. ئەم دنیایە ئی مروڤە بەڵام مروڤەکان بە ناڕەوا دابەشیان کردوە، ئێمە خۆمان شا و شازادە و سەرۆک و ئاغا بۆ خۆمان دیاری ئەکەین و پەرستگا بۆ خۆمان ئەخوڵقێنین.

ژیانی ئێمە ئاستەم و دژوار و پڕ لە برسیەتی و ماندوویی بو، بەڵام پەیامێکمان پێ بوو، پەیامەکەمان پیروز و شایانی ئەو دەردی سەری و گێرمە و کێشەیە بوو. ئێمە هەر ئەمرین جا بۆ لە پێناو ژیان دا نەبێ، بۆ لە پێناو ئازادی و مروڤایەتی و ئاسایش دا نەبێ.

بەردەوام دەبم و ئێوەش تێ دەگەن کە کورد لە خۆڕا نیە توانیویەتی سەد ساڵ دوای بن دەستی بمێنێتەوە و بەرەدوام بێ بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی...

## بیژەن کرماشانی

کوردستان وەڵاتێکی جوان و سروشتێکی گەلێ شیرینی هەیە. گەلی کورد لەو گەلانەی دونیایە کە بە میواندارى و دڵ فراوانی ناوبانگیان هەیە. ئەو کاتە کە شەڕ هەموو ناوچە و مەڵبەندەکانی گرتبووەوە و دوژمن بە هەموو هێزی سەربازی، سیاسی و ئابوریەوە تێدەکۆشا کە ئەم گەلە هەژار و بندەستە تەنگاو بکات و چۆکیان پێدادات خەڵکی گوندەکان گەورەترین گوشاریان لەسەر بوو بەڵام بەرخۆدانیان ئەکرد و چۆکیان دا نەئەدا و هەموو کاتێ درگای ماڵەکانیان ئاوالە بوو بۆ پێشمەرگە.

پێشمەرگەکانی پارێزەری کورد و کوردستان کەسانێک بوون لە ئاگر و لە کورەی ئاگرە سورەی ئاورگاکانی زەردەشتی مەزن دا خاراو ببوون و وەک مۆم بۆ ڕوناککردنەوەی ژیان و گوزەرانی گەلەکەیان ئەسوتان بەڵام بە بێ پاڵپشتی گەل و پشتیوانی کۆمەڵگا نەیانئەتوانی ئازایتی بنوێنن و ئەو هەموو سەرکەوتنە لە مێژووی بەرخۆەدانیدا تۆمار بکەن.

بە لاپاڵ و لە بەرزایەکانەوە داکشاین و هاتینە ناو چۆمێک و بە خوار گوندی "قوڵ قوڵە" دا تێپەڕین و گەیشتینە ئاوای "پیرۆمەران". ڕێگەمان هەتا بەر درگای مزگەوت بەرنەدا دیتمان هاوڕێکانی دیکە هەموو بە سڵامەت هاتون و بارگەیان لێ خستوە.

دوای چاک و چۆنی خۆمان کردە مزگەوتا و یەکڕاست لێی ڕازاین. دوای چەند کاتژمێر کاک ئیبراهیم لە خەومانی هەڵسان و وتی دەبێ دابەشی ماڵان بین. بەر لەوەی دابەش بین کۆبونەوەیەکمان گرت و لەوێدا بڕیار درا کە ئەو شەوە لەوێ بمێنینەوە و ڕۆژی دوای بە ئیسراحەت بکەوینە ڕێ. دیارە ئەو ناوە ئارام و تا ئەندازەیەک دور بوو لە شەڕ بەڵام ئەوەندەش ئارام نەبو کە بتوانین بە تەواوی ئەرخایەن بین.

خەڵکی ئەو ناوە بە گشتی هەژار و کەم دەرامەتن بەڵام ڕۆح سوک و میواندار و دڵ فراوانن. ئەو ماڵەی ئێمەی لێ میوان بوین زۆر بە گەرمی هەڵس و کەوتیان لەگەڵ کردین و خواردنێکی گەرم و خۆشیان لە پێش داناین و وتیان کە چاوەڕوانی هاتنتان بووین و ئەمانزانی پێشمەرگە لێرەیە و بۆ خواردن بڵاوەی لێئەکەن.

شەو گەڕاینەوە مزگەوت و نیگابانمان دانا و قەرار درا کە لە دوای کات ژمێر چوارەوە دوو کەس دوو کەس نیگابانی بدەین، ئێمەیان خستبووە کاتی چوار بۆ پێنج، ئەو دەورانە ئەگەر هەرەشەیەک هەبایە لە نێوان کاتژمێر چوار و شەشە دا بە زۆری

ڕوی ئەدا. من و کاک ئیبراهیم کەتبووینە یەک کات، نۆرەمان هات و هەڵیان ساندین، من لە پێشدا چەک و ڕەختم لە خۆم بەست و چومە دەر، کاک ئیبراهیم جگەرەیەکی داگیرساند و بە شێنەی خەریکی جگەرە کێشان بوو. لە سەر بانی مزگەوتەکەوە پیاسەم ئەکرد گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو لە خوار ئاوایەوە بە بێ ئەوە کاک ئیبراهیم ئاگادار بکەمەوە چەکەکەم گرتە دەستەوە و داکشام بۆ لای دەنگەکە هەوا خەریک بوو ڕوناک ئەبووەوە و دوست و دوژمن لێک جیا ئەکرانەوە دوو چەکدارم دیت بەرەوە لای من ئەهاتن لێگەڕام بە تەواوی لێم نێزیک بونەوە لە پڕێکا تێم خوڕین و وتم: تەکان نەخۆن، هەردوکیان لە جێ خۆیانان وشک بون دیتم دوو کەسی دیکە هاتن بەڵام چەکیان پێ نەبوو، داوام لێکردن نەبزون و دەس بۆ چەک نەبەن دەنا دەرچونیان نیە و لە گەمارۆ دان، لەو هات و هاوارە دا بووم کە کاک ئیبراهیم گەیشت و وتی، لێیان گەڕێ با بێن پێشمەرگەی خۆمانن. کاتێ گەیشتینە یەک دیتمان کاک شاهوی حوسینی و کەریمە کەچەڵ و دوو پێشمەرگەی دیکەن. کەریمە کەچەڵ لەگەڵ فەرماندەری هێز کێشەی هەبوو و چووبوو لە دەفتەری سیاسی شکایەتی کردبوو (ئەو کاتە بە هەموو ناوەندی حیزبیان ئەوت دەفتەری سیاسی، لە ڕاستی دا بنکەی دەفتەری سیاسی و کۆمیسیونەکان هەموو پێکەوە بوون). بۆ بەدواداچونی سکالاکەی خاڵە کەریم کۆمیسیونی پێشمەرگە کاک شاهۆیان ناردبو بەدواداچون بکات و کێشەکە چارەسەر بکات. پێشمەرگەکانی هاوڕێی کاک شاهۆ بە منیان وت: پێمان وا بو دوو گەز باڵاتە دەنا قەت گوێمان نەئەدایە دەستورکانت، کاک شاهو وتی ئەوە پێشمەرگەی هێزی بێستونە ئەوانە هەروان. کاک ئیبراهیم وتی: پێشمەرگە سامناکە بە گەورەو بچوکی نیە. و بە دەم قسە کردنەوە گەیشتینە مزگەوت و ئەوان ڕازان و ئێمە بەردەوام بوین کاک ئیبراهیم وتی: ئەگەر خەوت نایە پێویست ناکا کەسی دیکە هەڵسێنین من لێرە لە بەردەم مزگەوتا ڕائەوەستم و تۆش خوار و ژورێکی ئاوای بگەڕێ و تا ئەمکارانە بکەین ئەوانیش لە خەو هەڵ ئەسن و ئەچین بۆ خۆاردنی ناشتا.

کاتژمێر لە دەور و بەر نۆی بەیانی کاروانەکە وەڕێ کەوت و نێزیک نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی باینجان، ئەو کاتە بنکەی کومیتەی شارستانی سەقز لەوێ و کاک سەلیم  بابان بەرپرسی کومیتەی شارستان بوو. لە مەقەڕا لامان دا و کاک سەلیم هات بۆ لامان و بە خێرهاتنی کردین. دیارە ئەو کاتە کاک سەلیم لەگەڵ شنەی خێزانی لە ماڵێکی تایبەتا ئەژیا.

دوا نیوەرو کەوتینە ڕێ و لە ئێوارەدا گەیشتینە گوندێک کە ناوەکەم لە بیر نەماوە، شەو لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دوایی گەیشتینە گوندی "بایەر" و چوینە بنکەی پێشمەرگەکانی هێزی زرێواری مەریوان، لکێکی هێزی مەریوان لەو ناوەدا بوون و پارێزگاریان لە گوندەکانی بایەر و بوردەمە ئەکرد و لە دوو تەپۆڵکە دا جێگر بوون و لە گوندی بایەریش بنکەیەکیان بۆ حەسانەوە و تەداروکات هەبوو. هەر ئەو ڕۆژە پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان پێشمان کەوتن بۆ سەر جادەی سەقز - مەریوان و لەگەڵ تاریک داهاتنا لە جادەکە پەڕینەوە و ماڵ ئاویمان لە پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان کرد. کەسمان لەگەڵ نەبوو کە ڕێگاکە باش شارەزا بێ بەڵام ئەمانزانی دەبێ بەرەو کوێ ڕێگا بگرینە بەر. هەورازێکمان بوو بە توشەوە هەر چی ئەڕۆشتین کۆتایی نەئەهات. کاتێ گەیشتینە سەر لوتکەی شاخەکە تێگەیشتین کە لە نێوان گوندەکانی "سۆڵە" و

"دەرەوویان شێخ" داین، ڕومان لە گوندی سۆڵە کرد و لە دەمەو بەیانا گەیشتینە جێ، لە سێ ماڵا دابەش بووین و دوای ئەوەی کە نیگابانمان دانا حەواینەوە. لە خەو هەستاین و کاک عەبدوڵای بارامی وتی: بڕیارمان داوە حەیوانێک بکڕین و خواردنێکی خۆش بخۆین، ئەو کارەمان کرد و کەبابێکی باشامان لێخۆارد و دوانیوەڕۆ بەرەو ناوەندی ئاژوان کە لە گوندی بس بوو کەوتینە ڕێ.

جارێکی دیکە بە کاک ڕەشاد شاد بومەوە، لە ڕاستی دا کاک ڕەشاد مامۆستای پێشمەرگایەتی من بوو و هەر ئەو فێری خوێندنەوەی کردم و هانی ئەدام کە زانیاری خۆم بەرمە سەر لەوەی کە لە دەورە گەڕابومەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و من و ڕەمەزانی لەگەڵ خۆی برد بۆ دوکان و وتی میوانی منن هەرچی ئەخۆن ئازادن. ئێمە زیاتر حەزمان لە کۆمپوتی گێلاس بوو هەرکامە و دوو دانەمان خوارد کاک ڕەشاد بە گاڵتە وتی: ڕاستە بەلاشە بەڵام ڕوحم بە زگی خۆتان بکەن زوری نەماوە نانی شەو بخۆین خواردنێکی باشیان لێناوە.

ڕۆژی یەکەم خۆم لە کاک ڕەحیم بەغدادی ئەشاردەوە ئەترسام ئەو هەزینە سەفەرە کە پێیان داوم لێم وەگرێتەوە بەڵام دوای ناچار بوین بچینە دیوەکەی کاک ڕەحیم، منیش خۆم پێ نەگیرا و وتم: کاک ڕەحیم، وەڵامی داوە و وتی: چەس، چەت گەرەکە؟(ئەوە قسە کردنی ئاسایی کاک ڕەحیم بو، پێی وتم؟ چیە، چیت ئەوێ؟) منیش وتم: لە دەفتەر هەزینە سەفەریان پێدام. کاک ڕەحیم وتی: جا من بێژم چە؟ وتم ئاخر زۆر بوو. کاک ڕەحیم بە سەرنجەوە چاوی لە چاوم بڕی و وتی: بێژە بزانم چەنێکیان پێت داگە؟. بە ترس و لەرزەوە وتم: هەزار تمەن بەڵام بە خوا نیوەم دایە ڕەمەزان بەشی ئەویان نەدا پێکەوە تا هاتوینەتە ئێرە دوو سەد تمەنمان خەرج کردوە. کاک ڕەحیم وتی: دیارە دەفتەر دس و دڵ بازن من بوایەم هەر دوسەد تمەنەکەم پێتان ئەدا پێشمەرگە هەزینە سەفەری بۆچەس. بەڵام باسی ئەوەی نەکرد کە دەبێ پاشماوەی هەزینەکەی بدەینەوە و قسەکەی گۆڕی و ڕوی کردە کاک سەدیق و لەگەڵ ئەو دا کەوتە قسە کردن و منیش لە ماڵ وەدەر کەوتم و هەستم بە بارسوکی ئەکرد.

دوو ڕۆژ لەوێ ماینەوە کاک عەبدوڵا بارامی و کاک ئیبراهیم و هاوڕێکانیان بەرەوە کومیتەی شارستانی مەریوان کە ئەوکاتە لە گوندی ئیسەوڵێ بوو ڕۆشتن و کاک سەدیق فەڕۆخیان چوو بۆ لای کومیتەی هەوشار. لەبیرم چوو باسی بکەم کە کاک شاهۆ و ڕەفیقەکانی لە کومیتەی سەقز لە لای کاک سەلیم بابان مانەوە.

چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی هێزی بێستون وەک یوسف بەلوجەی و نامدار مەنبەری لەوێ بوون و چاوەڕوان بوون کە کاروانێک هەڵکەوێ و بگەڕێنەوە بۆ لای هێزی بێستون بەڵام هیچکامیان چەکیان پێنەبوو لە ناوەندی ئاژوان تەفنگێکیان بۆ یوسف وەرگرت و نامدار نەچوو ژێر بار کە چەک وەرگرێ و ئەیوت من تفەنگی تایبەتی خۆم هەیە و چەکی هێزی بێستون نەبێ چەکی کەسی دیکە لەشان ناکەم.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

کۆڕێکی کرماشانی بە ناوی بیژەن لە ناوەڕێگا دا توشمان بوو کە ئەهات بۆ هێزی بێستون. ئەوکاتە کە هاتینە ناوچەی بۆکان لە یەکێک لە گوندەکانا کە ناوەکەم لە بیر نەماوە بنکەی هێزی بۆکانی لێبوو و وتیان ئەو هاوڕێیە سەباز بووە و خۆی تەحویل داوە و ئەیەوێ بچێ بۆ هێزی بێستون و ئێمەش لەگەڵ خۆمان هێنامان.

کاروانی ئێمە بوونە ٦ کەس، واتە من، کاک سەدیق بابای، کاک یوسف بەلوجەی، بیژەن، ڕەمەزان و نامدار و هاتینە گوندی شاقەڵا و چوینە لای کومیتەی شارستان و هێزی دیواندەرە. لە گوندی شاقەڵا بنکەیەکی ناوەندی کۆمەڵەشی لێبوو. نێزیک بە یەک حەوتو چاوەڕێمان کرد لە وکاتە دا تیمی لە پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادەش هاتن کە تەنیا ناوی کاک "مێهدی تەوریوەری"م لە بیر ماوە. شەوەکەی یاد کردنەوەی ڕۆژی کۆمەڵە لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە ڕێزی لێ ئەگیرا و شادیان وەڕێ خستبوو و ئێمەشیان بانگهێشت کردبوو، بەشداریمان کرد و هەڵپەڕینێکی باشمان کرد، من چەکەکەم دابووە دەست  پێشمەرگەیەکی کچی کۆمەڵە و بۆ خۆم هەڵ ئەپەڕیم، ڕەمەزان وتی کاک سەدیق بانگمان ئەکا، چووم و چەکەکەم لێ وەرگرت و سپاسم کرد، وتی: بۆ کوێ؟ وتم ئەچینەوە بۆ مەقەڕ، وتی: حیزبین؟ وتم بەڵێ، وتی وەڵا وام زانی لە هاوڕێانی گوردانی شۆانی ئەوەندە بە دڵ هەڵ ئەپەڕیت.

کاک سەدیق وتی: بەیانی وەڕێ ئەکەوین ڕێگاکەمان زور ئاستەمە و لەمەو لا دەبێ زور وریا بن ڕێگاکە بە باشی شارەزا نین هێزی دیواندەرە تا سنوری سنە ئەمانبەن و دوای ئەوە هاوڕێانی هێزی شەریفزادە ئەڵێن کە شارەزان بەڵام من هیوام هەر ئێوەن و چاوەڕوانم کە بە سلامەتی بگەینە جێ.

لکێکی هێزی دیواندەرە بە فەرماندەری "یەدێ حەمەخانەچار" گەیاندمانیە گۆندێک لە نێزیک شاری دیواندەرە کە وابزانم ناوی بەردە ڕەش بوو، لەوێ سواری تراکتوریان کردین و بە دەشتێکا بردمانیان و لە نێزیک جادەی سنە - دیواندەر دایانبەزانین و وتیان ئاوا بڕۆن دەگەنە جێگای ئەمەن بەڵام دەبێ زۆر وەشیار بن.

خەریک بوو ڕووناک ئەبووەوە هێشتا هەر لە دەشتێکا بوین و هیچ جێگایەکمان نەدەدیت کە بۆ حەوانەوە بێ کەسمان شارەزا نەبووین تەنانەت پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادەش نەیان ئەزانی بە باشی لە کوێین. کەوتینە سەر ڕێگایەکی تۆزی پان دیتمان خەڵک بەرەوە ڕومان دێن چەند کەسێک هاتن و پرسیارمان لێکردن کە بۆ کوێ ئەچن؟ وەڵامیان دایەوە کە ئەچن بۆ سەر کێڵگە و مەزراکانیان و بەمجۆرە لە ڕێگای ئەوانەوە تێگەیشتین کە لە کام ناوچەین. کاک مێهدی تەروریوەری و هاورێکانی وتیان: نابێ بە هیچ جۆرێ لەم ناوە دا ڕاوەستین ئەم ناوە مەترسی زۆرە و ئەگەر توشی شەڕ بین مەحاڵە نەجاتمان بێ. لە دۆێنێوە بەڕێووە بووین بە بیستی ئەو هەواڵە ماندویەتیمان لەبیر کرد و بەردەوام بووین و گەیشتینە جێگایەک و بە باشمان زانی پشویەک بگرین و بەم جورە شەو گەیشتینە گوندی "ماچکەی خوارو" و لای بەیانی کەوتینە ڕێ و چووینە گوندی "ئاڵی پینەک" و لەوێشەوە پەڕینەوە بۆ بەری چەم شار و دوای شەو و ڕۆژێ ڕێگا ڕۆشتنی بەردەوام

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

چووینە گوندی "نەڕان". گوندی نەڕان گوندێکی گەورە و خۆش و لە پەنا شاری سنە دایە، کاتێ گەیشتینە ئەوێ هێزی شەریفزادە لە بەرابەر ئاوایدا لە ناو باخێکا بنکەیان دانابوو.

مەنزڵی ئاواتی ئێمە دور و وەڵاتی چاوەڕوان بەرفراوان و خەیاڵی سەرکەوتن قوڵ و هەستی کۆڵنەدان و بەردەوام بوون خەست و خۆزگەی هەڵهاتنی هەتاوی ئازادی لە پراکتیک و کردەوە دا بە تاڵە داشۆڕاوەکانی هەتاوا خۆی شۆڕ کردبوە و ماندویی لە لەشمان دەر ئەکرد و هێزی ڕۆشتن و هەڵکشانی پێئەداین.

---

## لێک دابڕان لە نێو جەرگەی دوژمندا

گوندی نەڕان وەک شارەدێ و شارۆچکەیەک دەهاتە بەر چاو چەندین دوکان و خانوی جوان و باخ و باخات و لە بناری کێو و داوێنی شاخەکانا و هەروەها بە هۆی نێزیکی لە شارە جوان و خۆڕاگرەکەی سنەی سەربەز بۆنی شاری لێ دێت و ئێمە وامان هەست ئەکرد کە هاتوینەتە ناو شار.

سەرەڕای ئەوەی کە ماوەیەک بو پێشمەرگە لەو ناوەدا بوون و بەردەوام ئەهاتنە ناو ئاوایی و نان و خۆاردنیان ئەبرد پێشوازیەکی باشیان لە ئێمە کرد و شۆرای دێ دابەشی ماڵەکانی کردین، پاشان کەوتینە ڕێ بۆ لای کاک "تاهێر عەلیار" و کاک "ئێقباڵ"(سەروان ئێقباڵ). ئەو کاتە کاک تاهێر عەلێار بەرپرسی کومیتەی شارستانی سنە و کاک ئێقباڵ فەرماندەری هێزی شەریفزادە بوون.

هێزی شەریفزادە و کومیتەی شارستانی سنەش هەموو هێزی خۆیان کۆ کردبوەوە و ئەوانەی ئەیانتوانی بەگەڕێن ببوونە پارتیزان و لە ناوچە ئازادکراوەکانی سنوری دیواندەرەش بنکەیەکیان بۆ پیر و پەککەوتەکان دانا بو بەڵام ئەچوونە هەر ناوچەیەک کە بە دڵیان بایە بارگەیان لێئەخست و بە هەفتە و مانگ ئەمانەوە و ئەوەش بۆ هێزی پارتیزان نەگۆنج بوو هێزی پارتیزان دەبێ دایمە بێماوا و هەر شەوە لە جێگایەک و بەردەوام لە گەڕان و شۆێنە ون کردن دا بێ، زەربەی بە پەلە بۆەشێنێ و ڕێگا بگرێتە بەر و نەهێڵێ دوژمن هێزی بۆ کۆ کاتەوە و زانیاری لەسەر هەڵس و کەوت و ژمارە و جۆری چەک و خۆاردن و سنگەر و ئەو شتانەی دەس کەوێ و بتۆانی بەرنامەکانی بۆ زەربەلێدان ئامادە بکات و ئەنجامیان بدات.

هێزی شەریفزادە لە داوێن چیا و لە پەنا شاری سنە بارگەیان لێخستبو و بەپێی قسەی ئەو پێشمەرگەیە کە لە ئاوایەوە ئێمەی برد بۆ لای کاک ئێقباڵ و کاک تاهێر نێزیک بە دوو حەوتوو زیاترە ئەوان لەوێن و ناوچە بە ئازادکراو ئەزانن و دوژمن هەتا ئەو کات هیچ جم و جوڵێکی نەبووە.

هەورازەکەمان بڕی و لە داوێنی چیاوە باخ و باخاتێکی خۆش و هەوایەکی فێنک و کانی و ئاوێکی دڵگر هەموو جۆرە سەوزە و میوەیەکی لێبوو. پێشمەرگەکان لە چەند لاوە لە بن دارەکانا جێگایان لێڕاخستبو و بە نۆرە نیگابانیان ئەدا و کاک تاهێر و کاک ئێقباڵ و چەند کەسیکی دیکە کە پێم وابێ کادر و فەرماندە بون لەولاوەتر و لە نێزیک کانیەکە دانیشتبون، ئەو دیمەنە زیاتر وەک بارگە و بنکەی کەسانێکی بێ خەم و دور لە شەڕ ئەچوو ئەوەی کە زۆرتر بە لای ئێمەوە سەیر بوو ئەوە بوو کە نیگابانەکان تەنیا لە نێزیک ئەو هێزەوە ڕائەوەستان و سەر شاخەکانی دەرو و بەر چۆڵ و کەمینیان دەر

نەئەکرد.

زۆر بە گەرمی ئێمەیان بە خێر هێناو خۆاردنێکی باشیان پێمان دا و لە بن دارەکانا و لەو سێبەرە خۆشە دا حەواینەوە. تازە چاوم چووبووە خەو کاک سەدیق بانگی کردم، هەستام خۆم کۆ کردەوە و چومە لای کاک سەدیق، بە پیاسە کردن لە هاوڕێان دور کەوتینەوە، کاک سەدیق وتی: ئێمە نابێ لێرە بمێنینەوە، دەبێ هەر چ زوترە بگەینە هێزی بێستون، ئەمان(مەبەستی کاک ئێقباڵ و کاک تاهێر بوو) دەڵێن تا قۆرخ و پەنێران ئەتانبەین و لەوە بە دوا ناوچەی ئازاد کراوە، تۆ هیچ شارەزایەکت هەیە؟ وتم: بەڵێ، من لە پەنێرانەوە شارەزام و هەموو گوندەکان ئەزانم، ڕێگاکان ئەدوزمەوە و خەڵکیش ئەناسم.

گەڕاینەوە لای هاوڕێان و قەرار درا دوو پێشمەرگەی هێزی شەریفزادە لەگەڵمان بێن تا گوندی پەنێران، چایەکی دیکەمان خۆارد و پاشان ماڵ ئاوایمان لە هێزی شەریفزادە کرد و کەوتینە ڕێ، هێشتا ڕوناک بوو چوینە گوندی "سمان"، لەوێوە بۆ سەر جادەی قوروە - سنە - کامیاران، بە ماشین ڕێگای چارەکێک بوو، پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە وتیان ئەگەر لێرەوە بە ماشین بچین ڕێگاکە نێزیک ئەبێتەوە و هیچ مەترسیەکیش لە سەر ڕێگا نیە، ماشینێک لە خۆار ئاوایەوە وەستا بوو، پرسیاری خاوەنەکەمان کرد و شۆفیرمان دیتەوە، داوامان لێکرد بمانگەیەنێتە سەر جادە، کابرا وتی: بۆ خاتر خۆا، بۆ ئەتانەوێ منداڵەکانم نان بڕاو بکەن، بەیانی حکومەت ماشینەکەم ئاگر تێبەر ئەدا بەڵام دیار بو کابرا تیاتری یاری ئەکرد و ئەیویست لە بەر چاو خەڵک وا نیشان بدات کە ناڕازیە زۆرمان قسە لەگەڵ کرد بێ فایدە بوو، کابرا هەر وا کە ئەپاڕایەوە و ئەیوت نابێ و ناکرێ خۆی لە کاک سەدیق نێزیک کردەوە و تێی گەیاند کە بڵێن ماشینەکەت ئەشکێنین و تۆزێ هەڕەشە و گوڕەشە بکەن، لە پڕ کاک سەدیق تورە بوو و سەرەنەیزەکەی دەر هێنا و وتی: هەر ئێستا درگاکەی ئەشکێنم و خۆم لێئەخوڕم لە پێشدا زورم پێ سەیر بوو کە کاک سەدیق ئاوا جولایەوە بەڵام دوایی تێگەیشتم کە ئەوەش هەر تیاتر بووە و ئەو جۆرە کردەوانە دورە لە کەسایەتی کاک سەدیق. کابرا بە پەلە هات و درگای ماشینەکەی کردەوە و وتی بۆ خاتر خۆا، خەڵکینە ئەبینن کە بە زۆر ئەمبەن.

گەیشتینە نێزیک جادە، ماشینەکەمان ڕاگرت، کابرای شۆفێر ئەملا و ئەولای هەمومانی ماچ کرد و وتی: ئێوە لێرە بوەستن، من ئەچمە سەر جادە ئەگەر زانیم هیچ مەترسیەک نیە ئەو کات دێمەوە بە دواتانا بەڵام کاک سەدیق وتی: نا سپاس، ئەوەندە یارمەتیەی کە کردوتە زوریشە، هەر لەوێ پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادەش لەگەڵ کابرا گەڕانەوە، من و کاک سەدیق بووینە پێش قەرەوڵ و لە پێشدا چووینە سەر جادە و ئەوانی دیکەش هاتن و چوینە ناو ئاوایی "پەنێران"، لە دوو ماڵا لامان دا و نان و چامان خۆارد و هاتینە دەر، خەڵکمان لێ کۆ بوەوە و من و ڕەمەزانیان ناسیەوە و کەوتنە پرسیار کردن، کاک سەدیق وتی: بکەونە ڕێ دەبێ بڕۆین، هاتینە پێش ئاوایی، لەوێ تێگەیشتین کە قەندمان نەهێناوە، واتە ئەو کاتە کە نان و خۆاردنمان لە ماڵان هێنا بوو بۆ ڕۆژی دوایی و تا ئەوکاتە دەستمان دەگاتە گوندێکی دیکە شەکرمان

لە بیر چووبوو پێشمەرگەش بە بێ چای ژیانی تاڵ بو من و نامدار و کاک سەدیق وەستاین و ڕەمەزان و یوسف بەلوجەیی و بیژەن هێدی، هێدی وەڕێ کەوتن، من چووم و لە ماڵێکا بڕێ شەکری کلۆم هێنا و گەڕامەوە، دیتم کاک سەدیق سیگار ئەکێشێ و نامداریش بە سەر عەرزەکەدا درێژ بوەتەوە.

ئێمەش کەوتینە ڕێ، ها لێرە و ها لەوێ، نەگیشتینە تیمەکەی دیکە. ئەوانیش کاتێ دەبینن ئێمە نەهاتوین، یوسف بەلوجە ئەڵێ کاکە ئەوان بە خۆارا چوون و پای پێوە ئەنێن، ئێمەش بە سەر هەوراز و شاخەکانا بەردەوام ڕۆشتین هەتا ڕۆژ بوەوە، ئەوجا تێگەیشتم کە لە نێزیک گوندی "سەرکارێزین". لە لای کانی و ئاوێک لامان دا و تۆزێ دور لە کانی و ئاوەکە لە بنە بەردێکا پشویەکمان دا، خەوم لێ کەوتبوو، بە گەرمای هەتاو وەخەبەر هاتم دیتم نامداریش نووستووە بەڵام کاک سەدیق شانی دابوە سەر کۆڵەپشتەکەی و سیگاری ئەکێشا، وتی: باش نووستی؟ وتم خراپ نەبوو تۆ نە نووستی؟ وتی: نا، نابێ هەمومان بە جارێ بنووین، وتم: کەوا بوو بنو من بە خەبەر ئەبم وتی: نا، وا باشترە لە گوند نێزیک بینەوە و بتوانین نان و خواردن بێنین، شایانی باسە ئێمە تەنیا شەکرەکەمان لە لا مابوو و خۆاردن و شتەکانی دیکە بە تیمەکەی دیکە بوو. هاتینە نێزیک ئاوایی کاک سەدیق پەنجا تمەنی دامێ و وتی: بچۆ مریشکێک بکڕە و بیدەرە ماڵی حاجی بۆمان ئامادە کەن، دیارە کاک ئێقباڵ و کاک تاهێر ناوی هێندێ دوست و نێزیک و ئەندامی حیزبیان دابووە کاک سەدیق.

چومە ناو ئاوایی، خەڵک منیان ناسیەوە و لێم کۆوە بوون، هەواڵی پێشمەرگەکان و بە تایبەت حەسەن سەرسپیان ئەپرسی و منیش وتم لەم ناوەن، چاوڕوانیان ئەکەین ڕەنگە هەر چ زوتر پەیدایان بێ لە ڕاستیدا ئەمویست وا نیشان بدەم کە هێزێکی زورین، پاشان مریشکێکم کڕی و دامە حاجی ژن کە بۆمان چاک کات، بانگی کرێکارەکەیانی کرد و مریشکەکەیان سەربڕی، منیش لە سەر تەنور دانیشتم نان و چایەکی باشم خۆارد، ئینجا چومەوە ناو ئاوایی و دەستم کردە پیاسە کردن، کابرایەک پێیوتم: دۆێنی گروی زەربەت لێرە بون، نێزیک دە ماشین لە قوروەوە هاتبوون و ئەیانوت کە دەیانەوێ حەسەن سەرپی ئەسیر کەن، بڕێکیان هاتنە ئاوایی بەڵام ماشینەکان لەو سەرەوە وەستان، شەو و ڕۆژ لەم ناوە دا ئەخولێنەوە.

هەواڵێکی ناخۆش بوو دڵم داخورپا هەستم بە ترس ئەکرد لە لای خەڵکەکە نەم هێنا ڕوی خۆم و وام نیشان دا کە هیچ نیە و وتم: ئەوە زانیویانە پێشمەرگە لێرە نیە دەنا ناوێرن بێنە ئێرە و قسەی ئاوا زل زل بکەن. گەڕامەوە ماڵی حاجی، لەگەل کرێکار و کچەکەیانا نان و چامان بۆ کاک سەدیق و نامدار برد، کچی حاجی و کرێکارەکەیان گەڕانەوە و ئێمەش لەوێ ماینەوە و باسی گروی زەربەتەکەم بۆ کاک سەدیق گێڕایەوە، ئەویش وتی: باشە من چاوێ گەرم ئەکەم دەبێ زۆر وریا بی.

بەر لە تاریک داهاتن چوینە ناو ئاویی و لە ماڵی حاجی لامان دا، حاجی زۆر بە گەرمی پێشۆازی لێکردین و هەۆاڵی کاک

شاپور و خاڵە حەسەن سەرسپی و ئەوانی دیکەی پرسی و پاشان لەگەڵ کاک سەدیق دا بڕێ قسەی کرد، من ئارامم نەبوو، زوو، زوو ئەچومە دەر و دەورێکی ماڵەکە ئەگەڕام و گوێم هەڵئەخست بزانم دەنگێ، خشەیە، جم وجوڵێکلی نائاسای نیە.

نان و چامان خوارد، حاجی وتی: ئافەرین کوڕی ئازا، ئاگام لێە کە بەردەوام ئاوایی کونترۆڵ ئەکەی، تەمەن درێژ بی ڕۆڵە، دوو پەتویان پێمان دا و حاجی جێگایەکی بۆمان دەسنیشان کرد کە بچینە ئەوێ بنوین و بەتانیەکان هەر لەوێ جێ بێلین، دیارە ئەوە مەزرای خۆیان بو، ئێمەش کەوتینە ڕێ و لە جێی مەبەست لێی ڕاکشاین، سێ نەفەر و دوو بەتانی، نامدار وتی: من چەکم نیە و نیگابانی نادەم و بەتانیەکم دەوێ بۆ ئەوە کەس لە خەوم نەکا، منیش وتم بەتانیم ناوێ، جامانەکەم بەسە و نامەوێ بنووم. دەمەو بەیان هەستم بە سەرما ئەکرد، ویستم هەستم پیاسە بکەم، کاک سەدیق هەستا و بەتانیەکەی بە سەرم دا کێشا و وتی: من بە خەبەر ئەبم بێ خەم بە.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لەوێ ماینەوە لە نێزیک نیوەڕۆ گوێمان لە دەنگی تەقە و تۆپ باران بو لە شاخەکانی ئەوبەرەوە وتم ئەوە هێزی بێستونە. ئێوارە کەوتینە ڕێ و لە نێزیک گوندی "کۆماین" توشی چەند کەس لە خەڵکی ناوچە بووین، کاتێ منیان ناسیەوە زۆر بە گەرمی چاک و چۆنیان لەگەڵ کردین و هێندێ هەواڵیان پێمان دا و باسی شەڕەکەیان کرد کە لەوبەر ڕوی داوە و ئەمڕۆ هەموو ڕۆژەکەی تەقە بووە و پێشمەرگەکانی حەسەن سەرسپی زەربەیەکی باشیان وەشاندوە.

کۆڵە پشتەکەی کاک سەدیق بە نامدار بوو، ئەویش من داوام لێ کرد کە یارمەتی کاک سەدیق بدات و بە بۆڵە بۆڵ قەبوڵی کرد، لە گوندی "قەڵاگا" نێزیک بوینەوە، تاریک و لێڵی ئێوارە بوو، دیتمان کۆمەڵی خەڵک لە نێزیک مزگەوتا وەستاون، من لە پێشەوە بووم و ناوچە شارەزا و ڕێگاکانم ئەزانی، بە کاک سسەدیقم وت: ئێوە لێرە ڕاوەستن من ئەچم نێزیک ئەبمەوە ئەگەر زانیم چەکدارن ئەوا ئەگەڕێمەوە و بە ڕێگایەکی دیکە دا ئەڕۆین ئەگەریش چەکدار نەبون ئەوا بانگتان لێ ئەکەم وەرن، بە کۆمە کۆ، لە ئاوایی نێزیک بومەوە و خۆم گەیاندە یەکەم ماڵی نێزیک مزگەوت و بە دەنگە دەنگەکە دا تێکەیشتم خەڵکی ئاساین، وەر چەرخام کە بگەڕێمەوە بانگی کاک سەدیق و نامدار بکەم دیتم کاک سەدیق چەک بە دەست لە نێزیک منەوە خۆی کۆم کردوەتەوە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستی سەراپای وجودی داگرتم وام هەست ئەکرد کە پاڵەوانی ئەو ناوە خۆمم، بانگی نامدارمان کرد و چووینە ناو ئاپۆرای خەڵکەکە.

دیمەنێکی ناخۆش بوو، ترس بە تەواوی زاڵ بو بە سەر خەڵکی گوندەکەدا و نەیان دەوێرا وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە، یەک دوو کەسم ناسیەوە و پێشتر لە ماڵیانا میوان بوبووم، ڕوم تێکردن و وتم: بۆ وا ئەکەن؟ ئێمە پێشمەرگەین. یەکێک لە ناو ئاپۆرایەکە هاتە وەڵام وتی: ئێوە لە چی دەگەڕێن ئەم ناوە هەموی گیراوە دوێنێ ئا لەو سەر گەردەنەیەی لەو خوارەوەیە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کەوتنە کەمین ئێستاش مینیبوسەکە هەر لەوێە.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ڕۆژێ بەر لەوە ئێمە بێنە ناو ئەو گوندە نێزیک بیست پێشمەرگەی کۆمەڵە لەوێ ئەبن و سواری مینیبوسێکی کابرایەک ئەبن و ئەیانەوێ بڕۆن بۆ گوندێکی دیکە و لە گەردەنەی نێوان "قەلاگا" و "باخوڕم" ئەکەونە کەمینی دوژمن و ئەدرێنە بەر دەسرێژ ماشینەکە خراپ دەبێ و پێشمەرگەکان بە بێ زیان نەجاتیان ئەبێ و دەرباز ئەبەن.

کاتێ دیتمان خەڵک زۆر ئەترسن و هەل ومەرجەکە ناسکە ڕانەوستاین و من پێش کەوتم و ڕێگای "باخوڕەم"م گرتە بەر، لە داوێنی گەردەنەکە دا بووین و چەکەکەم بەدەستەوە بوو و زۆر بە هستیاریەوە ئەچومە پێش لە پڕ دەنگی ماشینێک هات خۆمان خستە خوارەوەی ڕێگاکە و پێمان وا بوو ماشینی دوژمنە کاک سەدیق وتی دابەزنە خواری مەبەستی ناو ئاودڕەکەی پەنا جادەکە بوو بەلام من و نامدار بۆی دەرچووین و زور لە جادەکە دور کەوتینەوە لە پڕ گوێم لێبو کاک سەدیق دەنگی ماشینەکەی دا و بوو بە غەڵبە غەڵب کاک دسەدیق وتی ماشینەکە بکوژێنەوە بەلام لامپەکانی داگیرسێنە کاتێ گوێم لە کاک سەدیق بوو پێشی ماشینەکەی گرتوە منیش گەڕامەوە و خۆم بە شەرمەزار ئەزانی خێرا خۆم گەیاندە لای کاک سەدیق و لە پشتەوەڕا چومە لای ماشینەکە کە تراکتور و تریلیەک بوو و چوار کەسی بە سەرەوە بو یەکێک لە مسافرەکان منی ناسیەوە و وتی: بەر لە یەک سەعات توشی کاک "عەزیز قۆڕیدەری" و چەند پێشمەرگە بووین و پێی وتوین ئەگەر توشی ئێوە بووین پێتان بڵێن کە بەرەو ئەوبەر بڕۆن.

تێگەیشتین کە گەردەنەکە ئەمنە و سەرکەوتین و چوینە گوندی باخوڕەم و لە ماڵێکا لامان دا من ئەو ماڵەم ئەناسی و لە سەروی ئاوایی و لە جێگایەکی باش دا بوو کە ئەگەر تووشی شەڕ یان شتێکی وا هاتین ئەمانتوانی بە باشی دەرباز بین، ماڵەکە دوو دەرگای هەبوو و لە سەروی ئاوایی و نێزیک دوڵێک بوو و بە باشی شارەزای بووم. چایان بۆمان هێنا و من وتم ئەچم سەرێکی ماڵی حاجی ئەدەم و ئەگەڕێمەوە، ماڵێ حاجی ئاشنام بوون و کچێکیان هەبوو زور بۆ ئێمە باش بو ناوی ساحێب بوو، زۆر جوان و ئازا و پێشمەرگە خۆشەویست بو و هەرچی هەواڵ و شتی تازە هەبایە بۆی ئەگێڕاینەوە، ئەو کچە جوانە چووە ڕیزەکانی کۆمەڵە و بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازا. تا ئەو کاتە شەڕی حیزب و کۆمەڵە دەستی پێکرد بە بەردەوامی ئاگام لێی بوو وجار و بارەش یەکترمان ئەبینی بەلام بەداخەوە لە شەڕی هەورامانددا لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبەوە کوژرا.

کاک سەدیق وتی: وا باشترە نەچی و لێک دانەبڕدرێن. خەریکی نان خواردن بووین کە سەگەکان کەوتنە پاس کردن زور بێتاقەت ئەوەڕین خاوەن ماڵەکە وتی: چەند شەوە لەسەر یەک لەم کاتە دا گروی زەربەت دێنە ناو ئاوایی و هەموو جارێ ئا لەوێوە دێن کە سەگەکان ئەوەڕن. دەستم دایە چەکەکەم بچمە دەرێ و دەورو بەر چاو لێ کەم، کاک سەدیق نەیهێشت و وتی خێرا سەرو بابۆڵە بکەن و دەرکەوین لە ماڵ وەدەر کەوتین و بە دۆڵەکە دا هەڵکشیان و ڕێگامان گرتەبەر بەرەو گوندی بانسەێی، لە گوندی "هەرمێلە" لامان دا هەواڵی ناوچەکەمان پرسی پێان وتین کە ئێوارە کاک عەزیز و چەند پێشمەرگەیان دیوە و بەرەو نێزیک جادە چوون. لە چۆمەکە پەڕینەوە و من لە پێشەوە بووم و بە ناو چووم و ناو

زەویەکانی خوار ئاوایی دا ئەڕۆشتین، کاک سەدیق لەولاوە هاتبوو و پێش من کەوتبوو هەر ئەوەندەدم زانی کابرایەک هاواری لێ هەڵسا و ئەپاڕایەوە و ئەیوت: بۆ خاتر خوا مەم کوژن من خەڵکی ئاوایم، بێ تاوانم. گەیشتمە لای دەنگە دەنگەکە دیتم کاک سەدیق تەفنگەکەی لە بنا گوێ کابرا سرەواندوە، کابرا پێمەڕەیەکی (خاکەناز) بە دەستەوە بوو، کاک سەدیق وای زانیبوو کە چەکی پێە و زۆر بە خێرا دەگاتە سەری و داوای لێ دەکا نەجوڵێ، کابرام ناسیەوە و هەواڵی ئاوایمان لێ پرسی...

چەند خۆشە بە بێ ئەوە خزم، ئاموزا، خاڵۆزا و کەسوکاریکت هەبێ وا هەست بکەی هەموو کەس و کاری خۆتن و ئەوانیش بە بینیت وا نیشان بدەن کەسێکی لە خێزانەکەیان. ماڵت نەبێ بەڵام هەست بە خاوەن ماڵی بکەی، ماندو بی بەڵام هەست و خۆشەویستی خەڵک و خاک و نیشتمان ئارامی و حەوانەوەت پێ ببخشن.

ئەمجارەش لێرەدا بە جێتان دێڵم و چاوەڕوان بن تا بەشێکی دیکە.



سەرچاوە
Serchawe

## گەیشتنەوە بە هاوڕێیان

ئازیزەکانم، زۆر جار باسی خۆم ئەکەم و ئەڵێم: منیان ناسیووە، یان کابرا منی ناسیووە و بە گەرمی وەری گرتین. بڕواتان هەبێ بە شان و باڵی خۆم دا هەڵ ناڵێم، ئەو کاتە من منداڵ بووم، تەمەنم تەنیا ١٤ ساڵان و لە ناو پێشمەرگەکان وەک منداڵ چاوم لێ ئەکرا و لە لایەن خەڵکیشەوە وەک شتێکی عەنتێکە دیار و سەرەنجڕاکێش بووم.

لە بەر ئەوە بچوینایەتە هەر گوندێک خەڵک لە پێشدا سەرنجی من و ڕەمەزانیان ئەدا و زۆر جار کە لەگەل گروپ یان پەلێ لە پێشمەرگەکانا نەباین و بچونایەتە هەر گوندێکەوە هەواڵی ئێمەیان ئەپرسی.

هۆی ئەوەی کە منیان ئەناسیەوە هەر ئەوە بوو، دەنا من ناو و ناوبانگم نەبوە و پێشمەرگەیەکی ئەوەندە قارەمان نەبووم کە بناسرێم، دیارە ئەو کاتە هێزی بێستون بۆ خۆیان ناودار و قارەمان بوون و منیش لە پەنا ئەو ناوە و بە بۆنەی ئەوانەوە ئەناسرام و خەڵک ڕێزی لێ ئەگرتم.

لەگەڵ کابرای ئاودێرا قسەمان کرد، باس و هەواڵی ناوچە و ئاوایمان لێپرسی، بە سەر پاوە و بە پەلە باسی ئەوەی کرد کە گروی زەربەت بەم ناوە دا ئەگەڕێن بەڵام تا ئێستا ڕویان لەم گوندە ئێمە نەکردوە، ئەمڕۆش شەڕ بووە و پێشمەرگەکان لە لای گوندی سامێلە کەمینیان داناوەتەوە و ماشینێکیان سوتاندوە و چەندین پاسداری ناوداریان کوشتووە هەروەها وتی کە پێشمەرگەیەکیش لە ئاوایی دایە و ئێستا لە ماڵێکا لە نێزیک مزگەوتا نووستووە.

چوینە ناو ئاوایی، هەموو گوند بێدەنگ و ئارام بوو، شەو لە نیوە دایە و نیوەی خەڵک نوستوون. کاک سەدیق وتی: ئەمەوێ بچینە ماڵێک کە بڕوایان پێبکەین و تۆ بیان ناسی. منیش وتم: چەند ماڵێک ئەناسم، بەڵام ماڵێک هەیە کە کاک شاپور ئەچتە ماڵیان و وا بزانم بڕێ جار ئەیان نێرێ بەملا و بەولا دا.

لە درگای ماڵەکەمان دا، یەکێک لە ناوەوە وتی: کێتە بەم نیوە شەوە لە دەرگا ئەدا؟

منیش دەمم لە درگاکە نێزیک کردوە و وتم: خۆمانین، خۆم پێ ناساند و ناوی ئەویشم هێنا. درگا کرایەوە، خاوەن ماڵ منی بینی بە چەک و ڕەخت و پوزەوانە و جامەدانەوە و جلێکی خاکی و توزاویم لەبەر دایە، یەکسەر لە باوەشی گرتم،

خێرا ئەملا و ئەو لای ماچ کردم و وتی: بە تەنێ هاتوی؟ وتم: نا ڕەفیقم لەگەڵ دایە. لام کردەوە و بانگی کاک سەدیق و نامدارم کرد، ئەوانیش هاتنە ناو، خاوەن ماڵەکە بە گەرمی باوەشی بە کاک سەدیق دا کرد و دەستێکی لەگەڵ نامدار دا لێدا، فەرموی لێکردین بۆ ژورەوە و پاشان منداڵەکانی لە خەو هەڵسان و بە بیستنی ناوی من هەمویان هاتن و ئەو دیمەنەیان پێ سەیر بوو. خاوەن ماڵەکە وتی: هەواڵی تۆ و ئەو کوڕە بچکۆلەکەمان لە کاک شاپور پرسی وتی چوون بۆ دەفتەر، ئێمەش وتمان داخۆا ئەم دەفتەرە لە کوێ بێ؟ ڕەنگە ئیتر نەیەنەوە.

چایان هێنا و پاشان نانمان خۆارد و لەگەڵ خاوەن ماڵ قسەمان کرد، گەلێ زانیاری باشی پێمان دا و وتی: پێشمەرگەیەک لە ناو ئاوایی دایە، کاک حەسەن سەرسپی و پەلەکەی لە گوندی "پشت تەنگن" و ئەمڕۆ شەڕیکی باشیان کردوە. پێم باشە ئەمشەو لێرە بنوون و بەیانی بە ئیسراحەت بکەونە ڕێ. ئەمڕۆ کاک عەزیزی قوڕیدەری و چەند کەس هاتنە ئێرە و لایان دایە ماڵی ئێمە، کاک عەزیز وتی کە ئێوە هەڵبڕاون وئەوان ئەیانەوێ بتان دوزنەوە.

کاک سەدیق منی نارد کە ئەو پێشمەرگەیە بێنم، منیش لەگەل کوڕی خاوەن ماڵەکە چووین و کابرام لە خەو هەڵسان و هێنام بۆ لای  کاک سەدیق.

ئەو کەسە جاشێکی خەتەرناکی ناوچە بوو و تازە هاتبوە ڕێزی حیزب و خاڵویەکی خۆی کوشتبو، بەڵام سەیر لەوە دابوو کە بۆ لەگەڵ پێشمەرگەکانا نەبوو، کاتێ کاک سەدیق ئەوەی لێپرسی کە بۆ بە تەنێی؟ وتی: هاتووم بۆ کارێکی تایبەت و بە تەمام بەیانی زو بڕومەوە بۆ لای کاک حەسەن و ئەوان. کاک سەدیق وتی: واباشترە لە دوو ماڵا بنووین و ئەم کابرایە جێگای ئێمە نەزانێ.

لەگەڵ خاوەن ماڵەکەمان قسەمان کرد و هاتینە دەر، نامدار و کابرای بە ناو  پێشمەرگەمان نارد بۆ ماڵێک لەو بەری چووم و وتمان کە ئێمەش لەم ماڵە دا ئەنوین، کاتێ ئەوان چونە ماڵ و دڵنیا بووین کە ئێمە نابینن، داگەڕاین و لە درگای ماڵێکم دا لە سەروی ئاوایی، کوڕەکەیان هات بێ ئەوەی بڵێ کێن و چیتان دەوێ، درگای کردوە و چوینە ژور، پاشان بەخێر هاتنی کردین و وتی: من بە خەبەر بووم، لە سەر ئەو بانەی بەردەمتان نوستوبوم، ئێوەم بینی هاتن و تۆم ناسیەوە و نەم ویست دەنگ هەڵبڕم و خەڵک گوێی لێمان بێ، چوو، وتی ئاوتان بۆ دێنم، بەڵام هەر دوو خۆشکەکەی و دایکی لە خەو هەڵسان بوو و ئەوانیش هاتن، هەموویان دەستیان لە ملی من کرد وەک کوڕی خۆیان و بەخێر هاتنی کاک سەدیقیان کرد و وتیان چاتان بۆ لێنین؟ سپاسمان کردن و وتمان باشترە بنووین.

بەیانی لە خەو ڕابووین، دنیا ئارام و بێدەنگ بوو، نان و چامان خۆارد، بانگی نامدار و کابرام کرد، کەوتینە ڕێ بەرەوە لای کاک حەسەن و پێشمەرگەکان، لە هەورازی پشت ئاوایی، کابرا وتی: ئێوە بڕۆن من نایەم، کارێکم هەیە ئەمەوێ

ئەنجامی بدەم و پاشان دێم.

(لە ڕاستی دا ئەم کابرایە لە لایەن ڕژیمەوە ناردرا بو کە کاک حەسەن سەرسپی تیرور بکات و بگەڕێتەوە و پاداشێکی زوری بدەنێ و کوشتنی خاڵەکەشی کەوا کێشەیان هەبوو پێکەوە بەرنامەی ئیتلاعاتی ئەو ناوە بوبوو کە بتوانێ باوەڕی پێشمەرگەکان وەدەس بێنێ بەڵام بۆی نەکرا و پێشمەرگە هەرگیز بڕوایان پێ نەکرد، دیارە ئێمە شانسێکی باشمان هەبوو ئەو شەوە نەمانی کوشت، لە لایەک نەیئەزانی کاک سەدیق کەسێکی پایەبەرزی حیزبە و لە لایەکی دیکەوە زیرەکی کاک سەدیق کە بڕوای پێنەکرد و لە خۆمانی دور کردەوە، یارمەدتیدری ئێمە بوو.

دوای دوو ڕۆژ پۆلێ پێشمەرگە کابرایان لەگەڵ خۆ برد بۆ مەئموریەتێک و لەوێدا دەرکەوت کە کابرا نیازی چیە و وابزانم بڕیار درا بوو کە ساردی کەنەوە بەڵام کابرایەکی زۆر خەتەرناک بوو، هەلی بەکار هێنا بوو و لە دسەت پێشمەرگەکان هەڵهاتبوو و خۆی گەیاندەوە پێگەی دوژمن).

لە هەورازەکە وە سەر کەوتین و لە لای دوو کەس لە خەڵکی دێ کە خەریکی کارکردن بون لامان دا و تۆزێ حەواینەوە ئیجا بە دۆڵەکە دا هەڵکشاین و لە ئاوایی نێزیک بوینەوە، نیگابانەکەم بینی لە پێشت ئاوایەوە و بە کاک سەدیقم وت کە پێشمەرگەکان لێرەن، کاک سەدیق وتی: چۆن ئەزانی پێشمەرگەن، وریا بە، چەکەکەمان گرتە دەستەوە و دیتمان کە لەملاو و لەو لای ڕێگاکەوە پێشمەرگە دامەزراون، نیگابانەکە ئاگاداریان ئەکات کە چەکدار بەرێوەن بۆ ناو ئاوایی و ئەوانیش خێرا وەک ئاکاری هەموو کاتێکیان خۆیان بۆ پەلاماردان ئامادە کردبوو.

یەکێک لە پێشمەرگەکان دنگمانی دا: کێن کورە، تەکان نەخۆن؟ دەنگەکەم ناسیەوە و وتم: کا حەمە گومەتەیێ خۆمانین، پێشمەرگەکان دەرپەڕین و لە ئامێزیان گرتین، بوو بە ماچ و مۆچ و یەکتر لە باوەش گرتن و پێکەنین.

(حەمە گومەتەیێ فەرماندەری لکی شەهیدان و قارەمانێکی تاقانە بوو، خۆشەویستی پێشمەرگە و خەڵک و ئازایەکی کەم وێنە بوو، دوای لەبەر هێندێ کێشەی ناوخۆ، گۆڕەپانی خەباتی بە جێ هێشت و خۆی تەحویل دایەوە و بوو بە بەکرێگیراوی ڕێژیم و وابزانم ئێستاش هەر چەکدارە، بەڵام ئێستاش ئازایەتیەکەی وێردی زمانی ئەو کەسانەیە کە لە نێزیکەوە ئەیناسن).

حمە گومەتەیێ وتی: ئێوەمان ناسیەوە، زۆر لە مێژە نیگابانەکان پێیان زانیوون، بەڵام وتم با بتانترسێنین. بە گاڵتە کردن وپێکەنین چووین بۆ لای خاڵە حەسەن سەرسپی، مامە ڕۆسەم و یاری و ئەوانیش هەر بەو جۆرە خۆشی و خۆشەویستی خۆیان پیشان دا و بە خۆشی هاتنەوەی ئێمە و هاتنی کاک سەدیق وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان، بڕیاریان

دا کە مەڕێک بکرن و بێ ئێوە ناخۆش کەبابێکی باشمان خوارد.

وتیان: ئێمە دوێنێ شەڕێکی باشمان کردوە و دەبو ئێستا لەم ناوە دا نەبوایەین بەڵام ڕەمەزان وئەوان هاتن و وتیان کە ئێوەش بەڕێوەن بڕیارمان دا هەر چۆنێ بوە بمێنینەوە تا ئەو کاتەی ئێوەش دەگەن، دیارە دوێنێ دەست و بە جێ کاک عەزیز قۆڕیدەری و چەند پێشمەرگەمان ناردوە بە دواتان دا. ئێستا ناوچە ئارامە بەڵام ئێمە هەرگیز دوو ڕۆژ لە جێگایەک دا نامینینەوە.

کۆبونەوەیەک گیرا و خاڵە حەسەن سەرسپی بە خێرهاتنی کاک سەدیقی کرد و پێشمەرگەکان زۆر خۆشحاڵ بوون، ماوەیەکی زۆر بوو کە کومیتەی شارستانی کرماشان بەرپرسی نەبوو و زیاتر کاک شاپور هەم فەرماندەری هێز و هەم بەرپرسی کومیتەی شارستان بوو. کاک کەماڵ دەباغی دواین بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان بوو کە بەداخەوە لە شاری کرماشانا گیرا بوو.

کاک سەدیق برێ قسەی بۆمان کرد و وتی: شانازی ئەکەم کە لەگەڵ ئێوە دام و هێزی بێستون هێزێکی ئازا و خاوەن ناو و قارەمانە و هیوادارم بتوانین هەموومان پێکەوە سەرکەوتوو بین.

ڕۆژێکی خۆش بوو، هەستم بە ئاسودەیی ئەکرد، وام ئەزانی چومەتەوە لای بنەماڵەی خۆم و پڕ بە دڵ بیری پێشمەرگەکانم کردبو. چوومە لای مامە نەبی و ڕەمەزان و خەمی خۆم بۆ شەهید بونی کەریم دەبڕی، ئەوانیش سەرەخۆشیان لە من کرد و وتیان ئەوەندە بە ئێمە ئەگا ئەوەندش بە تۆ. وەک پێشتر باسم کرد کەریم برای ڕەمەزان و کوڕی مامە نەبی و دوهەم شەهیدی بنەماڵەکەیان بوو، هاوڕێ و خۆشەویستی من  و هەموو پێشمەرگەکان بوو کە لە لایەن بەکرێگیراوێکی خۆماڵیەوە لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی سەدیق لۆنی و ئەولکوریم ڕەوانسەری شەهید کرابوون بەڵام مامە نەبی پێشمەرگەیەکی بە ورە و خاوەن ئیمان و دڵسۆز و نەترس و ماندویی نەناس بوو و فەرقی کوڕەکانی خۆی و ئێمەی نە ئەکرد و بە یەک چاو سەیرمانی ئەکرد.

وتیان نابێ لەم ناوە دوور کەوینەوە و دەبێ چاوەڕوانی هاتنەوەی کاک عەزیز و ئەوان بین بەڵام دەبێ جێگا بگۆڕین، ئێوارە کەوتینە ڕێ و لە نێزیک گوندی "سیدئاوا" دا نووستین و بەیانی زۆ بۆ کەمین هەڵکشاینە سەر بەرزایەکان و بۆ خواردنی ناشتا چوینە ناو ئاوایی.

لای ئێوارەکەی کاک عەزیز و هەڤاڵەکانی هاتنەوە، شۆێن بە شۆێن، گەڕابون و هەواڵیان زانیبو کە ئێمە لە ئاو کردومانەتە ئەوبەر، ئەوانیش هاتبوونەوە و دڵنیا ببوون کە ئێمە بەرەو لای پێشمەرگەکان بەڕێوەین.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

کاتێ ئێمە گەیشتینەوە هێزی بێستون یان باشتر بڵێم یەکێک لەو بەشانەی هێزی بێستون کە لە ناوچەی سوور، سوور ئەرکی پێشمەرگایەتیان ئەنجام ئەدا، نێزیک بە پازدە عەمەلیاتیان لە پەنجاو نۆ عەمەلیاتە بەڵێنی دراوەکە، بە تۆڵەی پەنجاو نۆ شەهیدی بێتاوانی شاری مەهاباد، ئەنجام دابوو.

هێزی بێستون پێک هاتبوو لە سێ لک و هەر لکەش سێ پەل، لکەکان لە سێ ناوچەی دیاریکراوا بڵاوەیان لێ ئەکرد و هێندێ جار، لکەکانیش ئەبوون بە سێ بەشەوە و بە سێ جێگای جیاوازا بڵاو دەبونەوە و بەم جۆرە سەریان لە دوژمن ئەشێوان.

جاری وا بووە کە پێشمەرگەکانی لکی شەهید حەمە شەریف سێ عەمەلیاتیان ئەنجام داوە کە بە خەیاڵ ناچێتە ئەقڵی دوژمنەوە ئەم شەڕانە چۆن و لە لایەن تەنیا لکێکەوە ئەنجام درابێ.

لکی شەهید نادر بە فەرماندەری کاک عەلی ئەشرەف مەجیدیان لە ناوچەی بێڵەواری کامیاران تا نێزیک گەشکی و ژاوەروی کامیاران و سنە و مەریوان، لکی شەهید حەمە شەریف لە ناوچەکانی نێزیک شاری کامیاران، ڕەوانسەر و کرماشان و لکی شەهیدان بە فەرماندەری حەمە گومەتەیی لە ناوچەی سوور، سوور و کولیایی و نێزیک جادەی سنە، کرماشان ئەخولانەوە، هێندێ جار لکەکان بڵاوەیان لێ ئەکرد و ئەوانیش بڵاوەیان بە پەلەکانی خۆیان ئەکرد و وایان لە دوژمن ئەکرد کە نەتوانی هێز لە ناوچەیەکی دیاریکراوا کۆ کاتەوە و هێرشی بەرفراوان بکاتە سەرمان و لە نەتیجە دا هێزی دوژمنیش دابەش و تۆپەڵ، تۆپەڵ دەبوو و لە کاتی هێرش کردنا زەربەیان ئەخوارد.

ئێمەش ئەرکانی هێز بووین کە بۆ خۆمان لە پەلێک زیاتر و لە لکێ کەمتر بووین، بەرپرسی کومیتەی شارستان واتە کاک سەدیق بابایی و فەرماندەری هێز واتە کاک شاپور فیروزی لەگەڵ ئەرکانی هێز بوون و هەر ماوەیەک لەگەڵ لکێک دا ئەخولاینەوە.

بەڵام هەر ماوەیەک جارێ لکەکان لە جێگایەکی دیاریکراوا یەکیان ئەگرت و بەرنامەی نوێ دائەڕێژرا و زۆر جار شەڕێکی هاوبەشمان ئەکرد کە بێگومان ئەوکاتە ئیتر ئەو شەڕە دەبوو دەنگ بداتەوە.

بەڵام پێکەوە بونەکەمان دەوامی نەدەبوو و خێرا بڵاوەمان لێئەکرد و ئەمەش بۆ چەواشەکردنی دوژمن بوو، کاتێ ئەیانبینی ناوچەکان چۆڵن و پێشمەرگە نەماوە و هەموو لە ناوچەیەکی دیاریکراوا کۆ بونەتەوە هێزەکانیان کۆ ئەکردەوە بە نیازی هێرشی بەرفراوان و لە پڕێکا پێشمەرگەکان خۆیان ئەگەیاندەوە ناوچە ئارامەکان و ئەیان شڵەژاند و زەربەیەکی کوت و پڕیان ئەوەشاند و بەرنامەکانی دوژمن پوچەڵ ئەکرایەوە و پێشمەرگەش کەمترین زەرەری ئەبینی.

ڕۆژی واش بووە کە هەر سێ لکەکە پێکەوە شەڕیان کردوە و دوژمنیان غافلگیر کردوە جاری واش بووە کە دوژمن هێرشی کردوەتە سەرمان و تا ئەندازەیەک غافڵ گیری کردوین بەڵام پێشمەرگەکان بە شێوەیەکی سێحراوی هاتونە دەست و بە بێ ئەوە هیچ زیانێک ببینن گەلێ دەسکەوتیان هەبووە و چەندین جەنازەیان کەوتەتە دەست و بە سەربەرزی شەڕەکەیان بردەتەوە.

کاتێ کاک عەزیز و هەڤاڵەکانی هاتنەوە ڕومان لە جادەی سنە - کامیاران - کرماشان کرد و چووینە گوندی "وزمانە" و شەوێک لەوێ بووین و ئێوارەی ڕۆژی دوایی بە بنار پایگای گەورە و پێگەی پێوەندی ئەلکترونیکی "ڕادار"ەکەی لایەن دا چوینە ئەو گوندە واتە گوندی "لایەن" و سەرای نێزیکی لە جادەی ئەسڵی و پێگەی گەورەی داگیرکەر بەسەر ئاوایەوە بە ئیسراحەت نان و چامان خوارد و لەبەر ئەوە ئەو گوندە کارەبای هەبوو چاومان لە تەڵەفزیون کرد کە بۆ ئێمە شتێکی نامۆ بوو، دنیای خەیاڵ و ئاواتەکانی ئێمە دنیایەکی ئازاد و دور لە کۆنەپەرەستی و ڕێز گرتن بو و ئەوەش لە تەلەفزیون دا ئەمان بینی هەمووی درو، کڵاو لە سەر خەڵک نان و قسەی هیچ و پوچ و بێ ناوەرۆک بوون.

لە جادە پەڕینەوە و پاش دوو شەو ڕێگا ڕۆشت، لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید نادر نێزیک بووینەوە و پێیان وتین کە ئەبێ بچینە تەنگیخاو و لەوێ چاوەڕوانی لکی شەهید حەمە شەریف بکەین و پاشان بچین بەرەو لای لکی شەهید نادر.

ئەو کاتە ئێمە تەنیا بە شەو ڕێگامان ئەبڕی و ناوچە بە پایگای دوژمن تەنرا بو و تەنانەت جێگای واش هەبوو لەبەر لێک نێزیکی پایگاکان و زاڵبونیان بە سەر ڕێگاکەماندا ناچار دەبوین بە کۆمە، کۆم و ترس و لەرزەوە لەمبەر جادەیەک یان چۆمێکەوە بکەینە ئەوبەرە بۆ ناو دۆڵکی دیکە.

هێندێ جێگای دیاریکراومان هەبوو کە دەس نیشان ئەکران لەوێدا یەک بگرینەوە، یەکێک لەو شوێنانە تانگیخاو بوو.

"تەنگیخاو" کانی و ئاوێکە لە نێوان گوندەکانی "تیلەکۆ" و "تەنگیوەر" و لە داوێن چیاکانی شاهۆیە و لەباری نیزامیەوە جێگایەکی ئەمن بۆ پێشمەرگە و سەخت و دژوار بۆ دوژمن بوو، لەوێدا ئەمانتوانی بمێنینەوە و جل و بەرگەکانمان بشۆین و بحەسینەوە و لە گوندەکانی دەور و بەر نان و خواردن بێنین.

شەو تا بەیانی ڕێگامان ئەبڕی و ماندوو و هیلاک ئەگەیشتینە جێ، پێشمەرگەکان ئەت وت بە ماشین و تەیارە هاتوون و ماندویەتیان دەر ئەچوو و قسەی خۆشیان بۆ یەکتر ئەکرد و پلان و بەرنامەی سەیر و سەمەریان دا ئەڕشت و بە کەمترین خەو ڕازی بوون و لە دورترین ڕێگا دا بێدەنگ و سەر لە ڕێ بوون.

## کڵاشینکۆفی چینی

لە تەنگیخاوا حەواینەوە و ئێوارەکەی تیمێک لە پێشمەرگەکان چوون بۆ ئاوایی گازرخانی کە نان و خواردن بێنن لە پێشدا بڕیار وا بو منیش لەگەڵ بم، لە لایەک دایکم خەڵکی ئەو گوندەیە و زۆربەی دانیشتوانەکەی خزم و ناسیاوم بوون و لە لایەکی دیکەوە بست بە بستی ئەو ناوە شارەزام بەڵام نەیان هێشت لەگەڵیان بڕۆم و وتیان، ئێوە سبەی ئێوارە ئەبێ بڕۆن بۆ ئەوبەر و پێویستە ئیسراحەت بکەن.

ئەو ئێوارەیە هیچ کەیفم نەبو زۆرم پێ خۆش بوو لەگەل ئەو تیمە دا بڕۆشتایەم و خۆم بە خەڵک نیشان دابایە، بە تایبەت لە دەورەی پێشمەرگایەتی کڵاشینکۆفێکیان پێم دابو کە لەو ناوە دا نەبوو، پێیان ئەوت کڵاشینکۆفی چینی، سەرەنێزەی پێوە بوو، ڕەنگی سوور و جوان بوو، "نەجمەی زۆرئەسنا" کڵاشینکۆفێکی جوت لاقی هەبوو داوای ئەکرد لەگەڵی بگۆڕمەوە نەمکرد، یاری بیاری کڵاشینکۆفێکی یەک لاقێکی هەبوو دامێ ئەویشم قەبوڵ نەکرد، بە زۆری پێشمەرگەکان حەزیان لێ بوو و هەر لەبەر ئەوە نۆێ و لەو ناوەدا وێنەی نەبوو بەڵام دوایێ وای لێهات کەس نەی دەویست.

بەیانی لە خەو هەستاین و نان و چامان خوارد، پاڵم دابوە بەردێکەوە و لە ناو بەحری خەیاڵی خۆما مەلەم ئەکرد و بە هێواشی جرنگە، جرنگم بو کە گۆیا گورانی ئەڵێم، ئاگام لێنەبوو کە کاک سەدیق هاتووە و لە تەنیشتم دانیشتوە، چاوم کردەوە دیتم کاک سەدیق بزەی لە سەر لێوانە تێکۆشەر ئۆرگانی ناوخۆیی حیزبی پێدام کە ئەو کاتە تەنیا کادرەکان بۆیان هەبوو بیخۆێنەوە و وتی: لە بێکاریدا بیخۆێنەوە، بەڵام ئاگات لێبێ و دوای دوو ڕۆژی دیکە لێت ئەسێنمەوە.

زۆرم پێ خۆش بوو، ئەو کاتە نووسراوەی حیزبی زۆر کەم بوو و هەروەها تێکۆشەر وەک بەڵگەیەکی تایبەتی و زۆر نهێنی چاوی لێ ئەکرا، خۆم بە کەسێکی جێگای بڕوا ئەزانی و ئەوەندەی دیکە خۆشەویستی کاک سەدیق زیادی کرد لە لام و هەستم کرد کە چەندە مرۆڤێکی دلسۆز و تێکۆشەرە.

دوا نیوەڕۆ حەمە گومەتەیی، خاڵە حەسەن سەرسپی و کاک سەدیق بانگی من، عەزیز ڕەوانسەری، کەریم بزوەشی و یاری بیارییان کرد و کۆبونەوەیەکی بچکۆلە و کورتیان لەگەڵمانا گرت و وتیان: دەبێ بڕۆن بۆ ئەو بەر و لەگەڵ لکی شەهید نادر و کاک شاپورا یەکبگرنەوە و هێندێ کار هەیە کە یاری و کاک عەزیز ئاگادارن ئەنجامی بدەن و ئێمەش شەوێکی دیکە ئەکەینە ئەوبەر و لە جێگای دیاریکراوا یەک ئەگرینەوە.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ماڵ ئاوایمان لە هاوڕێیان کرد و بە چۆمەکە دا داکشاین، ئەمبەر و ئەوبەری ئەو دۆڵە دوو شاخی بەرزە و نێزیک بە سەعاتێ زیاتر مرۆڤ تەنیا ئاسمان ئەبینێ و هیچی دیکە، لە داوێن و کۆتایی دۆڵەکە دا گوندی تەنگیوەر و بەرەو ئەولاتر گازرخانی، بزوەش، کاشتەر و وێزیدەرە، بەڵام نێزیکترینیان گوندی تەنگیوەرە و من لەو گوندە دا لە دایک بووم، کاتێ لە چۆم و لە دۆڵەکە داکشاین و نێزیکی ناو دار و دەشتایەکە بوینەوە، بە دوربین زۆر بەوردی ئەو ناوەمان چاو لێکرد و ئینجا من بە فاسیلەی سەد میتر پێش کەوتم و خۆم گەیاندە ڕێگای ئاوایی تەنگیوەر، دیتم چەند کەس لە خەڵکی ئاوایەکەی خۆم خەریکی بار کێشانن و بە دیتنیان شادومان بووم، باوەشمان بە یەکا کرد و هەواڵی ئاوایی و دایک و باوک و براو خۆشک و خزمەکانم پرسی و بەڕێم کردن بڕۆن، کاک عەزیز و یاری و کەریم هاتن و وتیان وا باشترە هێندێکی دیکە ڕاوەستین بەڵام من وتم: ئا لێرەوە بە ناو ئەم شیوە دا بڕۆین لە هیچ کوێوە دەرناکەوین، ئەوانیش بە گاڵتە وتیان: هەرچی فەرماندە ئەمر بکات.

هەوا بەرەو تاریک داهاتن ئەچوو، ڕێگایەک هەیە لە نێوان کاشتەر و تەنگیوەر و بە داوێنی زەوی کاشتەر، تەنگیوەر و ویزیەر دا تێئەپەڕێ و قەد برە، پێشمەرگە کەمتر بە کاریان ئەهێنا و زیاتر بە پەنا پایگای تەنگیوەر دا هات و چویان ئەکرد بەڵام من بە پێویستم نەزانی ئەو ریسکە بکەین و ڕێگای سەرەوم هەڵبژارد، هەر چەند کەریم بزوەشی بۆڵە بۆڵێکی زۆری کرد و ئەیووت دورمانت خستوەتەوە.

مانگ لە پازدە سەر کەوت بوو و زوتر و هەر لەگەڵ نیشتنی هەتاوا ئەکەوتە ڕێ، بەڵام شاخەکان پێشیان پێ ئەگرت و تۆزێ درەنگ ڕوناکایی ئەگەیشتە ئەو دەشت و ڕێگایە ئێمەی پێدا ئەچوین.

وەک هەموو کاتێ بە ریز ئەڕۆیشتین، ئەوە یەکێک لە کار قایمیەکان بوو کە ئەمان کرد، ئەگەر تۆپەڵ و بە کۆمەڵ بڕۆشتایەین و بکەوتاینە کەمین ئیمکانی ئەوەی هەبوو چەند کەسمان تێدابچێ بەڵام دانە، دانە و بە فاسیلەوە ئەڕۆیشتین و لە کاتی کەوتنە کەمینیش دا لە یەک کەس زیاتر زەرەری پێ نەئەگیشت.

گەیشتینە ناو مەزرای وێزیەر و لە ڕێگای گوندەکانی وێزیەر - تەنگیوەر نێزیک بووینەوە، گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو، خێرا تفەنگەکەم لە شان داگرت و لە جێی خۆم دانیشتم، ئەم شتانەش لە دەورەی پێشمەرگایەتی فێر ببووم، ئیشارەم دایە کە دانیشن، بە باشی گوێم هەڵخست و جێگای دەنگەکەم دستگیر بوو، بە کۆمە کوێم لێان نیزیک بومەوە و تاپۆی دوو نەفەرم بینی، دەنگم دا و داوام لێکردن نەبزوون: هاواریان لێ بەرز بوەوە و وتیان بۆ خاتر خوا ئێمە لە سەر کارین و خەڵکی وێزیەرین لەم کاتە دا کەریم گەیشتبوە لای من و بەو کردەوەیەی من پێئەکەنی، هەڵسا و چووە لای خەڵکەکە و منیش چووم و یەکترمان ناسیەوە و بوو بە ماچ و مۆچ، سەر و جامۆڵکە دۆمان خواردەوە و ماڵ ئاوایمان لێان کرد و

درێژەمان بە ڕێگاکەماندا.

لە نێوان گوندی وێزیەر و پایگای زەمانگریوە، چەم و دۆڵێکە کە لە هیچکۆێوە دیار نیە، داوایان کرد لەوێدا پشۆیەک بدەین، هەر سێکیان سیگاری بون و وتیان دەبێ جگەرە بکێشین، جامانەیەکیان دایە مل سەر کاک عەزیزا و یەکم جگەرەیان داگیرساند و بەو جەگەرەیە ئەوانی دیکەیان چاخ کرد بەڵام لە لای ئەوان دانەنیشتم و چووم هێندێ لەو لاوەتر دانیشتم ئەمەشم بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر ئێمە هەموو پێکەوە بین و ئەوان جگەرە بکێشن و قسە بکەن ئاگامان لە دەور و بەرمان نامێنێ و ئەمەش یەکێک لە وانەکانی دەورەی پێشمەرگایەتی بوو کە ماموستا چەکۆ فێری کردبوین بەڵام ئەوەندە سەرکۆنەیان کردم دەستم لەو وانانە هەڵگرت و چومەوە سەر دۆخی جاران.

دیارە ئەوانیش ڕێگاکە شارە زا بوون بەڵام وەک تاقیکاری و زیاتر بە خۆشەویستی ئەوەی من منداڵتر بووم و بۆ ئەوە خۆ بگرم و بڕوابەخۆبون زورتر بێت منیان کردبوە پێش قەرەوڵ و دەبوو من دەسنیشانی ڕێگا ڕۆشتنەکە بکەم، بە هەورازێکا سەرم خستن و لە پایگای زەمانگریوە نێزیک بوینەوە بە جۆرێ لەبەر شەوقی مانگە شەوەکە نیگابانی پایگاکەمان ئەبینی، چوینە سەر تانکری تاوی پایگاکە و کاک عەزیز وتی: ئای بۆ تۆزێ سەم، ئەمانتۆانی بیکەینە ناو ئەم تانکیە ئاوە و هەمو بەکرێگیراو و پاسدارەکانمان ئەکۆشت.

گەیشتینە تەرخان ئاوا کە هاوینە هەواری خەڵکی "دەژنە" بەڵام لەوەتی ئەم ناوە داگیرکراوە خەڵک نەهاتونەتە هەوار، لە ماڵێکا لامان دا و جگەرەیەکی دیکەیان کێشا، شەو گەیشتبووە نیوە و ئێمە گەیشتینە گوندی دەژن، بڕیار درا بچینە یەک ماڵ و بە جۆرێ هەڵیان سێنین کە ماڵەکانی دیکە هەست پێ نەکەن بەڵام بۆ کەم شانسی ئێمە پیاوی ماڵەکە گوێی سەنگین بوو و یەک بۆ خۆی هاواری ئەکرد و ئەیوت: کێندێ، چێشتا گەرەکە، چی وێتا نیشانە مەیدی(بە زاراوەی هەورامی ئەی وت، کێن، چیتان ئەوێ، بۆ خۆتان نیشان نادەن؟)

کاک عەزیز درگای حەوشەی کردەوە و چووە ناو ماڵەکە و دەستی کابرای گرت و بێدەنگی کرد، دیارە کابراش ئێمەی ناسیەوە.

ئەگەر چی گەرم بوو و خەڵک لە دەرەوە دائەنیشتن و ئەنوستن بەڵام بە باشمان زانی لە دەرەوە نەبین، کابانوی ماڵەکە لە خەو ڕابوو و زۆر بە دڵ و دەرون فراوانیەوە خێرهاتنی کردین و دەست و برد چای بۆمان هێنا. ئەو ژن و پیاوە منداڵیان نەبوو و بۆ ئێمە و بۆ پێشمەرگە زۆر باش بوون و زوور جار ڕومان لێان ئەکرد و پشت و پەنامان بوون، دیارە خەڵکی گوند هەموویان پێشمەرگە پەرەوە و دڵسۆز بوون بەڵام ئەو ماڵە لەبەر بێ منداڵی، زۆرتر بۆ مانەوە ئەبوو و ژنەکەش زۆر بە

وره و نەترس بوو.

نان و چامان خۆارد، من وەک ئەوەی کە لە دەورە فێری ببوم هەستام بچمە دەرێ و دەور و بەر تـاقی کەمەوە، کـاک عـەزیز وتی بۆ کوێ؟ وتم سەیرێکی دەور و بەر ئەکەم، وتی: پێویست ناکا دانیشە لێمان بویتە خولە پیـزە، پێشمەرگایەتی بـە ترس و لەرزەوە ناکرێ. بەم جۆرە دایە ناو زەوقما و هەتا بەیانی لەگەڵ هیچکامیانا قسەم نەکرد.

نان و چامان خۆارد، کاک عەزیز و یاری چپە، چپێکیان کرد، بـە من و کـەریمیان وت: بچنە خـۆار ئـاوایی و لـە فلانـەباخا چاوەڕوان بن ئێمەش دوای تۆزێکی دیکە دێین.

کەریم یەکسەر خەوت و منیش چاوەڕوان مامەوە، پێم وابێ سەعاتێکی پێچوو ئـەوانیش هـاتن و سیگارێکیان کێشاو یەکڕاست لێی ڕازان. خەوم نەئەهات، هەستم ئەکرد بێ موبادالاتی ئەکەن و ئـەوانیش پێـان وا بـوو من ئەترسم. بـە تـەواوی ڕونـاک بوەوە، هێشتا نە نوستبووم، خەڵک هاتن بۆ سەر باخ و بە دەنگە دەنگی ئەوان هاوڕێیان هەستان، پاشـان ئاورمـان کـردەوە و لەگەڵ خاوەن باخەکەدا ناشتامان خۆارد و ئینجا من نوستم.

دوا نیوەڕۆ کـاک عـەزیز لـە خـەوێ هەڵسـانم و دەستی لـە ملم کـرد و وتـی: نـابێ تـۆڕە بـێ، حـەز ناکـەم پێشمەرگەکان وا تێبگەن کە تۆ ئەترسی، خۆت ئەزانی پێشمەرگەی بێ ڕوحیە لە هێزی بێستونا ئەبێتە جێگای گاڵتەجاڕی، ئینجـا وتـی بچۆ دەم و چاوت بشۆ و وەروە چای حازرە. چایمان خۆارد و وتیان دەبـێ بـڕۆین بـۆ نـاو ئـاوایی، لـە دێـدا وتیـان کـاک شـاپور و پێشمەرگەکان بە ڕێوەن بۆ ناو ئێرە، لەو قسانە دابوین پێشمەرگە ڕژانە نـاو دێ و بـوو بـە مـاچ و مۆچێـک هـەر نەبێتـەوە، کاک شاپور و کاک عەلی ئەشرەف منیان لەگەڵ خۆیان بردە ماڵی خزمێکی من و زۆر بە گەرمی بە خێرهاتنیان کردم و کـاک عەلی ئەشرەف وتی: شانازیت پێوە ئەکەم، خەریکە ئەبیتە پیاو، دیارە من و کاک عەلی ئەشرەف خەڵکی گوندێک و هێنـدی موناسباتی بنەماڵیمان هەیە و لەگەڵ بابم دا دوستی نێزیک بوون و دایمە چاوی پێمەوە بوو و دەستی ئەگرتم، کاک شـاپور هێندێ وێنەی گرت.

وتیان دوو ژن هاتوون و ئەیانەوێ تۆ و عەلی ئەشروف ببینن، کاتێ چووم بۆ لایـان دیـتم ژنـی مـام و کچێکـی هـاتوون، بـە دیتنی ئێمە دایانە بانگی گریـان و مامۆژنەکەم بە منی وت: تۆخۆا کارێ بکە بزانم مەحموو چی بە سەر هاتووە.

محمـود گوڵمحەمـەدی کـوڕی مـامی من واتـە ئـامۆزای خۆشەویستی من بـوو، لـە نـاو خـزم و کـەس و کـارا زۆر خۆشەویست و کەسێکی خوێندەوار و قسە خۆش و دەم بە پێکەنین بوو، کاتێ تەنگیوەر کەوتە دەستی دوژمن و حکومەت خەڵکەکەی بە زۆر

چەکدار کردبوو و ئەویش یەکێک لەوانە بوو کە چەکی هەڵگرت، هێزی بێستون لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە بڵاوی کردوە کە هەر کەسێ تا دوو حەوتوی دیکە چەک دانێ ئازادە و ئێمە سزای نادەین، مەحمودی ئامۆزام خێرا چەکی دانا و نامەیەکی نارد بۆ هێزی بێستون و نامەکەش بابم هێنای و کاک شاپور وتی: هیچ قسەی لەسەر نەماوە بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەک پێشمەرگەکانی حیزب گرتیان و ناردیان بۆ زیندانی ناوەندی و لەوێ بێ سەرو شوێن بو و ماموکەشم، هەتا ئێستا من بە قاتڵی کوڕەکەی ئەزانێ. مامۆ ژنم بردە لای کاک شاپور و ئەویش بەڵێنی پێدا کە کوڕەکەی دێتەوە لە کاتێک دا هەم من و هەم کاک شاپور ئەمانزانی کە محمودی ئامۆزام نەماوە.

کات و ساتێکی ناخۆش بوو، مامۆ ژنەکەم هیچی نەوت، دووسەد تەمەنی خستە گیرفانی م، بەڵام کچەکەی زۆر تورە بوو و پێی وا بوو من نامەوێ ئامۆزاکەم ئازاد بکرێ. خەمێکی گەورە دایگرتم، کاک شاپور و کاک عەلی ئەشرەف دڵ نەوایان دامەوە و وتیان خەم مەخۆو تازە شتەکە لە دەست دەرچووە.

سەرەڕای ئەو خەمە، بە دیتنی پێشمەرگەکان و ئەو هەموو خۆشەویستی و ڕێزە شاد و بە کەیف بووم و خۆم بە سەربەز ئەزانی.

کلاشینکۆفەکەی من سەرنجی پێشمەرگەکانی ڕاکێشا بوو و هەمویان ئەهاتن و تاقیان ئەکردەوە، نان و چای ئێوارەمان خوارد و کەوتنیە ڕێ بۆ کانی و ئاوەکەی نێوان "دەژن" و "سیویە"  کە یەکێک لە جێگای حەوانەوەمان بوو و دەمەو بەیان لکی شەهیدان و کاک سەدیق و ئەوانیش هاتن و بە یەک شاد بوینەوە. ناوچە جمەی ئەهات لە هێزی زۆر و بۆری دوژمن بەڵام ئێمە ئازا و ئازاد بەردەوام بوین و خۆمان بۆ لێدانی دوژمن ئامادە ئەکرد.

## کەمینی بێ تەقە

ئەو کانی و ئاوە لە نێوان گوندەکانی سیویە و دەژن دا هەڵکەوتووە، لە داوێن کێوەکانی نێوان "زەمانگریوە" و کاشتەر و لە خواروی کوڕەی "دەژن"، کەماجارِ و کوچک چەرمووە. لە ڕووبەڕوی گوندەکانی "سەڕێز" و "گواز" و نێزیک چومی "گاوەرو"یە کە ئەڕژێتە ناو ئاوای سیروان.

کانی و ئاوێکی زوڵاڵ و ڕون لە بن چەند دار گوێزێکی بە تەمەن و گەورە دا دێتە دەر و مروڤ لە بەرزترین پلەی گەرمای هاوینا، بە ئاسودەی ئەتوانی لە سێبەری گوێزەکانا بنووێ و لەو ئاوە سارد و زوڵاڵە بخواتەوە و هەست بە ئارامی و حەوانەوە بکات.

ئەم جێگایە یەکێک لەو جێگایانە بوو کە ئێمە بە زۆری دوای ماوەیەک هەڵهاتن و گەڕان و ماندوویەتی بۆ حەوانەوە و یەکگرتنەوە ڕومان تێئەکرد و بە شوێنکی هێمن و باشمان ئەزانی. لە ڕاستیدا بۆ ئێمە لەو هەل ومەرجە دا ناکرێ باس لە جێگای ئەمن و بێ ترس بکەم بەڵام هەڵکەوتی باری سروشت و هەل و مەرجی شاخ و دوڵ و شیوەکان وای ئەکرد کەوا بتوانین لە کاتی پەلامار و هێرشی دوژمنا خۆمان بپارێزین و تەنانەت ئەگەر مەیلیمان لە شەڕیش نەبێ خۆی لێ ببوێرین.
لکی شەهیدان و لکی شەهید نادر و ئەرکانی هێز یەکیان گرتووە و چاوەڕوانی لکی شەهید حەمە شەریف ئەکەین لە پێشدا بە ئێمەیان وت کە لە تەنیخاوا ئەیان بینین بەڵام قەرارەکە گۆڕا و وتیان لە سەر ئەم کانی و ئاوە یەک ئەگرینەوە و ئێستاش دەڵێن قەرارە بەیانی لە جێگایەکی دیکە دا یەک بگرینەوە.

ڕۆژێکی خۆشە، زۆربەی پێشمەرگەکان ئەناسمەوە و بێجگە لە چەند کەسێکی تازە نەبێ ئەوانی دیکە وەک خۆیان شادومان و قسە خۆش و دڵسۆزن و هیچ نەگۆڕاون.

لەگەڵ کاکە فەیزە، جەلال بزوەشی و عەلی ئەشرەف لە بن دارگوێزەکە و لە پەنا پەلی شەهید وەلی دانیشتبوین و قسەمان ئەکرد و قسەکان درێژەیان کێشا و بوو بە پێکەنین و کاکە فەیزە بە پێکەنینە خۆشەکەی خۆی سەرنجی پێشمەرگەکانی بۆ لامان ڕاکێشا و تۆزە تۆزە لێمان کۆ بونەوە و ئیتر هەتا ئێوارە قسە و جەفەنگ و پێکەنین بوو.

ئێوارە کەوتینە ڕێ، لە پێشدا دوو تیم یان دوو دەستە جیا کرانەوە و بەڕێ کران بۆ گوندەکانی "سیویە" و "گڵیان" کە نان و خواردنی بەیانی بێنن و ئێمەش بە هەورازەکە دا هەڵکشاین و بە پشت ئاوایی کاشتەرا دابەزین و ڕێگای قەدپاڵی نێوان

کاشتەر و بزووەشمان گرتە بەر. لە پێشدا وام ئەزانی ئەکەینە ئەوبەرەوە، بەڵام کاتێ لە چومەکەی بەر ئاوایی بزوەش پەڕینەوە تێگەشێتم کە بۆ کەوانە ئەچین.

ڕێگاکەمان زۆر دوور نەبوو، ئەتوانم بڵێم بە ٣ سەعات گەیشتینە جێ و دوای ئەوە نیگابانەکان دیاری کران، هەر پەلە و لەبن دارێکا خەوتین.

بەیانی زوو تیمی کەمین بەڕێ کرا، هێشتا تاریک و ڕون بوو و ئەمانتوانی دور و نێزیک دوست و دوژمن لێک جیا کەینەوە گوێم لە دەنگە، دەنگێک بوو، دەنگەکانم ناسیەوە و لە خەو ڕابووم. لکی شەهید حەمە شەریف هاتبون، دیار بوو زۆر ماندوون بەڵام بە بینینیان ئەوەندە خۆشحاڵ و شادومان بووم هەر مەپرسن، زیاتر لە سێ مانگ دەبوو یەکترمان نەدیبوو، یەکە یەکە لە باوەشم گرتن و ئەوانیش بە خێرهاتنەوەی منیان کرد، لکی شەهیدان و شەهید نادر، پێیان وتن کە بیر لە نیگابان و کەمین نەکەنەوە و بە ئیسراحەت بنوون.

ئەو دوو تیمەش کە چوبون بۆ هێنانی خواردن گەڕابونەوە و بەیانی نان و خواردنەکەمان بە سەردا دابەش کرا، نان و چامان خوارد و دوای کۆبونەوە گیرا.

سەرەتا بەخێرهاتنی کاک سەدیق کرا و بە هەموو پێشمەرگەکان ناسێندرا، کاک سەدیق هەستایە سەر پێ و هێندێ قسەی بۆ کردین و لە چاوی پێشمەرگەکان دا خۆشی و شایی ئەخوێندرایەوە.

پاشان بڕیار درا هێندێ ئاڵ و گۆڕ لە سازماندەهی لەکەکان دا بکرێ. کاک عەلی ئەشرەف بە منی ئەوت کە بچمە لکی شەهید نادر، کاک حەمە گومەتەیی و کاک عەزیز ڕەوانسەری داوایان ئەکرد بچمە لکی شەهیدان و کاک سالاریش ئەیوت کە من پێشمەرگەی لکی شەهید حەمەشەریفم و بۆ ماوەیەک لێان دابڕاوم. حەزم نەئەکرد دڵی هیچ لایەکیان بشکێنم و داوام کرد کە من بدرێمە ئەرکانی هێز. هەر لەوێ ئەرکانی هێز سازمان درایەوە و بۆ خۆمان بوینە پەلێک و لەمەو بە دوا دەبوو بەشداری نیگابانی دان و کەمین چون بکەین.

ئەوەی کە هەموو سەرلکەکان داوایان ئەکرد من بچمە لایان لەبەر ئەوە نەبوو کە پێویستیان پێم هەبێ و من ئەوەندە قارەمان بم کە لەگەڵ هەر لایەکیان بکەوم ئەم لای ئەنێمە ئەو لاوە بەڵکوو تەنیا لەبەر خۆشەویستی خۆیان و دڵسۆزیان بوو، لەبەر ئەوەی کە تەمەنم کەم بوو لە لای هەموو لکەکان و لە لای هەموو پێشمەرگەکان ڕێزم لێئەگیرا و ئاگایان لێم بوو.

هەر ئەو ڕۆژە بڕیار درا کە ڕۆژی دوایی بچینە سەر جادەی پەشاوە - گڵیان و پەشاوە شاهێنی و هاوکات لە پایگای گوندی پەشاوە بدەین. ئێوارەکەی لکی شەهید حەمە شەریف نێردرا بۆ نێوان گوندەکانی شاهینی و پەشاوە و لکی شەهیدان بەڕێ کرا بۆ نێوان گوندەکانی پەشاوە - گڵیان و لکی شەهید نادر و ئەرکانی هێز لە کەوانەی بزوەش مانەوە، شەو نیگابانی دان لە ئەستۆی ئێمە واتە ئەرکانی هێز بوو، دەمەوە بەیان لکی شەهید نادرمان لە خەو هەستان و بەرەو بەرزاییەکانی زاڵ بە سەر گوندەکانی پەشاوە و گڵیان کەوتنە ڕێ.

لە کاتی دیاری کراوا هەر لکە و لە جێگای خۆیان کەمینیان دانایەوە و چاوەڕوان مانەوە بەڵام هیچیان دەس نەکەوت و ئێوارە ناچار مان بە بێ شەڕ و قڕە کەمینگاکان بە جێ بێڵن.

لکی شەهید حەمە شەریف بەردەوام بوون لە حەرەکەتی خۆیان و ڕویان لە ناوچەی کامیاران - کرماشان کرد و لکی شەهیدان و شەهید نادر گەڕانەوە لای ئێمە.

کاتێ هەموو پێشمەرگەکان هاتنەوە دیتمان مەحموو زیوەیێ(بازنەفکەن) دیار نیە، لە نیوە شەوا هاتەوە و یەک گونی نان و قەند و چای هێنا بوو. کاک مەحموو لە کاتی پاشەکشە کردنی پێشمەرگەکانا بڕیار ئەدا کە بچێتە ناو ئاوایی پەشاوە و بڕێ نان و خۆاردن بێنێ، دیارە خەڵکی ئەو ناوە ئەیان ناسی، ماڵ بە ماڵ ئەگەڕێ و نان و خۆاردن کۆ ئەکاتەوە، پاشان ئەچێتە سەر پایگاکە و دوو نارنجۆکی دەستی ئەخاتە ناو سەنگەرەکانیان و یەک دوو ڕەگباریان پێدا ئەپژێنێ و بە سلامەتی ئاوایی بە جێ دێڵێ.

ئەوە سێ ڕۆژ بوو کە ئێمە لە کەوانەین و لە باری نیزامیەوە کارێکی باش نەبوو هەر بۆیە ئێوارەی ڕۆژی سێهەم لکی شەهید نادر و لکی شەهیدان و ئەرکانی هێز بڵاوەمابن لێکرد.

ئێوارە وەڕێ کەوتین و شەو چوینە گوندی کوردەدەرەی خۆرەتاو و دوای نان و چای خۆاردن کردمانە ئەوبەرەوە بۆ نێوان گوندی کوردەدەرەی نسار و گوندی شاهێنی، ئەو ڕۆژە لەوێ حەواینەوە و لەگەڵ نیشتنی هەتاوا خۆمان گەیاندە گوندی کەڕەگڵ و لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی باشمان لێکرد.

کەسێک بە ناوی حەمید کە ناسراو بوو بە حەمید موجاهێد خەڵکی ناوچەی پاوە، هاتبووە ڕیزەکانی هێزی بێستون، کەسێکی خۆێنەوار و شارەزای کاری تەفاندنەوە و دروست کردنی بومبی دەستی و مین دروست کردن بوو، ئەگەر چی کارەکانی هیچ جۆرە نۆرمێکی خۆڵقاندیان نەبوو، لە لایەن پێشمەرگەکانەوە تەشویق دەکرا و لە چەند شەڕا بومبە دەستیەکانیان بە کار هێان بوو و لێان ڕازی بوون. حەمید موجاهید هاتبووە ئەرکانی هێز و لە تیمی ئێمە دا بوو.

بەر لەوە پێشمەرگەکان کۆ بنەوە و ئاوایی بە جێ بێڵین، کاک عەلی ئەشرەف، کاک عەلی جەواهێری و حەمید بانگیان کردم و وتیان کە ئەچین مینێک لە جێگای تامین جادەکان دا ئەنینەوە.

ئاوایی کەرەگڵ لە جادەی کامیاران - مەریوان زۆر دوور نیە و ڕۆژانە دوو نیگابان لە تەپۆڵکەی خۆار ئاوایەوە ئەوەستان تا دوا نیوەڕۆ، لە لایەک ئاگایان لە جادەکە دەبوو و لە لایەکی دیکەوە چاوەدێری گوندەکەیان ئەکرد.

خۆمان گەیاندە سەر تەپۆڵکەکە و چاڵێکمان هەڵکەند، حەمید خەرکی دامەزراندنی بومبەکە بوو کە لە جێگای شامپوو پاوە دروست کرا بوو و دوو سیم لە ئەم دیوو و ئەو دیوی شامپوەکە بەسترا بووەو و کاتێ لێکیان ئەدا کارەبایان دروست ئەکرد و دینامیتەکەی ئەتەقاندوە. لەو کاتە دا کە بە چراقووەیەکی بچوک و لە ژێر جامانەیەکا حامید و کاکەلی خەریکی دامەزرادندنی بومبەکە بوون، سەعاتەکەی من دەستی کردە زەنگ لێدان، کاک عەلی ئەشرەف وای زانی بومبەکە ئیتسالی کردوە، یەک بۆ خۆی دەرپەڕی، کە دیتی هیچ ڕوی نەدا گەڕایەوە و وتی ئەرێ ئەو جوزە، جوزە چی بو؟ وتم ئەوە سەعاتەکەی من بو زەنگی لێدا، ئەویش تۆزێ پێکەنی و وتی: بەخۆا وتم ئێستا ئەتەقێتەوە.

گەڕاینەوە ئاوایی و ڕۆژی دوایی لە پشت گوندی نەجەف ئاوا و نەیجەقەوی دا خەریکی حەوانەوە بووین کە نیگابانەکان وتیان بومبەکە تەقیەوە و پاشان هەواڵ گەیشت کە یەکێک لە چەکدارەکان بە سەختی بریندار بووە.

ئەو شەوە نەچوینە هیچ گوندێک و یەکڕاست کردمانە ئەوبەری جادەی سنە - کرماشان و لە نێزیک گوندی میانە لە باخێکا لامان دا و حەواینەوە، بەیانیەکەی بەرەو گوندی پشت تەنگ کەوتینە ڕێ.

لە نێزیک گوندی پشت تەنگ پیان وتین کە هێزی شەریفزادە لە نێزیک ئەو گوندە دا لە باخێکا بارگەیان لێ خستوە. ئێمەش ڕومان لەو باخە کرد و لەوێ توشی بەشێک لە هێزی شەریفزادە بوین بە فەرماندەری سەرۆان ئێقبال، ئەوانیش ٤ کەس موجاهیدیان لەگەڵ بوو بە بیسیمێکەوە و لە ڕێگەی بێسیمەکەی ئەوانەوە پێوەندیمان بە ناوەندی حیزبەوە گرت و هێندێ هەواڵمان هەبو بەڕێمان کرد.

بەرپرسەکانی هێزی بێستون و هێزی شەریفزادە کۆبونەوە و دوای بڕیار درا کە بڵاوەی لێ بکرێ. دیارە هێزی شەریفزادە چەند ڕۆژێک لەوێ مابونەوە و شەڕێکی باشیان کردبوو بەڵام بە تەمای چۆڵ کردنی ناوچەکە نەبوون و ئەوەش وەک پێشتر باسم کرد بۆ پێشمەرگەی پارتیزان کارێکی باش نەبوو.

هێزی شەریفزادە ڕۆیان لە چەمشاری سنە کردەوە و ئێمەش بەرەو ئەو بەری جادە وەرچەرخاین، زۆر بە خێرا ئەجوڵاین و دوژمن نەدەگەیشت زانیاریمان لە سەر کۆ کاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

لە گوندی وزمانە لەگەڵ لکی شەهید حەمە شەریف یەکمان گرتەوە، ئەوانیش بە خێرا خۆیان گەیاندبوە نێزیک شاری کامیاران و لە نێوان کامیاران و کرماشان و کامیاران - ڕەوانسرە دا چەند چالاکیەکیان ئەنجام دابوو و گەڕابونەوە بۆ پشتی شەرگەکانیان، پێم وابێ پێشتر هاوئاهەنگی ئەم جۆرە لێک دابڕان و یەکگرتنەوانە کرابو، ئێمە ئاگاداری هیچ نەبوین ئەنیا ئەڕۆیشتین، لێک دا ئەبڕاین و یەکمان ئەگرتەوە.

ئەو ڕۆژە لە باخەکانی نێزیک ئاوایی وزمانە حەواینەوە، کاک شاپور و کاک سەدیق بانگیان کردم و وتیان کە پێویستمان بە بێسیمئێکی "پی ئار سی" هەیە لەگەڵمان بێ، ئەگەر یارمەتیمان بدەی و ئەو بێسیمە هەڵگری کارێکی زۆر گەورەت کردوە. منیش وتم: من پێشمەرگەم، حەز ئەکەن بەردێکم بە کۆڵا دەن. کاک سەدیق و کاک شاپور زۆر تەشویقیان کردم و بێسیمەکەیان پێدام ومنیش کلاشینکۆف و کەلوپەلەکەم تەحویل دا.

ئێوارە کاتێ کەوتینە ڕێ بێسیمەکەم بە کۆڵەوە بوو، کاک سالار هات و وتی: ئەمە چیە؟ وتم بومەتە بیسم چی، وتی جا ئەم بیسیمە کۆێ ئەگرێ کە داویانە بە کۆڵتا؟ لەو کاتەدا کاک سەدیق هات و بۆ کاک سالاری ڕون کردەوە کە مەبەستیان چیە. کاک سالار دەمانچەکەی خۆی کردەوە و دای بە من و وتی لانی کەم شتێکت پێ بێ کە خۆتی پێ بپارێزی.

شەو هەموو هێزەکە چوینە گوندی لایەن، خەڵک بەلایانەوە زۆر سەیر بوو ئەو هەموو پێشمەرگەیە ڕویان لە گوندەکەیان کردوە و دەبێ نیازیان چی بێ. خەڵکمان لە مزگەوتا کۆ کردەوە و بەرپرسەکان قسەیان بۆ کردن و پاشان ماڵ ئاوایمان لێکردن و لەوبەری جادەی سنە - کرماشان لە باخێکا خۆمان مات دا و چاوەڕوانی شەڕ ماینەوە، یان دەبوو دەرکەمان پێ بگرێ یان دەرگای پێ بگرین.

**خۆشی ژیان ئەوە نیە کە چاوەڕێی قەزا و قەدەر بی و هەرچی هات بە خێری بێنی بەڵکو واتای ژیان بەوەوەیە کە تۆ لە تێکدان و شێواندن و چاک کردنەوەی دا بەشدار بێ و قەراری بەسەرا بدەی.**

من هەم، بەڵام دیار نیم، دەنگم ناگا و جێگای مانەوەم لێ یاساغە، کەوا بوو، بونی خۆم ئەسەلمێنم و دەنگی خۆم ئەگەیەنم و جێگای خۆم ئاشکرا ئەکەم، بەداخەوە لە ڕێگای ئاسایەوە مەودا و ئیمکانم نیە، بۆیە لە لولەی چەکەوە ئەگرمێنم و پەیامی مردن بڵاو ئەکەمەوە، مردن بۆ ژیان و شەڕ بۆ ئاشتی.

## بێتەل و پیلانی دوژمن

کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دەسەڵاتێکی کۆنەپەرسەت و دیکتاتور و داگیرکەر هەموو هەوڵ و هەلس و کەوتەکانی لە کوردستاندا قین لە دڵانە و داپڵۆسێنەرانەیە. ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرە هێزێکی زۆری چەکداری لە کوردستان دا مۆڵ داوە و حوکم، حوکمی چەک و زمانی چەکیش کوشتن و بڕین و ڕاونانە، مەنتقێک کە چەک بەڕێوەبەری بێت، مەنتقی وێران کردن و ڕق و هەڵواسین و تێکدانە.

پێشمەرگە مرۆڤە و بۆ مانەوەی خۆی و بۆ پارێزگاری لە نەتەوە و نیشتمانەکەی دەستی داوەتە چەک بەڵام لە ناخی، ناخیدا و لە قوڵایی باوەڕ و تێگەیشتنیدا بێزی لە چەک و کوشتن دەبێتەوە و ئەگەر دەستیشی دابێتە چەک بۆ شەڕ و کوشتن نیە. پێشمەرگەم بینیووە لە تاڵترین کات و ناخۆشترین هەل و مەرجی ژیان و لەو کاتە دا کە دوژمن بە تۆپ و خۆمپارە و دەیان چەکی جۆرا و جۆر پەلاماری داوین، دەستی بردوە و گوڵێکی بە سینگی دا هەڵواسیووە و بیری لە ئاوەدانی و خۆشەویستی و ژیانی دور لە شەڕ کردووەتەوە.

هێندێ جار وام بیر ئەکردەوە کە ئێمە ئەمانەوێ خۆمان بکوژین، لە جێگای وا دا ڕایان ئەگرتین و بە ڕۆژ ئەماینەوە کە قوڵایی جەرگەی دوژمن و هەموو دەور و بەرمان بە هێزی دوژمن و پێگەی جۆرا و جۆر تەنرا بوو.

ئەمڕۆ یەکێک لەو ڕۆژانەیە کە مرۆڤ بە خۆی نیە، ناتوانی بە ئاسودەیی نان و چا بخوا و بۆ ساتێک لە دەست خەیاڵی هاتنی دوژمن ڕزگاری بێ.

لە نێوان چەندین پێگەی گەورە و چوکە و لە دوو کیلومیتری جادەی کرماشان - سنە و دور لە شاخ و بە بێ کەمین و نیگابان لە ناو دوو باخا دانیشتوین و چاوەڕوانی ڕۆشتنی کات ئەکەین.

لکەکانی شەهید نادر و شەهیدان لە باخەکەی ژورەوە و لکی شەهید حەمە شەریف و ئەرکانی هێز لە خوارەوە و نێزیک جادە دانیشتبوین. پێمان ڕاگەیندرا بوو کە نابێ بجوڵێین و هەرکەس لە جێی خۆی بمێنێتەوە.

خەڵک هاتن بۆ سەر باخ و بە بینی ئێمە هەم خۆشحاڵ بوون و هەم ئەشترسان و بڕوایان نەبوو کە پێشمەرگە بە ڕۆژی ڕووناک لەوێ بمێنێتەوە و چاوەڕوان بون کە توشی شەڕێکی گەورە بین. خەڵک هاوکار و یارمەتیدەری ئێمە بوون و وەک گلێنەی چاوی خۆیان ئەیانپاراستین و ئێمەش بڕوای تەواومان پێیان هەبوو. خواردن و ئیمکاناتی خۆیان خستە خزمەت ئێمە

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

و بە بونی ئەوان لە سەر باخ، تۆزێ هات و چوی ئێمەش ئاسانتر ببوەوە و تۆانیمان ئاور بکەینەوە و لای نیوەڕۆ لە جێگاکانمان هاتینە دەر و هێندی بە دەنگی ئاسایی پتێکەوە قسەمان ئەکرد.

کاتژمێر چۆاری دوانیوەڕۆ هەمومان کۆ کراینەوە و لە خۆار و ژوری باخەکە نیگابان دانرا. کاک شاپور باسی ئەوەی بۆ کردین کە بڕیاری دانانی کەمین دراوە و ئێمە ئەبینە چەند بەشەوە. چەند کەس لە هەموو لکەکان هەڵبژێردان بۆ سەر جادە و دوو تیمی پشت کەمین دیاری کران و چەند دەستەیەک بەڕێ کران بۆ بەرزایەکانی نێزیک جادەکە و ئێمەش هەر لەوێ ماینەوە.

دیارە هەموو شەڕەکانی ئەوکاتەی ئێمە بە تۆڵەی پەنجاو نۆ لاوی مەهابادی بوو کە بێتاوان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەڵواسرا بوون و بەم هەڵوێستە ئەوەمان بە دوژمن نیشان ئەدا کە کورد لە هەڕەشە و هەڵۆاسین ناترسن و ئەگەر لە مەهاباد کوردی بێ چەک و دیفاع بە ناڕەوا ئێعدام ئەکرێ لە کرماشان و کامیاران تۆڵەیان ئەکرێتەوە.

چرکەکان بە هێۆاشی لیان ئەدا و کات لە جێی خۆیا چەقیبوو. ئیمکانی پێوەندی گرتمان نەبوو، شۆێنی شەڕگەشمان لێوە دیار نەبوو، لێکدابڕان ناخۆشە، تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بێت، ئەو پێشمەرگانە وا لێک نێزیک بوون و ئەو خۆشەویستی و ڕێز و ڕێزگرتنانە وایکردبوو بێ یەکتر نەمانکرێ و هەرکەسە ئامادە بوو لە کاتە پڕ مەترسیەکانا پێش کەوێ و خۆی بکاتە قوربانی هەڤاڵەکانی.

ئەوەندەی پێ نەچوو دەنگی چەکی پێشمەرگەکان بێدەنگی ئەو ناوەی شڵەژاند و شەڕ دەستی پێکرد، دوو ماشین پڕ لە چەکدار کەوتنە ناو کەمینی پێشمەرگەکان، لەبەر ئەوەی پێشمەرگەکان بە تەواوی لە جێگای دیاریکراوا دانەمەزرابون، هێندێ لە چەکدارەکان کە زیندوو مابونەوە دابەزین و لە نێزیک جادەکە سەنگەریان گرتبوو. لەوکاتە دا ماشینێکی دیکەی دوژمن هات و پێشمەرگەکان ئەوانیشیان دایەبەر و شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو.

کاک شاپور بانگی لێکردم کە بچم بۆلایان، لەگەڵ کاک سەدیق و خاڵە حەسەن سەرسپی لە بن دارێکا دانیشتبون، بێسیمەکەم هەڵگرت و چومەلایان. کاک شاپور بێسیمەکەی کردەوە و فرێکانسەکانی ئەگۆڕی و کەوتینە سەر خەتی دوژمن و بە باشی ئەمانتوانی لە قسەکانیان تێبگەین، دیارە زۆربەی قسەکانیان بە ڕەمز بوو. هێندێ لە ڕەمزەکانیان زۆر سادە و مندالانە بوو، بۆیە بە باشی لێان تێدەگەیشتین. بۆ وێنە بە پێشمەرگەیان ئەوت: مشکەکان و زۆر شتی دیکە.

دەنگی تەقە لەسەر جادە نەما، پێشمەرگەکان لە حاڵی پاشەکشە دا بوون و هەموو چەکدارەکانی حکومەت کوژرا بوون، ئێمەش هەستاین و بەرەو بەرزایەکان کەوتینە ڕێ و تا ئەوکاتە تۆزە، تۆزە تاریکایی باڵی بەسەر ناوچە دا ئەکێشا.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

لە جێگایەکدا کۆ بوینەوە و هەموو پێشمەرگەکان بەسەر کرانەوە و کەسمان لێ کەم نەبوو و دیار بوو کە هەمووڵایەک سڵامەتن، کەوتینە ڕێ و لە خوار ئاوایی "کۆڵەسارە" لامان دا و لە سێ جێگا لە نێزیک یەکتر بارگەمان لێخست، ئەرکانی هێز لە لای لکی شەهید نادر بوو، دەنگە دەنگی پێشمەرگەکانی لکی شەهید نادر ئەهات، کاک شاپور بە منی وت کە پێیان بڵێم دەنگە دەنگ مەکەن و منیش چوم بۆ لایان، پەلی شەهید بەختیار لە بن دار هەرمێ یەکا بوون، حەمە ڕەووف مێرگەساری گۆێی لە خشەیەک دەبێ، مانگەشەوێکی ڕوناک بوو، سەیر ئەکەن ئەوا مارێک لە ناو پەلی دارەکەدا پەپکەی داوە، بەردی تێدەگرن و دایئەخەن و ئەیگرن، مارێکی گەورە و درێژ بوو، بەڕاستی پێشمەرگە هەر لە شەڕا ئازا نەبوون بەڵکو لەبەرانبەر مەترسیە سروشتیەکانیشدا خاوەن دڵ و جەربەزە بوون، مارەکەیان خنکان و لە چاڵیان نا و منیش گەڕامەوە لای تیمەکەی خۆم و باسی مارەکەم بۆ گێڕانەوە.

جێگاکەمان بۆ حەوانەوەی پێشمەرگە باش بوو، ئیمکانی شەڕ کردن و بەربەرەکانێمان هەبوو، بۆیە ئەمانتۆانی سەردانی لکەکانی دیکە بکەین و هات و چوکردن ئازاد بوو. حەزم ئەکرد بچم بۆلای لکی شەهید حەمە شەریف و چاوم بە سوبەت، خالید، کەریم و ئەوانی دیکە بکەوێ و هەروەها کاک سالار قەوڵی پێ دابوم کە ١٠ فیشەکی دەمانچەم پێبدا.

کاتێ کە چوومە لایان دیتم هێندێ پەڕۆی خوێناوی لەوێیە و کاک سالا کراسەکەی داکەندوە و عەلی کوردە خەریکی تیمار کردنی پشتیەتی. دیارە لە شەڕەکەدا کاک سالار گولەی بەر ئەکەوێ و بە جامەدانەکەی خۆی ئەیبەسێ و بێجگە لە کەریم بزووشی کەسی دیکە بەو حاڵە نازانێ. کاک سالار بە کەریم دەڵێ لای کەس باسی مەکە و ئەو شەوە بەو برینەوە خەتبوو و بەیانی کاتێ هەموو لەخەو هەڵ دەستن بانگی عەلی کوردە ئەکات کە برین پێچ بوو و دەڵێ ئەو برینەم بۆ خاوێن کەوە.

بەڕاستی سالار مرۆڤێکی سەیر بو، گیانێک بوو لە پۆڵا و ڕوحێک بوو لە ئاگر، ئاگرێک بوو لە کڵپە سەندن و سیمایەک بوو بۆ بەربەرەکانێ و ئازایەتی و ئەم کارەی یەکێک لەو کار و هەڵس و کەوتانەی بوو کە کردبویە خۆشەویستی هاوسنگەرەکانی و جێگەی هیوای گەلەکەی.

سەرکەوتنی شەڕی ڕۆژی پێش هەموومانی سەر مەست کردبوو، بێگومان شەڕ کردن لەسەر جادەی ئەسڵی کە ئەو کاتە لە هەر کاتژمێرێکا ١٠ ماشین زیاتری پێدا ئەهات بە خێرایی دەنگ ئەداتەوە و بە شار ئەگا و خەڵکی بۆ یەکتری باس ئەکەن و ئەوەش یەکێک لە تاکتیکەکانی ئێمە بو کە جادەی ئەسڵی(سنە - کامیاران - کرماشان)مان هەڵ ئەبژارد.

نازانم مامە نەبی لە کوێی هێنا بوو، کۆمپوتێکی هەرمێی لە کۆڵەپشتەکەی دەرهێنا و هەڵی تەکاند و دایە کاک سالار و وتی: خوێنت لێچووە پێویستە شتی شیرین بخۆی، ئەم شەو هەرچیم کردوە مریشکێکت بۆ پەیدا ئەکەم، کاک سالار بانگی ڕەمەزانیشی کرد و بەر لەوەی خۆی دەس بۆ کومپوتەکە بەرێ لەتە هەرمێەکی دایە من و لەتێکیشی دایە ڕەمەزان، هەرچی

وتمان نابێ تۆ برینداری قەبوڵی نەکرد و وتی: دەنا منیش نایخۆم، بریندارم، بریندارم مەگەر بریندار بوون چیە؟ ئێسقانی نەگرتوە، هەر بە ناو گۆشتا چوە و بەمجۆرە دڵخۆشی هەمووماني دایەوە.

گەڕامەوە لای کاک شاپور و کاک سەدیق و خاڵە حەسەن و باسەکەم بۆ گێڕانەوە، خاڵە حەسەن و کاک سەدیق چوون بۆ لای کاک سالار و ئێمەش لەگەڵ کاک شاپور دا ماینەوە، کاک شاپور وتی دوایی ئێمەش ئەچین بۆلای.

بێسیمەکەم هێنا و کردمەوە و کاناڵەکانم گۆڕی، پایگاکان پێکەوە قسەیان ئەکرد، کاک شاپور وتی: ئا بیهێنە بزانم، ئەوە باسی ئێمە ئەکەن. گۆێمان لێگرت و تێگەیشتین کە هەر باسی مشکەکان و ئەو شتنانە ئەکەن. پاشان باسی ئەوەیان ئەکرد کە حاجی ئاغایەک لەگەل چەند کەسا ئەبێ بچن بۆ شار و ڕێگاکەیان تاقی بکرێتەوە و گروی زەربەت بێتە فریایان.

کاک شاپور وتی بە نیگابانەکان بڵێن وەشیار بن لەوە ئەچی دوژمن پلانێکی بەدەستەوە بێ، لەو قسانە دا بوین کە ئاگاداریان کردین تراکتورێک بە چەند چەکدارێکەوە خەریکە بەرەو خوار دێت، پێشمەرگەکانی لکی شەهید حەمە شەریف و شەهیدان بە پەلە چونە سەر جادەکە و تراکتورەکەیان دایە بەر دەسڕێژ، لەو کاتە دا تویوتایەکیش پڕ لە چەکدار بە سەردا کەوت و ئەویش درایە بەر دەسڕێژ بەڵام بڵاوەیان لێکرد، کاک شاپور منی ناردە لای لکی شەهید نادر کە ئەوانیش دابەزن و قاڵی ئەو چەکدارانە ببڕنەوە، منیش چووم و بە کاک عەلی ئەشرەفم وت: ئەو شەڕە نابینن؟ وتی: با، بەڵام ئەوەندە گەرم نیە، ئێمە جارێ ئیسراحەتی خۆمان تێک نادەین، چەند پاسدارێکی خۆڕین پێویست نیە هەمومان پەلاماریان بدەین لکی شەهید حەمە شەریفیان بەسە بەڵام کاتێ دیتیان تەقە گەرمە خۆیان پێ نەگیرا و دابەزین بۆ ناو شەڕگەکە.

پێشمەرگەکانی سەر بەرزایەکان هاواریان کرد هات. دیتمان لە شارەوە بە ماشین چەکدار دێنن و لە نێزیک شەڕگەکەوە دایان ئەبەزێنن و بە تەمای هێرش کردنن بەڵام دوژمن ئەترسا و تەنیا کاتیان ئەکوشت. شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو،

پێشمەرگەکانی ناو چووم و سەر جادە بە دەسکەوتێکی زۆرەوە هاتنەوە و تەلەفزیون و ڤیدیویەکیشیان هێنا بوو و لەگەڵ چەند دەزگایەکی دیکە دا کە ئێمە نەمان ئەزانی چین.

مەلایەک کە بەرپرسی تەبلیغاتی سپای پاسدارن بوو بەو تەلەفزیون و ڤیدیویەوە بە گوندەکانا ئەگەڕا و دروی بۆ خەڵک ئەکرد و هانی ئەدان کە بەشداری شەڕ بکەن و دژی ئێمەی کافر ڕاوەستن، لەو شەڕە دا هەم مەلا کوژرا و هەم فیلمەکانی تێدا چوون.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

خۆمان کۆ کردەوە و بڕیار درا خۆ مات دەین تا ئەو کاتەی هێزی دوژمن بە تەواوی لێمان نێزیک دەبێتەوە.

بەرزایەکانمان گرتبوو و ناو دوڵەکانیشمان بەدەستەوە بوو و لە چەند لاوە خۆما مات دابوو بەڵام گروی زەربەت هەر دورە تەقەیان ئەکرد و نەهاتنە پێش.

ئێمە هێشتا لە جێگای حەوانەوە بووین کە پێیان وتین "بیژەن" شەهید بوە و دەبێ بێنیژین. بیژەن سەرباز بوو لە ناوچەی بوکان و خۆی دابووە دەستەوە و داوای کردبوو کە بنێردرێتە هێزی بێستون و لەگەڵ ئێمە دا هاتەوە، کەسێکی ئازا و نەترس و خاوەن زانیاری بوو، زۆر دڵمان پێی خۆش بوو و بەو ماوە کورتە نیشانی دا کە داهاتویەکی ڕونی هەیە بەڵام بەداخەوە لەو شەڕە دا ئەوەندە لە دوژمن چووبووە پێشێ کە لەلایەن کاک عەزیز قۆڕیدەرییەوە درایە بەر دەسرێژ و شەهید کرا، کاک عەزیز پێی وابوو کە ئەویش هێزی دوژمنە. کارەساتێکی ناخۆش بوو کاک عەزیز بە تەواوی بێتاقەت بوو خاڵە حەسەن و کاک شاپور زۆریان دڵخۆشی دایەوە. ئێمەش بە سەرەنێزە لە ئاودڕێکا چاڵێکمان کەند و بیژەنمان بە جل و بەرگی خۆێناوی خۆیەوە شاردەوە.

پێشمەرگە لە ناو واقعێکی تفت و تاڵ دایە، ئەو واقعەی کە مرۆڤ خۆی هەست بە هەموو ناخۆشیەکانی ناکات و ئەگەر بۆت دەگێڕنەوە وەک خەون و خەیاڵە لە لات.

لە جێگایەک کۆ بوینەوە و بڕیار درا بڵاوەی لێبکەین، لکی شەهید حەمە شەریف و شەهیدان جیا بونەوە و لکی شەهید نادر و ئەرکانی هێز کردمانە ئەوبەرەوە و لە نێزیک گوندی سەر شێڵانە خەوتین.

**خۆشە ماندوو بوون بۆ حەوانەوە، خۆشە برسیەتی بۆ تێر کردن و گریان بۆ شایی و خۆ شاردنەوە بۆ ئاشکرا کردن، ئێمە ماندوو دەبووین، برسی دەبوین و خەمی هاوسەنگەرە شەهیدەکانمان ئەخۆارد بەڵام ژیان و واقع پاڵی پێوە ئەنایین کە بە هێز بین و بەردەوام بۆ پێشەوە بکشێین، بڕۆین و پێشهاتەکان بە دڵ و دەرونی فراوان و ورەی بەرزەوە بەخێر بێنین.**

## لە دەسدانی ٢ هاوسەنگەر

ڕێگاکەمان دوور نەبوو، لەبەر ئەوە ببوینە سێ بەشەوە مەترسی هێرشی دوژمنمان وەک پێویست لەسەر نەبوو، لە لایەکی دیکەوە ئێمە لە شەڕ دەگەڕاین و ئامادەی هەر چەشنە هێرش و پەلامارێکی داگیرکەران بووین.

ئەو پەلامارە پەیتا، پەیتا و سەرکەوتنە بەرچاوانەی هێزی بێستون لە ماوەی چەند ڕۆژ و لە حەساسترین جێگای ناوچەی بە پێگە تەنراو دوژمنی حەپەساندبوو و بە باشی نەیان ئەزانی ئێمە لەکوێن و کەی و چون دەرئەکەوین و چەند کەسین.

شەهید بوونی بیژەن خەمێکی دیکەی خستە ناو دڵم و دەرونمی هەژاند، لەو سەفەرەدا نێوانمان زور خۆش بوو و بەردەوام پێکەوە ئەچوینە ماڵان و باسی ژیانی خۆی و بنەماڵە و شێوەی پەروەردە و گەورە بوونی خۆی بۆ گێڕابومەوە.

بیژەن لە یەکێک لە بنەماڵە هەژارەکانی شاری کرماشان و گەڕەکی "پشت بەدەنە" هاتبووە دیناوە، باوکی حەماڵ، یان باشتر بڵێم کرێکارێک بوو کە بە کۆڵ، کەل و پەلی خەڵکی ئەگۆاستەوە و پارەیەکی کەمی وەک حەق دەست پێئەدرا و بەو پارەیە ٤ کچ و کوڕێکی پێ بەخێوو ئەکرد. بیژەن تەنیا کوڕی ماڵ بوو، خۆشکەکانی زۆر خۆش ئەویست و بەردەوام باسی ئەکردن و ئەیوت کە نێوانیان باش و ڕێزی تایبەتیان لە یەکتر گرتووە، کاتێ بیژەن دەگاتە تەمەنی حەوت ساڵان باوکی ئەینێرێتە بەر خوێندن و پێی دەڵێ کە بەڵکوو بتۆانی داهاتویەکی باشتر لەوی هەبێ و لارەملی ئەم و ئەو نەبێ. بیژەن قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێ دێنێ و دیپلومی لە ڕشتەی علومی تەجروبی دا وەرگرتبوو. لە کەم شانسی ئەو کوڕە هەژارە، کورەی شەڕ لە کوردستان و شەڕی ئێران و ئێراق گەرم بوو و ئەویش داوا ئەکرێ بۆ خزمەتی سەربازی و دوای سێ مانگ دیتنی دەروە لە پادگانی "عەجەبشێر" ڕەوانەی ناوچەی بوکان ئەکرێ. بیژەن وتی: داوایان لێکردم کە لە سپاسی پاسداران دا خزمەت بکەم و وتیان کە ئەتوانی هاوکات درێژە بە خوێندن بدەی بەڵام قەبوڵم نەکرد و پێم خۆش نەبوو بچمە ناو دام و دەزگای سەرکوتگەرەوە، بۆیە چوومە ناو ئەرتەش پێم وابوو ئەمنێرن بۆ شەڕی عێراق. لە کاتی دیتنی دەورەی سەربازیدا داوایان لێکردم کە لەگەڵ بەشی ئەقیدەتی - سیاسیی ئەرتەش دا هاوکاری بکەم، ئەمکەنە دەرجە دار، ئەوەشم نەکرد.

بیژەن بەردەوام باسی باوکی ئەکرد کە بە چ زەحمەت و چەرمەسەریەک ژیانی بنەماڵەکەی دابین ئەکا و ئامادە نیە منەتی کەس هەڵگرێ و دایمە چاوی لە پێشکەوتنی منداڵەکانیەتی و خۆشکەکانی ناوەتە بەر خوێندن کە هەموویان لە بیژەن منداڵترن.

بیژەن باسی دایکی ئەکرد کە چۆن ڕۆژانە ئەچێتە ماڵی دەوڵەمەنەکانی شار و حەوشە و دەروبانیان بۆ گسک ئەدا و پارەیەکی کەم وەر ئەگرێ.

سەرەڕای ئەوەی بیژەن لە بنەماڵەیەکی هەژارا هاتبووە دنیاوە، زانیاریەکی زۆری هەبوو و دیار بوو کە کتێبێ باشی خوێندوەتەوە و سەبارەت بە مێژووی نەتەوەکەی گەلێ شارەزا بوو و ئاواتی ئەوە بوو بتوانێ بە جلی پێشمەرگایەتیەوە دایک و باوک و خوشکەکانی ببینێ.

مان و مانەوە لە پێشمەرگایەتی دا بە ئان و ساتە و کەس چاوڕوانی ئەوە نەبو کە ئەمڕۆ بگاتە ئێوارە یان ئێوارە بگاتە بەیانی، ئەگەر چی هەموو هیوامان بە ژیان بە هێز و چاومان لە داهاتوو بڕیبوو.

شەو گەیشتینە جێگای حەوانەوە و نیگابان دیاریکرا و بڕیار درا کە کەمینەکان زۆر بەرز نەبنەوە بۆ ئەوە جێگاکەمان ئاشکرا نەبێ.

مانگەشەوێکی جوان بوو، دەموو چاوی یەکترمان ئەبینی، لەگەڵ کاک شاپور لەسەر گابەردێکا دانیشتبوین و بێسیمەکەمان داگیرساندبوو و بە شوێن دوزینەوەی کاناڵی پایگاکان دا ئەگەڕاین.

ئێوارە بەر لەوە لە لکی شەهید حەمە شەریف جیا بینەوە، شاپور جوانڕۆیی کە کادری دەرمانی و کەسێکی زۆر ئازا و جەسوور بوو، نامەیەکی پێدام و وتی کە ڕۆژی دوایی بیدەمە کاک شاپور، منیش بە کاک شاپورم وت کە نامەیەکی وام لە لایە و داوام لێکراوە کە بەیانی بتدەمێ، کاک شاپور وتی: باشە ئێستا بمدەرێ، بەیانی ئەیخوێنمەوە، منیش نامەکەم دەرهێنا و ڕادەستی کاک شاپورم کرد، لە دەستمان بەربووەوە و چووە ناو درزی گابەردەکە و بۆمان دەر نەهاتەوە.

شاپور کەسێکی ئازا و نەترس بوو، لە شەڕی هێزی بێستون و کۆمەڵە دا کەوتە گەمارۆی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و بە بریندار ئەسیری ئەکەن، پاشان یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ڕەگبارێکی پێدا ئەکا و بە جێی دێڵن، نێزیک بە دوازدە گولەی بەرکەوتبوو، پاشان هێنایانەوە گوندی بزوەش و دوکتور ئەوڕەحمان چاکی کردەوە و هاوکات کە بریندار بوو خۆی فێری دەرزیلێدان کرد و بووە برینپێچێکی باش، سەرڕای ئەوەی ئەشەلی و نیوە کەم ئەندام بوو، کۆڵی نەئەدا و ئامادە نەبوو بچێتە ناوچەی ئارام و ئەیویست بەردەوام لەگەڵ ئێمە دا بگەڕێ. نازانم چ شتێ وای لێکرد کە بێ ئیرادە بێ و بڕیاری خۆ تەسلیم کردنەوە بدات. ئەو نامەیەی بۆ ئەوە نوسیبوو کە چی لە دڵایە و بەداخەوە نامەکەش بە درزی بەردا چووە خوارێ و کەس نەیزانی شاپور چی بۆ وتن هەبووە و نەهێنیەکانی دڵی شاپور لە دڵی گابەردەکەدا بۆ هەتایە بە

شاراوەیی مایەوە.

ئەو شەوە کە چوینە گوندی لایەن، لە مزگەوتا جانمازێکم لەگەڵ خۆم هێنا، بە ڕۆژا لە ژێرەوە ئەمبەستە پشتم و بە شەوا ئەمکردەوە و بە خۆما ئەدا، لەبن دار گوێزێکا خۆم گرمۆڵە کردبو، کاک سەدیق بانگی لێکردم و وتی: هەستە با ئێمەش نان و چا بخۆین، ئەوکاتە هەر سێ کەس و چوار کەس ئەبونە گروپێک و شەوانە کە ئەچوینە گوندەکان دەبوو خواردن بۆ خۆمان بێنین، تیمەکەی ئێمە لە پێشدا من و موزەفەر تەنگیسەری و حەمید پاوەیی بوین شەوانە کە ئەچوینە گوندەکان موزەفەر و حەمید بێ ئەوەی شەرم بکەن داوای خواردن و پێخۆریان لە خاوەن ماڵەکان ئەکرد و کاتێ کۆ ئەبوینەوە وشەیەکی تایبەتمان بۆ خۆمان دا نابوو و ئەمانوت: ئێقتساد باشە، واتە خواردنی باشمان هێناوە، دوای چەند ڕۆژ کاک سەدیق بە ڕەمزەکەی زانی و وتی کە ئەویش ئەیەوێ لەگەڵ تیمەکەی ئێمە ببێتە شەریک، دوای ماوەیەک کاک شاپورریش تێگەیشت و وتی: منیش لەگەڵ ئێوەم، شەرم ناکەن ئەم باوکە پیرەتان لەو خواردنە خۆشانە بێ بەش ئەکەن.

جێگاکەمان خۆش و بێ خەم بوو، نیگابانەکان ئاگادرییان ئەدا کە هیچ جۆرە جم و جوڵێک نابیندرێ و من و کاک شاپوریش بەردەوام بە شۆێن کاناڵی پایگاکان دا ئەگەڕاین و گوێمان لێ ئەگرتن. ئەو بێسیمانە تەنیا لە دەشتایی، یان جێگای بەرز دا کار ئەکەن و جێگاکەی ئێمەش زۆر بەرز نەبوو و نەمانئەتوانی گوێ لە قسەکانیان بگرین و خشەخشی زۆر بوو.

نان و چای نیوەڕۆمان خوارد، برای خالید هات بۆ لامان و هەواڵی کاکی پرسی، ئێمەش دڵنیامان کرد کە حاڵی باشە و لەگەڵ لکی شەهید نادر دایە، چەند کەسێکی دیکە هاتن بۆ لامان و چونەوە و لە ناو ئاواییدا کە ئەو کات تەنیا سێ چوار ماڵی تێدا مابەو و خەڵکەکەی باریان کردبوە شاری کامیاران، نان و خواردنیان بۆمان هێنا.

نیگابانەکان بانێگیان کرد کە ماشینێکی پڕ لە چەکدار هاتە ناو ئاوایی، پێشمەرگەکانیش گوێیان نەدایە، کاک شاپور بانگی کاک عەلی ئەشرەفی کرد و وتی چەند پێشمەرگەیەک بنێرە کە لێان دەن و ماشینەکەیان بسوتێنن.

پێشمەرگەکانی هێزی بێستون حەزیان لە شەڕی بچوک و خۆ شڵەژاندن نەبوو.

کاک ئەولەسەن و چەند پێشمەگەیەک چون و ئێمەش لە کاتی حەوانەوە دابوین، تەقە دەستی پێکرد، یەک دوو دانە لە چەکدارەکان توانیبویان خۆ دەرباز کەن و لە تەپۆڵکەی ئەوبەرەوە سەنگەریان گرتبوو، کاتێ تەقە درێژەی کێشا تیمێکی دیکە چونە مەیدانی شەڕەکە و هەوڵیان دا لە پشتەوەڕا قاڵی ئەو چەند هەڵهاتوەش ببڕنەوە.

دوژمن دەستی کردە تۆپبارانی ناوچە و دیار بوو بە تەمای هێرش کردنە، ئێمەش خۆمان سازکرد و بووینە چەند بەشەوە، لە گوندی "پشتە"وە هێزێکی دیکە هات بە هانای ئەو هێزەوە کە دەمێک بو کوژرابون، پێشمەرگەکان پاشەکشەیان کرد بوو و بە تەمای ئەوە بووین کە بەرەو شاخی "زەڕنە" هەڵکشێین و خۆ بۆ شەڕێکی گەرم ئامادە بکەین، هێزی دوژمن گەیشت و دیسان هاتنەوە ناو ئاوایی، پێشمەرگەکان بۆیان چون و شەڕ گەرم بوو، دوژمن بە تۆپ و خۆمپارە و چەکی دیکە ئێمەی دابووە بەر و ئێمەش هەوڵمان ئەدا کە بڵاوەی لێبکەین و پێشمەرگەکانی دیکەش خۆیان لە هێزەکەی ناو ئاوایی نێزیک ئەکردەوە.

من و کاک سەدیق و حامید لە پەنایەک دانیشتبوین و گوێمان لە قسەی پایگاکان ئەگرت، کاک سەدیق وتی هەستن با بچینە ئەو تەپۆڵکە بۆ لای ئەو دوو پێشمەرگەیە لەوە ئەچێ دوژمن لەویشەوە هێرش بێنێ و ئەو تەپۆڵکەیە زاڵ بوو بە سەر گوندی "تەختی زەنگی" دا. زۆر لە جێگاکەمان دور نەکوتبوینەوە دوژمن دەستی کردەوە بە خۆمپارەباران و یەک گولە خۆمپارەی ١٢٠ ڕێک لە جێگاکەی ئێمەی دا و کاک سەدیق وەک فریشتە فریامان کەوت دەنا ورد و خاش ئەبوین.

بانگیان کرد کە کاک سەدیق بێتە دواوە. منیش لەگەڵی ڕۆشتم، دیتمان مزەفەر بریندار بووە و هەواڵیش هات کە شەهیدێک و برینداڕێکمان هەیە.

دابەزین بۆ لای برینداڕەکە، دیتمان وەلی مێرگەساریە بە سەختی بریندا ببوو، نەیئەتوانی هەناسە بدا، خوێنی لێ ئەڕۆیی و هیچ ئیمکانی ئەوەمان نەبوو یارمەتی بدەین، بە جامەدانە و پشتێنەکەی خۆی بەستمان بەڵام بێ فایدە بوو، جار و بارە بە چاو سەیرێکمانی ئەکرد و قسەی بۆ نەئەکرا.

ئەو کەسەش کە شەهید ببوو "مەحمود بازئەفکەن" ناسراو بە مەحموود زیویەیی بوو. یەکێک لە سەنگەرکانی دوژمن بەربەرکانێ ئەکات و بۆ پێشمەرگەکان ناگیردرێ، شەهید ئەولەسەن دەڵێ وازیان لێ بێنن باشترە ئەوانە بە سلامەتی نەجاتیان بێت نەک پێشمەرگەیەک شەهید ببێ، کاک مەحمود گوێ ناداتێ و یەکراست خۆێ لە سەنگەرەکە نێزیک ئەکاتەوە و لەو کاتەدا پاسدارێک کە خۆی حەشار دابوو و تەقەی نەئەکرد و لە کاک مەحمودەوە زۆە نێزیک بوو رەگبارێکی لێئەکا و مەحموود شەهیدی کرد، بە بیستن و بینی ئەو ڕوداوە پێشمەرگەکان بوونە ئاگر و سەنگەرەکەیان سوتاند و قاتڵەکەیان لە خوێنی خۆیا گەوزاند و جەنازەکەی مەحمودیان هێنایەوە.

لەو شەڕە دا فەرماندەیەکی پایەبەرزی سپاسی پاسدارن کە کچی مەلایەکی لۆنی خۆاستبوو و لە ناوچەی بێڵەوار و کامیاران دا مورەیەکی ئەسڵی حکومەت بوو کۆژرا. ئەو هێرشانەی دوژمنیش بۆ بە هاناوە هاتنی ئەو فەرماندەیە بوو، ئێمە نەمانزانی کە فەرماندەیەکی گەورەی سپاسی داگیرکەر کوژراوە تا ئەوکاتە کە کارتی کۆژراوەکان هاتن و کاک شاپور ناوەکانیانی

خۆێندەوە و ئەو کابرایەی ناسیەوە. دوای حکومەت لە کامیاران خەمباری گشتی بۆ ڕاگەیاند و پەڕۆی ڕەشیان بۆ هەڵکرد.

لە کاتی پەلاماردانەکە کاک وەلی مێرگەساری نارنجوک ئامادە ئەکا بیخاتە ناو سەنگەری چەکدارەکانی رێژیم کە یەکێک لەو چەکدارانە دێتە دەست و کاک وەلی بەرئەکەوێ و بەداخەوە نارجوکەکش بەخۆیدا ئەتەقیتەوە و هەموو لەشی ئەنجن ئەنجن کردبوو و دوای چەند سەعات بەربەرەکانی گیانی لە دەست دا و ئەویش شەهید بوو.

دوو پێشمەرگەی شەهید، دوو پاڵەوانی گۆڕەپانی کوردایەتی و دوو پارێزەری نیشتمان و دوو هەڵۆی بەرزە فڕی چیاکانی شاهوو و ئاژوان، بێدەنگ و لە خۆێن گەوزاو لە بەردەستمانا درێژ بونەتەوە، بەر لە چەند کات ژمێرێک پێ ئەکەنین و شادومان بون و لەگەڵمانا بۆ داهاتوو ئەگەڕان، ئێستا ناماندوێنن، لە خۆیانا قەتیس ماون، چاویان لە ئێمەیە و ڕێگای دور و پیرۆزمان پیشان ئەدەن، وام هەست ئەکرد نووستون و چاویان کراوەتەوە، ئەو هەموو خۆێنەیان لێ چوبوو و ماوەیەک بە سەر شەهیدبونیان دا تێپەڕیبوو کەچی ڕەنگ و ڕویان سپی و سوور و لە ڕومەتیانا ئاسەواری ژیان دیار بوو.

چەک وڕەختمان لێکردنەوە و بە پشتێن و جامەدانەکانی خۆیان باش پێچانمانەوە و بە سەرەنێزە چاڵمان بۆ هەڵکەندن و هەردووکمان پێکەوە لە باوەشی یەکترا دایە دەست دایکی نیشتمان و هێندێ گەڵا دار و خاکمان دا بەسەریانا و ماڵ ئاوایمان لێکردن. دوایێ دایک و باوکی وەلی چون و کوڕەکەیان هێنایەوە و بە شەو لە گوندەکەی خۆیانا ناشتیان، بەڵام مەحموود دایک و باوکی نەمابوو و خۆشکەکەشی نەیتۆانی بچێ بیهێنێتەوە و هەروا لەوێ چاوەڕوانی ڕزگاریە کە هاوسەنگەرەکانی مزگێنی بدەنێ و بە ئاسودەیی بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی و بۆ یەکجاری بحەسێتەوە.

**ژیان وایە، هەناسەیەکە هات و نەهات، چۆن مردن و چۆن ژیان ئەو هەناسانە واتادار ئەکا، ئەم جوتە مرۆڤە دڵ پڕ لە هیوا و هیوا بەرزانە حەزیان لە مردن نەبوو بەڵام لە مردنیش نەترسان و ئامادە بوون بۆ ئەوە ژیان بەردەوام بێ خۆیان بکەنە مۆم و شەوە تاریکەکانی ئەم وەڵاتە خۆشی نەدیوەی پێ ڕوناک بکەنەوە.**

## بەسیجیی

ژیانی ئێمە بە ڕۆیشتن و جێگا گۆڕکی کردن ئەپارێزرێ و ناچارین شەهیدە ئازیزەکانمان بدەینە دەست دایکی نیشتمان و لە ژێر خاک و گەڵا و وردە دارا بیان شارینەوە و درێژە بە ڕێگاکەیان بدەین.

مزەفەر بریندار بوو بەڵام لەبەر ئەوە کەسێکی بەخۆ و بە تاقەت بوو گوێی نەئەدایە و بۆ خۆی ئەچوو بەڕێدا و تەنانەت چەک و ڕەخت و کۆڵەکەی خۆشی نەدایە کەس بۆی هەڵگرێ.

لە داوێن کێوی زەڕنە و بەدیوی ئاوایێ "لۆن" و لە جێگایەکی پڕ مەترسیدا بارگەمان لێخستبوو، دیارە ئەمکارەمان زۆرجار دووبارە ئەکردەوە و لەوکاتانەدا کە زەربەمان لە دوژمن ئەوەشاند یان بۆ چەند ڕۆژێ لەسەر یەک لە شەڕ و ڕۆشتنا بووین جێگایەکی مەترسیداریان بۆ مانەوە دیاری ئەکرد، ئەو جێگایانە بۆ ئەوە باش بوون کە دوژمن شکی لێ نەئەکردن تەنیا مەترسی ئەوە بوو کەسێکی ناپاک بمان بینی و هەواڵ بەرێ بۆ داگیرکەران دەنا لە زۆر باریشەوە بێ خەمتر بوو لەوەی کە لەسەر شاخێک باین و نیگابان و دیدەبان و هاتوو چومان هەبایە.

قەرار درا تا دوا نیوەڕۆ کەس ئاور نەکاتەوە، دوو کەس، دوو کەس نیگابانیمان ئەدا و ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە لە کاتی پێویستدا بتوانن بەربەرەکانێ بکەن تا ئەوکاتە هێزەکەی دیکە دێنە دەس. من و کاک ئەولەسەن مەنبەری نیگابان بووین و لە پەنا دارێکا دانیشتبوین و بە دوربین سەیری ئەملاو و ئەولامان ئەکرد، گوێمان لە خشەیەک بوو، بەملا و بەولا دا بەرەو خشەک ڕۆشتین، دیتمان لە ناو تۆپەڵە دارێکا سەری کەسێک دیارە، کاک ئەولەسەن وتی: تۆ لێرە ڕاوەستێ من بە خۆارا لێی نێزیک ئەبمەوە ئەگەر تەنیا بوو ئەوە ئەیگرین و ئەگەر زانیمان چەکدارن و زورن ئەوا بە ڕەگبار دایان ئەگرین.

من بە هەموو هەستی خۆم و بە بێدەنگی چاوەڕوان مابومەوە و چاوم لە دەورەوبەر ئەکرد وەک دەڵێن چاوێکم کردبووە چوار چاو کاک ئەولەسەن خۆی گەیاندە نێزیک دەوەنەکە و وتی: کێی کورە کوژرای، وەڵامی دایەوە وتی: بۆ ئەمکوژی باوکم خۆ کەری مزگەتوم نەدزیوە هاتووم لێرە کەس نەم بینی ئەم "تەرکش*" انە دەربێنم.

برینەکەی موزەفەر زۆر ناخۆش بوو لە بەینی هەردوو قاچی درابوو و چەندین پەڵاشەی بچوک بچوک چوبونە ناو گۆشتەکەیا و ڕوی نەبوو بیداتە کادری دەرمانیەکە و هاتبوو لەو هەلە کەڵک وەرگرێ و خۆی بە چەقۆیەک و زەمەی کلاشینکۆفەکەی پەڵاشەکانی(پارچەکانی) دەر ئەهێنا. بەڕاستی موزەفەر مرۆڤێک بوو لە پۆڵا و ئازار و ئێش و ئەو شتانەی نەئەزانی و



سەرچاوە
Serchawe

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ماندو بوونی بۆ نەبوو سەرڕای ئەوەش لە قسەی خۆش و جەفەنگ کردن نەئەکەوت و هاوڕێکانی ئەهێنایە پێکەنین.

ئەو ڕۆژە بە بێ شەڕ گەیشتە دوا نیوەڕۆ و ئیتر لە کات ژمێر چواری دوانیوەڕۆ بەولاوە باکمان بۆ هەموو ئەرتەشی ئێران نەبو، ئاور کرایەوە و نان و چایمان بە تێر و تەسەلی خوارد. چەندین کەس لە کرێکارانی لۆنی هاتن بۆ لامان و لە بەشە خواردنی خۆیان بەشی ئێمەشیان دا. ئەو خەڵکە جێگای بڕوامان بوون و لێان نەئەترساین و کەمبون ئەو کەسانەی کە نەفس نزم و خۆفرۆش بن و ئەگەریش کەسێ وا هەبایە بەئاسانی ئەناسرایەوە و لە لایەن خەڵکەوە ئاشکرا ئەکرا.

ئێوارە بە پەنا گوندی لون و پایگاکانیدا ڕیزمان بەست و بە دەشەتەکەی خوار ئاوایی و بناری شیرینسۆارا بۆی کشاین و ڕومان لە تەنگیخاو کردەوە، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دوایی بە چومی تەنگیخاوا شۆڕ بوینەوەو لە نێزیک گوندی تەنگیوەر و لە سەر ئاوی کۆڵێتەکە دانیشتین. تیمێ لە پێشمەرگەکان بەر لە ئێمە هاتبوون بۆ ئەوە کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن و کەسێکیان بە ناوی "حسین سەیادی" خەڵکی گوندی "قوڕی قەلا" گرتبو. کاک حسین بە خزمایەتی ئەگاتە من و پێشتر ئەمناسی و کاتێ هاتم و ناسیمەوە باوەشمان بە یەکا کرد و بردمە لای کاک شاپور و وتم ئەمە خزمی منە کاک شاپوریش زۆر ڕێزی لێگرت و وتی: ئەگەر هیچی لەسەر نەبێ ئەوا ئازادی ئەکەین و تا ئەوکاتە میوانی ئێمەیە. بانگی منیان کرد و لەگەڵ کاک ئەلی و چەند پێشمەرگەی دیکەدا ناردمانیان کە چەند سەر مەڕ بێنین بۆ ئەوە ماوەیەک بوو پێشمەرگەکان گۆشتیان نەخوارد بوو. ئێمەش چوینە کێوی "داوان" و لەوێ توشی ڕانەکەی تەنگیوەر هاتین کاک ئەلی بە منی وت تۆ خۆت نیشان مەدە بۆ ئەوە کێشە بۆ بنەماڵەکەت دروست نەبێ ئەوان چون و چەند سەر حەیوانیان هێنا و چوینەوە بۆ لای کاک شاپور و ئەوان و کەبابێکی باشمان بۆ کرد و کاک حسین وەک میوان پالی لێ دابوەوە و ئێمەش کەبابمان بۆ ئەبرد لەوکاتە دا کەسێکی خەڵکی تەنگیوەر هات و بوو بە زەمانەتی و لەگەڵ خۆی بردیەوە.

ئێوارەکەی چەند پێوەندیەکمان گرت و بەرنامەی گرتنی پێگەی تەنگیوەر داڕێژرا و لەبەر ئەوە منیش شارەزای ئەو ناوە بووم لە بەرنامەکە دا بەشدار بووم و چووین و چەند کەسمان بینی و بە تەواوی لە گرتنی پایگاکە دڵنیا بوین.

شەو هاتینەوە لای پێشمەرگەکان و بەیانی زوو لەخەو هەستام و دیسان بەرەو خوار چووم و کاک عەلی ئەشرەفیش هات و دوای ئەویش کاکە فەیزەو سێ قۆڵی بە ناو دارە وەنەکانی داوانا نێزیک ئاوایی بوینەوە، چەند منداڵێکمان بینی و لەگەڵیانان کەوتینە قسە کردن یەکێک لە منداڵەکان لە گۆشەیەکەوە وەستا بوو دەموو چاوی تۆزاوی، چڵمن و کراسێکی دڕاوی چڵکنی لەبەر دابوو، کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە ئەویش هیچی نەوت لە پڕ کاک عەلی ئەشرەف وتی: بهمەن ئەوە تۆی؟ بۆ قسە ناکەی هەی سەگباب. بهمەن کوڕە گەورەکەی کاک عەلی ئەشرەف بوو، ئەوەندە بێنازی و ترسیان دیبوو ئاسایی نەبوو گوشەگیر ببوو. باوک و کوڕ یەکیان نەناسیەوە، دیمەنێکی دڵتەزێن و تراژیدیەکی داخدار بوو.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

چەند کەس بە کاروان هاتن و لێمان نێزیک بونەوە چاک وچۆنیمان لەگەڵ کردن و بەرەوە خوار دابەزین، خاڵە حەمەی بنێشت کەر هاتەوە وتی: باوکت و خوشکەکەت دێن بۆ "کاوەران" لەوێ چاوەڕوانیان بکە. خاڵە حەمە خەڵکی ناوچەی جوانڕۆ بوو و هاوینان ئەهات و لەو دار "وەن"انە بنێشتی کۆ ئەکردەوە و کەسێکی بەڕێز و جێگەی متمانە و پێشمەرگە خۆشەویست بوو، من ناردبومەوە کە هەواڵ بداتە بنەماڵەکەم کە هاتوم و پێم خۆشە بیان بینم.

بەرەو جێگای قەرارەکەمان چوین، باوکم و خوشکێکم هاتن و کۆڵەکەیان کردەوە، دەستێ کەواو و پاتۆڵیان بۆ من هێنا بوو و لەگەڵ هێندێ کۆنسێرو و کۆمپوت و شتی وا کە چەکدارەکان بە دزی پێان دابوون و وتبویان ئەگەر چون بۆ لای پێشمەرگە بیاندەنێ.

دوای نێزیک بە ساڵێک یەکەمجار بوو بابم و خوشکم دەبینی و بە بینینیان خۆشحاڵ بوم، باوکم هێندێ گریا و خوشکەکەم خەم لە سەراپای دەباری بەڵام من گوێم لەو شتانە نەبوو و دڵخۆشیم دانەوە و وتم من پێشمەرگەم و دەبێ کوردستان ڕزگار بکەم.

ئەوان چوون و ئێمەش گەڕاینەوە لای پێشمەرگەکان منیان نارد لەگەڵ تیمێک پێشمەرگە بۆ خوار ئاوایی گازرخانی کە هێندێ شت وەک بێنین. کاتێ هاتینەوە دیتمان پێشمەرگە دەستە بەشیان لێکردوە و شەڕ نێزیکە.

پۆلێ پێشمەرگە بە فەرماندەری کاک عەلی ئەشرەف چوبوون و قەرار وا بوو لە پشتەوەڕا بێنە ناو ئاوایێ و پۆلێکی دیکە بە فەرماندەری کاکە فەیزە لە نێزیک ئاوایی زاڵ بە سەر پێگەکە دا دامەزرا بوون و پۆلێ پێشمەرگەش بە چۆمەکە دا دزەیان کردبوو و لە پەنایەک خۆیان مات دابوو.

بەرنامەکە بەمجۆرە بوو: گروپێ پێشمەرگە لە پشتەوەڕا دێن و لە نێزیک ئاوایی دادەمەزرێن، تیمێکی دیکە پایگا دەخەنە ژێر چاوەدێرێ و تیمی سیهەم خۆ لە گۆمە ئاوەکەی پەنا ئاوایی نێزیک ئەکەنەوە. هەموو ڕۆژێ چەند کەس لە پاسدارەکان ئەهاتن و لەو گۆماوە دا مەلەیان ئەکرد.

قەرار درا بوو کە کاتێ ئەم پاسدارانە هاتن و خۆیان ڕوت کردەوە و چوونە ناو ئاوەکە حەسابیان یەکلا بکرێتەوە و پایگا بدرێتە بەر و لە ماوەیەکی کەما قاڵی هەمویان ببڕێتەوە.

بەڵام ئێمە لە شتێک ئاگادرا نەبوین و ئەویش ئەوە بو کەسێکی تەنگیوەری لە ڕقی ئەوەی بزنێکی لە لایەن پێشمەرگەوە خورابوو هەواڵی دابوو بە فەرماندەی ناوچە و جێگا و ڕێگای ئێمەی هەمو خستبوونە بەردەست دوژمن بە گروی زەربەت و توپ و خۆمپارەوە لە گوندی ویزیەر ئامادەی هێرش کردنن واتە خەریکن بێنە تەنگیوەر و پەلاماری ئێمە بەدەن.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

هەرکە گروی ناو ئاوەکە درانە بەر لە ویزیەرەوە دامانیان گرت بە کالیبرپەنجا و خۆمپارە و ئەو ناوەیان لێکردینە ئاور لەوانەی ناو گۆمەکە یەکیان لەگەڵ یەکەم دەسرێژا دەرچوو و دوایی وتیان شێت ببوو و یەکیان خۆی خستبووە بن گۆمەکە و کاتێ تەقە وەستا سەری دەرهێنا پێشمەرگەکان دایانە بەر گولە هیچی بەڵام لێنەهات، پاشان کاک ئەولەسەن وتی تەقەی لێمەکەن با ئەسیری کەین، بانگیان لێکرد و چەکی کۆژراوەکانیان پێهێنا، لە دواین کاتا لە فاسیلەی دوو میتری یەکێک لە پێشمەرگەکان تەقەی لێکرد بەڵام نەیپێکا و بەسلامەتی گەیشتە لامان کە وەک دەڵێن کابرا عومری بە دنیاوە مابوو، منداڵێکی ١٤ یان ١٥ ساڵان و خەڵکی مەشهەد بوو، لە قوتابخانەوە هێنابویان و لە جیاتی پشووی هاوینی کردبویانە بەسیج. ئەوانەش کە کوژران هەر لەو تەمەنە دا و وەک ئەو لە مەشهەدەوە هێنرا بوون و هەموویان قوتابی و لە کاتی پشوی هاوینی دا بوون.

پایگاش درایە بەر دەسرێژ و پێشمەرگەکان هەموو ئاواییان خستە دەستی خۆیان بەڵام پێگەکە لە پەنا ئاوایێ و لە ناو دەشتایەکا بوو و هاوکات لە "ویزیەر"ەوە ئەو ناوە درابووە بەر دەسرێژ و هێزی پیادەش خەریک بوو خۆیان لە ئاوایی تەنگیوەر نێزیک ئەکردەوە و لەوە ئەچوو کە خەڵکی ئاسایێ زەرەر ببینن. هەر ئەو ڕۆژە کەسێک بە ناوی "یارئەحمەد" ناسراو بە یارە لە دایک بوی گوندی تەنگیوەر و دانیشتوی گوندی ویزیەر مردبوو و خەڵکی تەنگیوەر هەموو چووبوون بۆ بە خاکسپاردنی کە شەڕ دەستی پێکرد ژنانی تەنگیوەری لە ترسی منداڵەکانیان هاتبوونەوە و لە نێوان ئاوری پێشمەرگە و پاسدار و جاشەکانا گیریان خۆاردبوو، لەم حاڵەتە دا و بۆ ئەوەی خەڵکی بێ چەک زەرەر نەبینن پاشەکشەمان کرد و چاوڕوانی هاتنی کاک عەلی ئەشرەف و پێشمەرگەکانی دیکەمان کرد.

کاتێ هەموو کۆ بوینەوە "حەسین کوێخا بابا"پێی وتم کە خاڵۆت هاتبوو بۆ لات و هێندی شوتی و شتی بۆ هێنابوی نەمان هێشتوە بێتە ناو شەڕەکە و ناردومانەتەوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە نەبوو، کاتێ خاڵم دێت و دەبینێ شەڕ گەرمە ڕو لەو تەپۆڵکەیە ئەکا کە پۆلێ پێشمەرگەی لێدامەزرابو وەک پشت کەمین و پێسگرتن لە ئەگەری هاتنی دوژمن لە پایگاکانی پشتەوەڕا، حسەین کوێخابابا کە بەخزمایەتی ئەگاتە دایکم بە خاڵوم ئەڵێ ئەوا ئەبینی شەڕە و تۆش ماڵ و منداڵداری شتەکان لای ئێمە دانێ و خۆت بچۆڕەوە پاشان هەموو ئەو خۆاردانانەی کە خاڵم بۆێ هێنابووم و ئەیزانی کە من حەزم لە چیە هەموویان خۆاردبوو و تەنیا هەواڵەکەیان بە من دا.

کە تاریک داهات لە نێوان گوندی کاشتەر و تەنگیوەرەوە بە دەسکەوت و ئەسیرەوکەوە کەوتینە ڕێ بەرەو کێوی کەماجاڕ و دەبوو لە جادەی خاکیی مەریوان - کامیاران بپەڕینەوە. بڕیار وا بوو لە سەر جادە ئەسیرەکەش ئێعدام بکرێ و مینێکی دژە تانکی لە بن دانێنەوە. هەر کە نێزیکی جادەکە بوینەوە تیمی پێشڕەو وتیان شتێک دەبینن لە ماشین ئەچێ و بەم جۆرە کۆشتنی بەسیجەکە جێ بە جێ نەکرا.

## ئەو ڕۆژانەی شانازییان پێوە دەکەم

**نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی**

شەو لە کێوەکەوە سەرکەوتین و بەشێک لە پێشمەرگەکان دابەزین بۆ سەر کانی و ئاو و ناو دارگوێزەکانی نێوان سیویە و دەژن، ئێمەش لەگەڵ کاک شاپور لە ناوملانی گەردەنەی کەماجاڕ و کوچک چەرموو دا ماینەوە، هەم کەمین بووین و هەم ئەمانەویست بەیانی زوو بێسیمی پایگاکان کۆنترۆڵ کەین و بزانین بەرنامەیان چیە.

هاوکات لکی شەهید حەمە شەریف و لکی شەهیدان چەند چالاکیەکیان ئەنجام دابوو و دوژمن بە تەواوی پەشۆکابوو و لەوە ئەچوو خەریکی داڕشتنی بەرنامەیەکی بەربڵاو بن.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە چووینە گوندی دەژن و لە لایەن خەڵکەوە بە گەرمی پێشوازیمان لێکرا، لەوێ ئەسیرەکەیان تەسلیمی شۆرای گوند کرد و ئەوانیش بردیانەوە و دایەنە تەحویل پایگای زەمانگریووە. ئەو ئەسیرە لەو ماوەیەدا کە لەگەڵمان بوو بەردەوام لە لای من بوو و ببوینە ناسیاوی یەک و منیش زور ڕێزم لێئەگرت و جامەدانەکەی خۆم ئەدایە لە کاتی خەوتنا بەکاری بێنێ. کاتێ کە ئازاد کرا و چوبوەوە کەل و پەلەکەی بێنێ لە پایگای تەنگیوەر چوبوە سەردانی ماڵی ئێمە و سپاسی دایک و باوکمی کردبوو و وتبووی ئەم باسە لە مەشهەدا ئەگێڕمەوە کە چەندە لەگەڵما باش بوونە.

کاتی ئەوە هاتبوو بکەینە ئەوبەرەوە و سەردانێکی خەڵکی ئاوایی پاڵنگان بکەین و هێندێ بحەسینەوە و هاوکات بچینە خزمەت دایک و باوکی شەهید بەختیار.

**هەتا ئێستا و تا ئەم کاتەش هەر ئێمە سەرکەوتوو بووین و دوژمنمان بەزاندبوو بەڵام ژیان هەتا سەر وا نابێ و کێ ئەزانێ دوایی چیمان بەسەر دێ و دوژمن بەسەرماندا زاڵ نابێ یان نا ئەگەر چی دوژمنی داگیرکەر قەت ناتوانی بە زەبر و زەنگ سەرکەوتن وەدەس بێنێ و ئەوەی سەرکەوتوو و سەربەرزە هێزی گەل و کوڕانی خاوەن بڕوای ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەرن.**

## پاڵنگان

پەلامارە یەک لە دوا یەکەکانی هێزی بێستون، هیوای بە گەل ئەدا و دوژمنی توشی سەرەگێژە کردبوو، پێشمەرگە خۆشەویست و پشتیوانی گەل و گەلیش تامەزرۆی دیداری پێشمەرگە بوون.

گوندی پاڵنگان یەکێک لە گوندە هەرە کۆنەکانی ناوچەی "ژاوەرۆ"ی مەریوانە کە ئێستا خراووەتە سەر بێڵەواری کامیاران، گوندێکی ئاوەدان و خەڵکێکی ئازا و کارکەر و تێکۆشەری هەیە.

پاڵنگان لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی دا وەک ناوەندێکی گەلێ گرنگی پاشاکان باسی لێوەکراوە. خەڵکی ئەم گوندە بە یەکگرتوویی و خەمخۆری یەکتر ناوبانگیان هەیە و ئەگەر هەزار کێشەی ناوخۆییان هەبێ لە بەرانبەر هێزی دەرکی و مەترسی لاوەکیەوە یەک دەنگ و پاڵپشتی یەکترن.

هەڵکەوتەی گوندەکە زۆر نالەبار و ئاستەمە و لەم بەر و لەوبەری چومی "گاوەرۆ" و لە دوو سەد میتری دوو ئاوانی چومی گاوەرو و چۆمی ژاوەرو دایە و هێندێ لە خانوەکان لە سەر و لە داوێن گابەردی بەرز و سەختدا دروست کراون.

ئەو گوندە نێزیک بە سەد و پەنجا تا دوو سەد بنەماڵەیە و چەندین سەرمایەداری بە ناو بانگی لێ هەڵکەوتوە کە دانیشتوی شارەکانی کرماشان و کامیارانن. بەداخەوە ئێستا ئەو یەکگرتنەیان نەماوە و زوربەیان باریان کردوەتە شاری کامیاران و لێک دابڕاون. گوندی پاڵنگان لە نێوان گوندەکانی "دێوەزناو"، "تفێن"، "دەژن"، "وێزیەر" و "تەنگیوەر" دایە و زەوی و زاری کشت و کاڵی زۆر کەمە و خەڵکەکەی زیاتر بە ئاژەڵداری ئەژین و چوار هەواری گرینگیان لە "شاهو" هەیە وەک، هەوارەکانی "شێخ ئەزیز"، "بۆڵین"،"هانیە" و "گۆزیبان".

ئێمە بەرنامەمان ئەوە بوو کە سەردانی هەوارگەکانی "هانیە" و "گۆزیبان" بکەین بۆ چاوپێکەوتنی خەڵکی پاڵنگان. لە خوار ئاوایی تەنگیوەر و لە نێزیک زینانە کانییەک هەیە و تۆزێ ئاوی لێ دێتە دەر و ئاوەکە لە نێوان یان لە درزی بەردێکی گەورەوە دێتە دەر و هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوە ئاوەکە هێندێ زیاد بکرێ بەڵام نەکراوە، ساڵی ١٩٧٨ کۆمەڵێک لە ئاسەوار ناسە ئینگلیزیەکان لە نێزیک ئەم کانیەوە بارگەیان خستبوو و خەریکی لێکۆڵینەوە لە هێندێ جێگا و شوێنەواری مێژوویی و تایبەتی ئەو ناوە بون و ماوەی ٤ مانگ بەردەوام لە گەڕانا بون و بۆ ئەوە ئەم کانیە تەنیا سەرچاوەی ئاوی نێزیک بوو لێانەوە بە چیمەنتو(سمنت) پێشیان گرتووە و لولەیەکیان پێوە ناوە و ئێستا بە خوڕتر ئاوەکە

دێتە دەر بەڵام بۆ ئێمە و لەو کاتە دا زۆر زەحمەت بو کە هەمووما بتوانین لەو ئاوە کەڵک وەرگرین هەر چۆنێ بوو مەتارەکانمان پڕ کردلە ئاو و کەوتینە ڕێ و لە "سەرنەهاڵ" پشویەکمان وەرگرت و بۆ ماوەی دوو سەعات خەوتین. لەبەر ئەوە جێگاکەمان بەرزایی بوو هەستمان بە سەرما ئەکرد نەمانتوانی بخەوین و درێژەمان بە ڕۆشتن دا و تازە خەڵک لە خەو هەڵ ئەسان گەیشتینە هەوارگەی هانیە.

هانیە هەوارگەیەکی خۆش و بەرز و ئاوەدانە و خەڵکی پاڵنگان نێزیک بە دوو مانگ لەو هەوارەدا ئەمێنەوە و پاشان بار ئەکەنە هەوارگەیەکی خوارەوەتر و هێندێکیان ئەچنەوە ئاوایی و لە ڕاستیدا هەوارگەی گۆزیبان دوایین مەنزڵگەی گەڕانەوەیە بۆ ناو ئاوایی.

خەڵک بە گەرمی پێشوازیان لێکردین، خەڵکی پاڵنگان هەموو ئێمە ئەناسن و تێکلاویەکی باش و گەرممان پێکەوە هەیە، چەندین کەس هاتن و داوایان کرد کە لەگەڵیان بچمەوە بەڵام من حەزم ئەکرد دواین کەس برۆمە ماڵان، کاکە فەیزە یەکێک لە دوستە هەر نێزیکەکانی بابم کە ئێمە وەک مامی خۆمان بانگی ئەکەین و جیاوازی نیە لەگەڵ مامەکانماندا هات و بە گەرمی لە باوشی گرتم و ئەملاو ئەولای ماچ کردم و هەر وەک ئەو کاتانەی کە ئەهات بۆ ماڵمان، توند، توند دەستی گرتم، و زوو زوو ماچێکی ناوچاوانمی ئەکرد و ئەیوت: ئەی خۆاگیان، ئینە تۆنی کوڕەکەو کاکە تایەر، ئەی خۆا نەبڕیش(ئەمە تۆی کوڕەکەی کاکە تایەر، ئەی خوا نەیبڕی). پاشان ڕاپێچی ماڵی خۆیانی کردم، منیش وتم: کاکە فەیزە من بە تەنێ نیم، وتی: با بێن، من خاوەن ماڵ نیم، ماڵی ماڵی کاکە تایەرە، با بێن گیانەکەم با بێ (بۆ ئاگاداری: لە نوسینەکانمدا چەند جار باسی کاکە فەیزەم کردوە کە مەبەستم کاکە فەیزە روحانی خەڵکی گوندی کاشتەرە و نیزیکەی ٤٠ ساڵە بێ ناوبەر پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەو کاکە فەیزەیە لێرەدا باسم کردوە خەلکی گوندی پاڵنگان و هیچکات پێشمەرگە نەبووە).

من و کاک عەلی و کەریم بزوەشی لەگەڵ کاکە فەیزە دا چوینەوە، هەوارچییەکانی هانیە خەریکی گوازتنەوە بوون بۆ گۆزیبان و بارگە و بنەیان پێچابووەوە بەڵام کاکە فەیزە هەموو کاتێ دواین کەس بوو کە باری ئەکرد لەبەر ئەوە دوکاندار و کاسبکار بوو و ڕۆن و کەشک و خوری خەڵکەکەی ئەکڕی و کۆی ئەکردەوە.

چەند پێشمەرگەیەک پرسیاری دوکان ئەکەن و هێندێ شتیان پێویست ئەبێ کە بیکرن و خاون ماڵەکە ئەیان هێنێ بۆ ماڵی کاکە فەیزە لەو کاتە دا کاکە فەیزە بە شوێن شتێکا چووبوو و ئێمە دانیشتبوین و خێزانەکەشی خەریکی حازر کردنی خواردن و چا لێنان بوو. پێشمەرگەکان هاتن و خێزانی کاکە فەیزە وتی دوکانمان داخستوە، ئەم کارە چەند جار دوو بارە بوەوە. منیش دیتم درگای دوکانەکە کراوەتەوە و پڕە لە شت و مەک هەستام و چووم بۆ ناو دوکانەکە و خێزانی کاکە فەیزە ڕوی نەبوو پێشم بگرێ یەکێکم بینی لە گۆشەیەکەوە خۆی مات کردوە ناسیمەوە و دەستم بۆ درێژ کرد و وتم "مامووحەمە

میرزا" لێرە چی ئەکەی؟ وتی: کوڕەکەو لاو تایەر گیان ویت مەزانی من بێ تاوانەنا، تەنیا تەرسو.... هەن. مەبەستی برایەکی بوو کە چەکدارە و لە پایگای پاڵنگان خزمەتی ئەکرد. لە ڕاستیدا هەواڵمان پێگەیشتبوو کە ئەو کەسەش ئەیەوێ چەک دانێ و بەگرێتەوە لای ماڵ و منداڵەکەی لە کرماشان. ئەو کەسە ناوی تالب و کەسێکی ناسراو بوو لە ناوچە و دوستێکی نێزیکی بابم بوو. تالب ناسراو بو بە تالبە سوور و مرۆڤێکی جەسوور و ئازا و لە ڕاستیدا کاسب و دوڵەمەند و سەر بە حکومەت نەبوو بەڵام برازایەکی لەو کاتە دا کە پێشمەرگە لە ناوچەکە دا بون ئەچێتە پاوە و لەوێ سپای پاسدارن بە دانی پارەیەکی زوور ڕازی ئەکەن کە بومبێک بێنن و لە بنکەی حیزب لە زەمانگریوە بی تەقێنەوە و ئەویش لەگەڵ چەند کەسێکا ئەو کارە ئەکات و لە کاتی دانانی بومبەکەدا توشی هەڵەیەک دەبن و بومبەکەیان پێدا ئەتەقێتەوە و دوو کەسیان ئەکوژرێن و چەند کەسێکی دیکە دەسگیر کران و لەویوە تالب چوو بە ڕقا و چەکی هەڵگرت و دوای ماوەیەک پەژیوان بووەوە.

وتم: مامۆ حەمە میرزا گیان حیزب کەس لە جیاتی کەس سزا نادات و ئەگەر براکەت چەکدارە ئەوا تۆ بێتاوانی و کەس کاری بە کاری تۆە نیە، پێویست ناکا بترسی و خۆت مەشکوک نیشان بدەی هەستە وەرە دەرێ، لەگەڵ خۆم هێنام و بە بێ ئەوە باسی هیچ بکەم لە لای کەریم و کاک عەلی دام نا و دەستمان کردە قسە کردن و لەو کاتە دا کاکە فەیزە هاتەوە و بە بینی حەمە میرزا تۆزێ تێکچوو و وتی: مەگەر نەواتم ویت بشارەوە؟ کاک حەمە میرزا وتی: کوڕەکەو لالو تایەر نمازوو واتش بۆ بەر کەس کارش نیا سرتووە.(مەگەر پێم نەوتی خۆت بشارەوە؟ کوڕەکەی لالو تایەر ناهێڵێ و وتی وەرە دەرێ کەس کاری پێت نەداوە.)

کاکە فەیزە وتی: ئەی قوربانت بم کۆڕی باش، ئافەرین سەرت بەرز کردین، کورە بەڕاستی کوڕی پیاوی، وەرە، وەرە دەستی جلت بۆ لەو پارچەیە دادرم، هەستە وەر بزانم چیت بە دڵە، ئەی بە قوربانت بم، وا ئەزانم هەموو دنیا هی خۆمە. بەمجۆرە کاکە فەیزە زیاد لە ئەندازە موحێبەتی پێکردم و ئەیویست بە هەر جۆنێ بوە شتێ هەڵگرم من قەبووڵم نەکرد و وتم من پێشمەرگەم و دەستێ جلم بەسە و پێویستیم بە هیچ نیە ئەو خۆشەویستی و ڕێزە هەموو شتێکە.

دوانیوەڕۆ هانیەمان بە جێ هێشت و چوینە هەوارگەی گۆزیبان و لەویش بە گەرمی پێشوازیمان لێکرا و بەشێکی خەڵکەکە دەمێکە هاتونەتە ئەوێ و هێندکێان تازە هاتون بەڵام هەمو دامەزرابوون و لەویش دیسان ناسیاوەکانی من هاتن و بە گەرمی پێشوازیان لێکردم و هەرکامە بۆ لای خۆی ڕائەکێشام بەڵام بڕیار درا بڵاوە نەکەین و هەمومان پێکەوە بچینە بەردەم ماڵی شەهید بەختیار و سەردانێکی دایک و باوکە پیرەکەی بکەین.

دیمەنێکی جوان بو پێشمەرگەکان هەموو کۆ ببوونەوە و دایک و باوکی شەهید بەختیار لە لای کاک سەدیق و کاک شاپورەوە وەستابوون و ئێمەش تیمی سرود دەستمان کردە سرود خوێندن لە پێشدا ئەی شەهیدان و پاشان چی بو تاوانی ئەوانەی وا

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

لە سێدارە دران و لە کۆتایشدا خۆایە وەتەن ئاواکەی.

کاک سەدیق و کاک شاپور هێندێ قسەیان کرد و پاشان دایکی شەهید بەختیار بە وەرەیەکی بەرزەوە بە خێرهاتنی لێمان کرد و وتی: وا ئەزانم بەختیار ئێستا وەک جاری جاران بە چەک و ڕەخت و جامەدانەکەیەوە لەبەر درگایە و ئەیەوێ ماڵ ئاوایم لێبکات بۆ سەنگەر و بۆ ناو پێشمەرگەکان دەستی بۆ ئێمە درێژ کرد و وتی: ئەوە بەختیار، ئەوانە هەموو بەختیارن. هەموو کەس لەو دیمەن و لەو قسانە تائسیری وەردەگرت و هەموو بە گشتی دەگریان.

بڵاوەمان لێکرد، لە ڕاستیدا نەم ئەزانی بچمە ماڵی کام لە ناسیاوەکانم، لەگەڵ... چوومەوە و دوای نان و چا خۆاردن چوم سەردانی ماڵەکانی دیکە بکەم و گەیشتمە ماڵی عەولە شەخۆڵ. عەولە شەخۆڵ پێشتر شوانی گوندەکەی ئێمە بوو و تێکلاوی بنەماڵەیمان هەبوو و باوکم زۆر ئاگای لێان بوو، ماوەیەک بەر لەو کاتە ئێمە بچینە لایان خێزانەکەی بە ناوی شاپەری ناسراو بە شاپلێ کۆچی دوایی کردبوو و چەندین منداڵی لە داو بە جێ مابوو، کچێکی هەبوو کە ١٤ ساڵێک تەمەنی دەبوو و ئەرکی بەخێو کردنی ماڵی کەوتبوە ئەستۆو. عەولە شەخۆڵ خۆی ببوە بەکرێگیراو و چەکی بۆ حکومەت هەڵگرتبوو و هۆیەکەشی ئەو بوو کە خەڵکی بە شوانی وەریان نەدەگرت و ئەیانوت تواناى نەماوە و ئەویش ببوە چەکدار، کەسێکی هەژار و بێ ئازار و بێ دەنگ بوو.

کاتێ چومە بەر ماڵەکەیان دیتم منداڵەکان لە حەوشە دان و دەوری کچە گەورەکەیان داوە و زۆر ئەترسن، بە بینی من گەشانەوە و هەموو هاتن بۆ لام و کچەکە وتی: تۆخۆا هیچمان لێمەکەن، یارمەتیمان بدە، بەخۆا پێمان خۆش نیە باوکمان چەکدارە. منیش وتم: کەس کاری بە ئێوەوە نیە و پێویست ناکات بترسن، لەو کاتە دا گوێم لێبو یەکێک لە ناو ماڵەکە دا بۆڵە بۆڵێکی لێوە هات، وتم ئەوە کێە؟ کچەکە وتی ئەوە یەکێک لەوانەی ئێوەیە و هاتووە و داوای نان و چای ئەکا و برا و خۆشکەکانم زۆر ئەترسن و ناهێڵن بچم یارمەتی بدەم.

چوومە ناو ماڵەکە و دیتم ئەوە "مەلووە کۆێرە" ناسراو بە مەلو لوونی و لێی پاڵ کەوتوە، وتم: ئەوە لێرە چی دەکەی و بۆ بە تەنێی؟ وتی مەگەر هەموو دابەش نەبوون؟ منیش هاتمە ئێرە وتم: هەستە نابێ لێرە بمێنیتەوە، وەرە لەگەڵ من ئەت بەمە ماڵێکی دیکە. مەولو وتی: نایەم، بۆ تۆ چکارەی؟ وتم: من هیچکارەم بەڵام بە باشی نازانم ئەو منداڵانە بترسێنی. مەولو جنێوێکی داو وتی: بۆ من ئەوەندە عەجایەبم بیانترسێنم وتم: نا کاکی خۆم باوکی ئەو منداڵانە چەکدارە و باش نیە تۆ بە تەنیا لێرە بمێنیتەوە، مەولو وتی: ئێ وا بڵێ، بەخۆا من نانی جاش ناخۆم و بە تۆڕەیەوە لەماڵ وەدەر کەوت.

بە کچەکەم وت: دوایی دێمەوە بۆ سەردانتان و هەر کارێکتان هەبوو پێم بڵێن و پێویست ناکات بترسن و چومەوە بۆ لای هەڤاڵەکانم و بەڕاستی ڕێزێکی زۆریان لێمان گرت و قسەی خۆش و باسی خەڵک و پرسیاری ئەم و ئەو کردن درێژەی

کێشا، ئەحمەد لۆنی هات و وتی کاک شاپۆر کاری پێتە، چووم بۆ ئەو ماڵەی کاک شاپور و کاک سەدیقی لێبوو، کاک سەدیق لەوێ نەبوو و کاک شاپور و تەیموری برای لەوێ بوون و خاوەن ماڵەکە بە گەرمی هاتنە پێشوازی من و بەخێریان هێنام. کاک شاپور بە گاڵتە وتی: تا لێرەین دەبێ بڵێین تۆ فەرماندەمانی سەیرکە ئەو خەڵکە چیت بۆ ئەکەن، پاشان وتی: وەرە ڕوڵە بێسیمەکە بێنە هێندێ گوێ بگرین بزانین چ باسە، هێندێ جار قسەمان لەگەڵ پاسدارەکاندا ئەکرد.

لە قسەکانیان دا دیار بوو کە هەموو شتێ ئاسایێە و باسی پێشمەرگەیان نەئەکرد و جێگاکەی ئێمە بەرز بوو و چەندین کاناڵمان کونترۆڵ ئەکرد.

شەو لەوێ ماینەوە و بەیانی لای نیوەڕۆ چومەوە بۆ لای منداڵەکانی عەولە شەخۆڵ، کچەکەی چای بۆ لێنام ولەگەڵ منداڵەکانی دیکە دا دەستمان کردە قسە کردن، کچەکە پێی وتم کە براکەی بە تەمایە باری بباتەوە بۆ ناو ئاوێی بەڵام ناوێرن منیش وتم: بۆ ناوێرن ئێمە پێشمەرگەین خۆ ئێمە پاسدار نین ئازاری خەڵک بدەین و چووم و کەریم و خالید سەرشێڵانەم هێنا و بارەکەمان بۆ بار کرد و بەڕێمان کرد، من نامەیەکم بۆ کاکە تالب نووسی و داوام لێکرد ئەگەر ئەیەوێ چەک دانێ هەر چ زوتر ئەو کارە بکات و لەو ناوە دا نەمێنێ و بە کوڕەکەشم وت بە دەمی بە بابی بڵێ کە واز لە جاشایەتی بێنێ.

دوای دوو ڕۆژ ماڵ ئاوایمان لە خەڵکی ئاوایێ پاڵنگان کرد و بەرەو ئەوبەر کەوتینە ڕێ و بەو ناوە دا تۆزێ گەڕاین و هاتینەوە گوندی دەژن و لای ئێوارە چووینە ناو ئاوایێ و لە مزگەوتا خەوتین و بەیانی زوو دەورو بەر کاتژمێر چواری بەیانی کەوتینە ڕێ و لە سەر جادەی زەمانگریوە پاڵنگان کەمینێکمان دانایەوە و پەلێ لە پێشمەرگەکان چونە سەر جادە و پەلێکی دیکە لە بەرزایێ پشت پایگای زەمانگریووە دامەزران و ئێمەش لە دوری شەڕەکەوە هەم پشت کەمین و هەم چاولێکەر بووین. هەواڵ هاتبو کە فەرماندەرێکی پایەبەرزی ڕژیم هاتووە و لەو ڕۆژ و کاتە دا ئەچێ بۆ گوندی پاڵنگان و دەبێ لە نێوی بەرین هەروەها قەرار وا بوو کە هاوکات کە کەمینەکان تەقە دەس پێئەکەن پایگاکەش بدرێتە بەر دەسڕێژ و بەم جۆرە شەڕێکی گەرم دەس پێبکات و چاوەڕوانی هاتنی هێزی یارمەتیدەر بین و تا ئێوارە شەڕ بکەین.

دەور و بەر کاتژمێر هەشتی بەیانی ماشینێک هات و لە کەمینی پێشمەرگەکان نێزیک بووەوە ئێمە بە دوربین چاومان لێئەکرد ماشینی شەخسی بوو بەڵام لە پڕ درایە بەر دەسڕێژ و پێشمەرگەکان چوونە سەر جەنازەکان و دوو دانە لە چەکدارەکان نەجاتیان بو و چەند کەسیان لێکوژرا. هێشتا پێشمەرگەکان نەگەڕابونەوە خەڵک لە ئاوایێی پاڵنگانەوە هاتن بۆ ناو شەرگە و زۆر تۆڕە بوون و هەر هات و هاواریان بوو. ئێمە ناچار بووین چاوەڕوانی هێزی یارمەتیدەر نەبین و هاوکات کە پایگای زەمانگریووە درابوە بە دەسڕێژ کاک شاپور دەستوری دا کە هێزی سەر جادە بگەڕێنەوە و کاتێ گەیشتنە لامان بۆیان باس کردین کە ئەو ماشینە پڕ بوە لە چەکدار و هەموویان بێجگە لە دوو کەس کوژراون و ڕانندەی ماشینەکەش

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

کۆژراوە کە کەسێکی ئاسایی و خەڵکی گوندی وێزیەر و گەنجێکی خوێن گەرم و کوردپەروەر و خۆشناو بوو و هەروەها یەکێک لە کوژراوەکان تالبە سوورە کە وەک باسم کرد ئاسیاو و دوستی نێزیکی بابم بوو کە چەند ڕۆژ لەوەی پێش نامەیەکم بۆ نارد و داوام لێکرد ئەو ناوە بە جێ بێڵێ و هەژارە لە کاتی گەڕانەوە بۆ پایگاکە بۆ ئەوە چەکەکەی تەحویل بداتەوە تێدا چوو و بەمجۆرە خەمێکی زور دایگرتم هەم بۆ ئەو کوڕە ویزیەریە و هەم بۆ تالب. لە ڕاستیدا ئەو هەواڵانە و کوژرانی ئەو چەنە کەسەی خەڵکی پاڵنگان خۆشی سەرکەوتنەکەی لەبیرمان بردەوە و بەرەو گوندی دەژن پاشەکشەمان کرد و پاشان ڕومان لە کانی و ئاوەکەی نێوان دەژن و سیویە کردەوە و ڕۆژی دوایی پۆلێ پێشمەرگە چوونە سەر ڕێگای گواز و سەرێز و کەمینێکیان دانایەوە بۆ ئەو جاشانەی کە هەموو ڕۆژێ لەو ڕێگەیەوە هات و چویان ئەکرد و لە کاتی دیاریکراوا جاشەکان هاتن و پێشمەرگەکان دایاننە بەر دەسڕێژ و سەرجەم هەر دوازدە کەسەکەیان کوژران و پێشمەرگەکان بە سلامەتی و دەسکەوتەوە گەیشتنەوە ئێمە و ئەم سەرکەوتنەمان پیرۆز کرد و بەرەو پیرباخ کەوتینە ڕێ و لەوێ توشی چەند پێشمەرگەی هێزی شەریفزادە بووین و خەمی شەهید بوونی سەروان ئێقباڵی فەرماندە و ١٦ پێشمەرگەی دیکە بە سەر و سیمایانەوە دیار بو و ئێمەشیان توشی خەم و پەژارە کرد.

ژیان وایە، ترش و شیرین، سەخت و نەرم، سارد و گەرم، خۆش و ناخۆش و بەمجۆرە ژیانی ئێمەش پڕ بوو لەم شتە دژبەیەکانە و ئەمەش وای ئەکرد کە بەردەوام بۆ ئەوەی ناخۆشیەکان کەمتر و شایی و خۆشی و ئارامی بێتە بەشێک لە ژیان بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد خەباتمان ئەکرد و بە ئیرادە و ماندوویێ نەناسانە ئەخولاینەوە و درێژەمان بە ژیان ئەدا.

## نادر گورجی ئەو پێشمەرگە ی گیانی فیدای نان کرد بۆ هاوڕێکانی

هاوکات کە ئێمە بەردەوام زەربەمان لە هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەشاند و سەرکەوتنی بەرچاومان وەدەس دەهێنا و شاییمان بەو ناوە دا دابەش ئەکرد و خەڵکی ناوچە بەردەوام باسی شەڕ و ئازایەتی پێشمەرگە و بێ ورەیی و بێ ئیمانی هێزە داگیرکەرەکانیان بۆ یەکتر ئەگێڕایەوە کاتی ئەوە هاتبوو هەموو هێزەکەمان کۆ بێتەوە.

لە پیرباخ خەریکی پشوو دان بوین و چەند مەڕ و بزنێکمان سەربڕی بوو و لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە کەبابمان ئەکرد نیگابانەکان بانگیان کرد کە ئامادە بن هێزێکی زۆر بەرزایەکانی کوچک چەرموو، کوڕەی دەژن، کەماجاڕ و سەنگەری کۆمەڵەیان گرتووە و دەنگی تەقەیەکی گەرم لە لای مێرگەسار و گڵێانەوە دێت و لەوە ئەچێ حکومەت هێرشی کردبێتە سەرمان، ئێمەش خۆمان کۆ کردەوە و پێان وتین بەرەو خوار بچن و بە شێوەیەک خۆ لەو شەڕە بپارێزن.
پیرباخ شوێنێکی خۆش و باخ و باخاتە و چەند ماڵێکی خەڵکی گوندی نییەر لەوێ ئەژین و لە سەر چۆمی ژاوەڕۆیە، لە قوڵایی کێوەکانی نێوان سیبویە و سەڕێز و نییەرە و لە هاوینانا فێنک و لە زستانانا گەرم و خۆشە و دوژمن نەی ئەتوانی لە جێگایەکی ئاوا دا هێرشمان بکاتە سەر و ئیمکانی ئەوەمان هەبوو هەر بە لێواری چومەکەدا بە لای سەرێز و گۆاز یان بە لای دەژن و پاڵنگان دا بچین و دوژمن نەمنا بینێ، لەو هەڵهات و شەڕ و ترس و دڵەخورپەیەدا نەجمەی زۆرئەسنا ڕانە بزنێکی هەڵگرتبوو و لەگەڵ خۆی هێنا بووی و تەنیا خەمی ئەوەی بوو کە لە کۆێ ڕائەوەستین ئەو کەباب بکات.

هێندێک لە پیرباخ دوور کەوتبوینەوە پێان وتین بگەڕێنەوە هێرش نیە و تەنیا هێزەکانی حکومەتین کە لە بەرزایەکان دامەزراون. گەڕاینەوە جێگای خۆمان و کەباب کردن دەستی پێکردەوە لە پڕێکا وتیان ئەوە کاک سالار و چەند پێشمەرگەیەک هاتن، چوینە پێشوازیان، ماندوو و هیلاک و حەپەسا بوون، هێندێکیان جلەکانیان دڕابو و ئەوانی دیکە ئارەقاوی و شەکەت بوون، نانیان خۆارد و بڕیاری کەوتنە ڕێ درا.

ئێوارەی ڕۆژی پێش لکی شەهید حەمە شەریف ئەکەونە ڕێ بۆ تەنگیخاو، کاک سالار لەگەل کاک خالید درودی، سەعی زیویەیی (کە لە شەڕی تەنگیسەرا شەهید بوو)، عەبە جۆانڕۆیی، یۆسۆ زیویەیی، حەسەن زیویەیی و دوو کەسی دیکە کە ناوەکانیانم لە بیر نەماوە دێن بۆ لای ئێمە و پێان وا دەبێ کە ئێمە لە کەوانەی بزوەشین یان ئەیانەوێ لە پێشدا بچنە کەوانە و دوایی بێن بۆ لای ئێمە بۆ پیرباخ. لە کەوانە دەبن لە دەمەو بەیانا گۆییان لە دەنگی تەقە دەبێ لە تەنگیخا و تێدەگەن کە لکی شەهید حەمە شەریف توشی شەڕ هاتون لەگەڵ ڕوناکایی هەوا دا چاو لە بەرزایەکان دەکەن و دەبینن هەمووی گیراوە و هێزە داگیرکەرەکان تەواوی بەرزایی و سەر کانی و ئاو و بە گشتی هەموو جێگایەکیان گرتووە، ئەوانیش

بۆ ئەوە لە داوێن بەرزاییەکانا توشی شەڕ نەبن ئەکەونە ڕێ و بە داوێنی شاخەکانا و لە پەنا هێزەکانی دوژمنا خۆ دەگەیەنە ناو ملانی بزوەش و گلێیان ئیتر لەوێ ڕوتەڵانیە و ناتوانن بەردەوام بن ئەو چەکدارانە ئەدەنە بەر دەسڕێژ کە لێێناوە نێزیک بوون و هاوکات بە هەڵ هاتن خۆ لە ڕوتەڵانەکە دەرباز دەکەن و ئەگەنە سەنگەرکانی پشت ئاوایی بزوەش و لەوێ تێدەگەن ئەو هێزەی کە ئەو ناوەی گرتوە هێزێکی ئاسایی نیە و ئەوان ناتوانن بەرنگاریان بن، کاک سالار دەستور ئەدات کە بەرەوخۆار هەڵێن، هەرکەس دەرچو تا پیرباخ نەوستێ و هەرکەسیش شەهید بوو بە جێ بمێنێ.

دیمەنێکی سەیرە، بەڕاستی مەگەر هەر پێشمەرگەی دیموکرات و ئازادیخۆازانی دلسۆز بە نەتەوە و نیشتمان بتۆانن لە ئاوا هەل و مەرجێکدا بڕیاری ئاستەم بدەن و لە ناو داوی هەزاران هێزی چەکدار و چەندین پایگای جۆرا و جۆرەوە مل بۆ ئەمری واقع و واقعی تفت و تاڵ نەدەن و باوش بە ژیانا بکەن.

لەو کاتەدا پێشمەرەگەکان بە چاو ماڵ ئاوایی لە یەکتر دەکەن و هەرکامەیان هەوڵ ئەدات خۆی بکاتە قوربانی هەڤاڵەکانی و لە پێشدا بەرەوخۆار و بەناو دەشتایەکە دا هەڵ بێت.

دوژمن لە هەموو لایەکەوە ئاوربارانیان ئەکات، ئەمانیش بە تەقە وەڵامیان ئەدەنەوە و هاوکات بەرەوخۆار بۆی دەر ئەچن، بە دەیان چەکداری دوژمن بە چەکی جورا و جۆر دەسڕێژیان لێ ئەکەن. بۆیان گێڕامەوە کە گولە وەک هەنگ بە بەر گۆێانا ویزە ویزی ئەکرد و بە ناو پایانا لە عەرزی ئەدا و هەموو چرکەیەک چاوەڕوانی شەهید بوون، خۆم بە چاوی خۆم جێگای گولەم لە سەر جلەکانیان دیت و سەرم سوڕما کە چۆن نەجاتیان بووە. بە خۆشیەوە هەمویان بەسڵامەتی نەجاتیان دەبێ و گەیشتەنە ئێمە. ئێوارە کەوتینە ڕێ، خەمی پێشمەرگەکانی دیکە لە سیمای هەمومان دا دیار بوو، پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە لە ئێمە جیا بوونەوە و ڕویان لە ناوچەکانی سنە کرد و ئێمەش ڕومان کردە گوندی مێرگەسار، لە داوێن گوندەوە و لە نێزیک چۆمی "تا" و "هەنێمن"، وتیان کە چەند کەسیان بینیوە چونەتە ناو باخێک، ئێمەش دەوری باخەکەمان دا، دیتمان ئەوە پۆلێ پێشمەرگەی کۆمەڵەن و ئاگادارن کە حکومەت هەموو ئەو ناوەی گرتوە و نازانن ڕو لە کوێ بکەن. لەگەڵ خۆمان بردنمانە ئاوایی، دیارە گوندی مێرگەسار تەنیا گوند بوو کە ئەو شەوە هێزی حکومەتی تێ نەهاتبوو بەڵام شەوی دواتر ئەویش گیرا. بە پەلە نان و چامان خۆارد و نان و خۆاردنمان هەڵگرت و کەوتینە ڕێ، کاک جەلال بزوەشی و کاکە فەیزە ڕەۆڵێکی زۆریان هەبوو لە نەجات دانی ئەو هێزە دا. بە ناو بەینی سەنگەری هێزەکانی حکومەت و بە بێدەنگی ئاو دیوی دەشتی گازرخانی و بزوەش بوینەوە. بۆمان دەرکەوت کە جێگای چۆڵ دەست ناکەوێ، بۆیە هەتا "کانی جزان" لە داوێن کێوی شاهۆ و لە نێزیک گوندی لۆن نەوەستاین. ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە لەوێدا کانیەکی بچوک هەیە و ئاوەکەی لە نێوان دوو بەردەوە دێتە دەر و هەر لەوێ ڕائەوەستێ و ئەگەر دەستی پێووە بگری ئەوا بەشی چۆار پێنج کەس ئاوی هەیە، بەڵام ئێمە بە کۆمەڵەکانەوە نێزیک شەست کەس دەبوین، لای بەیانی گەیشتینە جێ و بەو ناوەدا سەنگەرمان دروست کرد و

چاوەڕوانماینەوە و کاتێ هەتاو ئەو ناوەی گەرم داهێنا تێگەیشتین کە هێرشەکە بە بەرێ بێڵەوار و ناوچەی ژاوەرۆیە و ڕۆیان لە کێوەکانی شاهوو بە دیوی جۆانرۆ دا نەکردوە و ئەوەش بۆ ئێمە زۆر باش بوو کە لانی کەم پشتەوەمان ئازادە.

دوا نیوەڕۆ کاک سالار و کاک خالید درودی و چەند کەسی دیکە کەوتنە ڕێ کە بە بناری کێوەکانا خۆ بگەیەنە نێزیک تەنگیخاو و هەواڵێکی پێشمەرگەکانی لکی شەهید حەمە شەریف بزانن.

ئێوارە گەڕانەوە و دیتمان نادر گورجیان لەگەڵە و ئاوا باسی شەڕەکەی گێڕایەوە و وتی: گەیشتینە سەر کانیەکە و وەک هەموو جارێ پەلەکان هەرکامە لە جێگایەک ڕازان و نیگابانمان دانا، من خەوم نەدەهات، تفەنگەکەم هەڵگرت و وتم بەڵکو کەوێ شتێ بکوژم و لە پێشمەرگەکان دور کەوتمەوە، دیتم کەوێک کردیە سەر بەردێکا و دەستی کردە خوێندن، منیش بۆی چوومە پارێز و فیشەکێکم پێووە نا، هەر کە من تەقەم کرد، ئەو ناوە بوو بە ڕۆژی حەشر و لەهەموو بەرزایەکانەوە کانیەکەیان دایە بەر دەسڕێژ. دیارە دوژمن بەرنامەی ئەوە بوو کە بە تەواوی کانیەکە گەمارۆ بدات و پاشان تەقە بکات بەڵام کاتێ من تەقەم کرد وایان زانی ئێمە پێمان زانیون و تەقەیان دەس پێکرد من نەمتوانی بگەڕێمەوە و هەر لەوێ بە دۆڵێکا هەڵکشام و پاشان ئێوارە هاتم بۆ گوندی مێسوورا بەڵام ئاوایی جمەی دەهات لە هێزی دوژمن و ئەو ماڵەی کە من لە حەوشەوە چوومە ناو ماڵەکەیان پێیان وابوو هەزار گیانم هەبێ یەکیان دەرناکەم. نان و چایم خوارد و برێ نان و خواردنم هێنا و لە نێوان گوندی لۆن و تیلەکۆ چوومە ناو ئەو تۆقە بەردە و چاوەڕوان بووم شەو دابێ بچم بۆ گوندەکانی تیلەکۆ و گازرخانی و هەواڵی پێشمەرگەکان بزانم.

کاتێ کاک سالار و کاک خالید و ئەوان بە دوربین چاو لەو ناوە دەکەن دەبینن چەکدارێک لە ناو ئەو تۆپەڵە بەردە دایە و ئەچن بۆ لای و لەگەڵ خۆیان ئەی هێنەوە.

ڕۆژی دوایی بە هەمان شێوە کاک سالار، کاک خالید و کاک نادر گورجی و چەند کەسی دیکە چون و هەواڵی جۆرا و جۆریان هێنایەوە، کەسێکی خەڵکی تیلەکۆ کە جێگای باوەڕی ئێمە بوو پێانی وتبو کە پێشمەرگەکان کەتونەتە گەمارۆ بەڵام توانیویانە دەرباز بن، حەیدەر پشتەیی بریدار دەبێ و پاشان خۆی شەهید ئەکات کە نەکەوێتە دەست دژمن، سەی محەمەد بە برینداری ئەسیر دەبێ و ئەیبەنە گوندی گازرخانی بەڵام بەو برینداریە بەردەوام دورشمی بژی پێشمەرگە، بژی دیموکرات، بژی ئازادی و مەرگ بۆ خۆمەینی ئەدات و پاسدارەکان توڕە ئەکات کە بیکوژن هاوکات هەتا هێزی وتنی هەبووە، جنێوی بە جاشەکان داوە و پێی وتون ئێوە خایەن و خۆڕێرین بۆ نامکوژن هەی خۆڕێرینە و خەڵک شاهیدی ئەو ئازایەتیەی سەید مەحەمەد دەبن و ئەو هەڵوێستانەی سید محەمەد ئێستاش لە لایەن خەڵکەوە باس دەکرێ. سەر ئەنجام بە هۆی کاریگەری برینەکەی و بەهۆی ئەوەی یارمەتی نادەن و لەبەر هەتاو بە تینویەتی ڕای دەگرن شەهید دەبێ و جاشەکان ناهێڵن پاسدارەکان بیبەنە شار و بیخەنە شۆێن ماشین و چەند کەس لە خەڵکی گوندی گازرخانی ئەیشۆن و



سەرچاوە Serchawe

ئەینێژن.

پێشمەرگەکانی دیکە بەرەوە کێوەکانی براڵ هەڵ دەکشێن و ئەکەنە ئەوبەرەوە بۆ ژاوەرۆی سنە و عوسمان گەشکی کە ناسراو بوو بە عوسمان تیربار بەرەو خۆار دەر ئەچی و ڕو لە پشت ئاوایی تەنگیوەر ئەکات بەڵام جاشە جۆانرۆیەکان لەوێ لە کەمین دا دەبن و یەکێک لە جاشەکان یەک گولەی پێوە ئەنێ و دەست و بەجێ شەهید ئەبێ، جەنازەکەی ئەبەنەوە گوندی تەنگیوەر و لەوێ خەڵک ئەچن و داوای جەنازەکە ئەکەن کە بینژن و جاشەکان ڕازی دەبن و لە پەنا گۆڕی شەهیدفەریدون مەسوراخەیی دا ئەینێژن و ئێستاش گۆڕەکەی هەر لەوێیە و دایکی هەموو حەوتویەک ئەچێتە سەر گۆڕەی تاقانەکەی.

دوو شەوو و سێ ڕۆژ بوو لە سەر کانی جزان بووین، لای عەسر و خۆرئاوا تیمێ پێشمەرگە جیاکرانەوە کە بچن بۆ گوندی گازرخانی و خۆاردن بۆ ئێمە بێنن، هیچمان نەمابو، کاک خالید درودی و نادر گورجی و چەند پێشمە رگەی دیکە کەوتنە ڕێ. شەو ئەچنە نێزیک ئاوایی و شۆێنی پاشەکشە دیاری ئەکەن وناوێک بۆ ناسینەوەی یەکتر دا ئەنین و نادر لە پێشەوە و ئەوانیش بە دوایا ئەچنە ناو ئاوایی، هەر کە ئەگەنە یەکم ماڵ جاشەکان کە لە پەنا ماڵەکانا خۆیان مەڵاس داوە ئەیاندەنە بەر دەسڕێژ، پێشمەرگەکان هەڵ دێن بۆ دواوە، نادر بریندار دەبێ و لە هەڤاڵەکانی دا ئەبڕدرێ و ڕۆ لە خۆار ئاوایی ئەکات و ناتۆانی بێتە جێگای دیاری کراو، کاک خالید و ئەوان دێنە جێگاکە و زۆر چاوڕێ ئەکەن نادر نایە، وا تێدەگەن شەهید بووە و هاتنەوە بۆ لای ئێمە، ئەو هەواڵە ئەوەندەی دیکە خەمباری کردین و تێگەیشتین کە پلانی دوژمن لەوە بەر بڵاوترە کە ئێمە لێی تێگەیشتوین.

ڕۆژی دوایی دیسان کاک سالار و کاک خالید و چەند پێشمەرگەی دیکە چون بۆ ئەوە هەۆاڵێک لە نادر گورجی بزانن، لای ئێوارە بە خەمباری و دڵشکاویەوە گەڕانەوە، دیسان دڵسۆزانی شۆڕش لە گوندی تیلەکۆ هەواڵیان هێنابوو کە نادر بە برینداری خۆی کێش ئەکاتە ناو باخەکانی "بلاڵ" کە مۆڵکی بنەماڵەیەکی گازرخانەییە و لەوێ برینەکەی ئەپێچێ و خۆی حەشار ئەدات بەڵکوو کەسێک بێتە سەر باخەکە و یارمەتی بدات، جاشەکان دەبینن خوێن ڕژاوە و شۆێنەکەی هەڵ ئەگرن و ئەیخەنە گەمارۆ، نادر دێتە دەست و تەقەیان لێ ئەکات و زەربەیان لێ ئەدات. لەبەر ئەوە نادر برینەکەی قورس دەبێ ناتۆانی هەموو خەشابەکانی لەگەڵ خۆ بەرێ و تەنیا تفەنگەکەی و سی گولەی پێ دەبێ و بەمجۆرە دوایێن گولە لە دڵە پڕ لە خۆشەویستیەکەی ئەدات و جەنازە سارد و سڕەکەی ئەکەوێتە دەست دوژمن و لە پەنای گۆڕی سەید محەمەد دا نێژرا و بوەتە وێردی زمانی خەڵک.

شەهید بوونی نادر بە تەوای کاری کردە سەر هەموومان و کاک سەدیق بابایی کۆی کردینەوە و سەرەخۆشی لێمان کرد و وتی: کەم هەڵ دەکوێ لە مێژوو دا کە مرۆڤ بۆ هێنانی نان بۆ هەڤاڵەکانی گیانی خۆی بەخت بکات، نادر ئەستێرەیەکی پرشنگدارە کە هەموو کاتێ لە ئاسمانی بیر و بیرەوەریەکانمانا ئەدرەوشێتەوە. نادر تا دۆێنێ تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا و

نەترس بوو بەڵام ئێستا داستانێکی پڕ لە سەروەری و پاکی و فیداکاریە و لە مێژووی نەتەوەکەمانا بۆ هەتایە جێگای تایبەتی هەیە و دەبێ پەیکەری لە هەموو جێگایەک بۆ دروست بکرێ.

شەوەکەی پۆلێ پێشمەرگە بەرێ کران بۆ گوندی چرۆسانە کە بەڵکو بتۆانن لەوێ نان و خۆاردن بێنن، دیارە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە خۆاردن و ئیمکاناتی باشیان هەبوو و لەخەمی هیچدا نەبون بەڵام ئێمە شپرزە بووین.

شایانی باسە ئەو ڕۆژە کە هەۆاڵی شەهید بوونی نادر گورجی مان پێگەیشت کوڕێکی گەنج لە گوندی چرۆسانە هاتە لامان و وتی کە ئەیەۆێ ببێتە پێشمەرگە. ئەو گەنجە کاک حامید درودی ئامۆزا و پۆرزای کاک خالید درودی بوو. کەسێکی زرت و زیندوو و هار و هاج  و نەترس بوو، وتی کە شەوانە گوندی چرۆسانە چۆڵە و هەموو ئەچنەوە ناو پایگا، ئێوارەکەی چەند پێشمەرگەیان لەگەڵ دا نارد کە بەڵکۆ بتۆانن نان و خۆاردن بێنن، بە ئازایەتی حامید تۆانیان بە سەرکەوتنەوە و بە کۆڵی شتەوە بێنەوە، بڕێ لە نان و خۆاردنەکە درایە پێشمەرگەکانی کۆمەڵ و ئەوی دیکەیان بە سەرماندا دابەش کرد، لە راستیدا حامید هەر لە یەکەم روژی دەستپێکردنی پیسمەرگایەتیەوە بوو بە فریادڕەسی ئێمە.

ئاوی کانیەکە لە کەمی ئەدا، خاڵە حەسەن سەرسپی کرابوە بەرپرسی ئاوەکە بۆ ئەوە پێشمەرگەکان خراپی نەکەن و خێرا نەیخۆنەوە، ڕۆژانە پەلەکان ئەچون و بەشە ئاویان لە خاڵە حەسەن وەر دەگرت و بۆ ئەوەی تینویەتیمان بشکێنێ ئەمانکردە چا و هەرکەسە لیوانێکمان ئەخۆاردوە. خاڵە حەسەن وەک پاسەوانی لە ڕوحی خۆی بکات ئامادە نەبوو قامکی بکاتە ئاوەکەدا و هەمووی وەک یەک دابەش ئەکرد و زۆر جار جنێووە جوانەکانی خۆی باری ئەو پێشمەرگانە ئەکرد کە ئەیناویست دزی لێ بکەن و ئاو بێنن.

ڕۆژی چوارەم کاک سالار و هەڤاڵەکانی ماڵ ئاواییان لە ئێمە کرد و بەرەو ناوچەی ژاوەرۆی سنە کەوتنە ڕێ و ئێمەش خۆمان ئامادە کرد کە ڕو لە نێزیک شاری کرماشان بکەین.

لەو کاتە دا کە ئەمانەویست بکەوینە ڕێ و کاک سالار و ئەوانمان لێ هەڵبڕابوو، پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بە چەکەوە هاتە لای ئێمە، بەرپرسی کۆمەڵەکان هات و داوای کرد کە لەگەڵیان بچێتەوە، ئەو کوڕە قەبوڵی نەکرد، هەر لەو کاتە دا دوو دەستەی دیکە لە پێشمەرگەکانی ئێمە چوبون بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگا و بانەکان و ئێمە چەند کەسێکی کەم لەوێ مابووینەوە، ئەوەندەمان زانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە سەنگەریان لێمان گرت و بە نیاز بوون تێمان سرەۆێنن، زۆرم پێ سەیر بوو، ئێمە لەو سەرلێشێۆاوی و تێدا چون نەجاتمان دابوون و لە بەشە خۆاردنی خۆمان بەشی ئەوانیشمان ئەدا و تەنانەت نەمان دەهێشت نیگابانیش بدەن و زۆرمان ڕێز لێ ئەگرتن بەڵام ئەوان ئامادە بون ئێمە بکوژن بە بێ هیچ هۆیەک. کاک سەدیق دەستوری دا بە ئێمە کە هیچ جۆرە دژکردەوەیەکمان نەبێ و لەگەڵ ئەو کوڕە  قسەی کرد کە بچێتەوە

لای کۆمەڵەیەکان و بەمجۆرە بە بێ ماڵ ئاوایی لێک جیا بوینەوە.

پێشمەرگە خاراوی کورەی ئازارەکانی کۆمەڵگەیە، هەڵگری پەیامی ڕاچڵەکین و ڕاپەڕین و دەنگ هەڵبڕینە، باری ئێمە قورس و ڕێگامان دژوار و ئاسۆمان نادیار بوو، بەڵام ئیرادەمان پۆڵاین و ئەوەی بیرمان لێ نەدەکردەوە و ئەوەی بەلامانەوە گرینگ نەبوو، ئیوارە، بەیانی، و چرکە ترسناکەکان و زۆری هێزی دوژمن و ئەو تەنگانەیە بۆ کە تێی کەوتبوین، بیرمان لە لای هاوڕێکانی دیکەمان بوو و هیوامان وا بوو بە سلامەتی بیان بیینەوە.

دیارە حکومەت هێزێکی بۆ لە نێو بردنی هێزی بێستون کۆ کردبووەو و ناوی نابوو "قەرارگای بەدر" و بە گوێرەی هەواڵەکان نێزیک بەشەش هەزار چکداری لە جێگاکانی دیکەوە هێنابو بێجگە لەو هەموو پایگا و هێزەی لەوێدا هەبوو و هەموو بەرزایی و سەر کانی و ئاو و گوندەکانیان گرتبوو و ئەیانەویست بە چۆکمان دا بێنن.

**داخۆا چیمان بەسەر دێت و چۆن ئەم تفت و تاڵیانە ئەگۆڕین و چۆن ئەتۆانین کۆتری ئاشتی خەونەکانمان لە سەر چیاکانی ئاژوان و ڕازاوەرەوە بەرەو ئاسمانی هەرمان بفڕێنین.**

---

## قۆناخێکی نوێ لە شەڕی پارتیزانی

سەرکەوتنی هێزی بێستون لە ماوەی ئەو یەک حەوتوە دا کە دوژمنی داگیرکەر بە هەزاران هێزی چەکداری کۆ کردبووەوە و هەموو جێگا حەساس و گوند و بەرزایەکانی گرتبو لەوە دا نەبوو کە زەربەی مادی و ئینسانیان وەشاندب، بەڵکوو ئەوە بوو کە تۆانیان ئەو پیلان و هێرشە بەرفراوانە پوچەڵ بکەنەوە. لە لایەک ناوچەکەمان چۆڵ نەکرد و لە لایەکی دیکەوە نەمان هێشت دوژمن بە ئامانجە لە پێشدا دیاریکراوەکانی بگات و توشی شەڕی قورس و دور و درێژمان بکات. سەرکەوتنی پارتیزان لە هێندێ حاڵەت و هەل و مەرج دا ئەوەیە کە دوژمن نەتوانێ تاکتیکی خوازراوی خۆی بە سەردا بسەپێنێ و تووشی شەڕی نەخوازراوی بکات، بۆیە لە کاتی وەک ئەم هێرشەی دوژمندا دەبێ خۆ لە شەڕ ببۆێرێ و پلانی دوژمن پوچەڵ کەیتەوە.
دیارە ئێمە تا ئەوکاتە چۆار شەهیدمان هەبو کە لە بەشی بیست و شەش دا باسم کردون و بریتی بوون لە عوسمان گەشکی (لە ڕاستیدا خەڵکی گوندی کەوانە بوو بەڵام ناسراو بو بە عوسمان گەشکی و ئەم دوو گوندە ڕێگای پێنج خولەک لێکەوە دورن) سەید محەمەد کۆڵەسارەیی، حەیدەر پشتەیی و نادر گورجێ. ئەو چۆار شەهیدە وەک چۆار پارچە لە جەستەی هێزەکەمان کرابێتەوە وا بوو، هەمومان دڵ بریندار و خەمباری لە دەست دانی هاوڕێکانمان بووین، سەرەڕای ئەوەی ژیانی ئێمەش بە ئان وسات بوو بەڵام دیسان ئەوە کۆسپ نەبو لە بەردەم بیری دوور و هیوای دواڕۆژمان و لە دەستدانی هەر پێشمەرگەیەک خەسارێکی گەورە بوو کە لە جوڵانەوی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەکەوت و ئێمەش ئازیزێکی هاوخەباتمان لە دەست ئەدا. پێشمەرگە مرۆڤێکی خۆبەخشی، فیداکاری ئازادە کە ئازادنە و بە سەرەبەستی خۆی ڕێگای دژوار و پڕ لە مەترسی و نێزیک لە مردن هەڵ ئەبژێرێ کە نەتەوەکەی ڕزگار و هەتاوی ئازادی بە نیشتمانەکەیا تیشک بەهاوێ، بۆیە کاتێ یەک پێشمەرگە شەهید دەبوو بە ئاسانی جێگای پڕ نەدەکرایەوە و بۆشایی نەبونی دیار و بەرچاو بوو.

لە نێزیک گوندی پشتە کۆ بوینەوە و دیار بوو کە ئەو ناوە ئارامە، پێیان وتین کە ئەمشەو ڕێگاکەمان دوورە و لە هیچ گوندێکا لا نادەین و بەیانیش ڕەنگە ئاومان دەس نەکەوێ و ئەو خۆاردنەی کە هەمانە دەبێ بەشی بیست و چۆار کاتژمێری دیکە بکات.

لە جادەی کامیاران - ڕەوانسەر پەڕینەوە و کەوتینە دەشتایی گوندەکانی نێزیک شاری کامیاران و لە پشت ئاوایی گورگان کەوتینە ناو بێستانێک، لە پێشدا دەم بە دەم هات کە کەس هەقی نیە دەست بۆ هیچ شتێ بەرێ بەڵام تۆزێ دواتر بڕیارەکە گۆڕا و وتیان هەرکەسە و یەک دانە گڕکە( جۆرە ترۆزیەکە، خڕە و زیاتر لە زەوی بێ ئاو دا ئەڕوێ و تامی زۆر

خۆشه) هەڵگرن بۆ بەیانی بەڵکوو بەرگەی تینویەتیمان بگرێ. هێندێ پێشمەرگە هەیان بە کار هێنا بوو و چەند دانەیان دابوو بە کۆڵا. ماندوو وهیلاک لە بن "ما"و زەردێکی هەزار بە هەزار و جێگایەکی ئاستەم و بەرزا خۆمان دیتەوە. پەلەکان دابەش بوون و هەر پەلە و لە بنە بەردێکا خەوتن و بڕیار وابوو کە ڕۆژی دوایی تا کات ژمێر چواری دوانیوەڕۆ کەس نەجوڵێ.

زۆر ماندوو بووین و دەست و بە جێ خەومان لێکەوت بەڵام شەو کاتێ گەیشتینە جێ کاک شاپور، کاک سەدیق بابایی و کاک حەسەنی بانگ کرد و وتی ئێمە نیگابانی ئەدین با پێشمەرگەکان بنون. پێم سەیر بوو لە کاتێکدا ئەوانیش وەک ئێمە بەڕێدا هاتون و ماندوو بوون و بێگومان تینوشیانە، ئەیانەوێ نیگابانیش بدەن!.

تیشکی هەتاو تا دەهات گەرمتر بە جەستەمانا ئەچوە خوارێ و گەرما زۆری بۆ هێناین و لە خەو هەستاین، دەبوو لە پەنا بەردەکانا خۆو مات کەین و نەجوڵێن. لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو کە "گڕکەکان" بە کولەکەی نەگیشتوی بچوک دەرچون و ڕەنج بە خەسار بوین.

لە بناری ئەو شاخەدا گۆماوێکی بچووک هەیە هەر وەک ئەوەی کە ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو بە کارمان هێنا، ئەمیانە ئاوەکەی کەمتر بوو. تەنیا کاک شاپور بەو ئاوەی ئەزانی و ئەوەش کە ئەیویست لەگەڵ کاک سەدیق و خاڵە حەسەن سەرسپی دا نیگابانی بدات بۆ ئەو مەبەستە بوو و ئەیویست لە بونی ئاو لە گۆماوەکەدا دڵنیا بێت و پاشان پێشمەرگەکان نەگەنە سەری و خەساری کەن.

گەرما و تینویەتی خستمانیە جوڵە جوڵ و پەنامان بۆ کاک شاپور برد کە تینومانە، کاک شاپور دڵخۆشی ئەداینەوە و ئەیوت پەلە مەکەن ئاو پەیدا ئەکەین بەڵام جارێ زووە. نێزیک نیمەڕۆ بانگی سەرپەلەکان کرا کە بچن بۆ لای کاک سەدیق و ئەوان و کۆبونەوەیە، پێمان وا بوو بڕیار ئەدەن بچینە ناو ئاوایی گورگان کە لە نێزیک جادەی کرماشان - کامیارانە و پێگەی دوژمنی لێ نەبوو بەڵام لە شارەوە زور نێزیکە. دڵمان خۆش بوو، سەرەڕای مەترسی و ئیمکانی ئەوەی شەڕ ببێ بە توشمانەوە ئامادە بووین بۆ ئەوەی بگەینە ئاو پەلاماری شاریش بدەین.

کاک شاپور بە پیاڵە ئاوەکەی دابەش کردبوو و هەر پەلە شتێ کەمتر لە کەتریەکیان بەرکەوتبوو بە بینی ئاوەکە گەشاینەوە و تینویەتیمان کەمی کرد. وتیان ئاوەکە ئەکەینە چا و باشتر تینویەتیمان ئەشکێنێ و ئەو کارەمان کرد و هەرکەسە و نیوە پیاڵەیەک چایمان بەرکەوت و هەستمان بە هێندێ ئاسودەیی کرد و تا ئەم کارانەمان کرد هەتاو خۆی لە کێوی شاخشکێن نێزیک ئەکردەوە و ئێمەش ئامادەی جوڵان بووین. لەگەڵ تاریک داهاتنا بە پشت ئاوایی گورگاندا چوینە گوندێک لە سەر جادەی کامیاران - کرماشان. تا گەیشتینە گوند چەندین جار خۆمان دا بە عەرزا لەبەر ئەوە جادەی

کرماشان کامیاران بە شەو و ڕۆژ هاتوو و چوی ماشینی بە سەرەوە بوو و لەبەر ئەوە ماشینەکان نەمان بینن و ئێمەش بە پەنا جادەکە دا ئەڕۆشتین و ڕێگاکەش زۆر ناخۆش و چاڵ و چۆڵ بوو. گەیشتینە ناو ئاوایی، هەموو ماڵەکان کارەبایان هەبوو و هێندێ ماڵێش تەلەفزیونیان داگیرساند بوو و خەریکی نان خواردنی شام(ئێوارە) بوون. خەڵکی ئەو ناوە هێندێ درەنگ نانی شەو ئەخۆن و پێی ئەڵێن شام و دەبێ شەو بێت دەنا شام نیە.

من و کەریم بزوەشی و تەیمور برای کاک شاپور چوینە ماڵێک. دیار بوو ماڵێکی پۆشتەیە و دەستیان دەگاتە دەمیان، بە بێ ئەوە لە درگا بدەین چوینە ناو حەوشە و لەوێوە دەرگای ماڵەکە کرابوەو و چەند کچ و ژن خەریکی خواردن تێکردن و یەک دوو کوڕی گەنجیش لە هات و چووی خواردنەکانا بوون. بە بینینی ئێمە واقیان وڕ ما و هیچیان نەوت. ئێمە سڵاومان لێکردن و بە بێ خۆڵک خۆمان گەیاندە لای میوانەکان. نێزیک بە دە پازدە کەس بە دەور سفرەیەکی درێژا دانیشتبون و چەندین جۆر خواردن و برنج لە سەر سفرەکە بوو، سەوزەی جوان و ماستاو، دوو، خواردنەوەی وەک ئاو، کانادا، پیپسی و... ئێمەش برسی و هیلاک، ئارەقاوی، جل و بەرگی چڵکن و هێندێکیش بۆنی ئارەقەمان لێ ئەهات. من ڕیشم نەبوو و کەریمیش هێندێ کۆسەیە بەڵام تەیمور ڕیشێکی زۆری بەردابوەوە بە چەک و ڕەخت و هەرکامە و کوڵێکەوە، زیاتر لە خەڵکی کۆرەیەکی دیکە ئەچوین.

سڵاومان کرد و دانیشتین، هەموو دانیشتوان حەپەسا بوون و کەس وەڵامی نەدایەوە و کەسیش دەستی بۆ خواردنەکە نەبرد، منیش تاقەتم نەگرت و پەلاماری دەوریەکم دا و برنج و خورشتم تێکرد و بەوانی دیکەشم وت فەرموون، فەرموون، کەریم و تەیموریش وەک منیان کرد و پاشان تەیمور بە دەم نان خواردنەوە وتی: بۆ نان ناخۆن خۆ گورگتان نەدیووە، ئێمە پێشمەرگەین ئەوەش کارەتکانمان و من برای شاپور فیروزیم. دانیشوانی ماڵەکە سەیری خاوەن ماڵەکەیان کرد کە لەسەر پێستی و شکراوەی مەڕێک دانیشتبو و دیار بوو کە هەمو لایەک چاوەڕوانی فەرمانی ئەون. کابرایەکی بە خۆوە، باڵابەرز، خاوەن جوتێ سمێڵێ ڕەشی پڕ و دەستێ جلی جوانی لە بەرا بوو، لەسەرەخۆ وتی: هەرکەس هەن بە خێر هاتن، میوان خۆشەویستی خوایە و کەس میوانی خۆی دەرناکا. پاشان بە خەڵکەکەی وت: فەرموون، بۆ نان ناکێشن؟

دوای ئەوە نانمان خوارد دەستمان کردە قسە کردن و هەواڵپرسی لە هەل و مەرجی ئەو ناوە و تەیمور پرسیاری هێندێ کەسی کرد لە ناو شار و هەواڵی کۆنە هاورێکانی خۆی پرسی لەوە ئەچو لێمان دڵنیا بن کە پێشمەرگەین خاوەن ماڵ ڕوی کردە من و کەوتە گفت و گۆ کردن و منیش وەڵامم ئەدایەوە. تێرمان خوارد بوو و خەمی هیچمان نەبوو، شایانی وتنە بەر لەوە سفرەکە کۆ کەنەوە من چەند نانم پان کردەوە و پڕم کردن لە برنج و خۆرشت و بە نایلۆنێکمەوە پێچا بۆ ڕۆژی دوایی. پێشمەرگە نابێ شەرم بکات لەبەر ئەوە هەموو ڕۆژێ خواردنی وا دەس ناکەوێ. خاوەن ماڵەکە چاوی لە سەر من بوو بۆیە کاتێ کەوتینە قسە کردن وتی: من لە کردەوەکانی تۆ زۆر خۆشحاڵ بووم ئافەرین دیارە کە پێشمەرگەی پاشان بانگی

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

منداڵەکانی کرد کە خۆاردنمان بۆ بپێچنەوە و دەستی کردە گیرفانی دا و سەد تمەنی دایە من و وتی ئەوە دیاری منە بۆ تۆ و پاشان یەکێک لە کوڕەکانی نارد بۆ ماڵی یەکێک لە جیرانەکانیان کە دوکاندار بوون و وتی هێندێ شتی خۆشیان بۆ بێنە. سەرەتا زۆر سارد و بێ تەوەجۆ بوون بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەندە گەرم و بە ئێحترام بون کە هەموو شتێکمان لەبیر چووەوە و دوای چا خۆاردن و قسەکردن ماڵ ئاوایمان لێیان کرد و هاتینە دەر خۆاردنێکی خۆشیان بۆ ئامادە کردبوین و لەگەڵ سەوزە و نان و دەبەیەک ئاو دا پێان داین. هەر کە لەماڵ وەدەر کەوتین کەریم بزوەشی و تەیمور دەوریان دام و بە جنیو دان کە ئەوکاتە گاڵتەی زۆرمان ئەکرد و ئەگەر کاک شاپور و کاک سەدیق دیار نەبایەن شەڕە جنیومان ئەکرد، پارەکەیان لێم سەدند و وتیان تۆ سیگار ناکێشی، ئێمە ئەیدەینە سیگار.

هەموو لە بەردەم مزگەوتا کۆ بوینەوە و خەڵکیشمان کۆ کردەوە و کاک شاپور قسەی بۆ کردن و سپاسی میوانداریەکەیانی کرد و لە ئاوایی وەدەر کەوتین، پێم وا بو ئەگەڕینەوە بۆ داوێنی شاخی شاخشکێن بەڵام بە هەڵ هاتن لە جادە قیرەکە کردمانە ئەوبەر و بە هەڵهات، هەڵهات بە پەنا جادەکەدا نێزیک بە سێ، چۆار کیلومیتر چوین و پاشان لامان دا و هێندێ لە جادەکە دوور کەوتینەوە و ئیجا کۆ بوینەوە، هێندێ حەساینەوە و کاک شاپور باسی ئەوەی بۆمان کرد کە بەیانی جادەی کامیاران - کرماشان ئەگرین و شەڕێکی قورس دەس پێ ئەکات. ئەو دۆڵە ئەچووە سەر هەتا داوێنی کێوی ئاژوان و ئەملاو ئەولاکەی شاخ و بەرد و ئاستەمە کەس ناتۆانی پێدا سەرکەوێ بۆیە دەبوو تیمی شەڕکەر لە ناو ئەو دۆڵە و لە نێزیک جادەکە خۆیان حەشار دەن تا ڕۆژی دوایی و لە کات ژمێر چۆاری دوانیوەڕۆدا بچنە سەر جادەکە، ماشینە ئاسایەکان ڕاگرن و ئەگەر پاسدار و چەکداریش هات لێان دەن. ئەو کەمین دانانە ئەوندە بۆ ئێمە مەترسیدار و چاوەڕوان نەکراو بوو ئەوەندەش دوژمنی حەپەساندبوو.

پۆلێ پێشمەرگەی چوست و چالاک بە فەرماندەری حەمە گومەتەیی دانیشتین و ئێمەش هەڵکشاین بۆ سەر لوتەکە و لەوێ سەنگەرمان گرت و چاوەڕوان ماینەوە.

ئەمە زیاتر لە خەون ئەچێ بەڵام ژیانی پێشمەرگەی دیموکرات و ئازادیخۆازانی نیشتمانی داگیرکراو لە خەونێک زیاتر نەبوو، خەونێک لە ئەمری واقع و واقعی داسەپاو. دوژمن هەموو ناوچەی بێڵەواری بە هێزی زووری خۆی تەنیبوو و لە ماوەی یەک حەوتو دا پێشمەرگە لە هیچ جێگایەک دیار نەمان و دام و دەزگای راگەیاندنی دەنگ و ڕەنگی داگیرکەر واتە ڕادیو و تەلەفزیون بڵاوی کردبوەوە کە پێشمەرگە لە سنووری ئێراق پەڕیونەتەوە و نەماون و ئەوانەیان بەربەرەکانێان کردوە کوژراون، کەچی لە ئاستەمترین جێگا و لە نێوان شارەکانی کرماشان و کامیاران و بە بەرچاو خەڵکی ئەو ناوە و دەیان و سەدان خەڵکی موسافیری شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان و جۆانڕووە پێشمەرگە سینگی کردوەتە قەڵغان و هاوار ئەکا من پێشمەرگەی کوردستانم ئامادەی شەڕی مەیدانم لە پێناو ئازادی نیشتمانا گیان لە پێناوم.

## "شاخ شکێن" پشت و پەنای پێشمەرگە

گەرما لە بەرزترین پلە دا بوو، ئێمە لە بەرزاییەکانەوە چاوەڕوان و پۆلی پەلاماردەر لە کەمیندا بوون تا لە هەر ئان و ساتا بچنە سەر جادە و بەم شێوەیە شەڕ دەس پێبکات، ئەو دەبە ئاوانەی کە لەگەڵ خۆمان هێنابوومان ئەوەندە گەرم ببون کە بەکەڵکی خواردنەوە نە ئەهاتن و مافی ئاور کردنەوەشمان نەبوو کە چای یان لێبنینی و لە ئازاری تینویەتی بەدوور بین.

لە کاتی دیاریکراوا تەقە دەستی پێکرد هەر کە پێشمەرگەکان حەشارگەکانیان بە جێ دێڵن ناگەن ماشینە شەخسیەکان ڕاگرن دوو تویوتای پڕ لە چەکدار دێنە ڕویانا و ئەمانیش ئەیاندەنە بەر دەسرێژ چەندین کەسیان لێ ئەکوژرێ یەکێک لە ماشینەکان تۆزێ لەولاوەتر کەوتە لای جادەکە و یەکیان بە کۆژراوەکانەوە ڕانەوەستا و دەرچوو. پێشمەرگەکان ئەیانویست بچن بۆ سەر ماشینە شکاوەکە لە پڕ تانکێک هات بە ڕویانا لەبەر ئەوە ئارپیچیان پێ نەبوو هەڵ هاتن و بە کلاشینکۆف تانکەکەیان دایەبەر دەسرێژ تانکەکەش لەبەر ئەوە ترسا بوو و پێی وابوو ئێمە ئارپیچیمان پێیە بە خێرا خولایەوە و بۆی دەرچوو.

یەکێک لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی بەرنامەکەی ئێمە ئەوە بوو کە لەوکاتە دا کاروانێک لە هێزەکانی دوژمن لە کرماشانەوە کەوتبوونە ڕێ بۆ کامیاران و ڕێک لەوکاتە دا کە پێشمەرگەکان ویستیان جادەکە کونترۆڵ بکەن لوتیان بوو بە لوتی یەکەوە و هەموو بەرنامەکەمان تێکچوو. شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو ئەو ناوە درایە بەر توپ و خۆمپارە و هاوکات هێزێکی زۆر لە کرماشان و کامیارانەوە هێنرانە گۆڕەپانی شەڕەکە ئێمە لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە پێشمەرگەکان بە سلامەتی شەرگە بە جێ بێڵن بۆیە دابەشی سەربەرزایەکانی زاڵ بە سەر جادەی ئەسڵی دابوین و هێزەکانی دوژمنمان دور بە دور دایە بەر دەسرێژ دوژمنی ترسەنوکیش بەو هەموو ئیمکاناتەوە کە هەیبو سەری لێشێوابوو و لە داوێنی شاخەوە بێ هەدەف تەقەیان ئەکرد.

کاک شاپور بانگی من و عەزیز ڕەوانسەری و کەریم بزوەشی کرد و وتی دەبێ بچن بۆ گوندەکانی ئەو دیوی جێگای شەڕەکە و هێندێ خواردن و ئیمکانات بۆ ڕۆژی دوایی بێنن. وا چاوەڕوان ئەکرا شەڕەکە درێژە بکێشێ و ئێمەش پێویستیمان بە خواردن و خواردنەوە هەبوو لە کاتی ڕۆشتنا کاک عەزیز وتی: سێ کەس کەمە و دەبێ دوو کەسی دیکەمان بدەنێ تەیمور و یەکێکی دیکەیان لەگەڵ خستین کە بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نەماوە. شایانی ئاماژە پێکردنە کە من تەنیا دەمانچەیەک و حەوت فیشەکم پێبوو. هێشتا شەڕ بەردەوام بوو کە ئێمە لە شاخەوە داکشاین و لە داوێنی کێوەکەوە ڕومان لە گوندێک کرد کە بە


سەرچاوە
Serchawe

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

جێگای شک و گومان نەبوو،(پێم وایە ئەو گوندە ناوی سالار ئاوا بوو) تاریک داهاتبو چوینە ناو ئاوایی، چەند کەسمان بینی و داوامان کرد کە ماڵی شۆرامان پێ نیشان بدەن، کوڕێکی گەنج پێشمان کەوت و لە دەرگایەکی گەورەی دا، کابرایەک هاتە دەر و چاک و چۆنیمان لەگەڵ کرد و خۆمان پێناسە کرد. کابرا وتی من خۆەنەواریم نیە وەرن بچین بۆ لای ئاغای مودیر بزانم ئەو دەڵێ چی(لەو مەڵبەندە و هێندێ ناوچەکانی دیکەی کوردستانا بە ماموستای قوتابخانە دەڵێن "مودیر" و لەبەر ڕێز لێنان ئاغایەکیشی پێ زیاد ئەکەن) لە دەرگای ماموستامان دا و هاتە دەرێ، من کارتی پێشمەرگایەتیەکەی خۆم پێدا و وتم ئێمە پێشمەرگەین و پێویستمان بە هێندێ خۆاردن و ئیمکاناتە کە لە گوندا کۆی کەینەوە، مامۆستا زور ئازایانە وتی: بە چاوان ئێستا بانگی شاگردەکانم ئەکەم کە بە ماڵانا بگەڕێن و ئەو کوڕەگەنجەی نارد بە شوێن قوتابیەکانا و زوری نەخایاند کە هەشت، نۆ قوتابی چوست و چالاکمان لێ کۆوەبون. مامۆستا سازمانی دان و هەر دوو کەس لە قوتابیەکان یەک پێشمەرگەی لەگەڵ خستن کە بچنە چەند ماڵی دیاریکراو، منیش لەگەڵ ماموستا و شورای گوندا چووم بۆ دوکانی گوند بۆ کڕینی ئەو لیستەیە کە پێان دابووم و لە ماوەیەکی کەما سێ گونی شتمان کۆ کردەوە و لەگەڵ چۆار دەبەی بیست لیتری ئاو و دوو دا. سەیرمان کرد بۆمان هەڵناگیردرێ، لە پێشدا ویستمان چەند قوتابیەک لەگەڵ خۆ بەرین بەڵام وتیان نابێ جێگاکەمان ئاشکرا ببێ بۆیە داوامان لە شوراکرد کەرێکمان بۆ وەرگرێ و ئەویش وتی: خۆمان خەر خاسێک دیریم ئەمما چوین تەحویلامان دیەنەوە( واتا، خۆمان کەرێکی باشمان هەیە بەڵام چونمان ئەدەنەوە؟) کاک عەزیز وتی: بەیانی بە کەسێکی شەخسیا(غەیر پێشمەرگە) بۆتان ئەنێرینەوە یان لە جێگایەک بەرەڵای ئەکەین و وەڵامت لێ ئەگێڕینەوە. بەمجۆرە کابرا بە بێ دوو دڵی کەرە ڕەشی پێمان دا، هێشتا دەنگی چەکە قورسەکان بەرگۆێ ئەکەوت، شەو درنگی کردبو کە گەیشتینە یەکەم بەرزایێ شاخی ئاژوان، زۆر ماندوو بووین، نان و خۆاردنەکەمان لە کەرەکە نابوو و دەبەکانمان بە دەست هەڵ ئەگرت بۆیە بە تەواوی ماندوو ببوین و ڕێگامان لەبەر نەدەڕویشت.

هاوکات کە ئێمە بەرەو ئاژوان هەڵ ئەکشاین دوژمنیش لە هەموو لایەکەوە کەوتبوونە ڕێ و نازانم چۆن توشی یەک نەببوین، لە شاخەکە سەرەوخۆار بووینەوە و ڕێگای نیو سەعاتێکمان مابوو بگەینە کاک شاپور و ئەوان. لە ناو دوڵێکا و لە پەنا تۆپەڵە بەردێکا ڕاوەستاین و تەیمور وتی کە ئیتر ناتۆانی بڕوا و بە ناچاری هەر لەوێ بارمان لێخست. لەگەڵ تاریک و ڕونی بەیانیا عەزیز ڕەوانسەری لە خەوی هەڵساندین و وتی: دەورمان گیراوە، سەیرکەن چۆن ئەو هەموو پاسدارە دێنە خۆار، ئێمە لە دۆڵەکەوە ئەوانمان ئەبینی بەڵام ئەوان ناو دوڵەکەیان نەئەبینی و ئەوەش شانسێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، نان و ئاومان بە جێ هێشت، هێشتا دە، دوازدە گەز دوور نەکەوتبوینەوە، دیتمان لە خۆار و ژوررەوە هێزی دوژمن بەرەوە ئەو جێگایەی ئێمە دێن، دەستمان گەیشتە بەرزایەکە و لێگەڕاین تا هاتنە نیزیکمانەوە. تا ئەوکاتە خۆاردنەکانیان نەبینبو، یان پێان وابوو خەڵکی ئاساییە بەو کەروبارەوە و سەرنجیان نەدایە بەڵام کاتێ عەزیز ڕەوانسەری تێی خوڕین: تەکان مەخۆن دەورتان گیراوە، بەرەو جێگای خەوتنەکەی ئێمە هەڵهاتن و لە پەنا ئەوبەردانەدا سەنگەریان گرت و دەستیان بە سەر نان و ئاوەکەی ئێمە داگرت.

هەرکە ئێمە تەقەمان دەس پێکرد لە هەموو لایەکەوە دەنگی تەقە بەرز بووەوە و پێشمەرگەکانیش کە شەو بەو سەربەرزایانە دا بڵاوەیان لێکردبوو، پۆل، پۆل لە پەنا بەردەکانا خەوتبون و ئەو تەقەکردنەی ئێمە وەشیاری کردبونەوە و ئەوانیش دەستە بەشیان کردبوو و هەموو بەرزایەکان کەوتە دەست ئێمە، هێزی دوژمن لە ژماردن نەئەهات بەڵام سەنگەرەکانی ئێمە زۆر قایم و لە جێگای باشا بوو، تینوو و برسی شەڕمان درێژە پێدا، دوژمن بەردەوام لە هێرش کردنا و ئێمە لە بەربەرەکانیدا بووین، لای کاتژمێر پەنجی دوانیوەڕۆ بەرەبەرە پێشمەرگەکان ڕویان لە ئێمە کرد و بڕیار درا ئەو پاسدارانەی کە دەستیان بەسەر خۆاردنەکەدا گرتبو بدرێنە بەر پەلامار بەو هیوایە کە بتۆانین بەشێک لە خۆاردنەکەمان دەس کەوێتەوە.

لە هەموو بەرەکانی شەڕا پێشمەرگە زەربەیان لە داگیرکەران وەشاندبوو بەڵام شەڕی پڕ لە دەسکەوت لە سەنگەرەکانی ئێمەوە کرا. لە سێ لاوە پەلامار دەستی پێکرد، شەڕ بوو بە شەڕی دەستە و یەخە، پاسدارەکان لە "هێزی تایبەت" و "ئامادەی شەهادەت" بوون بۆیە خۆیان نەئەدا بەدەستەوە چەند کەسیان هەڵهاتن، من بە دەمانچە چەند فیشەکێکم پێوە نان فایدەی نەبوو، "فەتە قنگرە"یی وتی: گولەکان خەسار مەکە لێگەڕێ ئەوانە بڕۆن ئەمانەمان بەسە لە قسەکردنا بووین لە پڕ پاسدارێکی زەبەلاح هات بە ڕومانا و دامانیە بەر دەسڕێژ شانسمان بوو گوللەی پێ نەما و خێرا خۆی هاویشتەوە سەنگەرەکەی ئەوەندە ترسابووم نەم ئەزانی ماوم یان مردووم، فەتە قسەی لەگەڵما ئەکرد تۆانای وەڵامدانەوەم نەبوو دیمەنێکی سەیر بوو، یەک گوللەی دیکەی پێ مابا من کوژرابوم، بە پەڕۆیەک لە ناوچاوانی نوسیبوی یا حسێن. دەنگی نارنجۆکی دەستی و هاواری پێشمەرگەکان و پەلامار دەستی پێکرد و لە ماوەی یەک خولەکا هەموویان بوون بە کەلاک، یەکێکیان خۆی خستبوە کونێک و من بە بەردەم کونەکەدا ئەڕۆشتم بۆ سەر جەنازەکان گوێم لە خشەی بوو، بە تەواوی ترسام و دیمەنی تۆزێ پێشم هێشتا لە بیر مابوو، بە هەموو هێزی خۆم دەنگم هەڵبڕی و بانگی حەمە گومەتیم کرد و وتم یەکێک لێرەیە، چەند پێشمەرگە گەیشتن و کابرامان لە کون دەرهێنا. لەو شەڕ و بگرەیە دا من کڵاشینکۆفێکی جوت لاقم هێنا و زورم دڵ پێ خۆش بو، هاوکات فەتە برێ پارە و چەند سەعاتێکی کۆ کردبووەوە و هات بۆ لای من و وتی: زۆر ترساوی ئەزانم ها ئەوە بەشی تۆ، وابزانم سێسەد تمەن و سەعاتێکی پێدام، ئەوەندەی دیکە خۆشحاڵ بووم.

کاک سەدیق خۆی گەیاندبووە ناو شەڕگە و ورەیەکی زۆری دایە پێشمەرگەکان کە لە پەلامارەکەیان دا ئازایەتی بنوێنن، لەگەڵ فەتە قسەم ئەکرد و باسی ئەوەم ئەکرد کە ئەو چەکە بۆ خۆم ئەبێ کاک سەدیق بە پێکەنینەوە وتی: دەبێ سزا بدرێی بۆ بە بێ چەک هاتویتە ناو ئەم ئاورەوە. کاک شاپور گەیشت و وتی کارتی کۆژراوەکانم بۆ بێنن و بە منی وت ئەو چەک و کۆڵەپشتەت لە لای من دانێ، هێندێ شتمان لەو سەرەوەیە بچۆ بیهێنە، کاتێ هاتمەوە دیتم کاک شاپور کڵاشینکۆفەکەی داوەتە کەریم بزوەشی، من زۆر توڕە بووم و وتم قەبوڵی ناکەم، کەریم کەڵەشینکۆفەکەی هێنا و کردیە شانی من و لە ئامێزی گرتم وتی: بە شەرەفم ئەگەر کڵاشینکۆفەکەم بۆ بکەنە تەڵا تۆ ڕازی نەبی نامەوێ.



سەرچاوە
Serchawe

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

تاریکایی ئەو ناوەی داگرتبوو، دەنگی تەقە لە هەموو لایەکەوە ئەبیسترا، خۆمان کۆ کردەوە و لەم شەڕ و هەرایە دا هەموو خۆاردنەکەش تێدا چوو، بە پەلە کەوتینە ڕێ و لە ناو جەرگەی دوژمنەوە ڕێگایەکمان هەڵبژارد کە لە هەموو ڕێگاکانی دیکە پڕ مەترسیتر بو بەڵام لە کاتی وادا پڕ مەترسیترین ڕێگا دڵنیاترین ڕێگاشە، بۆ ئەوەی دژمن وا تێدەگا کە پارتیزان ڕێگای دیکە هەڵئەژێرن، ئێمە بە ناو هێزە مۆڵ دراوەکانی داگیرکەرانا دەرباز بوین و گەیشتینە ئەوبەری جادە و لە سەر جۆگەلە ئاوێک ڕاوەستاین و هێندێ حەساینەوە و هەڵکشاین بۆ داوێن کێوی شاخشکێن و لە دوو جێگای نێزیک بە یەکتر بارگەمان لێخست.

هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی سەرگەرمی ئەو بەر و جێگای شەڕەکە بوون و پێیان وابوو ئێمەیان لەگەمارو خستوە و بەردەوام هێزی زیاتریان ئەهێنایە ئەو ناوە و بەرەو بەرزایەکانی ئاژوان هەڵ ئەکشان و ئێمەش لەمبەرەوە لە باوش دار و بەردی وەڵاتەکەمانا پاڵمان لێ دابوەوە و چاوەڕوانی ڕۆژێکی نۆێ و کارەستای نۆێ بوین.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

## ئاگری بێدووکەڵ

چیاکانی کورستان لە سەردەمانێکی کۆنا لەمپەری گەیشتنی کورد بە شارستانیەت و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوون، دیارە مێشکی کۆنەباوی دەسەڵاتی عەشایەری و لێک دابڕانی خێڵەکیانەش دەوریان هەبووە و کاریگەر بوون بەڵام هێندێ جار لێرە و لەوێ وا باس ئەکرێ کە چیاکان ئێمەیان لە قەتاری شارستانیەت وە دوا خست، هەر ئەو چیا گەردەن کەشانە لە فەوتان و تۆانەوەشیان پاراستین و چیا بەردەوام مەتەرێزی هەڵچوان و هاوارەبەرەی کورد بوون.

ئەم چیا گەردەنکەشانەی کوردستان بونە لەمپەری خۆڕاگری سەدساڵی نۆزدە و بیست و ئێمەیان دەربازی سەدەی بیست و یەک کرد و لە ئاستەمترین قۆناغی تۆانەوە و لێکدابڕان نەجاتیمان هات.

ئێمە و چیا، چیا و داوین، داوێن و دارستان، دارستان هێلانەی باڵەندەکان، باڵەندەکان و هەڵفرین، هەڵفرینیان، هەڵفرین و بە دوای ئامرازی هێلانە درودست کردن، دروست کردن و پاراستن، پاراستن و بەردەوام بوون، بەردەوام بوون بۆ مانەوە، مانەوە بۆ ژیان و ژیان بەرەو ترۆپک و لە ترۆپکا داوێن بێنین و لە داوێنا بەرەو هەوراز هەڵکشان، هەڵکشان بەرەو لوتکە و لە لوتکە دا بانگ دان، بانگی خۆشەویستی، خۆنەویستی و ڕوناکی پەرەستی، ڕوناکایی بۆ دارستان، بۆ گوندەکان، بۆ شارەکان و بۆ گشت نیشتمان... ئالێرە دا ئێمە و چیا هۆگری یەک بووین، ئێمە بەرەو چیا ئەکشاین و چیاش بەرەو لوتکە خۆی بە سینگی پێدەشتەوە هەڵ ئەواسی...

لە جێگای خۆم هەستامە سەر پێ، بۆنی ئاور، بۆنی گەرما، بۆنی نان و بۆنی ئارەقەی پۆلێ لە هەڤاڵەکانم هات بە لوتما و منی ڕاکێشا، عەزیز ڕەوانسەری ئاورێکی بێ دوکەڵی کردبووەوە، ئاوری بێدوکەڵیش هەیە؟ بەڵێ: بڕواتان هەبێ، ئەمەم بە چاوی خۆم بینی، لەو ناوەدا داریان کۆ کردبووەوە و تۆێکڵەکەیان لێ کردبونەوە و جوان جوان لەسەریەکیان دانابون و ئاوریان ئەدان، ئەو ئاورە بێڕەنگ و دوکەڵە وەک ئاوری ئەو گازە جامدانە ئەچو کە دواتر و پاش ١٠ ساڵ لە سەفەرێکا لەگەڵ فەرماندەی شەهید شاروخ مورادیدا دیتم و کەڵکم لێ وەرگرت. چایان دەم کردبوو و بڕیار وا بوو هەر لەو ئاورە کەڵک وەرگرن و چا بۆ هەموو پەلەکان دەم کەن بۆ ئەوە هەر کەسە و لە لای خۆی ئاور نەکاتەوە و جێگاکەمان ئاشکرا ببێ، ڕاستە ئێمە لە داوێن چیا دا بووین بەڵام ئەوبەرمان پڕ بوو لە هێزی دوژمن و بەرەو بەرزایەکانی ئاژوان لە بەرزبونەوە دا بوون و هاوکات هێزێکی زور لە هات و چو دا بوون بە سەر جادەی ئەسلی کرماشان، کامیاران و ئێمەش لە جادەکەوە زور دور نەبووین و دوژمن بە ماشین ئەیتۆانی هەتا چەند سەد میتری ئێمە بێت و ئەمەش وای ئەکرد کە هەر کە پێمان بزانن بە خێرا هێزێکی زۆر کۆ کەنەوە و پەلامارمان بدەن و ئێمەش مایل بەو شەڕە نەبوین و پێویستمان بە

حەوانەوە و خۆ ڕێکخستن بوو.

ئەو ڕۆژە گەرمەمان بە خۆشی و پێکەنین و قسەی خۆشی هاوڕێیان بردەسەر و لە نێزیک کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕو بانگ کراین بۆ کۆبونەوەیەکی بە پەلە و لەوێدا چەکەنیان دابەش کرد و باسی ڕۆژانی ڕابردو کرا و لە لایەن کاک شاپور و کاک سدێقەوە سپاس و پێزانین لە پێشمەرگەکان کرا.

من چاوەڕوان بووم کە کلاشینکۆفەکەم بدەنێ کە ئەوە خۆم هێنا بووم، دیارە من پێویستم بە چەک نەبوو لەبەر ئەوە بە ناو بێسیم چی بووم و کەسێکیشم لەگەڵ بوو کە بێسیمەکە هەڵگرێ بەڵام ئەو واقعەی کە ئێمەی تێدا بووین بێ چەکی بۆ نەئەشیا و دەبوو چەکم پێ بێ بۆیە پێم لەسەر ئەوە داگرت کە ئەو چەکە ئی منە و نایدەمە کەس.

کاک سدێق بانگی کردم و دوو بە دوو برێ قسەی بۆم کرد و وتی: تۆ پێشمەرگەیەکی ئاوا و ئاوایت و چەک نابێتە پێوان بۆ دڵسۆزی و دەبێ نمونەی پێشمەرگەکان بیت و خۆ لە شەڕ و هەڵا نانەوە بوێری و بە بڕیاری بەرپرسەکان ڕازی بیت و ... بەمجۆرە لەگەڵ ئەو ڕێزە زورەی کە بۆ کاک سدێقم بوو و هەمە قەبوڵم کرد کە کلاشینکۆفەکە بدەنە کەریم بزوەشی و لای ئێوارە بەر لەوە بکەوینە ڕێ کاک شاپور و کاک سەدیق بانگیان کردم و کلاشینکۆفێک و ٣ خەشابیان پێم دا و وتیان ئەو چەکەت پێ بێ باشترە بۆ پاراستنی خۆت منیش زۆری لەسەر نەچووم و چەکەکەم هەڵگرت و کەوتینە ڕێ.

دەبوو ئەو شەوە ڕێگایەکی دوور بڕوین بەڵام پێویستمان بە خۆاردن و تەداروکات هەبوو بۆیە لامان دایە گوندی گورگان و بە پەلە نان و چامان خۆارد و بەشی ڕۆژی دوایشمان هەڵگرت و درێژەمان بە ڕۆشتنەکەمان دا لە نێوان گوندەکانی شایەنی و کورەدەری خۆرەتاوا بارگەمان لێخست و ئێوارەکەی لەگەڵ لکی شەهید حەمە شەریف یەکمان گرتەوە کە ئەوانیش لە دۆڵێکی دیکە دا خۆیان حەشار دابوو ئەو یەکتر دیتنەوەیە خۆشترین کاتی ژیانی ئێمە بوو.

ئێوارە بە داوێن کێوی زەڕنە و لە نێزیک پایگای گەورەی گەشکی دا بە ڕیز ئەڕۆشتین و گوندی تەختی زەنگیمان بە جێ هێشت و گەیشتینە گوندی کەلاتێ، لاماندا و بە مالانا دابەش بوین و قەرار وا بوو تا درەنگانەیکی شەو لە مزگەوتا بنوین و پاشان هەڵکشین بۆ سەر کێوی زەڕنە و ڕۆژەکەی لەوێ بمێنینەوە.

بەشێ لە پێشمەرگەکان لە مزگەوتا ڕاکشا بوون و ئێمەش چەند کەسێک لە دەرەوە لە پەنا دیواری مزگەوتا ڕاکشابوین و قسەمان ئەکرد، دوو نیگابان لە خۆار و ژوری ئاوایەوە دانرا و کاک شاپور و کاک سالار لە ماڵێکا بون نازانم کاریان چی بوو، دیارە لە کاتی بلاو بونەوە منیشیان لەگەڵ بووم و ئەو ماڵە ناسیاوی بنەماڵەیمان لەگەڵیان هەبوو و زوریان ڕێز لێمان گرت و خۆاردنی باشیان بۆم پێچابووەوە بەڵام لەگەڵ کاک سدێقا زوتر هاتمەوە لای پێشمەرگەکان.

کاک سدیق سیگاری ئەکێشا و ماموو ڕوسم و مەنوچەر و کەریم و سوبەت خەریکی قسە کردن و پێکەنین بوون لە پڕ نورئەفکەنێک لە ئاسمانی سەر سەری گوندا هەڵکرا و ئەو ناوەی ڕوناک کردەوە. مامووڕوسەم وتی سەیرکەن ئەو هەموو هێزە چۆن هەڵدەکشێن. هەمووما ن هەڵساین و چاومان بڕیە بەرزایەکانی نێزیک ئاوایێ و دیتمان هەموو ئەو ناوە هێزی دوژمنە و لە ژێر ڕوناکی نورئەفکەنەکە دا بە باشی دیار بوون و شانسی ئێمە ئەوە بوو کە ئەوان بە بەرزایەکانا ئەڕۆشتن و ئێمە لە خوارەوە بە باشی ئەوانمان ئەبینی.

ئەحلە میسری بە پەلە پێشمەرگەکانی هەڵسان و وتی وەرنە دەر و لە سێ سوچەوە دایمەزراندن و کاک سدیق منی نارد بە دوای کاک شاپور و کاک سالارا.

دوژمن بەرنامەی لە گەمارو خستنی ئێمەی داڕشتبوو هێزێکی ئامادەی لە پایگای گەشکی و پایگاکانی دەروبەر دامەزراند بوو لە ڕێگەی جاسوسەکانیانەوە زانیبویان کە ئێمە ڕومان لە کێوی زەڕنە کردوە بەڵام نەیان زانیبوو ئێمە لە گوندی کەڵاتێین.

پێشمەرگەکان بە دەور ئاوایێدا سەنگەریان گرت لە فەرماندەکانەوە دەستور هات کەس تەقە نەکا و دەبێ بە بێ شەڕ لە گوند وەدەر کەوین لەبەر ئەوە لە لایەک ئێمە دەبوو خۆ بگەیەنینە شاخ و لە لایەکی دیکەوە نەمان ئەویست خەڵکی ئاوەدانی زەرەمەند بن و دەبوو بە بێ شەڕ دەرباز بین بەڵام دوژمن هەموو ئەو ناوەی داگیرکردبوو یەک ڕێگا مابوو و ئەویش ئەکەوتە دەشتایەکە و زور مەترسیدار و ئەگەر لەوێدا توشی شەڕ باین زەربەیەکی قورسمان وێ دەکەوت، بەڵام ناچار بووین ئەو تاقە ڕێگایە بە مەترسیەکەیەوە هەڵبژێرین.

٦ پێشمەرگە وەک گیانفیدا خۆیان هەڵبژارد کە پێش کەون و تیمێکی دیکەی ٦ کەسی بە ٥٠ میتر فاسیلەوە بە دوایانا و ئێمەش دوو سەد گەزێک دواتر کەوتینە ڕێ. بێگومان ئەوانەی کە خۆیان هەڵبژارد بۆ تیمی یەکەم و دووهەم ئامادەی مردن بوون لە پێناو ئێمە دا و بڕیاریان دابوو ئەگەر کەمینیش بێت بیشکێنن.

خۆشەویستی پێشمەرگە، ئیمان و بڕوا، نەترسی و ئازایەتی، گیانفیدایێ و دڵسۆزیان بۆ گەل و نیشتمان بۆ نەتەوە و هاوڕێکانیان ئا لێرە دا دەگاتە لوتکەی پەرەستن و ڕێز گرتن و ئێستا دوای ٢٢ ساڵ کە ئەو ڕۆژانە ئەنوسمەوە فرمێسکی وەفا و یاد و یادگارەکان بە چاوانما دێنە خوارێ و هەموو گیانم بۆ هاوڕێ شەهیدەکانم، بۆ هاوڕێ زیندوو و کەم ئەندامەکانم دەبێتە خۆشەویستی و لە ناخی خۆما لە ئامێزیان ئەگرم.

بەگیانی لە خۆبردووی هاوڕێ ئازا و نەبەزەکانم توانیمان بە بێ شەڕ دەرباز بین و بگەینە چۆمەکەی نێوان گوندی گەشکی و کەڵاتێ و لەوێدا پشویەک بدەین و ڕێگای بەردەوام بوون دیاری بکەین و هێشتا نەکەوتبوینە ڕێ دوژمن چونە ناو گوندی

کەلاتێ و تەقەی خۆڕاییان دەس پێکرد، وا بزانم تەقەیان لە بۆنی پێشمەرگە ئەکرد.

نەمئەزانی کە ڕۆژێ دا دێ من بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە پڕ لە شانازیانە بنوسمەوە و باسی کەسانێک بکەم کە قەت بە بیری بیرم دا نەئەهات مردن پێیان بوێرێ. ئەو کەسانەی کە گاڵتەیان بە مردن ئەکرد و هەموو کاتێ مومی ژیانیان بە گیانی نەبەردی و بڕوای ئاسنینەوە دائەگیرساند.

## هۆرە

ئەوەی لەو کات و سەردەمە دا ژیانی واتادار و ماندویەتی لە لەشی شەکەتمان دەرئەکرد و هەناوی تەمگرتومانی وەک لوتکەی چیاکانی شاهۆ و دالانپەڕ ساف و خاوێن ئەکردەوە ئەو گیانە پڕ لە خۆشەویستی و لێک نێزیک بونەوانە بوو کە لە نێوانماندا دروست ببوو و هەر ئەمەش لە تەنگانە و کارەسات و ڕۆژە ڕەشەکانا ئەبوو بە بورکان و بە ڕوی داگیرکەر و بەکرێگیراوەکانیانا ئەتەقیەوە.

گەیشتینە کەوانەی بزوەش و پەلێ لە پێشمەرگەکان بەڕێکرا بۆ سەر بەرزایەکانی نێوان بزوەش، زیویە و پەشاوە و ئێمەش لە ناو باخێکا و لە چەند لاوە بۆی ڕازاین.

خۆمان بۆ نان و چا خۆاردنی نیوەڕۆ ئامادە ئەکرد دیتم ژنێکی ڕەشپۆش، خەمبار، چاو بە فرمێسک، سەر و قژ تۆزاوی و ماندوو لێمان نێزیک ئەبێتەوە لە پێشدا وام ئەزانی ژنی یەکێک لە ئەندامانی خاوەن باخەکەیە بەڵام کاتێ چووە لای کاک شاپور و کاک سدێق هەستم کرد شتێ ڕوی داوە و منیش چووم بۆ لایان و دیتم ڕەعنای خزمە، خێزانی کاک ڕەحمان قوربانی.

چاک و چۆنیمان کرد و لە لایان دانیشتم و گوێم بۆ قسەکانی هەڵخست ڕەعنا وتی: عەلی ئەشرەف چوەتە شان باخ و بە ئامۆزا وبراکانمی وتووە کە دوێنێ لەگەڵ ئەوڕەحمانا بەڕێوە بوون بۆ ئەو دیو کوچکچەرموو، کاتێ نێزیک کوچک چەرموو دەبنەوە ئەکەونە کەمینی جاشەکان لەو کاتەوە تا ئێستا ڕەحمان بێ سەرو شوێنە و نازانین گیراوە شەهید کراوە یان چی بەسەر هاتووە.

ئەم هەواڵە خەمباری کردین و بە تەواوی نیگەران بوین، کاک شاپور و کاک سدێق دادە ڕەعنایان دڵنیا کردەوە کە سوراغی ئەوڕەحمان بگرن و وا باشترە ئەو بچێتەوە بۆ ناو ئاوایی و لەوێوە سەردانێکی شار بکات بزانێ هەواڵێکی دەستگیر ئەبێ یان نا.

ڕەعنا وتی: منداڵەکانم سەروپاچکەن، بێکەسن، بە تەنیا لە ماڵا جێان دێڵم، بەڵام هەموو منداڵەکانم قوربانی ئەڕەحمان گیان بن، خۆایا هیچی لێ نەیە، خۆایە منداڵەکانم هەتیوو نەکەون و بە گریان و هەنسکەوە لێمان جوێ بووەوە.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

ئەوڕەحمان و ڕەعنا ئامۆزای یەکترن و هەر بە منداڵی لێک مارەکراون و لە ڕاستیدا ڕەعنا لە ڕەحمان گەورەترە و هەر ئەوەش وایکردبوو کە ڕەعنا ئەرکی پەروەردەکردنی ڕەحمانی بکەوێتە سەرشان.

لە هەموو تاریکایەک دا بزوسکەی تروسکەیەک باوەشێک ڕوناکایی بڵاو ئەکاتەوە، لە تراژیدیا دا کومودی و لە خەما شایی و لە بێ هیوایی دا هیوا و لە گریانا پێکەنین و لە کەوتنا هەستان هەیە.

لەو کاتە دا کە ڕەعنا بە شیوەن و شیپۆڕان و ئەوڕەحمان لاواندنەوە بەرەو ماڵ ئەبێتەوە، ئەوڕەحمان کە لە ناو تۆپەڵە دارێکا خۆی حەشار داوە و چاوەڕوانە ئەو کەسە لە شانباخ بێتەوە و هەواڵی عەلی ئەشەرفی بۆ بێنێ، بە بیستنی دەنگی ڕەعنا خۆی لە ڕێگاکە نێزیک ئەکاتەوە و کاتێ ڕەعنای لێ نێزیک ئەبێتەوە لە پێشدا لولەی تفەنگەکەی بۆ ڕائەکێشێ و پێی دەڵێ وەرە پشت ئەم دارە، ڕەعنا ئەترسێ و ئەیەوێ هاوار بکات ڕەحمان خۆی پێ نیشان ئەدا و دوو جەستەی ماندوو بە بینینی یەکتر گەنج و بە هێز ئەبنەوە و ئەبن بە یەک و بۆ چەند ساتێک هەموو خەمی دنیا لە بیر ئەکەن و لە قوڵایی دەریای چاوی حەز و لە ناو شەپۆلەکانی دڵە هەڵچووەکانیانا باوەش بە یەکا ئەکەن و خۆ ئەدەنە دەست قەزا و قەدەر و چارەنوسی نەنوسراو.

هێشتا خەمی هەواڵی لە کەمین کەوتنی کاک عەلی ئەشرەف و ڕەحمان هەموومانی سەرسام و بێدەنگ کرد بوو کە نیگابانەکان وتیان چەکدارێک خەریکە لێتان نێزیک ئەبێتەوە، دەستور درا دوو کەس دابەزنە سەر ڕێگاکەی، لەبەر ئەوە وتیان چەکدارێکە خۆمان نەشڵەژاند.

لە پڕ هاتنی ئەوڕەحمان خەم و بێدەنگیەکەی ڕەواندەوە و بوو بە خۆشی و پێکەنین و هەموو لە دەور ڕەحمان کۆ بوینەوە، کاک ئەوڕەحمان هەموو شتێ بە حەماسە و تام چێژەوە ئەگێڕێتەوە. هەم قسەی خۆشە و هەم قسە خۆش ئەکا و بێ پەردە و دور لە عەیبە قسەکانی ئەکا و ئەوکەسەی لە لای بێ دایم پێ ئەکەنێ. کاک ڕەحمان وتی:

لە نێزیک ئاوایی بزوەش بوین و دەبوو بچین بۆ کانی و گوێزەکانی نێوان گوندەکانی دەژن و سیویە بۆ لای پێشمەرگەکان، لە سەر کانیەکەی پشت ئاوایی کاشتەر لامان دا و وتمان با تۆزێ بحەوینەوە و بەر لە ڕوناک داهاتن سەر ئەکەوین. کاتێ وەخەبەر هاتین هێندێ درەنگی کردبوو، لە گەردەنەکەی کوچک چەرموو نێزیک بوینەوە بە تەواوی ئەو ناوە ڕوناک ببووەوە من لە پێشەوە و عەلی ئەشرەف لە دوواە، گەیشتینە ناو ملانەکە دەنگیان داین، لە پێشدا پێمان وا بوو پێشمەرگەی خۆمانن و ئەوەندە بە جیدیمان نەگرت بەڵام تێگەیشتین کە دەنگەکەیان ناناسینەوە. جاشەکانیش پێیان وا بو لە خۆیانین و شەو بە جێ ماوین. دوژمن هەموو ئەو بەرزایانەی گرتبو و ئێمەش بێ خەبەر، لەگەڵ عەلی ئەشرەف دا بڕیارمان دا خۆمان بگەیەنینە بەردەکان و بەربەرەکانێ بکەین، تۆزێ خۆمان گێل کرد تا گەیشتینە پێچێکی بچوک و پامان پێووە نا، بە

هەڵهاتن بەرەو بن بەردە گەورەکە بۆی دەرچوین، من گەیشتمە بن بەردەکە و جاشەکان هاتنە سەر بەردەکە و دەستیان کردە تەقە کردن و جنێوو دان و داوای تەسلیم بونیان ئەکرد. چاوەڕوان مامەوە عەلی ئەشرەف دیار نەما، وام ئەزانی شەهید یان بریندار بووە بەڵام کاتی ئەوەم نەبو بیر لە خەم و ئەو شتانە بکەمەوە، سەنگەرم گرت و بڕیارم دا تا دوایین فیشەک بەربەرەکانێ بکەم و دوایین گولەش لە تەپڵی سەرم دا خاڵی کەم.

جێگاکەم وا هەڵکەوتبو کە خوارەکەی لالێژ و ئاستەم بوو و کەس نەیئەتوانی لەوێوە پەلامار بێنێ، لای چەپم قایم بوو و بەردەکان گرتبویان و لای سەرەوەشم ماو و سەختێک بوو هەزاران ساڵە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و لە لای ڕاستیشەوە نەیان ئەتوانی بێن لەبەر ئەوە لە مەودایەکی دورەوە ئیمکانی ئەوەم هەبوو بیان دەمە بەر دەسڕێژ.

ئەوان واتە جاشەکان بەردەوام تەقەیان ئەکرد و هەرشە و گورەشە و بانگ کردنیان بوو و ئەیان زانی کە ئەوە منم و بە ناو بانگیان لێ ئەکردم. چەند سەعات ئاوا بەردەوام بوون، نارنجۆکیان بوم ئەخست نەئەگەیشتە سەنگەرەکەم و گلۆر ئەبوهوە و لە خوارەوە ئەتەقیەوە، ئارپیجیان پێوە ئەنام لە تەپۆڵەکەی ئەوبەری ئەدا و منی نەئەگرت و ئەگەر تۆپیشیان پێووە بنایەم ئەوا خۆیانی ئەگرتەوە.

جارو بارە ئەمبینی ئەیانەوێ لە لای ڕاستەوە پەلامار بێنن یەک دوو گولەم تێ ئەسرەواندن و هەڵ ئەهاتنەوە دواوە، تەقەی خۆڕاییم نەئەکرد و هەوڵم ئەدا گولەکانم بە خەسار نەدەم.

ڕۆژ بە هەموو هەوڵ و حەرەکەتی خۆیەوە گەیشتبوە نیوەڕۆ، ماندوو، تینو و هیلاک بووم بەڵام لە ترسا نەم ئەوێرا بیر لە هیچکامیان بکەمەوە کاتێ لە نیوەڕۆ لای دا دیتم هێشتا هەر زیندوم هەستم کرد شادومانیەک بە هەناوما گەڕا، دەستم نایە بناگوێم و لە هۆرەیەکی جافیم چڕی کە تا ئەو کاتە دەرونم ئاوا بۆ نەکرابوەوە و ئەو دەنگەم لە گەروما بەر نەدابوو، لە سەنگەرەکەی ئەوبەرەوە یەکێک لە جاشەکان وەڵامی دامەوە و ئینجا بۆ یەکترمان ئەسەندەوە، لە گەرمەی هۆرەکردنا بووم دیتم کەلەیەکی قژنی وەک کەلەی گا لە پەنا بەردێکا دەرکەوت و ها ئەوە خەریکە لێم نێزیک ئەبێتەوە، منیش بە ئەسپایێ خۆم دایە پەنا بەردەکە و نیشانەم لێگرت، نە جوڵەی ما و نە دەنگی لێوە هات.

بەمجۆرە تەقەیەک لە من و دەسڕێژێک لەوان درێژەی کێشا، ڕۆژ لە ئاوا بوون دا بو، خۆم کۆ کردەوە و وتم ئێستا پەلامارم ئەدەن و ڕەنگە چاوەڕوانی تاریکایی بن، ئەو ناوەیان کردە یەکپارچە ئاور، تۆزە تۆزە تەقە کەم دەبویەوە، خۆم لە کونەکە کێش کردە دەرێ، هێندێکی دیکە چاوەڕوان مامەوە، نە دەنگی تەقە و نە دەنگی خشە و مشەی کەسم گوێ لێبوو، لە بەرەو خوارەکەوە خۆم تل کردەوە، ئەوەندە کەوتم و هەستامەوە هەموو گیانم ئێشی ئەکرد و وام ئەزانی ئازای ئەنامم شکاوە.

گەیشتمە دۆڵێک لە نێزیک گوندی کاشتەر و تێگەیشتم کە لە مەترسی نەجاتیم بووە، بە هەر جۆرێ بو خۆم گەیاند سەر کانی و ئاوێک و دەم و چاوم شۆرد و تاسەم لە ئاوەکە شکاند، جلەکەنام دڕابوو وەک دەبینن (بەڕاستیش هەموو جلەکانی دڕابوو).

شەو هاتمە کەوانەو و بەیانی ناسیاوێکم نارد بۆ شان باخ کە هەواڵێکی عەلی ئەشرەفم بۆ بێنێ کەچی چووە بۆ شار و لەوێوە هەواڵی شەڕەکەی پرسیوە.

لە ڕاستیدا عەلی ئەشرەف و ئەڕەحمان بە شێوەیەکی سێحراوی نەجاتیان ببوو و ئەو بەسەرهاتە وەک ئەفسانەیەک دەم بە دەم ئەگەڕا، بە خۆشیەوە هەردوکیان نەجاتیان ببوو و دوژمن بڕێ زەرە و زیانی گیانی و مادیشی پێگەیشتبوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە دوو تیم پێشمەرگە چوونە ناو ئاوایی بزوەش نان و خۆاردنیان هێنا و ڕۆژی دوایی چوینە پیرباخ و لەوێ هەموو هێزەکە یەکمان گرتەوە و کاک عەلی ئەشرەفیش بەسەرهاتی خۆی بۆمان گێڕایەوە و ئاوای وت:

ئەڕەحمان لە پێشەوە دەرباز بوو و گەیشتە بن بەردەکە و من نێزیک پەنجا گەزێکم مابوو کە جاشەکان کردیانە سەر بەردەکەدا، ئەوان منیان نەبینی و سەرگەرمی ئەوڕەحمان بوون، منیش بەرەوخۆار بە بێ ئەوە بزانم بۆ کوێ، بۆی دەرچوم و لە نێوان گوندەکانی وێزیەر و کاشتەرەوە هاتمە سەرجادەی کامیاران مەریوان و ویستم بکەمە ئەوبەرەوە، زۆر ماندوو ببوم، تینووم بوو و هەرەوەها خەمی ئەوڕەحمانیشم لە دڵایە، لە پڕ دوو چەکدار دەنگیان دام، دیتم ئەوە تامین جادەن، تفەنگەکەم لە سەر پێ بوو، خۆم تێک نەدا و وتم: هاتوم تەسلیم ببم و دەستم بە تفەنگەکەوە بەرز کردەوە و چووم بۆ لایان و هەرکە نیزیکیان بومەوە لە پڕ هەلم بە کار هێنا و یەک ڕەگبارم پیا پژاندن، ئەوان تێکەڵ بە تۆز و خۆڵ بوون و منیش بەرەو ناو چۆمی ئەسکەندەر لە نێۆان گوندەکانی تەنگێوەر، کاشتەر بۆی دەرچوم و لە ناوچومەکەدا هێندێ حەوامەوە و دوایی وتم نابێ ڕاوەستم و چاوەڕوان بم کە دوژمن بکەوێتە شوێنم. بە کۆمە کۆم لە مەزرای کاشتەرەوە خۆم گەیاندە ناو مڵک و ماڵی تەنگیوەر و لە چۆمی گاوەرۆ کە لە پشت ئاوایی تەنگیوەرەوەیە نێزیک بومەوە و ئەگەر لەوێ دەرباز بومایە ئەوا دەستم ئەگیشتە بنار کێوەکانی قەڵا و شاهۆ و خەمم نەئەما، هێشتا نەگیشتبومە چۆمەکە دیتم گروی زەربەتی جاشە جۆانڕۆیەکان بە ڕیز لە تەنگیوەرەوە ئەچن بۆ گازرخانی، لە ناو پۆلە زەلێکا خۆم مات کرد، جاشەکان زۆر بە فاسیلەیەکی دوورەوە ئەهاتن و تا ئەوکاتە یەکیان لە چۆمەکە دەربازی بەرزایەکە نەدەبوو ئەوی دیکەیان لە پێچەکەوە دەرنەئەکەوت و من ئەو هەلەم بەکار هێنا و لە نێوان دەرکەوتن و ونبونی دوو جاشا چوومە ناو چۆمەکە و ویستم خۆم بگەیێنمە ناو دار وەنەکان، لە پڕ یەکێک لە جاشەکان بانگی لێ بەرز بوەوە و هاوری کرد دەرچوو! هەر ئەوەندەم زانی درامە بەر دەسرێژ و ئەو ناوەم لێ بو بە ئاور، خۆم تێک نەدا و لە پەنا دار وەنێکا سەنگەرم گرت و یەک دوو دەسرێژم لێکردن. دیتم خەریکە خۆیان سازمان ئەدەن و ئەیانەوێ بمخەنە گەمارۆ، وام بە باش زانی بە شەڕ و هەڵ هاتن خۆم بگەیەنمە ناو بەردەکانی

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

کاوەران و دار بە دار تەقەیەکم لێ ئەکردن و بەرەو داوێن چیاکە هەڵ ئەکشام و بەمجۆرە دەستم گەیشتە بەردەکان و خەمم نەما، تا ئەم هات و هوتەمان کرد دوژمن هێزێکی زۆری نارده گۆڕەپان و بە تۆپ و خۆمپارە ئەو ناوەیان دایە بەر ئاورباران، تازە بە منیان نەئەوێرا و تا شەو داهات هەروا دورە شەڕمان کرد و ئێوارەکەی داکشام بۆ ناو مەزرای گازرخانی و لە لای.... نان و چام خۆارد و چومە شانباخ و لەوێ ناردم بە دوای هەواڵی ڕەحمانا.

دیارە یەکێک لە شانسی ئەو دوانە ئەوە بوو کە دوژمن نەیئەزانی بە تەنێن و لە لایەکی دیکەوە هەردوکیان ببوونە پشت و پەنای یەکتر و دوو جبەیان کردبوەوە و بەمجۆرە دوژمن توشی سەرلێشێوان هاتبوو.

پێشمەرگە خۆڵقێنەری بەسەرهاتەکانە، ئەو بەسەرهاتانەی کە بە خەیاڵ باسی لێوە ئەکرێ ئەمان لە کردەوە دا هێناویانەتە دی و تەجروبەیان کردوە. ئەگەر خۆشەویستی نیشتمان و بڕوا بە ئازادی و گیانی خەباتگێڕی نەبێ کەس ناتوانی ڕۆژی تا ئێوارە لەبەرانبەر سەدان چەکداری بە ئیمکانات دا ڕاوەستێ و بەربەرەکانێ بکا و بە سڵامەتی شەڕگە بە جێ بێڵێ. ئەو پێشمەرگانە هەر ئەو کاتە لە دایک بوون و هەر ئەوکاتە بونە مێژوویەکی دروشاوە و بۆ هەتایە لەگەڵ چیا و لوتکەی شاخەکانی کوردستانا بوونە ژیان و بەردەوام ئەمێنن.

## پێشمەرگایەتی، سەرکەوتن و شکست

هەموو هێزەکە واتە لکی شەهید نادر، لکی شەهید حەمەشەریف، لکی شەهیدان و ئەرکانی هێز لە پیرباخ کۆ بوینەوە، پاش دەورانێکی ئاستەم و دوای ئەوەی بەرنامەی دوژمنی داگیرکەر بە قارەمانەتی و فیداکاری کادر و پێشمەرگە و بەرپرسەکانی هێزی بێستون و کومیتەی شارستانی کرماشان پوچەڵ کرایەوە و قەرارگای "بەدر" نەیتۆانی بە ئامانجە نابەجێەکانی بگات و پێشمەرگە و گەل لێک دابڕێ ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو ئێمە بەخۆدا بینەوە و پەیامێکی نوێ بە دەسەڵاتدارە کونەپەرەستەکان بگەیەنین و ناوچە بشەڵەژێنین هەم هێزی خۆمان نیشان بدەین و هەم ورەی گەل بەرز کەینەوە. لە بیرمان نەچێ لە ماوەی ئەو دوو حەوتوە دا چەند پێشمەرگەی بە وەفا و خاوەن بڕوای هێزەکەمان گیانی خۆیان کردە قەڵغانی بەردەوامی شۆڕشە ڕەواکەمان و درێژەدانی ڕێگایان بۆ هاوبیرەکانیان بە جێ هێشت کە بریتی بوون لە سەید محەمەد کۆڵەسارەیی، حەیدەر پشتەیی، عوسمان گەشکی (کەوانەیی کە بە عوسمان تیرباریش بانگ ئەکرا) نادر گورجی (نادر لۆنی).

پێشمەرگەکان شاد و بە کەیف و وەک ڕۆژی جەژن بە دەور دەگەڕان و سەردانی یەکتریان ئەکرد و تاسەی دورییان لێک دەشکا و بە ڕوی یەکترا ئەشنانەوە و قسەی خۆشیان ئەگێڕایەوە و باسی ئەو ماوەیەیان ئەکرد کە لێک دابڕابووین.

ئەو ڕۆژە یەکێک لە ڕۆژە هەرە خۆشەکانی ژیانی منە و لەو ڕۆژە دا ئەو پێشمەرگانە پەیامێکی مروڤانەیان پێبوو، پەیامی کەسانێک کە لە هەموو چرکەکانی ژیان کەڵکی پێویست وەردەگرن بۆ ئەوە شاد و دڵخۆش و گەشاوە بن و هاوکات کە بەرەو هەورازی بەردەوامی گەیشتن بە ئاسۆی ئازادی، باری قورس و ڕێگای دوریان هەڵبژارد بوو، لێ دیسان کۆڵیان نەئەدا و دەگەیشتنە سەر ترۆپک و پڕ بە سینگی حەزەکانیان هەوای ئازادیان هەڵ ئەمژی. بەڕاستی ئازادی بۆ مروڤ وەک هەوا وایە و کۆمەڵگای بێ ئازادی هەناسەکێشانی وەک کەسێکی نەخۆش وایە کە بەردەوام لەگەڵ هەناسەکانیا چاوەڕوانی مردن ئەکات.

ئێوارە کەوتینە ڕێ، سەفی پێشمەرگەی شۆین یەک کەوتوو هەتا ئەهات درێژتر ئەبویەوە، ماوەیەکی زۆر بوو ئەو سەفەم بەو درێژیە نەدیبوو. سواری ڕێگا باریکەکەی داوێن بەرزایەکانی ئەو ناوە بووین و بەرەو ناو باخەکانی نییەر کەوتینە ڕێ.
لە چۆار جێگای لێک نێزیکا دامەزراین، خەڵکی نیەر خۆاردنیان بۆ هێنایـن، ئەو خەڵکە ئازا و نەبەزەی کە هەموو کاتێ پاڵپشتی ئێمە و هێز و تۆانای بەردەوامی و ئەو گوندەی کە زیاترین شەهیدی ئازادی و سەربەستی هەیە و ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کوردستان ئازاد ببێ دەبێ نیەر ببێتە ناوەندی گەشت و گوزاری و لە هەموو قوژبنی دنیاوە خەڵک پۆل پۆل بێن و

سەردانی بکەن و لەگەڵ ئازایەتی و ڕابردووی پڕ لە شانازیی ئەو خەڵکە ئاشنا ببن.

بەرپرسەکان بەردەوام کۆبونەوەیان ئەکرد و لەوە ئەچوو کە بەرنامەیەک هەبێ، لەبەر ئەوە کۆبونەوەکان لە لای ئێمە واتە ئەرکانی هێز ئەبەسترا و هەموو ئەو کەسانە کە بەشداری کۆبونەوەکان دەبون دوستی نێزیکی من بوون، زوری پێ نەچوو تێگەیشتم چی ڕو ئەدا، هەستی ئەو کاتەم تەنیا خۆشی و شایێ بوو، بەڵام کێ دەزانێ دوای پێکەنین گریان و دوای شایێ شین و دوای سەرکەوتن شکەستە.

ئێوارەکە پێیان وتین بەرنامە ئەوەیە گوندەکانی نیەر، تەنگیسەر و مێراو ئازاد ئەکرێن و لە یەک شەوا و هاوکات پەلاماری پێگەکان ئەدرێ و پێوەندی بە ئەندامانی حیزبەوە کراوە و هێندێ لە چەکدارەکان ئەندامی خۆمانن و پێگەکان تەسلیم ئەکەن و ئەم شەو جارێکی دیکە بە پلانەکەدا ئەچینەوە و لەگەڵ چەکدارەکان دا پێوەندی ئەگرینەوە و سبەی شەو هێرش دەسپێئەکات و سەرکەوتنمان بێ ئەملاو ئەولایە.

دڵی ئێمە لە چرکەکانی کاتژمێرەکان خێراتر لێی ئەدا و پەلەمان بوو، هاوکات دەبوو نەجوڵێن و دوژمن بە جێگاکەمان نەزانێ و هەورەوها بە باشی بحەوینەوە.

ئەو شەوە چەند پۆل چوون بۆ گوندەکانی نیەر، مێراو و تەنگیسەر، بەیانی ڕۆژی دوایی هەواڵێکی ناخۆش گەیشت و بە تەواوی دڵ و دەرونی تەنگ کردین.

موزەفەر ڕەحمانی ناسراو بە مەزەفەر تەنگیسەری لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە ئەچنە ناو ئاوایی تەنگیسەر کە پێوەندی بە چەکدارەکانی دوستی خۆمانەوە بگرن بەڵام یەکێک لە جاشەکان بەو شتە ئەزانێ و پایگا ئاگادار ئەکات و لە لای ئەو ماڵە کە موزەفەر قەرارە سەردانی بکات کەمین ئەنێنەوە. موزەفەر و یەکێکی دیکە لە پێشمەرگەکان لە کاتی دیاریکراوا ڕو لەو ماڵە ئەکەن، مەزەفەر لە پێشەوە ئەبێ و بە هەڤاڵەکەی دەڵێ تۆ لێرە ڕاوەستێ و ئاگاداری من بکە، دوایی کە من چوومە ماڵ و هیچ ڕوی نەدا تۆش وەرە. هەرکە موزەفەر دەگاتە بەر دەرکەی ماڵەکە جاشەکە تەقەی لێئەکا و دەست و بە جێ شەهیدی ئەکات و جەنازەی موزەفەر لەوێ ئەمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی و پاشان پایگا جەنازەکە ئەبەن و لەوێ لە بەردەم پایگاکە دای ئەنێن و هەواڵ ئەدەن کە ڕوداوێکی وا ڕویداوە و گرویەکی تایبەت کە پێیان دەوت گروی زەربەتی تەوابەکان(ئەو کەسانە کە خۆیان تەسلیم ئەکردەوە و تۆبەیان ئەکرد و ئەبونە جاش) دێن بۆ تەنگیسەر.

ئێمە بەردەوام لە لایەن ئەندامانی خۆمانەوە هەواڵەکانمان پێئەگەیشت، بەرنامەکەمان تێک نەدا و بڕیار درا بە زووترین کات تۆڵەی موزەفەر بکەینەوە و پەلامار دەسپێبکات.

لکەکان دابەش کران، دەبوو چەند تیم لە پێشمەرگەکان هاوکات پەلاماری پایگاکان بدەن و تیمێک سەر بەرزایەکانی پشت گوندی تەنگیسەر بگرن و ئێمەش بەرزایەکانی زاڵ بەسە گوندی سەرپێز کونترۆڵ بکەین.

ئەو جێگایەی ئێمەی لێ دامەزرا بووین زاڵ بوو بەسەر هەر سێ شەڕگە دا و گوێمان لە تەقە ئەگرت و لێکمان ئەدایەوە کە چەندە سەرکەوتنیان وەدەس هێناوە.

دوو پایگا لە گوندی نیەر هەبوو، یەکیان لە ناو ئاوایی و یەکیان لە تەپۆڵکەی ڕوبەڕوی ئاوایەوە، قەرار وا بوو پێشمەرگەکان بچنە ناو پایگای ئاوایی و پاش ئەوە هەموو چەکدارەکان چەک کران بەو تەلەفونەی کە هەبوو لە نێوان دوو پێگەکە دا بە پایگای سەر تەپۆڵکەکە بڵێن ئێستا گروی زەربەت کە پێک هاتبوو لە چەند چەکدارێکی خەڵکی گوندی نیەر و دوو پاسدر دێن بۆ لای ئێوە و بەمجۆرە بە بێ تەقە هەر دوو پایگاکە بگیردرێن. کاتێ پێشمەرگەیەک لەگەڵ دوو دانە لە چەکدارەکانی ئاوایی ئەچنە سەر نیگابانەکە کە چەکی کەن کابرا خۆی نادا بەدەستەوە و بەربەرەکانیەکی زۆر ئەکا، ئەو پاسدارە کەسێکی وەرزشکار و زۆر بە قوەت بوو، هەر چۆنی دەبێ چەکی ئەکەن و ئەچەنە ئەو ژورە کە پاسدارەکانی تێدا نوستوون، قەرار وا دەبێ هەر پێشمەرەگە و چەکدارێکی گوند بچنە سەر سەری یەکێک لە پاسدارەکان و هەر لە خەوا بیانگرن و نەهێڵن بجوڵن، بەڵام شەهید ئەنوەر پەشاوەیی ئێحساساتی ئەبێ و هەرکە لە درگا ئەچنە ژورەوە دەڵێ تەسلیم بن و پاسدارێک خێرا پەلاماری چەکەکەی ئەدا و یەک ڕەگباریان پیا ئەکا و ئەنوەر بریندار دەبێ و بەمجۆرە پایگای سەر تەپۆڵکەکەش ئەشڵەژن و تەلەفون ئەکەن چیە، فەرماندەی گروی زەربەتی پایگای ناو ئاوایی کە سەربە خۆمان بوو پێان دەڵێ هیچ نەبو سەگێک بوو. بەمجۆرە پایگای یەکەم گیرا و تەلەفون کرا کە ئێستا گروی زەربەت دێن بۆ لای ئێوە، بەڵام فەرماندی پایگای سەر تەپۆڵکەکە هێندێ دوو دڵ دەبێ. بەر لە ڕوناکایی پێشمەرگە و چەکدارەکان خۆیان گەیاندە ناو پایگاکە، کاک ئەولەسەن کە فەرماندەی شەڕەکە بوو دەستور ئەدا لێان دەن و پلانەکە لەوێش تێک ئەچی و ناتوانن بچنە ناو پایگاکەوە و نیگابانەکە پاسدارێک دەبێ و تەقەیان لێ ئەکا و کاک ئەولەسەن شەهید دەبێ. شەڕ درێژەی کێشا و هێندێ پێشمەرگە چوون بۆ یارمەتیدانیان، جێگای پایگاکە ئاستەم بوو و هاوکات چەند کەس لە چەکدارەکان لە ناو پایگاکە دا بوون و ترسی ئەوەمان هەبوو پاسدارەکان بیاکوژن، بۆیە تەقە لێرە و لەوێ بەردەوام بوو تا ئەو کاتە دانە دانە چەکدارەکان لە پایگاکەوە دەرکەوتن، ئینجا هێرش دەستی پێکرد و کاک غەفار نارنجەکێکی خستە ناو سەنگەری سەر تەپۆڵکەکە و ئەو پاسدارە کە لە هەموو زیاتر موقاوەمەتی ئەکرد تێدا چوو و ئەوانی دیکەش تەسلیم بوون و بەمجۆرە لە سەر یەک ٧ کەس لە گوندی نیەر ئەسیر کرا و هەر دوو پایگاکەش گیران و خۆاردن و ئیمکاناتێکی زۆرمان دەس کەوت و هەروەها گوندی نیەری خۆشەویست دوای یەک ساڵ لە داگیرکردنی، ئازاد کرا و ئێمە بە ئازادی بە کۆڵانە خنجیلانەکانی دا ئەگەڕاین و من بە پەلە چومە ناو ئاوایی و سەردانی ئەو ماڵانەم کرد کە بەڕاستی وەک بنەماڵەی خۆم بوون و ئەوکاتە کە لەوێ بووم ئەوپەڕی خزمەتیان کردبووم و بە دیداریان شاد و شوکور بومەوە.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

شەهید بوونی کاک ئەولەسەن تامی سەرکەتنەکەی لە لامان تاڵ کرد و بەڕاستی خەمباری کردین، کاک ئەولەسەن پێشمەرگەیەکی ئازا، فەرماندەیەکی خۆێن گەرم و هاوڕیەکی بە وەفا بوو، لە گوند و ناو پێشمەرگەکانا هەموو کەس خۆشیان ئەویست و ڕێزیان لێئەگرت.

شەڕ لە تەنگیسەر و مێراو بەردەوام بوو و پێشمەرگەکان زۆریان بۆ دوژمن هێنا بوو، هەروەها ئەو پێشمەرگانەش کە لە نیەر بون ڕویان لە سنگەرکانی دیکە کرد و بوونە پاڵپشت بۆ هاوڕێکانیان و لە لایەکی دیکەوە ئەو چەکدارانەی کە لە گوندی نیەر بوون یەکڕاست بونە پێشمەرگە و بەڕاستی پێشمەرگەی ئازاش بوون و زوربەیان دوایی لە گۆڕەپانی خەباتا شەهید بوون.

ئازادی تام و چێژی خۆی هەیە، تەنانەت ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ، هێندێ جار لە ڕۆمان و بەرسەرهات و چیرۆکەکانا ئەم بیست و ئەمخوێندەوە کە پاڵەوانی بەسەرهاتەکە دەڵێ دوایین ئاواتم ئەوەیە بچمەوە سەر لوتەکی شاخەکەی پشت ماڵ خۆمان و پڕ بە سیەکانم هەناسە هەڵمژم و پاشان بمکوژن، ئەوکاتانە لەو ئاواتە تێنەدەگەیشتم، بەڵام ئا لەو کات و سەردەمەدا ئەو حەرەکەتەی ئێمە تەنیا گەڕانەوەیەک و هەڵمژینێک بوو و واتای دووبارە ژیانەوەی ئەدا.

هەواڵ لە بەرەی شەڕی تەنگیسەرەوە هات کە دوژمن لە گەمارۆ دایە و ئەو گروی زەربەتەی کە پێک هاتووە لە تەوابەکان و لە شارەوە هاتوون لە ناو ماڵێکا لە ناوەڕاستی ئاوایدا سەنگەریان گرتووە و پێشمەرگەکانیش نایانەوێ خەڵکی بێتاوان ببنە قوربانی و زور بە لەسەرەخۆیی ئەچنە پێش بەڵام بەداخەوە سەعید نەدیمی شەهید بووە و ئەو هەواڵە بە ئەندازەی هەواڵی شەهید بوونی هەموو هاوڕێکانی دیکە ئازاری پێمان گەیاند، سەعید فەرماندەی پەل و پێشمەرگەیەکی ئازا و زانا و لەسەرخۆ بوو.

شەهید بوونی موزەفەر، ئەولەسەن و سەعید ئاوری لە هەناوی هاوسەنگەرکانیان بەردا و بڕیاریان دا کە دەبێ دوژمن بە چۆکدا بێنن و بەمجۆرە خۆیان سازماندا و بە شێوەیەکی ئازایانە و بە ڕۆژی نیوەڕۆ هەڵیانکوتایە سەر دوژمنی داگیرکەر و بەکرێگیراوەکانی و بەر لە تاریک داهاتنی هەوا ئاسەواری بەربەرکانێان نەهێشت و ئەو جاشەش دەسگیرکرا کە موزەفەری شەهید کردبوو بەڵام بەداخەوە لە هەل کەڵک وەردەگرێ و خۆی دەرباز ئەکات، هەموو تەوابەکان بوونە کەلاک و لە سەروی هەموو شتێکەوە جەنازەکەی شەهید موزەفەر بە شکۆیەکی زورەوە ئەسپەردەکرا.

دەسکەوت یەکجار زۆر بوو، ئەوەندی بۆ ئێمە هات هێنامان و ئەویدیکەمان بە ناو خەڵکدا بڵاو کردەوە، سەرکەوتنەکان وایکرد کە بکەوینە هەوڵی ئەوە پەلاماری گوندەکانی سەرپێز و گوازیش بدەین، گوندی مێروا تەسلیم نەببوو و چەند دانە لە جاشەکان نەیائەویست هاوکاریمان بکەن و فرت و فێڵیان ئەکرد.

پێشمەرگەکان ئەو شەوە پشویەکی کوردتیان دا و لەگەڵ بەیانا جارێکی دیکە پەلاماری گوندی مێراو درا و پایگاکە گیرا، چەند کەس لە جاشەکان خۆیان دا بەدەستەوە و پاسدارەکانیش هەر ئەو شەوە هەڵهاتبوون.

ئەو دۆڵەمان ئازاد کردبوو و خۆمان حاکم بووین و ئەوە دووهەمین ڕۆژی ئازدی بوو، دوژمن لە هەوڵی پەلاماردان دا بوو و ئاگادر کراینەوە کە لە دوو لاوە پەلامار دەسپێئەکات و دەبێ خۆمان ئامادەی بەربەرەکانێ بکەین.

ڕۆژی سێهەم شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو، دوژمن دوو دانە هەلیکۆپتری نارده گۆڕەپانی شەڕەکە و هاوکات دەستی کردە تۆپبارانی ناوچەکە و لە هیچ جۆرە دڕندایەتیەک درێغی نەئەکرد.

ئێمە لە جەبەی زاڵ بە سەر گوندی سەرێز و پایگای ئەو گوندە دا بووین و نەمان ئەهێشت چەکدارەکانی حکوومەت لە کونەکانیان سەر بێنە دەر، لای عەسر و خۆر ئاوا هێندێ چەکداریان نارد بۆ لای ئێمە کە تا ئەو کاتە تەنیا سێ کەس بووین و بە هاتنیان دڵمان خۆش بوو و وتمان ئەمشەو ئەتوانین پەلاماری پایگاکە بدەین و لە جموو جوڵیان ئەخەین، بەداخەوە ئەو چەکدارانە کە چەکدارەکانی گوندی تەنگیسەر بون و بە ناچاری تەسلیم ببون ئامادە نەبوون یەک فیشەک بتەقێنن و ورەی ئێمەشیان دابەزاند بۆیە نادرنمانەوە بۆ لای کاک شاپور و بەرپرسانی دیکە.

تیمێکی دیکە کە پێکهاتبون لە کاک حامید درودی، خۆامراد و چەند کەسیتر کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە هاتە جێگای ئێمە و وتیان کە بچنەوە بۆ لای کاک سدیق و خاڵە حەسەن سەرسپی کە لە سەر کانی و ئاوەکە بوون و ببوونە ناوەندی هەموو هێزەکە و ئەو شەوەش لەوێ بووین و بەیانی دیسان شەڕ دەستپێکردەوە.

لەو شەڕەدا دوو تەفەنگی بڕنومان گرتبو، یەکیان بڕنوی درێژ و ئەویریان کورت بوو، کورتەکەیان زۆر جوان بوو، کاک سدیق بۆ خۆی هەڵگرت و منیش بڕنەوە درێژەکەم هەڵگرت و ئێمە بووینە خاوەن دوو چەک لەبەر ئەوە هەردوکمان کلاشینکۆفیشمان هەبوو. ڕۆژی ڕابردوو زۆرمان پێویست بە تنفگێ هەبوو دورتر بڕوا و ئەو بڕنەوە زۆر لە کلاشینکۆفەکە بوردی زیاتر بوو.

نانی بەیانیمان ئەخۆارد و ئاگرێکمان کردبووەوە کە چا لێنین لە پڕ دەنگی دوو هەلیکۆپتەر ڕایچڵەکاندین و گەیشتنە سەر سەرمان، تەقەیان نەئەکرد، من زۆر لە هەلیکۆپتر ئەترسم، بۆیە بە دوو تفەنگەوە خۆم کردە کونێکا کە لە بن بەردەکەی لا تەنیشتمانەوە بوو کەریم بزوەشی لە خۆارەوە هەر هاواری ئەکرد کە کورە بە بڕنەوەکە تەقەی لێکەن، بەڵام من نەموێرا. جێگاکەی ئێمە بەرز و و کاتێ هەلیکۆپرەکە نەوی ئەبووەوە ئێمە زاڵ ئەبووین بە سەریا و ئەگەر نەشڵەژابایین ئەمانتۆانی بە بڕنوو و ئارپیجی لێیان دەین.

هەلیکۆپتەرەکان چوون و کەریم و ئەوان هاتن وهێندێ سەرکۆنەی منیان کرد و وتیان تۆ دوێنێ تا ئێوارە جەبهەیەکت کونترۆڵ کرد بەڵام ئەمڕۆ بویتەوە ڕێوی و ئابڕوت بردین.

هێشتا نەگەیشتبوینە نیوەڕوو سەنگەرکانی نێزیک شانشین و پشت گوندی تەنگیسەر تێکشکان و پێشمەرگە بەرەو لای ئێمە هەڵهاتن.

بەڕاستی شتێکی سەیرە، پێشمەرگە لە کاتی سەرکەوتنا چەندە بە خێرا ئازایەتی ئەنوێنێ لە کاتی پاشەکشە و شکەستیشا هەر بەو خێرایە "دوڵ کێش"ی لێ ئەکەن و ئاوڕ لە دوای خۆیان نادەنەوە.

ئێمە دەستمان کردە بارکردن و ئەو ئیمکاناتانەی کە هەمان بوو دابەشمان کرد و برێکمان لێ شاردەوە. دوکەڵ لە کەوێڵ وماڵەکانی تەنگیسەر بەرز بوەوە و دوژمن ئەو ناوەی داگیر کرد و پێشمەرگەکانیش ماندوو و هیلاک بەرەو لای ئێمە ئەهاتن، شەڕ و پاشەکشە بەردەوام بوو تا تاریکایی زاڵ بوو، بە خەمباری و ماندوو و دڵشکاویەوە پشتمان لە گوندەکانی نیەرو و تەنگیسەر و مێراو کرد لەو کاتەدا کە بڵێسەی ئاوری ماڵە هەژارانی ئەو گوندانە هەتا ئەهات کڵپەی ئەسەند و دار و نەداریان ئەبووە قوربانی. ئەو ئاورەی کە دوژمن دایگیرساندوبوو و لەسەر یەک نیوەی گوندی تەنگیسەر و کەوێڵەکان و تەواوی گوندی نیەر سوتێنران و دەیان کەس گیران و تەنانەت پیرە پیاوێکان بە زیندوویی خستبووە ناو ئاورەکە و بەتەواوی بەرببونە گیانی خەڵک و لە هیچ جۆرە جورم و جینایەتێک خۆیان نەئەپاراست.

ژیان وایە، جارێ سۆار و جارێ پیادە، کاتێک بۆ پێشەوە و هێندێ کات بۆ دواوە، سەرکەوتن لە ڕۆژێکا و پاشەکشە لە دوو ڕۆژێترا، پێکەنینی سەرکەوتن و خەمی هەڵهاتن.

**ئەو کارەی ئێمە داستانی ڕزگاری بوو، بیرمان لە هەموو لایەنەکانی نەکردبوەوە، ئێمە لە ناو جەرگەی ناوچە داگیرکراوەکانا نەمانئەتۆانی ئەو سێ گوندە کونترۆڵ بکەین، کارێکی باش نەبوو کە کردمان بەڵام ئێستا کە من ئەم بیرەوەریانە ئەنوسمەوە بیست و چەند ساڵی بەسەر دا تێپەڕیوە و بێگومان لە بیر و ئەقڵ و تێگەیشتنی منیشا گەلێ گوڕانکاری ڕوی داوە و ناکرێ بە ئەقڵی ئێستا باسی ئەو کاتە بەکەم.**

## شەڕی دەستەویەخە

دیمەنی ئاور تێبەردانی گوندەکانی نیەر و تەنگیسەر و شکستی ئێمە لەوەی کە نەمانتوانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەین و خەڵکە بێتاوان و بێ چەک و دیفاعەکەمان بە جێ هێشت و دوژمنی داگیرکەر بێ بەزەییانە دابونیە بەر ئازار و لێدان و بێحورمەتی پێکردن ویژدانی دانە دانەمانی ئازار ئەدا.

بێدەنگ کەوتینە ڕێ، کەس مەتەقی لێوە نەئەهات، سەرەڕای ماندویەتیەکی لە ڕادەبەدەر، کەس خۆی بە ماندوو نەئەزانی و لە ڕاستیدا لە بارێکی درونی ئەوەندە ناخۆشدا بووین کە کەس تاقەتی قسەکردن و نارەزایەتی دەربڕینی نەبوو.

ئەوەی کە هێزە کۆنەپەرەست و دژی گەلیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەو خەڵکەیان کرد پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە و لێرەدا جێی نابێتەوە.

دیارە زیاتر خەڵکی گوندی نیەر بەر ئەو غەزەبە کەوتن و بە تەواوی گوندەکەیان ئاوری تێبەردرا و زەرەری گیانیشی بەدواوە بوو. بەداخەوە ئەوەندە لە کوردستاندا باس لە جینایەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەکرێ باسی ئەو کردەوە سامناکانەی هێزە داگیرکەرەکانی ئەو دەسەڵاتە لە گوندەکانی نیەر و تەنگیسەر و مێراو دا ناکرێ کە بە باوەڕی من بە جۆرێکی دیکە هەر هەمان چارەنوسی قارنێ و قەڵاتانیان هەبوو.

لە پیرباخ بۆ حەسانەوە لامان دا و پاش چەند خولەکێک دەستوری حەرەکەت درا و لە جێگایەک کە کەوتبووە خوارەوەی گوندەکانی هەنێمن، سیویە و مێرگەسار و لە داوێن دۆڵی "تا" و "هەنێمن" بارگەمان لێخست.
دابەش بووینە سەر چوار جێگای جیاوازا و قەرار درا کە کەس لە جێی خۆی نەجوڵێ و ڕۆژی دوایی تا ئێوارە هەرکەسە و لە جێگاکەیدا بمێنێتەوە.

یەکەمجار بوو لەو جێگایەدا لامان ئەدا و بە تەواوی نەمان ئەزانی کە هەڵکەوتەکەی چۆنە و پایگاکان لە کوێدان، بۆ ئەو شەوە و لەو کاتەدا بە شارەزایی چەند کەس لە فەرماندە و پێشمەرگەکانی ئەو ناوە بە باشیان زانی لەوێ بخەوین و ڕۆژی دوایش خۆمان مات کەین لە لایەک دوژمن مژۆڵێ گوندەکانی نیەر و تەنگیسەر و مێراو بوو لە لایەکی دیکەوە بڕوایان نەبوو کە ئێمە بەرەو ئەو ناوە هاتبین و وا پێش بینی ئەکرا کە دوژمن ڕو لە بەرزایەکانی کوچک چەرموو و کوڕەی دەژن بکەن و لەو ناوەدا بە شوێنمانا بگەڕێن.

ئێمە لە نێزیک لکی شەهید حەمە شەریفەوە بووین، شەو کە هاتین زور ماندوو بووین، بڕیار درا کە تەنیا نیگابان لە نێزیک خۆمانەوە دانێین و پێویست بە دەرکردنی کەمین نیە. لکی شەهید حەمە شەریف نیگابانیان دانا و وتیان کە ئەرکانی هێز بحەوێنەوە و نیگابانیان ناوێ و ئەوەش وایکرد کە بێخەم پاڵی لێ بەینەوە و ئەوەندە خۆش و بە قوڵی خەوم لێکەوتبوو کە ئەگەر کەریم بزوەشی و کاک عزیز قۆڕیەری وازیان لێبهێنایەم ڕەنگە تا ئێوارە لەخەو دا بایەم، لێ دیسان باش نوستوبوم و کاتێ سەیری کاتژمێرەکەم کرد لە نێزیک دووی دوا نیوەڕۆ بوو.

چایان لێنابوو و کاک عەزیز بە گاڵتە وتی: وەرە نان و چای بخۆ بەخۆا ئێستا کاک شاپور ئاشکرامان ئەکات، کاتێ گوێم هەڵخست تێگەیشتم کە کاک شاپور لەگەڵ فەرماندەیەکی بە ناوبانگ و هەتا بناگوێ خۆفرۆشی ناوچەکە بە ناوی حەمەددەمین کەلاتێی خەریکی قسە کردنە، ئەوەندەمان گوێ نەدایە لەبەر ئەوە کاک شاپور زۆرجار قسەی لەگەڵ پاسدار و جاشەکانا ئەکرد و بە قسەی خۆی پولیتیکی لێ ئەدان و ڕاز و ڕەمزەکانیانی ئاشکرا ئەکرد.

نان و چایمان خۆارد و قسەمان ئەکرد و باسی ڕۆژی ڕابردوو و هەڵهاتن و سوتانی گوندەکانی نیەر و تەنگیسەر بوو لە پڕ زرمەیەک هەمومانی ڕاچڵەکان و یەک گولە تۆپ ڕێک دای لەو شۆێنەی ئێمەی لێدانیشتبوین و تۆز و خۆڵەکەی کردە سەرمانا و مامو ڕۆسەم هاورای لێ هەڵسا کە بریندار بووە و یەک پەلاشەی بچوک بەر گۆنای کەوتبوو.

دیارە لەو ماوەیەدا کە کاک شاپور قسەی لەگەڵ حەمەددەمین کەلاتێی سەردەستەی جاشەکان کردبوو جێگای حەوانەوەکەمانی وتبو و پێی وابوو ئەوان بڕوا ناکەن و وا تێدەگەن کە کلاویان لەسەر ئەنین، پایگای گوندی سیویە لە ڕوبەڕومانەوە ئەوەیان زانیبوو کە کاک شاپور ڕاست ئەکا و هێزێکی زۆریان هێنابووە سەرمان و زۆربەی بەرزایەکانیان گرتبوو بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین و تۆپێکی ١٠٦ میلی و چەند دانە خۆمپارەیان هێنابوو لەبەرانبەرمانەوە دایان بەستبوو و هاوکات هێزێکی زۆری پیادەش بەرزایەکانیان گرتبوو، ئێمەش لە ناو دۆڵەکەدا بووین و تەنیا ڕێگایەک کە هەمان بوو هەر بە ناو دۆڵەکەدا پاشەکشە بکەین و لەو حاڵەتەشدا هێزەکەی دیکەیان لە نیەر و سیویەوە پێشمان بگرن و لەو دۆڵە دا قەتڵ و عاممان بکەن.

لە ڕاستی دا کاک شاپور چەندین سەعات لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی قسەی کردب و ئەوان دوای ئەوە لە جێگاکەی ئێمە دڵنیا ببوون هێزیان هێنابووە ناو چەکە و ئێمەش لە پشوودان دا بووین.
کاتێ تۆپی یەکەم هات وتیان مەشڵەژن ڕەنگە لە شتێ وەشک کەوتبن بەلام زۆری پێ نەچوو ئەو ناوە بوو بە ئاور باران و کاتێ هەستمان پێکرد دەنگی تەقەی چەکی سوک لە بنا گۆیمان دێت.
دیمەنێکی سامناک بوو، پێشمەرگەکانی هێزی بێستون، ئەو پێشمەرگانەی کە لە هیچ شتێ نە ئەترسان، لەو کاتە دا تەنیا بیریان لە هەڵهاتن ئەکردەوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیم دا دیمەنی ئاوا سامناکم نەبینیووە، دڵنیا بووم کە دەرچونمان

نیە، نەگەیشتم هەڵێم و لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە خۆمان دابووە عەرزا و چاوەڕوانی هاتنی هێزی دوژمن بووین کە ببێتە شەڕی دەستەو یەخە لە پڕ کاک سدیق بابایێ برپرسی کومیتەی شارستان چەکەکەی گرتە دەستەوە و لە ئێمە نێزیک بوەوە و وتی: ئا ئەمەیە هێزی بێستون؟ هەڵێن! من خۆم پێشیان ئەگرم و ئەیویست ڕو لە هێزەکانی دوژمن بکات.

لە پڕ کاک سالار وەک هەڵۆیەکی تیژ باڵ پێشی کاک سدیقی گرت و وتی: ئێستا ئەبینی کە هێزی بێستون چیە؟ لەگەڵ خالید و حامید دا خۆی گەیاندە بەردەکەی پشت سەرمان و ناسێح و ئەنوەریش لەولاوە بەردێکی دیکەیان گرت و منیش بە ترس و لەرزەوە چومە لای کاک سالار سەرم بەرزکردەوە بزانم چیە و چی ڕوئەدا، دیتم ئەوا خەریکە تێکلاو دەبین، ناسێح و ئەنوەر هاتنە دەس و چەند کەسێک کەوت و هێزەکەی دوژمن تۆزێ کشانەوە، من ویستم جێگاکەم بگۆڕم و بەو کارەی کاک سالار، ئەنوەر و ناسێح کردیان ورەم بەرز بوەوە، گەرکم بو نیشان بدەم منیش ئەتوانم شەڕ بکەم بەڵام دایانگرتم و دەرو بەرم بو بە تەپ و تۆز و چەند گولەیەک بە گیز و ویز بە پەنا گۆێما دەرباز بوون کاک سالار تورە بوو وتی نابێ بجوڵی ئێستا ئێمە لەگەڵ دوژمنا تێکالاوین ڕاوەستێ بزانین چۆن پەلاماریان بدەین ئێمە لە ناو ئەواندایین بەڵام دەبێ ئەو دوو سەنگەری ئەملا و ئەولشمان بگرین پاشان پێشمەرگەی دیکە وەفریامانەوە دێن و شەڕەکە گەرم ئەکەین. لە ڕاستیدا چەندین پێشمەرگە بەڕیووە بوون بۆ لامان بەڵام نەیان ئەتوانی بگەنە ئێمە و هەر ئەوکاتە کە ئێمە ئەو دوو سەنگەرەمان گرت دوژمن چەند بەردێکی دیکەیان لە دەور و بەری ئێمە گرت و زاڵ بوون بە سەر هەموو دۆڵەکەدا و ئەگەر ئێمە دوو خولەکی دیکە نەگەیشتباینە ئەو بەردانە توشی کارەساتێک دەبوین کە هەر نەبێتەوە.

ئەوەی کە بۆ ئێمە خۆش بوو ئەوە بوو کە تێکلاوی هێزەکانی دوژمن ببوین و تۆپ و خۆمپارەکان ڕویان لە ئێمە نەبو ئەگەر چی من لە فڕە فڕ و لورە لوری تۆپ و خۆمپارەکان زور ئەترسام و خۆم بە عەردەکەوە ئەنوساند.

لە دوو لاوە پەلاماری بەردێکمان دا کە ڕێگای نەئەدا پێشمەرەگەکان بگەنە لای ئێمە و چەند کەلاکێک کەوت و بەردەکەمان گرت و پاسدارەکان هێندێکی دیکە کشانە دواوە، لە پڕ شەمسلا و ئەحلە میسری و وەشیار مینبەری و تۆفێق ئەڵوزئاغاجی گەیشتنە لامان، شایانی باسە حەیبەلا و سوبەت پشت کەمینێکی باش بوون و لە کاتی پەلامارەکەی ئێمەدا نەیان هێشت دوژمن سەر بەرزکاتەوە.

پشویەکی کورتمان دا، چاوێکمان بە مەڵبەندی شەڕەکەدا گێڕا، تەقە گەرم بوو، بەڵام ئێمە تەقەمان نەئەکرد و ئەوە هێزە ترساوەکانی دوژمن بوو کە لە خۆڕا تەقەیان ئەکرد.

کاک سالار وتی: ئەوەی سەرەنێزەی هەیە بیدا لە تفنگەکەی و ئەوانی دیکە نارنجوکەکانیان ئامادە بکەن ئێستا دەبێتە شەڕی دەستە و یەخە و نابێ سڵ بکەینەوە، هەر ئەم دوو تەپۆڵکە بگرین ئەوانی دیکە خۆیان پێ ناگیردرێ و تێک

ئەشکێن.

هاوکات کە ئێمە ئەو تەپۆڵکانەمان گرت پێشمەرگەکانی دیکە بەرەو بەرزاییەکانی دیکە کەوتنە ڕێ و لە پڕ ئەوانیش توشی شەڕ بوون و دیار بوو دوژمن بەرنامەیەکی بەربڵاوی هەیە و بەمجۆرە بە قارەمانەتی ئەو چەند پێشمەرگەیە و ئازایەتی کاک سدیق بابایی لە شکستێکی گەورەوە ڕومان لە سەرکەوتنێکی کەم وێنە کردبوو.

توپبارانەکە ڕاوستا، شەڕ بوو بە شەڕی دەستە و یەخە بە جۆرێ کە لە فیلمەکانی هۆلیڤۆدیشدا نەمبینیوە، شەڕ نەبوو! کارەسات بوو، چاومان سوور کردبوو و دار و بەرد و هێزی داگیرکەرمان ئەدایە بەر، ئەو هێزە بەو هەموو ئیمکانات و چەک و تۆپ و خمپارەوە بەرگەی نەگرت و تێکشکا.

هەموو بەرزاییەکە کەوتە بەردەستی ئێمە و تۆتبارەنەکەش وەستا، بە مەیلی خۆمان دەسکەوتەکانمان کۆ کردەوە، کاک سالار وتی وەرن با بچینەوە بۆ لا کاک سدیق و کاک شاپور و ئەوان.

کاتێ هاتینە خوار بۆ لای هاوڕیکانمان هەرکەسەمان چەند چەکێک و دەسکەوتێکی زۆرمان پێبوو، کاک سدیق هاتە پیرمانەوە و وتێ: بەڕاستی هێزی بێستونن.

هەوا بەرەو تاریکی ئەچوو، لەو کات و هەل و مەرجە دا چەکدارەکانی تەنگیسەری ڕۆحیەیان لە دەست دابوو و داوا ئەکەن کە چەک دانێن و ڕێگایان بدەین کە برۆن، کاک شاپور کۆیان ئەکاتەوە و بە قسەکردن سەرگەرمیان ئەکات و کاتێ هەواڵی سەرکەوتنی ئێمەیان پێدەگا کاک شاپور چەکەکانیان لێ وەرئەگرێ و هەرکامە و ٥٠٠ تەمەنیان ئەداتێ بۆ خەرجی ڕێگایان و بڕیار وا دەبێ کە جارێ خۆیان تەحویل نەدەنەوە و ڕو لە شارەکانی دیکەی ئێران بکەن و لە ڕاستیدا ئەوکارەیان کرد و بەوجۆرە کارێکی وایان نەکرد کە دوژمن لە سەر ئێمە زانیاری کۆ کاتەوە و پاش چەند مانگ هاتنەوە بۆ شاری سنە و خۆیان تەسلیم کردەوە و ڕژیم ماوەیەک زیندانی کردن و پاشان ئازاد کران.

لە داوێن دۆڵەکەوە کۆ بوینەوە، دوژمن تۆپبارانی بەرزاییەکانی دەسپێکردەوە، هەموو چەک و تەقەمەنی و دەسکەوتە زیادیەکان کۆکرانەوە و درانە کاک برهان کە لەگەڵ کاکە فەیزە، عەبە سەیفە و جەلال بزوەشی دا بیابەن و بیانشارنەوە و ئێمەش کەوتینە ڕێ و دەبوو هەتا بەیانی یەکڕاست نەوەستین و ئەو ناوە بەجێ بێڵین.

**ژیان پڕە لە کارەسات، چرکەکان ئەگۆڕدین بە خۆشی یان شین و شەپۆڕ، لە چاوترووکانێکدا مان و نەمان دسنیشان ئەکرێ، مادام مردن لە ڕێیە، با خۆم بچمە پیریەوە و ئێمە وامان کرد بەڵام بەخۆشیەوە هەموو بە سلامەتی تۆانیام نەجتمان بێ.**

## ژیانی پارتیزانی تێکەڵ بە دیسیپلینی حیزبی

پایز گەیشتبوو، وەرزی پایز سەرەتای ڕووتانەوەی سروشت و چۆڵبونی مەزرا و کەژ و کۆیە لە لایەن خەڵکەوە، هەروها سەرما و شێی بەیانیان ژیانی ئێمەی زەحمەت ئەکرد، لە لایەکی دیکەوە ئێمە تەنیا هێز بووین کە لە قوڵایێی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دوژمندا بنەکە و ناوچەی ئازادکراومان نەبوو و بە شێوەی پارتیزانی بەردەوام ئەخولاینەوە و ڕۆژانە لە داوێن چیا و دوڵ و ناو باخ و پەنا شاخەکانا خۆمان مات ئەکرد و لە هەل و دەرفەتی پێویستدا زەربەمان لە داگیرکەران ئەوەشان و زورجاریش هێرش و پەلامار و پیلانی دوژمنمان پوچەڵ و بەرپەرچ ئەدایەوە.

دوای ئەوەی کە گوندەکانی نییەر، مێراو و تەنگیسەر کەوتەوە دەست دوژمن و گوندی نییەر و بەشێک لە گوندی تەنگیسەر لە لایەن هێزە داگیرکەرە ئێرانی و بەکریگیراوەکانیانەوە ئاوری تێبەردراو و ئێمە پاشەکشەیەکی ناچاریمان کرد و لە نێوان گوندەکانی "سیویە"، "مێرگەسار"، "تا"، "هەنێمن" و لە ژووروی "پیرباخ"ەوە شەڕێکی ئەفسانەیمان کرد و سەرکەوتنێکی باشمان وەدەس هێنا شەو چوینە ناو باخەکانی گوندی پەشاوە و ئێوارەکەی دەستەبەشمان لێکرد و لکەکان ڕویان لە ناوچەکانی خۆیان کرد، لە ڕاستیدا زیاتر وەک سەفەری ماڵئاوایێ ئەچوو.

لکی شەهیدان و ئەرکانی هێز ڕوومان لەوبەری جادەی کامیاران، سنە و ناوچەی "سوور سوور" کرد و دوای جەولەیەکی کورت و خێرا گەڕاینەوە بۆ نێزیک گوندی بزوەش و لەوێڕا قەرار درا کە بچینەوە بۆ لاتەوەن و دیوی دەژن و سیویە و لکەکانی دیکەش بێن و یەکبگرین.

شەو هاتینە مەزرای بزوەشیەکان واتە کەوانە، سەرمای بەیانیان حەشری ئەکرد، تیمێک سەرکەوتن بۆ سەربەرزایەکان و ئێمەش لە پەنا دارەکانا خۆمان دایە عەردا، کاتێ ساردبوینەوە سەرماکە زوری بۆمان هێنا و وەک کاک عەزیز قۆڕیدەری ئەیوت: وەک ئەمینەی بێخەرجی کەوتینە پیاسەکردن و هەڵکڕوزان.

بەیانی کە هەتاو هەڵهات ئاهێکمان وەبەر هاتەوە و ئاورمان کردەوە و خۆمان گەرم و چامان لێنا و هێدی هێدی خەڵک هاتن بۆ سەر باخ، لە ڕاستیدا خەڵکێکی وا لە گوندەوە وەدەر نەکەوتن و ئەوانەش کە هاتن ئەیانویست بە پەلە بگەڕێنەوە، یان هێنێ بنچکە تەماتەیان مابوو یان سەردانی ئاوی کانیەکانیان ئەکرد.

زەردی گەڵای دارەکان، ڕوتانەوەی دەشت و دەوەن و سەردی بای پایزی و نەبوونی خەڵک لەسەر کەژ و زەوی و باخەکان،

تەمی خەمی بەسەر بیر و هزرمانا کێشا بوو.

چەند کەس هاتن بۆ لامان و هەواڵێکی ناخۆشیان پێمان گەیاند و ئەوەندەی دیکە خەمبار بووین، هەواڵەکە ئاوا بوو: حەمەسەلیم سیویەی خۆی تەحویل داوەتەوە و هێزێکی زوری هێناوەتە سەر کاک برهان و کاکە فەیزە و ئەنباری چەک و تەقەمەنی هێزی بێستون.

دیارە کاکە فەیزە و کاک برهان نازانن کە ئەوە خەیانەتی حەمە سەلیمە و ئەو هێزە بۆ تالانکردنی چەک و تەقەمەنیەکانی ئێمە هاتون و وا تێدەگەن کە هێرشی حکومەتە و خۆیان حەشار ئەدەن بەڵام دەبینن کە هێزەکە سەربەرزایەکانی گرتووە و پاشان ڕویان لە شۆێنی چەک و تەقەمەنیەکانی هێزی بێستون کرد و بە بەرچاو ئەوانەوە هەموو ئەو چەک و تەقەمەنیەی هەمانبوو دێننە دەر و ئەیبەن.

لەو ماوەدا کە ئیتر ئێمە گەڕاینەوە ناوچەکان و کاک برهان و کاکە فەیزە و عەبە سەیفە لە ئێمە جیا بوونەوە مەئمور کران کە هەموو ئەو شتنانەی هێزی بێستون هەیەتی و زیادین و پێمان هەڵناگیریێ لەگەڵ ئەو چەک و تەقەمەنیانەی کە کاک برهان لەملاو لەولا لە جاش و قاچاخچییەکانی کڕیبو و هەروەها ئەوانەش کە بە دەسکەوت گرتبوومان کۆ کەنەوە و لە جێگایەکی باش دایاننێن کە هەم خراپ و ژەنگاوی نەبن و هەمساڵێکی دیکە کە هاتینەوە بتوانین بە خێرا دەستمان پێان بگات، لەو کاتە دا حەمەسەلیم سیویەیی لە لکی شەهید نادر ئیجازە وەرئەگریێ کە سەردانی ژن و دایک و باوکی بکات کاتێ دەبینێ کە کاک برهان و کاکە فەیزە خەریکی شاردنەوەن خۆی مات ئەدا و هەموو شتەکان ئەبینێ و جێگاکە دەسنیشان ئەکات و خۆی تەسلیم بە هێزەکانی ڕژیم ئەکاتەوە و سەروەت و سامانی هێزی بێستون ئەکاتە پێشکەشی.

بە خۆشیەوە کاکە فەیزە و کاک برهان ئەتوانن خۆیان نەجات بدەن و تووشی شەڕ نەیەن، ئەگەر چی وەک خۆیان باسی ئەکەن: وەک ئەوە وا بوو کە منداڵەکانیان بە بەرچاویانەوە سەر بڕن و ئەمان هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێ و چاولێکەر بن.

ئەو هەواڵە زور ناخۆش بوو لە لایەک پایز و زیزی سروشت نەبونی خەڵک و هاتنی سەرما و دابڕان لە ناوچە و لە دەست دانی هەموو ئەو شتانەی هەمانبوو هەموو مانی توشی خەم و خەفەت کرد.

ئێوارە کەوتینە ڕێ و دوای چەند کاتژمێر گەیشتینە لاتەوەن و لە خوارەوەی کوچک چەرموو بارگەمان لێخست.

بەیانی کاتێ لە خەو هەستاین نەجمە پاوەیی وتی کە کۆبونەوەمان هەیە، هێندێ پێشمەرگەمان هەبوو کە حەزیان لە کۆبونەوە نەبوو و تەنیا بیریان لەشەڕ و هەڵا ئەکردەوە هەر بۆیە کەوتنە بۆڵە بۆڵ و وتیان کەی کاتی کۆبونەوەیە و کێ تاقەتی کۆبونەوەی هەیە.

لە ڕاستیدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کولتورێکی جوانی هەبوو بۆ گرتنی کۆبونەوەی ڕەخنە و پێشنیار و هەروەها گرتنی کنفرانسی پێش کونگرەکان لە کات و جێگای خۆیدا و ئەمەش بۆ ئێمە کە بەردەوام لەهەڵاتن و شەڕا بوین شتێکی ئاسان نەبوو بەڵام وەک ئەرک دیاریکرابو و دەبوو ئێمەش کونفراسی خۆمان بگرین و کاک سدیق هات و وتی فەرموون کۆبونەوەکەمان دەس پێبکەین.

کونفرانسی پێشمەرگە بۆ کونگرەی شەشی حیزب لە لاتەوەن گیرا و لە پێشدا کاک سدیق برێ قسەی کرد و پاشان کاک شاپور یادێکی لە شەهیدانی لکی شەهیدان کردەوە و پاشان نەجمە ڕاپۆرتی لکی پێشکەش کرد و لە دوای ئەوانەش بەشی ڕەخنە و پێشنیار دەستی پێکرد، کەس پێشنیاری نەبوو، دوو پێشمەرگە ڕەخنەیان هەبوو و ڕەخنەکانی ئەوانیش زیاتر لە من بوو کە بە هووی شەڕی ئاژوانەوە بوو و ئەیانوت کە ڕێزی دیلەکانم نەگرتووە و بە بێ چەک چومەتە گۆڕەپانی شەڕەکە، لە ڕاستیدا ئەو دوو کەسە لەو شەڕە دا بەشداری چالاکانەیان نەبوو و لە یەکەم تەقە دا هەڵهاتن و دوای ئەوە کە ئێمە سەرکەوتین و دەسکەوتێکی باشمان گرت گەڕانەوە و بەو ڕەخنە گرتنانە ئەیانویست ئەو هەڵهاتنەی خۆیان بشارنەوە، من هیچ وەڵامێکم نەبو بیدەمەوە، کەریم بزوەشی، عەزیز ڕەوانسەری و حەمە گومەتەیێ وەڵامیان دایەوە و پارێزگاریان لە من کرد.

لە کۆتاییدا بەشی هەڵبژاردن بوو بۆ کونفرانسی کومیتەی شارستان واتە لە پێشدا کونفرانسی لکەکان ئەگیردرا و پاشان نۆێنەر ئەنێردران بۆ کونفرانسی کومیتەی شارستان و لەوێش ئەندامانی کومیتەی شارستان و نۆێنەرانی کونگرە هەڵ ئەبژێردران.

ئەتۆانم بڵێم نێزیک بە تەواوی لکی شەهیدان و ئەرکانی هێز داوایان لە من کرد کە خۆم کاندید بکەم بۆ چونە کونفرانسی کومیتەی شارستان و ئەگەر خۆم کاندید بکردایە دڵنیا بووم کە یەکەم دەنگم ئەهێنایەوە بەڵام نەجمە پاوەیم لێ بوو بە ملۆزم و وتی: بە پێی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب کەسێک ئەتۆانی بۆ هەبژاردن و هەڵبژێران خۆی کاندید بکات کە لە سەرەوەی شانزە ساڵ بێ و تۆ هێشتا لە پانزە دایت، هەرچی وتم بابە من شانزەم فایدەی نەبوو و لەبەر ئەوە کەس ئامادە نەبوو لەو هەلومەرجە دژوارەش دا بەرنامەی حیزب پێشێل بکات، من وازم هێنا و کۆبونەوەکەم بە جێهێشت و دەنگیشم نەدا.

**کۆبونەوە بە سەرکەوتنەوە کۆتایێ پێهات و نوێنەرەکان دیاریکران و ئێمەش ژیانی ئاسایێ خۆمان درێژە پێدا.**

نەجمە هات بۆ لام و دڵداری دامەوە کە منی خۆش گەرەکە و نابێ ئەو هەڵۆێستەی ئەو بە شەخسی وەرگرم و وتی: ئێمە حیزبین و دەبێ بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب پێشێل نەکەین، لەو کاتە دا کاک سدێقیش هات بۆ لامان و ئەویش هەر

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

وەک نەجمە هێنديٚ دڵخۆشی منی دایەوە و وتی کە چوینە ناوچەی ئازادکراو ئەت نێرین بۆ فێربونی بێسیمی سەرتاسەری.

بە هەموو ناخۆشیەکانیەوە ڕۆژێکی خۆش بوو، گەلێ قسەی خۆش کرا و زۆر شتی بێتام گێڕدرانەوە، لە هەمووی خۆشتر ئەوە بوو کە ئێمە تەنیا پێشمەرگەی شەڕکەر نەبوین بەڵکوو بەشێک لە گیانی دیموکراسی و بناغەی پێشکەوتنخوازیشمان بە کۆڵەوە بوو و دەبوو وەک گلەێنەی چاوەکانمان بیپارێزین، ئەویش کۆبونەوەی ڕەخنە و پێشنیار و کونفراسەکان بوو...

## کشانەوە بەرەو ناوچەی داگیرنەکراو

لەو ناوە دا ماینەوە و دیار بوو کە بە تەمای شەڕ و هێرش بردنە سەر هیچ پایگا و کەمین دانانەوە لە سەر هیچ ڕێگا و جادەیەک نین و تەنیا ئەمانەوێ کات بەسەر بەرین و هاوکات چاوەڕوانی هاتنەوەی لکی شەهید حەمە شەریف و کۆبونەوەی پێشمەرگەکانی لکی شەهید نادر بووین بۆ ئەو سەفەر بکەین.

بەرپرسەکان باسی ئەوەیان بۆمان نەکردبوو کە ئەمانەوێ ڕو لە ناوچە ئازاد کراوەکان بکەین بەڵام دەنگ و باس هەبوو و لێرە و لەوێ ئەمبیست کە ئەمانەوێ ڕو لە ناوچەی مەریوان بکەین.

لە کانی و دارگوێزەکانی نێوان سیویە و دەژن توشی لکی شەهید حەمە شەریف بووین و دابەزین بۆ گۆێی چۆمی سیروان.

ڕۆژی دوایی کاک سەدیق وتی وەرە ئەچین بۆ لای لکی شەهید حەمەشەریف کە کونفرانسی لک بگرن و تۆش بەشدار بە لە پێشدا وام ئەزانی لەبەر ئەوە لە کۆنفرانسی لکی شەهیدان دا نەجمە پاوەیی نەیهێشت خۆم کاندید بکەم لە لکی شەهید حەمە شەریفدا ئەتۆانم بەڵام کاک سدیق منی بۆ سرود خوێندن بردبوو کاک سالار وتی: تۆ ئێستاش هەر پێشمەرگەی لکی شەهید حەمەشەریفی بۆ خۆت کاندید ناکەی؟ وتم لەبەر ئەوە تەمەنم نەگەیشتوەتە ئەو ئەندازەیە کە خۆم کاندید بکەم، کاک سالار وتی: جا ئەوانە لە کوێ بێنم کە تەمەنیان گەیشتوەتە کاتی خۆ کاندید کردن بەڵام لە ماڵا ناوێرن بێنە دەر...

کۆنفرانس بە قسەکردنی کاک شاپور و کاک سدیق دەستی پێکرد و پاشان سوبەت گومەتەیی و عەلی کوردە هێندێ پێشنیار و ڕەخنەیان باس کرد و دوایی خاڵە حەسەن سەرسپی ڕویکردە عالەمەکە و وتی: هاوڕیان ئەو سوبەتە کە زۆر زانا و ئازایە هەزار ڕەخنەی لەسەرە و بەمجۆرە سوبەتی شوردەوە.

لە کۆتایێدا هەڵبژاردن کرا و چەند کەس هەڵبژێردران کە یەکیان کاک خالید درودی بوو، لە نیوەی کۆنفرانسدا بووین کە دیدەبانەکان هاواریان کرد هات، پێشمەرگەکانی بەشدار هەستان و چەک و ڕەختیان لە خۆبەست و بەڵاوەمان لێکرد، دەرکەوت کە ئەو هاتە، هاتنی دوژمن نەبوو و کۆنفرانس درێژەی بە کارەکانی خۆی دا.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەواڵیان دا کە لکی شەهید نادر دێنە زەریە لە نێزیک گوندی نیەر و لەوێ یەک ئەگرینەوە، ئێمەش بە هەورازەکەدا سەرکەوتین و لە زەریە خۆمان دایە عەرزا، پیان وتین کە نابێ خۆمان نیشان بدەین و دەبێ کارێکی وا بکەین

خەڵکی نیەر نەبینین بۆ ئەوە دوژمن ئازاریان نەدات.

زەریە شوێنێکی زۆر خۆشە و لە ڕاستیدا وەک سەیرانگایەکی هاوینانەیە بەڵام داخەکەم بێنازە و لەبەر ئەوە سەر بە نیشتمانێکی داگیرکراوە ئەویش وەک گوندە ئازیزەکەی نییەر بێنازە و لێان نەپرسیوەتەوە.

لە بنار کوڕەی مریم ئەورۆژەمان بردە سەر و لای عەسر داواکرا کە هەر لکە ٣ کەس بنێرن بۆ ئەوە تیمێکی پێشڕەو ئامادە بکرێ و داوایان لە ئەرکانی هێزیش کرد کە دوو کەس بنێرن، لە ئەرکانی هێز من و کەریم بزوەشی ڕۆشتین. کاک سالار فەرماندەری تیمی کەمینشکێنی ئەکرد و قەرار درا کە ئەو شەوە خۆمان بگەیەنینە نێزیک جادەی سنە مەریوان و ئەوەش کارێکی سادە نەبوو لە هەموی خراپتر ئەوە بوو کە شارەزای ڕێگاکە نەبووین و ناچار لە نێزیک گوندی بێساران نەفەرێکمان هێنا ڕێگاکەمان پێنیشان بدات.

کاتێ من چووم بۆ لای کاک سالار و وتم کە لە لایەن ئەرکانی هێزەوە هاتوم کاک سالار تووڕە بوو وتی: تۆ بۆ بویتەتە کەوا سووری بەر لەشکر بۆ کەسێکی دیکە نایە، بگەڕیەوە نامانەوێ ئەرکانی هێز کەس بنێرێ.

منیش لەو هەڵوێستەی کاک سار نارەحەت بوم و وتم: خۆ شەڕ کردن بە گەورە و بچوکی نیە با ببێتە شەڕ ئەوجا پێت نیشان ئەدەم کە ئەتوانم یان نا...

ڕێگاکەمان زۆر دژوار و ئاستەم بوو دەبوو بە پەنا چەند پایگایەکا بڕۆین و ئەوەش زور ناخۆش بوو لە هەمو ناخۆشتر ئەوە بوو کە ئەنوەر پەشاوەیی بریندار و قاچی شکابوو و نەیئەتوانی یەک هەنگاو بڕوا.

شەو لە پەنا گوندی بێساران و لە نێوان دوو پایگا دا تیمی پێشڕەومان لێهەڵبرا و کاتێکمان زانی ئێمە بوینەوە بە پێشڕەو و درێژەمان بە ڕێگاکەماندا و گەیشتینە سەر بەرزاییەک، ڕێگە نیشاندەرەکەمان وتی ئەوە گوندی "سپێبن"ە و پایگای لێ نیە و ئەمەش گوندی "خۆاشت"ە لەم لاتانەوە ئەویش هەر چۆڵە.

کابرایان بەڕێکرد کە بڕوا، وابزانم کاک شاپور هێندێ پارەشی دایە و کابرا چوو و بە ئێمەیان وت لێرە بنوون تا بەیانی و بەیانی ئەچینە ناو گوند، ئەوەندە ماندوو بووین کە یەکڕاست خەومان لێکەوت، لەپڕ دەنگی تەقە ڕایچڵەکاندین کاتێ سەیری گوندەکانی خۆاشت و سپێبنمان کرد هەردووکی پایگای لێیە. کاک عەلی ئەشرەف و چەند پێشمەرگەی دیکە ئەڵێن بۆ لێرە بەخەوین و دوای دوو سەعات هەستین، تا ساردنەبوینەتەوە ئەچینە ناو ئاوایی، کاتێ ئەگەنە یەکەم ماڵی گوند، توشی کابرایەک ئەبن و ئەڵێن دەنگ و باس، لەگەڵ کابرا قسە ئەکەن کە نیگابانی پایگاکە پیان ئەزانێ و تەقەیان لێئەکا، ئەوانیش ناچار ئەبن کە پایگا بدەنە بەر دەسرێژ، ئێمەش هەستاین و بە پەلە بەرەو خوار بۆی دەرچوین، عەبە

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

سەیفە وتی: ڕو لەو شاخە بکەن ئەوە سەنگەری حەسەن بەگە و ئەگەر دەستمان بگاتە ئەوێ تا ئێوارە ئەتۆانین خۆمان بپارێزین، لەسەر پێشنیاری کاک عەبە سەیفە ڕۆمان لەو بەرزایانە کرد.

لەو کاتە ئاستەم و دژوار و بەو ماندویەتیەی کە هەمان بوو ئازایەتی و جۆامێریەک کە کاک جەلال بزووشی لە خۆی نواند وێنەی نابێتەوە. پێشمەرگەکان هەموو هەڵ ئەهاتن، ماندوو و برسی و ناشارەزا نەمان ئەزانی چی بکەین، کەس ئاگای لە ئەنوەر نەما، جەلال قاترەکەی گرت و ئەنوەری سوار کرد وەک ئەوە لە ناوچەیەکی ئازدکراوابێ جڵەوی قارترەکەی گرت و بە شۆێن پێشمەرگەکانا هات و ئەنوەری نەجات دا.

گەیشتینە سەر بەرزایەکان و لە دوو لاوە سەنگەرمان گرت، کاک عەلی ئەشرەف و ئەوانیش گەیشتنەوە ئێمە. لە ڕاستیدا ئەگەر بەرنامەیەکی باشمان هەبایە ئەو پایگایانەمان ئەگرت و تا ئێوارە لەو گوندە دا ئەمانینەوە بەلام ئەو هۆیانەی سەرەوە کە باسم کردن وایکرد کە کەس بیر لە هێرشکردن نەکاتەوە و هەموو لە بیری هەڵهاتن دا بوین.

ئێمە لە بەرزایەکانی زاڵ بە سەر جادەی سنە - مەریوان لە ڕوبەڕۆی سەوڵاوە دامەزراین. لەبەر ئەوە هەوا تۆزێ گەرمیکردبوو و ئێمەش ڕێگایەکی زۆرمان بڕیبوو خەومان لێ کەوت، لە شیرین خەوا بووم ڕەگباری چەند چەکێک لە خەویان کردم کاتێ سەرم بەرزکردەوە دیتم ئەوا چەند جاشێک خەریکەخۆیانمان لێ نێزیک ئەکەنەوە ئێمەش جاشەکانمان داگرت حسین باخوڕەمی کەتبوە نێوان ئێمە و جاشەکان و زۆری نەمابوو بیگرن.

کاتێ ئێمە ئەخەوین حیسن خەوی لێناکەوێ و گۆێی لە دەنگە دەنگێک دەبێ ئەڕوا بزانێ چ باسە لەپڕ بە جاشەکاندا هەڵ ئەتۆقێ و ئەیانداتە بەر دەسرێژ و بەو جۆرە ئێمەی لە مردن ڕزگار کرد لە ڕاستیدا ئەوەندە ماندوو بووین ئەگەر حسەین باخۆڕەمی نەبوایە جاشەکان ئەهاتنە سەر سەرمان و دامانیان ئەپلۆساند.

شەڕ گەرم بوو لە چەند لاوە پەلامار دراین بەلام وەک عەبە سەیفە وتبووی سەنگەرەکان قایم بوون و زەفەریان پێمان نەئەبرد. ئەوەی زۆر ئازارمانی ئەدا تینویەتی بوو، کانی و ئاوێک لە نێزیکمانەوە هەبوو کە جاشەکان زاڵبون بە سەریا. لەو کاتە دا کە ئێمە شەڕمان ئەکرد ئەو بەر و لای خۆارمان هێمن بوو و نەجمە پاوەێ و عەلی ئەشرەف و چەند پێشمەرگەی دیکە فرسەت گیر دێنن و حەیوانێک ئەکڕن و دەست ئەکەنە کەباب کردن و ئەنێرن لە گوندێکی نێزیکی جادە دا کە پایگای لێنەبوو نان و چا و هێندێ شتیان بۆ دێنن و ئێمەش لەو بەرزەوە خەریک بوو لە تینوانا کۆێر بین.

لای ئێوارە کاک سالار و حەمە گومەتەیێ هاتن کە پەلاماری سەنگەری جاشەکان بدەین بەلام لەبەر ئەوە دارستان و چاڵ و بەرزی زورە ئەو کارەمان نەکرد و کەوتینە ڕێ بەروە بەرزایەکانی کۆڕە میانە و لە جادەی سنە مەیروان پەڕینەوە.

## هاتنی سەرماو و سۆڵە

ئەوە بۆ دوو ڕۆژ ئەچو کە بەردەوام لە ڕێپێوان دا بووین و لەسەر یەک دوو کاتژمێر نە نووستبوین، لە ڕاستیدا ئەو دوو ڕۆژە تێر نانمان نەخۆارد بوو، کاتێ لە گوندی سپێبن، کاک عەلی ئەشرەف و هاوڕێیانی کەوتنە بەر تەقەی پایگای گوندەکە و ئێمە بەرەو بەرزایەکانی سەنگەری حەسەن بەگ هەڵکشاین بە لای دوو کەوێلا ڕۆشتین کە دوو گونی تـوی وشککراوەی تێدا بوو، دەم بە دەم داوامان کرد لە بەرپرسەکان کە ڕێگامان بدەن ئەو گونیە تـوە وشکانە بێنین و ئەگەر خاوەنەکانیان هاتن پارەیان بدەینێ بەڵام وتیان مادام کەسی لێ نیە نابێ دەسکاری هیچ شتێ بکەن.

یەکێک لە پێشمەرگەکان کە وا بزانم تۆفێق ئەڵوزئاغاجی بو ئەچێتە ناو کەوێڵێک لەو لاوەتر و گونیەک توی وشکەوەکراو دێنێ و کەس پێی نەزانیبوو تا ئەوکاتە کەوتینە بەر تەقە و بە هیمەتی حسەین باخوڕەمی تۆانیمان بەربەرەکانێ بکەین و توشی زەرەر و زیان نەبووین، تۆزە تۆزە هەستمان بە برسیەتی ئەکرد وتیان تۆفێق توی وشکی هێناوە و ئێمەش ناردمان هێندێک مان بۆ بێنن کاتێ هێنایان پڕ بوو لە وەردە بەرد و تەنانەت سەنیری وەڵاخیشی پێوەوە بوو، پێدا ئەگەڕاین و هەڵمان ئەبژارد، فویەکمان لێئەکرد و هەڵمانئەدا و ئەمانخۆارد، لە ڕاستیدا ئەو توە وشکەوەکراوە بۆ حەیوان دانرا بوو و "بن پاژینە"ی پێدەڵێن، یانێ ئەوکاتە کە هەموو توەکان بەر ئەگرن و بەرەکەیان ئەتەکێنن و وشکیان ئەکەن هێندێکی بەملاو بەولادا ئەکەوێ ئەو بەشە کۆ ئەکەنەوە و دای ئەنێن بۆ حەیوان و لە زستانا تێکەڵ بە کا و ئالفی ئەکەن و ئەیاندەنێ.

وەک باسم کرد ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بەربەرەکانیمان کرد و شەو لە جادەی مەریوان سنە لە نێوان گوندەکانی سەوڵاوا و میانە دا کردمانە ئەو بەرەوە و بە هەورازێکا هەڵکشاین کە کۆتایی هاتنی نەبوو و لە نیوە شەوا خۆمان گەیاندە داوێن شاخی "کوڕەی میانە" و هەرکەسە و لە جێگایەک ماندوو و هیلاک لێی کەوتن.

پێشمەرگەکان ماندوو بوون و بەردەوام جنێویان بەو کەسە ئەدا کە لە پێشەوەیە و مامو ڕۆستەم توانای ڕێگا ڕۆشتنی نەبوو و هێندێ شتی بێتامی وت و کاک سدیق لێی توڕە بوو و وتی: ئەمەیە پێشمەرگایەتی پێت ناکرێ کەس زورت لێناکا، ماموو ڕوستەم بێدەنگ بوو.

هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو کە وتیان لە سەر بەرزایەکانی لای سەرومانەوە دوکەڵێک بەرز ئەبێتەوە لەوە ئەچێ دوژمن

هاتبێتە سەرمان و بەرزایەکانیان گرتبێ.

ئێمە تاقەتی هەستانمان نەبوو و چاوەڕوان بوین ئەگەر دوژمن بێت ئەوا بە شێنەی بۆیان هەڵکشێین و وتیان کام لک لە شاخەکەوە نێزیکە با تیمێک بنێرێ ئەگەر جاش و پاسدار بوو ئەوا ئێمەش سەرئەکەوین جێگاکەمان خۆشە بۆ شەڕ. کاک کاک عەلی ئەشرەف و چەند پێشمەرگەی دیکە چەک بەدەست، بەرد بە بەرد و بە کۆمە کۆم خۆیان ئەگەیننە نێزیک دوکەڵەکە و دەبینن لولەی کەلاشینکۆفێک دیارە دەور و بەرەکەی کەسی لێنیە، تێدەگەن دوژمن ئاوا نایە بەڵام ئەم کەسە چەکدارە کێ و چکارەیە؟

دەوری ئەگرن و هاواری لێئەکەن: کێی کورە تەکان نەخۆی... ئەویش بە هیواشی دەڵێ: خۆتان کەر مەکەن وەرن بۆ ئێرە چام لێناوە. دەبینن کاک عەزیز قۆرپیدەریە.

شەو لە پێشمەرگەکان دائەبڕدرێ و هەروا کە دەڕوا دەگاتە سەر لوتەکەی شاخەکە و کاتێ ڕۆژ دەبێتەوە وەک هەموو جاری وای دەکرد ئاور ئەکاتەوە و چا لێ ئەنێ و نازانێ کە ئێمە هەموو لە نیوەی کێوەکەدا لێی کەوتوین.

دوانیوەڕۆ کەوتینە ڕێ و لای عەسر چوینە گوندی نێزڵ و خەڵک بە باشی پێشوازیان لێمان کرد، ڕیچکەی پێشمەرگەکان هەر کۆتایی نە ئەهات، خەڵک حەپەسابوون و یەکەم جار بوو کە ئەوەندە پێشمەرگە ئا بەو جۆرە ڕویان تێبکات. خەڵکمان لێ کۆ بووەوە و دەعوەتی ماڵەکانی خۆیان کردین و کاک شاپور ڕادیویەکی هەبوو نابوی بە گۆیەوە و گۆیا لەگەڵ لایەنێکی دیکە دا قسە ئەکا و بە خەڵکەکەی وت کە بەشێکی دیکەمان بە سەرا ڕۆشتون و ئەیانەوێ ڕوو لە گوندەکانی دیکە بکەن.

وتمان با هەموومان نەیەینە ناو ئاوایی. دیارە زۆر جار کاک شاپور ئەوکارەی ئەکرد و هێندێجاریش تاسیری هەبوو کە ئەگەر جاسوسی حکومەت لەوێ بایە زانیاری هەڵەی ئەگەیاندە جێ و دوژمن توشی هەڵە دەبوو بەڵام بەداخەوە ئەمجارەیان وا دەرنەچوو و خەڵک وتیان قوربان ڕێگای دیکە نیە و فریایان کەون با نەچن بەودیوا و توشی شەڕ دەبن. هەر چۆنێ بوو کاک شاپور سەر و بنی شتەکەی هێنایە یەک و ئێمەش بە ماڵان دا بڵاوەمان لێکرد. ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێ و چوینە گوندی گڵیە، وتیان ئەم گوندە بۆ مانەوە باشە و بڕیار درا هەر لەوێ کونفرانسی کومیتەی شارستان بگرن و کونفرانس دەستی پێکرد، ئێمە نیگابانی و ئاگاداریمان ئەکرد و ڕۆژەکان خۆش و بە جۆش بەڕیوە ئەچوون و خەڵک بە دڵی شاد و ڕوی خۆشەوە وەریان ئەگرتین و دوو ڕۆژ لەوێماینەوە و کونفرانس بەسترا، کاک برهان ڕۆحانی، مامووڕوستەم، سەعی زیویەیی، حاتەم مەنبەری، خۆامراد کازماوایی، مەنوچەر محەممەدی و خاڵە حەسەن سەرسپی بونە ئەندامانی کومیتەی شارستان و کاک خالید درودی و حەمید ڕەوانسەری بوونە جێگری ئەندامی کومیتەی شارستان و چەند کەس بۆ کۆنگرەی شەش وەک نوێنەر دیاریکران کە بریتی بوون لە خاڵە حەسن سەرسپی، کاک برهان ڕۆحانی، کاک عەلی ئەشرەف مەجیدی،

کاک شاپور و کاک سدیق ڕاستوخۆ بەشدار دەبوون.

دوای کۆتایی هاتنی کونفرانس ڕومان لە گوندی بلچەسوور کرد. ناوچەی کۆماسی مەریوان دڵگرترین ناوچە بووە کە تا ئێستا دیتبێتم، خەڵکێکی ڕوخۆش، سروشتێکی ئارامی هەیە. لە بلچەسوور ماینەوە و بڕیار درا کە بکەینە ئەوبەرەوە بۆ ناوچەی سالاڵی مەریوان و بۆ ئەوەش بتۆانین بکەینە ئەوبەرەوە دەبوو زۆر وریا بین و بەر لە تاریک داهاتنی هەوا جادەی مەریوان - بایەوە کونترۆڵ بکەین.

ئەگەر چی پایز و باران و سەرما و ڕەشە با ئێمەیان لە ناوچەکانی خۆمان دائەبڕی و دابڕیبوو و ناچار بووین ڕو لە ناوچەکانی مەریوان و دیواندەرە بکەین ورەی پێشمەرگەکانی هێزی بێستون لەوپەڕی بەرزی دابوو ئەو پێشمەرگانەی کە هەموو بستێکی کوردستانیان بە ماڵ و موڵکی خۆیان ئەزانی و ئامادە بوون دوژمنی داگیرکەری تێدا ڕاو و گیانی خۆیان پێشکەش بە ئازادی نیشتمانەکەیان بکەن، ئەو پێشمەرگانەی کە لە تەنگانە دا بە وەرە و لە شەڕا بە دوای ئاشتیدا ئەگەڕان و لە گەڕانا ڕێگای بەردەوامیان ئەدوزیەوە و لە دوزینەوەی قسەی خۆش و گورانی پڕ لە جۆش و هونراوەی سەربەستیدا دەستەوەستان نەبوون و سرودی خۆایە وەتەن ئاواکەیان ئەوتەوە و چی بوو تاوانی ئەوانەی وا لە سێدارە دران بێگجە دڵسووزی وەڵات و دوژمنی داگیرکەران، چرای ڕێگایان بوو.

پێشمەرگە بوون، مرۆڤ بوون، دڵشاد و چاوتێر بوون، ڕازی بە هەموو شتێ، بە جل و بەرگ، خورد و خۆراک، ڕاهاتبوون بە برسیەتی، ماندویەتی و دایمە ئامادەی بەرپەرچ دانەوەی دوژمن بوون، لە کرماشان یان مەریوان، دیواندەورە یان کامیاران، سنە یان سەقز....

## کیشەی کڵاشینکۆفی موزەلی

لە گوندی بلچەسوور دوای نان و چا خۆاردنی نیوەڕۆ بەرەو ئەوبەر جادەی مەریوان، کۆماسی کەوتینەڕێ و دەبوو لە پێشدا بچینە گوندی کورەدەرە. ئەوەندە ئێمە ئاگادار بووین ئەو گوندە پێگەی دوژمنی لێنەبوو و هەروەها جادەکەش ڕۆژانە چۆڵە، بەڵام پێیان وتبووین کە هێندێ جار دوژمن هێزەکانی خۆی بە درێژایی جادەکە بڵاو ئەکاتەوە و هێندێ جاریش گروی زەربەت لەوناوەدا ئەگەڕێن.

لکی شەهیدان لەپێشەوە ئەڕۆشتن و کاک فەرهاد مەنبەری و کاک سەیفڵا تەنگیسەری و چەند پێشمەرگەی دیکە وەک تیمی پێشڕەو چەند خولەکێک لە پێشەوە بوون، ئێمەش لە دواوە ڕیزێکی دور ودرێژمان بەستبوو.

پێشمەرگەکان دەگەنە نێزیک ئاوایی کورەدەرە و توشی کەسێک دەبن و پرسیاری ناو ئاوایی لێئەکەن، کابراش دەڵێ ئێوە لە دۆێنیوە لێرەن و ئێستا پرسیار لە من ئەکەن؟ پێشمەرگەکان دوودڵ ئەبن و بە پارێزەوە ئەیانەوێ بچنە ناو ئاوایی و یەکێک لە پێشڕەوەکان دەگەڕێتەوە کە هەواڵ بگەیەنێتە ئێمە.

دەنگی تەقەهات، هاوکات پێشمەرگەکەش گەیشت وتی کە ئاوایی پڕە لە هێزی دوژمن، بەشێک لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید نادر بە فەرماندەری کاک حەمەکەریم نەدیمی خۆیان گەیاندە یارمەتی تیمی پێشڕەو و بە ئێمەشیان وت کە جارێ ڕاوەستن بزانین شەڕەکە دەگاتە کوێ. ئێمە سوور بووین لەسەر ئەوە کە بچینە گۆڕەپانی شەڕ بەڵام کاک شاپور فیروزی فەرماندەری هێز بە لەسەرخۆیی وتی: پەلە مەکەن ئەو پێشمەرگانەیان بەسە، ئێستا هەمویان دەرئەپەڕێنن و ئێمەش ئەچینە ناو ئاوایی نان و چای ئەخۆین.

دەنگی تەقە تا دەهات گەرمتر دەبوو، ئێمەش خۆمان پێڕانەگیرا و بەرەوە ناو ئاوایی هەڵهاتین لە نێزیک ئاوایی وتیان کە حەمەکەریم و ئەوان خەریکی گرتنی سەنگەری پشت ئاواێین و هێندی لە گروی زەربەت هەڵهاتون و لە خۆار دێ و سەرجادەکەوەن ئیتر ئێمە نەچوینە ناو ئاوایی و بە ناو چومەکەدا داکشاین دیتمان نەجمە پاوەێی و چەند پێشمەرگە دەور قوپیە دارێکیان داوە و وتیان یەک دوو چەکدار لێرەن و لەو لاوەش چەند پێشمەرگە دەوری خانویەکیان دابوو و ئەیانوت کە چەکداری تێدایە.

کاتێ گروی زەربەت تێدەگەن پێشمەرگە بەرێوەن بۆ ناو ئاوایی و تەقە دەس پێدەکا سەریان لێ ئەشێوێ و هێندێکیان

سەنگەر ئەگرن و ئەوانی دیکە بەرەو خوار هەڵدێن.

ئێمە هەروا بە ناو چومەکەدا بەرەو خوار بوینەوە وتیان ماشین هات، پەلاماری ماشینەکەمان دا، چەند کەس لە ماشینەکە دابەزین و سەنگەریان گرت، یەکیان ڕانەوەستا و هەڵهات، یەک دوو پێشمەرگە کەوتنە سەری و چەک و ڕەختەکەیان هێنایەوە، ئێمە کەوتینە شەڕی دەستە و یەخە، کاک شەمسلا نارنجۆکێکی خستە ناو سەنگەرەکە و ئێمەش لەگەڵ دووکەڵی نارنجۆکەکدا خۆمان گەیاندە سەر سەری دوژمن و ئاسەواری ژیانیان تێدا نەما و سەنگەرکە تەنیا بۆنی خۆێن و باروتی لێ ئەهات. گەڕاینەوە ماشینەکەشمان سوتان و لەولاوەتر کاک حەمەکەریم و ئەوان ئاواییان پاک کردەوە و ئەوانیش ماشینێکی دیکەیان سوتانبوو.

گەڕاینەوە گوندی کوردەدەرە و خەڵکمان لێ کۆوە بوو و بە بیستنی ناوی هێزی بێستون سەرسام مان و وتیان بەڕاستی کە ئێوە شایانی ئەو ناو و دەنگەن.

ئیتر کاتی ئەوە نەما بە ناو ئاواییدا بڵاو بینەوە بۆ نان خواردن، جادەکەمان خستە ژێر کونترۆڵ، دوژمن نەهات و بە چەک و دەسکەوتێکی باشەوە ڕومان لەوبەری جادە کرد، یەکێک لە سەرکەوتنەکان ئەوەبوو کە پێشمەرگەکان هەموو سلامەت بوون.

شەو چوینە گوندی "پلیاندەرە" و نان و چامان خوارد و لای بەیانی گەیشتینە گوندی "دیەرشان" و ڕۆژەکەی لەوێدا ماینەوە.
لای نیوەڕۆ سوبەت و کەریم و تەیمور فیروزی و حەیبەڵا گازرخانەیی هاتن و وتیان تۆ دەسکەوتت هەبووە و دەبێ میوانیمان بکەی، منیش وتم باشە، دوو سەد تمەنی کاک عەبە پاڵنگانی قەرزدارم کە وەختی خۆی حەمایلم لێ کڕیوە، کراسەکەشم دڕاوە، لەو پارەیە بەشی کراسێکم هەڵگرت و ئەویدیکەم دانێ، ئەوانیش چون هەندی شتیان کڕی لەگەڵ کاوڕێک.

لای عەسر وتیان وەرن بۆ مزگەوت کۆبونەوەیە، ئێمەش چووین، لەوێ کاک شاپور هێندێ قسەیکرد و باسی ئازایەتی ئەو شەڕە و هێندێ شتی دیکە وەک ئەوە ئێمە لە ناوچەیەکی دیکەین و دەبێ زور وریا و بە دیسیپلین بین و... کرد

پاشان باسی ئەوە کرا کە چەک دابەش بکرێن و ئەو چەکانەی کە لە شەڕەکەدا گرتبونمان بدرێنە هێندێ کەس.

لە ڕاستیدا ئێمە کلاشینکۆفێکی جوتلاقمان گرتبوو کە بە من بوو و ئەو شەوەش تا بەیانی و تا ئەوکاتەش کە کۆبونەوە گیرا هەر بە من بوو و هەموو لەسەر ئەو ڕایە بوین کە بدرێتە من، بەڵام لە کۆبونەوەکەدا کاک شاپور وتی: ئەو جوتلاقە ئەدەینە کەریم بزوەشی و کلاشینکۆفەکەی کەریم بۆ حەمەکەریم و ئەوەی حەمەکەریم ب شەمسلا و ئەوەی شەمسلاش بۆ

کاکەلی. زورم پێ سەیر بوو وتم: من ئەو کلاشینکۆفەم بۆ خۆم هێناوە و نایدەمە کەس، کاک شاپور زوری لەسەر ڕۆشت من قەبووڵم نەکرد، کاک سالار وتی: تۆ پێشمەرگەی و دەبێ بڕیاری حیزب قەبووڵ بکەی، وتم بڕیاری حیزب قەبوڵ ئەکەم بەڵام ئەو تفەنگە نادەم، کاک سالار تووڕە بوو وتی خەڵک خۆێنی داوە و مافی خۆیەتی چەکی باشی بدرێتێ، مەبەستی حەمە کەریم بوو کە پێشتر بریندرا ببوو و چاوێکی لە دەسدابوو، منیش هەستامە سەر پێ و وتم، بۆ کاک سالار لە تۆ وایە من نەفت ئەدەم، ئێ منیش خۆێن ئەدەم کاکە. چەکەکەی خۆم و جوتلاقەکەم دانا و چومە دەرێ. کاک عەلی ئەشرەف هات و هێندێ دڵنەوای دامەوە. سوبەت و کەریم هاتن و پاشان عەزیز ڕەوانسەریش هات و زۆریان قسە کرد و سوێندیان خۆارد کە ئەو جوتلاقەم بۆ وەرئەگرن. ئێوارە وتیان بانگت ئەکەن، کاتێ چوم دیتم کاک سدیق و کاک شاپور و کاک سالار و کاک حەمەکەریم و کاک عەلی ئەشرەف لەوێن.

کاک سدیق وتی تۆ پێشمەرگەیەکی ئازای و شایانی باشترین چەکی بەڵام دەبێ گوێڕایەڵی بڕیاراتی حیزب بیت، ئێمە چەتە نین کە هەرکەس هەرچی بگرێ بۆ خۆی بێت. پاشان کاک شاپور وتی: ڕوڵە تۆ بۆ ئەوەندە خەمی چەک دەخۆی بە شەرەف من ئامادەم ئەو جوتلاقەی خۆمت بدەمێ بەڵام کاتێک بڕیار ئەدەین دەبێ قەبوڵی بکەی. کاک سالار هەستا و باوەشی پێدا کردم و وتی: بەخوا بە ئەندازەی هەر دوو براکەم خۆشەویستی کە من تۆڕە ئەبم مەبەستێکی تایبەتم نیە ئەوە جوتلاقەکەی من بۆ تۆ ئێمە بە چەکەوە پێشمەرگە نین. کاک حەمە کەریم وتی: کاک عەلی ئەشرەف وتی: ئەو هەموو خەڵکە نازت ئەکێشێ توش خۆت بێتام مەکە، لە قسەیان دەرمەچۆو،

منیش قسەکانی کاک عەلی ئەشرەفم پێ بە جێ بو و ئیتر بابەتەکە کۆتایی پێهات.

پاشان تفەنگەکەی کاک شەمسلایان دایە من و کاکەلی ئەو کلاشینکۆفەی نەویستبوو، منیش لەسەری نەچووم و چەکو ڕەختی خۆم لە شان کردەوە و ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێ و لە دەرەوەزان نان و چامان خوارد و ئینجا چوینە گوندی سۆڵە و لە مزگەوتا بارگەمان لێخست کە ئەوکات بنکەی هێزی مەریوان بوو.

## چەخماخەی شەڕی نێوخۆیی

لە ڕاستیدا ئێمە نەمان ئەزانی لە کام ناوچە دا جێگیر ئەبین، ئەوەندەی کە ئاگادار بووین ئەوە بوو کە لە ناوچەی کەلاتەرزانی مەریوان یان ناوچەی باشماخی دیواندەرە بنکە دا ئەمەزرێنین.

شایانی باسە کە تا ئەوکاتە هێزەکانی مەریوان، سنە و دیواندەرە کە ناوچەکانیان بە جۆرێ پێوەندی بە ناوچەکانی هێزی بێستونەوە هەبوو بنکەی سابیتیان هەبوو و بە تێکڕا لە بناری کێوەکانی ئەو مەڵبەندەدا چەند گوندێکیان کردبوە بنکە، بۆ وێنە، هێزی زرێبار و کومیتەی شارستانی مەریوان لە گوندی ئیسەوڵێ، هێزی شەریفزادە و کەمیتەی شارستانی سنە لە گوندی دەرەویان و هێزی دیواندەرە و کومیتەی شارستانەکەیان لە گوندی شاقەڵا و هەروەها ناوەندی ئاژوان لە گوندی نێرگسەڵە بنکەی سابیتیان هەبوو. لە ڕاستیدا تەنیا هێزێ کە بنکەکانی کۆ کردبووەوە و خەباتی پارتیزانی بەردەوامی ئەکرد هێزی بێستون و کومیتەی شارستانی کرماشان بوو.

لکەکانی شەهیدان و شەهید حەمە شەریف و شەهید نادر بەڕێکران بۆ چەند گوندێک کە باش لە بیرم نەماوە بەرەوە کوێ چوون. ئەرکانی هێز لە گوندێ ئیسەوڵێ مایەنەوە.

نێزیک بە یەک حەوتو لەوێ بووین و وامان ئەزانی کە بنکەی هێز و کومیتەی شارستان لەوێ ئەبێ بەڵام وا نەبوو، ڕۆژێ کاک شاپور بانگی من و کەریم بزوەشی کرد و وتی: چوار کەس لەگەڵ من و کاک سدێق دا بێن ئێمە ئەچین بۆ ناوەندی ئاژوان بۆ کۆبونەوە و ئێوەش دوای دوو ڕۆژی دیکە بکەونە ڕێ بۆ گوندی دۆزەغەرە و لەوێ بنکەیەک بۆ ئەرکانی هێز دابێن ئێمەش تا ئەو کاتە ئەگەڕینەوە.

ڕۆژی دوایی کاک ئیبراهیم ئەحمەدی هات بۆ لامان و وتی کە پێویستە چەند پێشمەرگەیەک بنێرین بۆ گوندی "تۆراختەپە" هێندێ شتمان پێویستە بیهەێنن. کەریم وتی خۆت ئامادە بکە، خۆمان لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە و دوو پێشمەرگەی هێزی مەریوان ئەچین. زۆرمان پێخۆش بوو تووشی شەڕ بین، ئەیانوت کە ئەو ناوچانە نیوە ئازادن، حکومەتیان تیا نیە بەڵام بەردەوام لە مەرترسی داگیرکردن دان. مەئموریەتەکەمان بە سەرکەوتن و بە بێ ئەوە توشی شەڕ بین ئەنجام دا و گەڕاینەوە.

لە کاتی دیاریکراوا ئەرکانی هێز و چەند کەسێکی دیکە کە تازە هاتبوونە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە وەک کاک ئیسمایل



سەرچاوە Serchawe

گڵیانی و خێزانی بە ناوی حەپسە(حەفسە). کاک سمایل و خێزانی پێشتر لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا پێشمەرگە بوون و تازە هاتبونە ناو حیزب و لە لای هێزی مەریوان چاوەڕوانی هاتنی ئێمەیان کردبوو.

لە ئیسەوڵەوە کەوتینە ڕێ و نانی نیوەڕۆمان لە گوندی گۆڵچیەر خوارد و پاشان بە شێنەیی کەوتینە ڕێ و چوینە گوندی هەوارەگەرمە و شەو لەوێ ماینەوە، گوندێکی بچوک بەڵام گەرم وگوڕ و خەڵکێکی میواندار و دڵ و هەناو فراوانی هەیە.

شەو لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێ و چووینە گوندی دەرەویان و لە لایەن هێزی شەریفزادەوە میوانداریەکی باشمان لێکرا

ئەو کاتە سەروان ئێقبال فەرماندەری هێزی شەریفزادە شەهید ببوو و ئەو هێزە فەرماندەری هێزیان نەبوو بەڵام بەرپرسی کومیتەی شارستانی سنە کاک تایەر عەلیار هات بۆ لامان و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و ئەو شەوەش لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دوایی گەیشتینە گوندی دوزەخدەرە.

کاتێ ئێمە گەیشتینە ئەوێ لکی شەهید نادر و لکی شەهید حەمە شەریف بنکەیان دانابوو و لکی شەهیدان نێردرا بوو بۆ گوندی نێرگسەڵە کە پارێزگاری لە ناوەندی ئاژوان بکات. کومیتەی شارستانیش بنەکەیەکی دانابوو و ماڵێکیان دایە ئێمەش کە ببێتە بنکەی ئەرکانی هێز، لە ڕاستیدا دانانی بنکە زور گرینگ نەبوو، سوبەیەکمان پێویست بوو کە ئاور بکەینەوە و ماڵەکە گەرم کەین و ئیتر هیچمان پێویست نەبوو. چێشتخانەیەکی گشتیمان هەبوو و هەمومان ئەچووین و لەوێ خواردنمان ئەهێنا و بۆ خەوتنیش ڕەختەکانمان ئەنایە ژێر سەر و هەرکەسە و جامەدانە یان شتێکی لەو بابەتەمان هەبوو بە خۆماندا ئەدا.

کاک شاپور و کاک سدیق هاتنەوە و ماوەیەکی پێچوو وتیان کە خۆت ئامادە بکە لەگەڵ کاک شاپور وکاک سەدیق دا ئەچن بۆ ناوەندی ئاژوان. لە ڕێگادا کاک شاپور وتی: وامان داناوە کە تۆ بچیتە ناوەندی ئاژوان و لە ئینتشارات دا لەگەڵ کاک ڕەشاد کار بکەی و خۆت فێری تایپ و تەکسیر کردن بکەی.

چوینە گوندی نێرگسەڵە و لەوێ ماینەوە، من چووم بۆ لای کاک ڕەشاد، ئەو کاتە کاک ڕەشاد و کاک ڕەحیم بەغدادی و کاک ئەمیر پاشاخانی لە ماڵێکدا بون، کە کاک ڕەشاد کاری نوسین و چاپ کردنی بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ئەکرد بە ناوی ئاژوان و لە ڕاستیدا نووسین و چاپکردنی هەر خۆی بوو، کاک ڕەحیم بەرپرسی بەشی ماڵی ناوەندی ئاژوان و کاک ئەمیر پاشاخانی کارێکی تایبەتی نەبوو و چاوەڕوانی سەفەر کردن بوو بۆ ناوەندی حیزب.

کاک ڕەشاد وتی زۆرم پێخۆشە هاتوی دەبێ خۆت فیر بکەی و پێویستە کە هەموو شتێ بزانی ئێمە پێشمەرگەین و دەبێ هەموو کارەکان خۆمان ئەنجامی بدەین و لەوە ئەچێ ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی ئێمە ئاستەمتر بێت پێم خۆشە قەبوڵت کردوە کە کاری ئیتشارات بکەی و تۆ منداڵی ئیستعدادی فێر بوونت هەیە.

لە ڕاستیدا من خۆم حەزم ئەکرد لەگەل نوێنەرانی دیاریکراو بۆ کونگرەی شەشی حیزب بڕۆم بۆ ناوەندی حیزب بەڵام نەیانهێشت.

کاک ڕەحیم وتی ئێمە جێگامان نابێتەوە ودەبێ تۆ بچیتە بنەکەی پێشمەرگەکان و کاتێ ئێمە چوین بۆ کۆنگرە ئەتوانی بیتە ئێرە و فێری هەر شتێ بیت کە پێت خۆشە و بەمجۆرە هەر لە یەکەم هەنگاوا کاک ڕەحیم دایە ناو زەوقما و بە بێ ئەوە هیچ بڵێم هەستام و چووم بۆ بنکەی لکی شەهیدان و حەمە گومەتەیی و مام فەتاح بردمیانە دیوەکەی خۆیان کە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا دیوێکی خنجیلانەیان هەبوو.

هەر دوو حەوتوو جارێ ئەچووم بۆ گوندی شاقەلا کە چەند پێشمەرگەیەکی ناسیاوم لەوێ هەبوو ئەو کاتە ئەوان حەمامێکیان دروست کردبوو و مرۆڤ ئەیتوانی بە ئاوی گەرم خۆ بشوا و منیش ئەو هەلانەم بەکار دەهێنا.

ڕۆژێک پێان وتم کە کاک باباعەلی بانگت ئەکا بچی بۆ لایان. کاک بابا عەلی بەرپرسی ئاژوان و کاک جەعفەر حامیدی ئەو کات ئەندامی ناوەندی ئاژوان بوو لە ماڵێکی تایبەت دا بوون ئەگەرچی خانوەکەی ئەوانیش قوڕ بوو بەڵام کە ئەچویتە ناو هۆدەکەوە هەستت ئەکرد جیاوازی زۆرە لەگەڵ بنکەکانی ئێمە ئەوان قاڵی جوان، پێخەفی تازە و بوون و بەرامەی خۆشیان هەبوو و ئەگەر چی هەر لە چێشتخانە گشتیەکە خواردنیان ئەهێنا بەڵام تام و چێژێکی دیکەی هەبوو و هێندێ شتی زیاتریان هەبوو. یەکێک سفرەکەی بۆ ڕادەخستن و خواردنەکەی ئەڕازاندەوە و ئیجا ئەوانیش ئەچوونە سەر سفرەی حازر.

وا ڕێکەوت کە من بۆ خواردن مامەوە ئەگەر چی وسیتم بڕۆم بەڵام کاک بابا عەلی و کاک جەعفەر وتیان نا مەڕۆ تۆ میوانی ئێمەی. دوای ئەوەی نانمان خۆارد بێسیمچیەکە کە ناوی کەریم بوو و دوایی لەگەڵ ژنەکەیا خۆیان تەحویل دایەوە بە هەناسە برکێ هاتە ژوور و پەیامێکی پێبوو، کاک بابا عەلی خوێندیەوە و ڕەنگی تێک چوو و پاشان دایە کاک جەعفەر و ئەویش بێتاقەتی خۆی نەشاردەوە من هەروا بێدەنگ مابومەوە کە کاک بابا عەلی وتی: بابا گیان بڕۆ بە کاک حەمە گومەتیی بڵێ هەموو پێشمەرگەکان ئامادە بن و چەک و ڕەخت لە خۆ ببستن و چەند نیگابانێک دانێن ئێستا ئێمە دین بۆ لاتان، منیش ڕۆشتم و هەواڵەکەم گەیاند، پێشمەرگە بە سەرسامیەوە چەک و ڕەختیان بەست و بەرەو بەردەکانی دەوروبەری ئاوایی هەڵکشان، لەو کاتە دا کاک بابا عەلی و کاک جەعفەریش هاتن کە ئەوانیش خۆیان تەیار کردبوو. ئەو

چەند کەسە کە مابوینەوە بانگکراینە ناو بنەکەکەوە و کاک بابا عەلی وتی: هەواڵمان بۆ هاتووە کە شەڕێک لە نێوان پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی کۆماسی ڕویداوە و بەداخەوە ئێمە قوربانیەکی زورمان هەیە.

هەواڵەکە جەرگبڕ بوو. ناخۆشتر لەوە ئەوە بوو کە نەمان ئەزانی چی ڕۆیداوە و کێ شەهید بووە و شەڕەکە لە پێناو چی دابووە.

ڕۆژی دوایی گۆێمان لە ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران گرت و هەواڵەکەی بڵاو کردەوە، دیارە لەوێش ڕون نەکرایەوە کە شەڕەکە لە لایەن کام لاوە هەڵگیرساوە بەڵام لە هەواڵەکەدا ڕاگەیاندرا کە پێشمەرگەکانی حیزب پشوو درێژ بن و هاوکات کە ئامادەیی خۆیان ئەپارێزن هیچ جورە دژکردەوەیەکیان نابێ ببێ.

ماوەیەکی پێچوو هەواڵ گەیشت کە ئەحمەد پادگانی گەیشتوەتەوە ناوچە ئازداکراوەکانی هێزی مەریوان و باسی شەڕەکەی ئاوا گێڕاوەتەوە.

هێزی مەریوان لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران توشی شەڕ دەبن و پێشمەرگەکان قارەمانەتی دەنوێنن و سەرکەوتنێکی زۆر وەدەس دێنن و چەک و چۆڵێکی باش وەک دەسکەوت لەگەڵ خۆ دەهێننەوە و بە خۆشیەوە پێشمەرگەکان هەموو سڵامەت دەبن و پاشەکشە ئەکەن بۆ گوندی گڵیە بۆ حەوانەوە هاوکات هێزێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەش دێنە ئەو گوندە دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە دێنە لای پێشمەرگەکانی حیزب و داوا ئەکەن کە ببنە پێشمەرگەی حیزب ئەو ڕوداوە وا دەکا کە هێزەکەی کۆمەڵە تورە ببن و داوای ئەو دوو کەسە بکەن بەڵام کاک مەنسوور ڕەشە هەورامی فەرماندەری هێزی مەریوان قەبووڵی ناکات و ئەڵێ ئەوانە هاتونەتە لای ئێمە و بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە کە لە نێوان حیزب و کۆمەڵە دا هەیە ئێمە چەکەکانتان ئەدەینەوە و نەفەرەکان لە لای ئێمە دەبن.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە خۆیان سازمان ئەدەن و بەرنامە دائەڕێژن کە هێرش بکەنە سەر پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان لەوکاتەدا پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان زور ئاسایی لە ماڵەکان بڵاوەیان لێکردوە و نیگابانیان داناوە.

ئەحمەد پادگانی ئەچێ بۆ مزگەوت پێشمەرگەکانی کۆمەڵ ڕێگای پێئەگرن و بێحورمەتی پێئەکەن و سەرئەنجام یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ڕەگبارێک لە ئەحمەد پادگانی ئەکا کاک ئەحمەد بەرناکەوێ و ئەویش دێتە دەست و ئەوان ئەداتە بەر تەقە.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

لەپڕ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەلاماری پێشمەرگەکانی حیزب ئەدەن و تا ئەوان وەدەس دێن چەند کەسیان لێ شەهید ئەکەن کە یەکیان لە دەستشوێی مزگەوتەکەدا دەبێ و هێشتا پەتی شواڵەکەی نەبەستبوو و پێشمەرگەیەکی بە تەمەن و هەژار بوو.

پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان نازنن چ باسە و هێندێکیان پێان وایە کۆماری ئیسلامی ئێرانە هێرشی کردوە و ڕو لەو شوێنە ئەکەن کە پێشمەرگەی کۆمەڵەی لێیە و ئەکەونە بەر تەقەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و شەهید ئەکرێن.

پاشماوەی پێشمەرگەکانی هێزی مەریوان کە ئەزانن کۆمەڵە پەلاماری داون خۆ سازمان ئەدەن و بەربەرکانێ ئەکەن کە بەداخەوە چەند کەسی دیکەیان لێ شەهید دەبێ.

**ئەوەندی من لە بیرم بێ ٧ پێشمەرگەی هێزی مەریوان لە باشترین کەسە فیداکار و هەژارەکانی ئەو هێزە شەهید بوون و پێم وابێ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە زەرەریان نەبوو.**

ئەم هەواڵە بەتەواوی پێشمەرگەکانی هێزی بێستونی تورە کرد و ئەیانوسیت کە تۆڵەی هاوڕێکانیان بکەنەوە، لە ڕاستیدا تۆڵە کردنەوە لە کارەساتێکی وا تەنیا کارەساتە و لە هەر دوو لا هەر کورد تێدا ئەچێ لە کاتێک دا ئەرکی ئێمە یەکتر کوشتن نەبوو بەڵکوو بەربەرەکانێ کردنی دوژمن بوو.



سەرچاوە
Serchawe

## دیسان برا کوژی

ماوەیەک ژیان ئاسایی و هیچ جۆرە دەنگ و هەرایەک نەبوو، پێشمەرگەکانی هێزی بێستون لە گوندی دوزەخدەرە پشویان ئەدا و کاک سدیق و کاک شاپور فیروزی لە ناوەندی ئاژوان بوون و بە حوکمی ئەوەی من و کاک سدیق و کاک تۆفیق محمودزادە و کاک هادی حسەینی دوستایەکی زۆرمان هەبوو بە بۆنەی کاک سەدیقەوە هەمومان لە ماڵی کاک هادی دا کۆ ببووینەوە، دیارە ئەو کاتە تازە خێزانی لە کرماشانەوە بە منداڵێکی بچوکەوە هاتبوو بۆلای و میوانداریان لێمان ئەکرد.

ئەو سەردەمانە وەک ئێستا نەبوو هەرکەسە و مۆبایلێکی پێ بێ هەموو هەواڵەکان بە پەیامنێر یان پەیامبەرێکا ئەگیشتن ئەگەر چی ماڵی کاک هادی لەگەڵ بنکەی ئەسڵی ئاژوان دا زۆر دور نەبوو بەڵام کاک بابا عەلی نامەیەکی بچوکی نوسیبوو و بە کاک عوسمان پاڵنگانیدا ناردبوی بۆ کاک سدیق.

لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ کاک سدیق بووم قەت نەمبینیبوو کە تێک بچێ یان بشڵەژێ و توشی بشێووە ببێ، مرۆڤێکی ئارام، هێدی لەسەرخۆ و دایم ئامادە و جەم و جۆر بو بەڵام ئەو نامەیە کاری تێکرد بە جۆری ئاگای لەوە نەما ئێمەی لەگەڵێن و یەک بۆ خۆی بە ئەژنۆیدا کێشا و وتی: ئای لەو کارەساتە، ڕەنگ و ڕۆخساری بە تەواوی گۆڕا، هەستایە سەرپێ چەک و ڕەختی لە خۆی بەست و وتی: بەداخەوە کارەساتێکی گەورە ڕویداوە، پێشمەرگەکانی هێزی بێستون لە دۆزەخدەرە پەلاماری پۆلێ لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەیان داوە و هەمویان کوشتون.

ئێمەش بەو هەواڵە شڵەژاین، جارێکی دیکە هەموو پێشمەرگەکان ئامادە بوون و نیگابان و دیدەبان بەرەو بەرزایەکان بەڕێ کرا و لەوە ئەچوو کە کۆمەڵە تۆڵەی ئەو کارەساتە لە ناوەندی ئاژوان بکاتەوە.

لە ڕاستیدا ڕوداوەکە ئاوا بوو، پۆلێ لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە تازە دەورەی پێشمەرگایەتیان تەواو کردبوو بەڕێوەوە ئەبن بۆ بنکەی جنوبی کۆمەڵە کە ئەوکاتە لە نێزیک هەوارە گەرمە بوو، لە شاقەڵاوە ئەکەونە ڕێ و بە تەمان لە دوزەخدەرە لا دەن بۆ حەوانەوە و پاشان بەردەوام بن، لە ڕێگای نێوان دەرەگاوان و دوزەخدەرە دا توشی کاک ڕەشاد و چەند پێشمەرگەی دیکە دەبن کە لە دوزخدەرەوە ئەگەڕانەوە بۆ نێرگسەڵە و چاک و چۆنی لەگەڵ یەک ئەکەن و بە لای یەکترا تێدەپەڕن، ڕاستە گرژی ڕوداوەکەی کۆمامسی لە نێواندا هەبوو بەڵام سەرکردایەتی دەستوری دابوو کە هیچ جۆرە دژ کردەوەیەکمان نەبێ.

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

**کاتێک هێزی بێستون تێدەگەن کۆمەڵەیەکان بەرەو ئاوایی دێن پەلاماریان ئەدەن و ١٢ کەسیان لێ ئەکوژن و 3ی دیکەیان لێ بەدیل ئەگرن، بە بێ ئەوە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بتوانن دەست بکەنەوە یان بزانن چی ڕویداوە.**

ئەو کارەساتە بۆ بە خاڵێکی لاوازی هەڵوێستی حیزب و کۆمەڵەی بە تەواوی دەست باڵا کرد و تاوانەکانی ئەوان لە کۆماسی لەبیر چووەوە و لە ڕاستیدا کۆمەڵە ئەیانویست تەنیا باسی دوزخدەرە بکرێ و خۆیان لە قەرەی ناوچەی مەریوان نەئەدا و حیزبیش هەموو جارێ کۆماسی مەریوانی پێش ئەخست و بەمجۆرە دیار بوو کە کۆمەڵە نایانەوێ وەزعەکە ئاسایی بێتەوە.

ئەو ڕوداوەی دوزخدەرە تەنیا کردەوەی چەند پێشمەرگەیەکی حیزب بو کە لەبەر هێندێ هۆی تایبەت نامەوێ ناویان بێنم و پاشان لە لایەن کاک سدێق و کاک شاپورەوە سەرکۆنە کران و تەنانەت کاک سدێق ئەوەندە توند بوو ئەیوت دەبێ لە حیزب وەدر نرێن بەڵام کاک شاپور هەوڵی ئەدا سەرو بنی کارەساتەکە بێنێتەوە یەک.

دوای ئەو ڕوداوە ئیتر نێوان حیزب و کۆمەڵە پای نایە قۆناغێکی ئاستەمتر و بەداخەوەم کە سەرکردایەتی هەردوو لا تەسلیمی کردەوەی پێشمەرگەی ئێحساساتی بوون و قەت نەیاتوانی کێشەکان بە شێوەیەکی زانستیانە و دڵسۆزانە چارەسەر بکەن.

ماوەیەک دوای ئەو ڕوداوە هەڤاڵان بەروە کۆنگرە کەوتنە ڕێ، کاک بابا عەلی و کاک جەعفەر حامیدی کلیلیماڵەکی خۆیان یان باشتر بڵێم ناوەندی ئاژوانیان دایە من و دەبوو لەوێ بخەوم بەڵام کاتێک ئەوان چون کاک ڕەشاد کلیلەکەی لە من سەند خۆی چووە ئەوێ و منی لە ئینتشارات دانا، تاپیە شڕەیەکی هەبوو، نابویە بەردەستم و دەبوو هەموو ڕۆژێ چەند سەعات تەمرین بکەم.

ئەو ماوەیە بە خۆشی ڕابۆرد و ناوچە ئارام و ڕژیم هیچ جۆرە جم و جوڵێکی نەبوو. کاک ڕەشاد وتی ئەچین سەردانی هێزی بێستون ئەکەین لە گوندی دوزخدەرە و جێژنی دووی ڕێبەندان ئەگرین. شایانی باسە ئەندامانی ئاژوان تا گەڕانەوەی هاوڕیان لە کۆنگرە، کاک ڕەشاد حسینی، کاک هاشم مەنبەری و چەند کەسێکی دیکە بوون کە ئێستا لە بیرم نەماوە، تەنیا کاک ڕەشاد لە ئاژوانا بوو ئەوانی دیکە هەرکامە لە لای هێز و کومیتەی خۆیان بون.

چوینە گوندی دەزەخدەرە و لە لایەن بەرپزانی کومیتەی شارستانەوە بە گەرمی وەرگیراین و بەرنامەی بەڕێووە بردنی جێژن دارێژرا و لە گوندی کۆڵ بەڕێووە چوو، مەراسمێکی سادە و ساکار بوو.

کاک ڕەشاد وتی دوو ڕۆژی دیکە ئەگەڕینەوە بۆ نێرگسەڵە، شەوی دوای جێژنەکە هێشتا نەنوستبوین دەنگی تەقەیەکی گەرم لە گوندی کۆڵەوە ئەهاتە گوێ ئێمەش خۆمان پێچایەوە و هاتینە دەر هەموو پێشمەرگەکانی هێزی بێستون ئامادە لە پەنا دیوارەکان خۆیان مات دابوو بەفر لە عەزرا و هەوا هێندێ سارد بوو گوێم لێبو پۆڵێ پێشمەرگە لە خوار ئێمەوە کەوتنە ڕێ بەرەوە ئاگرەکە منیش خۆم لە کاک ڕەشاد و ئەوان دزیەوە و تێکەڵیان بووم، کاک شاروخ موورادی کە ئەو کاتە فەرماندەی پەل بوو لە هێزی دیواندەرە و بۆ سەردان هاتبوو بۆ لای پێشمەرگەکانی هێزی بێستون، شارەزای ناوچەکە و بوو بە فەرماندەری حەرەکەتەکە و بووینە دوو دەستەوە و بڕیار درا یەکراست پەلامار بەرین بۆ گرتنەوەی ئاوایی. تا ئێمە لە گوندەکە نێزیک بوینەوە دەنگی تەقە نەما و جار و بار دەنگی تفەنگ لە دوورەوە ئەهاتە گوێ، ئێمەش بە پێی بەرنامەکەی خۆمان لە ماڵەکان نێزیک بوینەوە و ماڵ بە ماڵ گوندمان خستە ژێر کونترۆڵ و لە خەڵکمان پرسی کە چی بووە؟ وتیان گروی زەربەتی جاشەکان هاتنە ناو ئاوایی هێندێ تەقەیان کرد و لە چەند کەسێکیان داوە و پاشان بۆێ دەرچون.

ماندوو و هیلاک و برسی و سەرما و سۆڵە بوو ئێمەش خۆشحاڵ بوین کە بە بێ شەڕ گوندەکەمان گرتوەتەوە و سەرکەوتنێک بوو لە لای هەڤاڵەکانمان کە ئێمە ئاوا سینگمان پێوە نا و ئامادەی شەڕ کردن بووین.

کاک شاروخ وتی دوو دوو نیگابان دانێن و ئەوانی دیکە بە ماڵاندا دابەش ئەبین و پاش نان و چا خواردن ئەگەڕینەوە مزگەوت و تا بەیانی لێرە ئەبین. خەڵکی گوند خۆشحاڵ بوون بە هاتنەوەی پێشمەرگە و دەرچونی جاشەکان، هەموو لە ماڵەکانیان هەتبوونە دەر و بە زوور داوایان ئەکرد کە بچینە ماڵەکانیان بۆ نان و چا خواردن.

کاک شاروخ وتی تۆ وەرە لەگەڵ من بە، لە ڕاستیدا تا چووینە ناو ئاوایی من و کاک شاروخ و چەند کەسی دیکە هەر بە یەکەوە بووین، کاک شاروخ بەردەوام تاریفی لە پێشمەرگەکانی هێزی بێستون ئەکرد و ئەیوت بەڕاستی ئەمانە ئاگرن، مروڤ لەگەڵ ئەمانەدا بێ قەت پیر نابێ.

من لەبەر سەرماکە جامەدانەکەم پێچابووە سەرما و قژم درێژ ببوو لە بن جامەدانەکەوە هاتبووە دەر، کاتێک درگایان لێکردینەوە ڕوناکی چرای ماڵەکە لە منی ئەدا، دەموو چاوم سوور هەڵگەڕا و بێ توک و قژی درێژ و جامەدانە بەسەرەوە، کوڕی خاوەن ماڵەکە لێی تێک چووبوو و بە منی وت وەرە دادە وەر ژووری ساردە، ئیتر ژنی خاوەن ماڵەکەش بە بیستنی دادە وایزانی کچمان لەگەڵە و وتی تۆخوا لێگەڕین با ئەو کچە بێتە ژووری سەرمایە هەژارە. منیش ئەقڵی ئەوکات و هەوای گەنجی لە زەوقی دام و یەکڕاست گەڕامە دواوە و وتم من پیاوم و نایەمە ماڵتان ئەگەڕێمەوە، کاک شاروخ و ئەوان زۆریان هەوڵدا فایدەی نەبوو، کاک شاروخ وتی باشە بچورە ماڵێکی دیکە، وەڵامم نەدانەوە و یەکڕاست بەو شەوە گەڕامەوە بۆ

گوندی دوزخدەرە و لای نیوە شەو بو چومەوە لای کاک ڕەشاد و خالید و ئەوان لە بنکەی کومیتەی شارستانی کرماشان. ئەوانیش نەنووستبوون و چایان لێنابوو و خەریکی قسە کردن بوون. بە تەواوی هێزم لێبڕابوو سەرما و برسی و ماندوو.

هەڤاڵەکانم کورەیان تاو دا و چای و نانیان پێدام و حەوامەوە. ئەگەر چی ئێمە یەک تەقەشمان نەکرد بەڵام وەک قارەمان سەیر ئەکراین و خەڵک بە تام و چێژەوە بۆ یەکتریان باس ئەکرد و ڕادیو دەنگی کوردستانیش بڕێکی گەرم و گۆڕ کرد. ڕۆژی دواتر گەڕاینەوە بنکەی ئاژوان لە نێرگسەڵە و بەردەوام بووین لە کاری بەرهەم هێنانی مانگنامەی ئاژوان.

---

## زستان و بێ تەحەروکی و دیسان سەردانی دوزخدەرە

ژیانی پێشمەرگایەتی سادە و ساکار و هێندێ جار بە یەک جۆرە، بە تایبەت ئەگەر لە جێگایەکی سابیت دانیشێ و هیچ بەر نامەیەکی تایبەت و پرۆژەیەکی دیاریکراوی نەبێ.

ئێمە کە لە بنکەی سابیت دا بووین بێجگە لە نیگابانی ئەویش یەک سەعات لە ڕۆژدا هیچ کارێکی دیکەمان نەبوو بیکەین تەنانەت رادیوشمان نەبوو گوێ لە بەرنامە بگرین یان ئەگەر رادیۆشمان هەبوو تەنیا بۆ گوێگرتن لە ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران ئەکرایەوە و هەموو لە دەوری کۆ دەبوینەوە و گوێمان لێ ئەگرت، لە کاتێکدا کە بەشێک لە پێشمەرگەکان نەخوێندەوار بوون و هەروەها ئەمانتوانی لەو هەلە کەڵکی باشتر بۆ خۆ پەروەردە کردن بگرین و نەخوێندەوارەکانیش فێری ئەلف و بێ ببن.

کاک ڕەشاد وتی خۆت ساز کە ئەچین بۆ دوزەخدەرە و لەوێشەوە سەردانێکی هاوڕێانی کومیتەی شارستانی سنە و هێزی شەریفزادە ئەکەین.

لە نێرگسەڵەوە بۆ دوزخدەرە چەند سەعاتێک زیاتر نیە بەڵام ڕێگاکە هەوراز و نشێو و شاخاویە، بەفریش لە عەرزا بوو، ڕێگاکە ئەمن و بێ کێشە بوو. دوا نیوەڕۆ گەیشتینە کومیتەی شارستانی کرماشان و هاوڕیانی کومیتە وەک هەموو جارێ بە گەرمی پێشوازیان لێکردین و باسی ئەوەیان کرد کە هەواڵیان پێگەیشتوە دوژمن خەریکە خۆی بۆ هێرش کردنە سەر ئەو ناوچانە ئامادە ئەکەن و لەوە ئەچێ بەر لە هاتنی بەهار پەلامارمان بدەن، کاک ڕەشادیش وتی کە کۆنگرە تەواو بووە و هاوڕیانی بەرپرس بەڕێوەن بۆ لای ئێمە و دەبێ ئێمەش وەشیار بین و ئەگەر هێرشمان کرایە سەر ئەوا دەبێ خۆ بپارێزین بەڵام لەوە ناچێ لەم کاتە دا دوژمن ئەو کارە بکات و ئەگەریش بیکات ئەوا سەرکەوتن وەدەس ناهێنن.

ڕۆژی دوایی لەگەڵ چەند پێشمەرگەی ئەرکانی هێزی بێستوندا کەوتینە ڕێ بۆ گوندی دەروەیان و چووینە لای هاوڕیانی کومیتەی شارستانی سنە و زور باش بە پیرمانەوە هاتن و وتیان کە کاک ڕەشاد بچێتە بنکەی کومیتەی شارستان و ئێمەش بچینە بنکەی پێشمەرگەکان، کاک ڕەشاد داوای ئەوە بوو کە منی لەگەڵ بم بەڵام من خۆم حەزم ئەکرد لەگەڵ کەریم بزوەشی و پێشمەرگەکانی دیکە دا بم و ئەمزانی کە شەو بە گورانی وتن و گورەوی بازی بەسەر دەبەن.

دوای نان خواردنی ئێوارە وتیان کۆبونەوەیە، ئەو کاتە کومیتەی سنە چەند کادرێکی ژنیان هەبوو کە یەکیان ژیانی ناو

بوو، کچی کاک شاتر حەمەدەمین و خێزانی کاک پەرویز بوو. کۆبونەوە دەستی پێکرد و ماموستا ژیان دەرسی بەرنامە و ئەساسنامەی ئەدا یان باشتر بڵێم بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی شی ئەکردەوە، ئەو دەمانە من بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبم بە سەرەتاکەشیەوە لەبەر بوو.
وتیان ئێستا پشویەک ئەدەین و چایان بۆ هێنایین، کەریم بزوەشی چرپاندی بە گوێمان و وتی: ئێستا من کۆبونەوە تێک ئەدەم کێ تاقەتی ئەم شتانەی هەیە، حیزب چی دەوێ یان نایەوێ بە من چی، با گورەوێ بازیەک بکەین خۆشترە.

کۆبونەوە دەستی پێکردەوە، ژیان قسەی ئەکرد و وتی کێ پرسیاری هەیە ئێستا ئەتوانی پرسیار بکا دەنا بەردەوام دەبین کەریم وتی: ئەگەر کوردستان ڕزگار بو ژنانیش مافیان هەیە وەک پیاوان کار بکەن؟ ژیان وتی بەڵێ، کەریم وتی: جا ژن چۆن ئەتوانێ کار بکات، بۆ وێنە من ئەتوانم بە پێنج دەقیقە ئەو دارە ببڕم، تۆ بە مانگێک ناتوانی زەفەری پێ بەری. ژیان بەرنامەکەی کردەوە و وتی: حیزب دەڵێ ژن و پیاو بەرابەرن و دەبێ وەک یەک چاویان لێبکرێ. دیارە کەریم لەم بارەوە هیچی پێ نەبوو بۆیە ڕوی کردە من و تی: وایە؟ وتم نا وا نیە، لە بەرنامەی حیزب دا هاتوە کە ژن و پیاو بۆ کاری وەک یەک موچەی وەک یەک وەردەگرن... ژیان وتی وا نیە، منیش وتم باشە لاپەڕەی فلان، بەندی ئەوە سەیر کە، ژیان وتی باشە ئێستا با واز لەوە بێنین و بچینە سەر باسەکەمان، لە پێشدا پشویەک ئەدەین. کاتێک کۆبونەوە دەستی پێکردەوە کەریم وتی وەڵامی ئێمە بەرەوە دەنا من تاقەتم نیە گوێ بگرم، ژیان بەرنامەکەی کردەوە و وتی: ئەو شتەی تێدا نیە کاتێک سەیرمان کرد ئەو لاپەڕەیانە دەر هێنابوو و بەم جۆرە کەریم کۆبونەوەکەی شێواند و ماموستا ژیان بە لەسەرە خۆیی و بە ڕێزەوە وتی: کەواتە من لەمە زیاتر کاتتان ناگرم و شەوتان شاد، کاتێک ئەو ڕۆشت بوو بە گورانی وتن و گورەوێ بازی و کاتێکمان زانی شەو لە نیوە لایداوە.

شەوێکی خۆش و پڕ لە پێکەنین بو و ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە بۆ لای هێزی بێستون لە گوندی دوزخدەرە و من و کاک ڕەشاد چوینەوە کومیتەی شارستانی کرماشان و ئێوارە تا درەنگانێ خەریکی قسە کردن و گێڕانەوەی باس و بەسەرهات بووین و هێندێکمان ڕاکشابوین کە بنووین، هەر ئەوەندەمان زانی تەقە دەستی پێکرد و ناو ئاوایی درایە بەر ڕەگبار، بە پەلە چەک و ڕەختمان لە خۆ بەست و هاتینە ناو کۆڵانەکان، شەمسڵا و ئەحلە میسری و پێشمەرگەکانی دیکە وەک هەڵۆ بەرەو ئاگرەکە هەڵکشان و دوژمن کە دیتی پێشمەرگە بە تەقەکردن لە سەنگەرەکانیان نێزیک دەبێتەوە هەڵهاتن و کاتێ ڕۆژ بوەوە دیتمان چەک و تەقەمەنیەکی زوریان لێ بە جێ ماوە و ئەوەش سەرکەوتنێکی دیکەی هێزی بێستون بوون.

**هاوڕێانی کومیتەی شارستان بە گاڵتەوە ئەیانوت، پێو قەدەمی ئێوە شەڕی پێوەیە و ئیتر مەیەنەوە بۆ لامان. لە هاوڕییان ماڵ ئاوایمان کرد و گەڕاینەوە گوندی نەرگسەڵە و چاوەڕوانی هاتنەوەی بەشداربوانی کۆنگرە بویین. ئێمە نەمان ئەزانی کە لە کۆنگرە دا چی ڕویداوە بەڵام ڕادیۆ حیزب کۆنگرەی بە سەرکەوتیو لە قەڵەم دا و ئێمەش دڵمان بەو هەواڵە خۆش بوو.**

## کۆتایی

هاوڕیانی بەشدار لە کونگرەی شەش گەڕانەوە بەڵام بە چەند پۆلێک، کاک بورهان و هێندێ کەسی دیکە هاتنە لای ئێمە و ئەو ماوەیە کە پێکەوە بوین زورمان خۆش بە سەر برد و هەموو ئێواران بە قسەی خۆش و پێکەنین شەومان نیوە ئەکرد، ئەگەر چی کاک ڕەشاد زور جار تورە ئەبوو کە بۆ کاتی خۆتان بە قسەی قۆڕ بەسەر ئەبەن و وا باشترە کتێب بخۆێیننەوە و بۆ خۆی بەردەوام خەریکی کتێب خوێندنەوە بوو بەڵام لەوکاتەدا تەنیا کاک رەشاد تاقەتی کتێب خوێندنەوەی هەبوو.

شایانی باسە کاک بابا عەلی هاتەوە و ئاگاداری کردین کە کاک مستەفای هیجری کراوەتە بەرپرسی ناوەندی ئاژوان و ئەیەوێ بە گەڕانێک بگاتە ئێرە و لە پێشدا قەارە سەردانی کومیتەی شارستانی سەقز، هەوشار و دیواندەرە بکات و پاشان بگاتە لای ئێمە و لەوێوە سەردانی کومیتەی شارستانی کرماشان و سنە و مەریوان بکات.

دوای ماوەیەک چاوەڕوانی و هات، هات، ڕۆژێک کاک توفیق محمودزادە بانگی کردم و وتی: ئەمرۆ کاک مستەفا دەگاتە ئێرە و پێویستە پێشوازیەکی باشی لێبکەین، منیش وتم باشە با بێ بەخێر بێت، من هیچکارە نیم کە پێشوازی لێبکەم، پاشان ئەگەر بچمە پیریشیەوە ڕەنگە هەر دەستم لەگەڵ نەدا، کاک توفیق وتی: نا وا نیە کاک مستەفا ئەندامی دەفتەری سیاسیە و ئێمە هەمومان پێشوازی لێ ئەکەین.

من لە ماڵی کاک هادی بووم لەگەڵ کاک توفیق و فەریدون پاوەیٚ کە ناسراو بوو بە دوکتور فەریدون، کەریم بێسیمچی هات و وتی ئەوا کاک مستەفا و ئەوان هاتن، کاک توفیق و هاوڕیانی دیکە بە هەڵهاتن چوونە دەر و منیش بە دوایانا، کاک مستەفا بە سواری ئەسپ هاتبوو، جل و بەرگێکی جوان و سەر و شکڵێکی جوانچاکانەی هەبوو، مەتین و بێدەنگ و هێندێک لوتبەرز ئەهاتە بەرچاو بەڵام کاتێک مروڤ لێی نێزیک بایەتەوە کەسێکی سادە و قسە خۆش و خاوەن ڕەوشت و دڵفراوان بوو.

**سازماندەێی تازە کرا بوو و کاک عەبدوڵای بارامی، کاک بابا عەلی مێهرپەروەر، کاک شاپور فیروزی، کاک هومایون ئەردەڵان بونە ئەندامانی ئاژوان و چەند کەسێکی دیکە کرابوونە جێگر و موشاویر کە بەرپرسی کومیتە شارستانەکان بوون.**

هێشتا بەفر نەتوابووەوە کە دوژمن هێرشی بۆ گرتنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان دەس پێکرد و یەکەم مانگی بەهار گوندەکانی

کۆڵ و دوزەخدەرە و شاقەڵا داگیرکرانەوەو و دوژمن زەربەیەکی زوری لێکەوت بەڵام ئێمەش چەند پێشمەرگەیەکی ئازا و نەبەزمان شەهید بوو کە قەت جێگایان پڕ نەبویەوە.

هەموو هێزەکان پاشەکشەیان کردە لای ئێمە و چەند ڕۆژ لەوی بووین و ئێمە تیمێکان لە بەرانبەر ئاواییدا دامەزارند بوو و کاک نەجمەی عارف بەرپرسمان بوو، منیش بێسیمێکی "پی ئار سی"م پێبوو و ڕۆژانە لەگەڵ کاک عەبدووڵای بارامیدا قسەم ئەکرد و لە ڕاستیدا کاک عەبدووڵا کرابووە بەرپرسی کاروباری بەرێوەبردنی ئەو بارە نائاسیەو و یەک چرکە پشوی نەئەدا. کاک نەجمە پێشمەرگەیەکی قەدیمی هێزی شەریفزادە بوو کە درابوە ناوەندی ئاژوان، کەسێکی خاوەن تەجروبە و شارەزای ناوچەی سنە بوو و بەردەوام بە قسەی خۆش و گاڵتە کردن وەرەی بە پێشمەرگەکان ئەدا.

دوا نێیوەڕۆیەک کاک عەبدووڵا وتی دەبێ بێتە خۆاری هێندێ کارمان هەیە کاتێک چووم وتی: دەبێ هەموو شتەکانمان بشارینەوە و چەند کەسمان هەڵبژاردوە بۆ ئەو کارە و نابێ هەموو کەس بزانێ لە کوێ ئەم کەل و پەلانەمان ئەشارینەوە، ئەو ئێوارەیە تا بەیانی بارمان کێشا و بەیانی پێش تاو هەڵهات نوستین و دوا نیوەڕۆ لە خەو هەستام، دوای نان و چا خواردن دەرکەوتم و دیتم گوردانێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هاتوون و لە ناو ئاوایێدان، ئەوە بێجگە لەوە کە سێ هێزی پێشمەرگەی حیزبیشی لێبوو. کچێکی کۆمەڵە بە ناوی پەری خەڵکی گوندی کانیشە لە ناوچەی کامیاران ناسیاوی من بوو و لەگەڵیان بوو، چوم و سەردانم کرد و لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا برێ قسەم کرد و هەواڵ و باسی چەند هاورێیەکی دەورانی خوێندنم لیێان پرسی کە پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون.

ئێوارە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ماڵ ئاواییان لێمان کرد و چون، ئێمەش هەروا چاوەڕوان ماینەوە، شەو پێشمەرگەکان کەمتەرخەمیان کردبوو و بە هیوای ئەوەی ئەم هێز یان ئەو هێز کەمین و نیگابان دەرئەکەن هەموو ئەخەون. کاتژمێر چوار و پێنجی بەیانی کاک ئەنوەر یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی دیواندەرە لە خەو ڕادەبێ و دەبینێ نە نیگابان هەیە و نەکەمین چووە، بە پەلە چەند پشێشمەرگەیەک لە خەو هەڵ ئەسێنێ و بەرەو بەرزایەکانی پشت ئاوایی ئەکەوێتە ڕێ، خۆی بە پەلە لە پێشەوە ئەڕوا کە دەستی بگاتە بەردەکان بەڵام دوژمن هەموو بەرزایەکانی گرتبوو و ئاگاداری چونی پێشمەرگەکان دەبن و تەقەیان لێئەکەن و ئەنوەری ئازا و خۆشەویست لە یەکەم دەسرێژی دوژمنا شەهید ئەبێ و ئەوانی دیکە بە هەڵاتن هاتنەوە بۆ ناو ئاوایی، ئێمەش لەخەو هەستاین، هێزێکی زور و بۆر بووین، کەس ئاگای لە کەس نەمابوو، فەرماندەکان سەریان لێ شێوا بوو، هەرکەسە لە فکری ئەواد بو خۆی دەربازکا.

تەقە گەرم بوو، دوژمن شۆێنە ئاستەمەکانی گرتبوو، پێشمەرگەکان هەوڵیان ئەدا کە چەند سەنگەرێک بگرن بەڵام فایدەی نەبوو.

کاک عەبدوڵا وتی وەرە هێندێ بەڵگەنامە لە ماڵی کاک هادیە با بچین بیان هێنین. ئەوەم لەبیر نەچێ کە ئێوارەی ئەو شەوە کە هێرشمان کرایە سەر هەموو ژن و منداڵەکانیان بەڕێ کرد و هێندێ بارسوکی کرا بوو، کە ژن و منداڵی کاک عەبدوڵاشیان لەگەڵ بوو.

پێشمەرگەکان ماوەی نێزیک بە پازدە شەو و ڕۆژ بوو بەردەوام لە شەڕا بوون و ئەوەندە ماندوو ببوون کە کەس تاقەتی شەڕی نەمابوو، لە لایەکی دیکەوە زۆربەی ناوچە ئازادکراوەکان گیرابوون و پێشمەرگەکانی هێزی بێستون ئەیانەویست بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و وەک پێشتر شەڕی پارتیزانی درێژە پێ بدەن و لە ڕاستیدا پێشمەرگەکان بەو جۆرە شەڕ و خەباتەی هێزی بێستون سەرکەوتوو دەبوون تا شەڕی بەرانبەر و جەبهەیی.

شەڕ گەرم بوو، گولە وەک دانەبرێشکە بەسەر ئاوایی و بە دەوروبەرماندا ئەباری، دیتم چەند پێشمەرگە لە خوار ئاوایەوە خەریکی بەربەرەکانێن بەڵام نەمزانی کە دوژمن ئەوەندە لێمانەوە نێزیکە. شتەکانمان هێنا و بەرەو ناو چومی بەرماڵان داکشاین، دراینە بەر دەسرێژ بەڵام لامان نەکردەوە و بە پەنا ماڵەکانا گەیشتینە لای بنکەی ئیتشارات و لەوێ چەند پێشمەرگەی دیکەمان بینی خۆیان دابووە پەنا دیوارەکان، کاک عەبدوڵا وتی: ڕامەوەستن، بکەنە ئەوبەرەوە، کەس بیری لەوە نەکردەوە کە بۆ بکەینە ئەو بەرەوە، هەموو ملمان پێوە نا و لە دارەکان دابڕاین بە ئار پی جی و بی کەی سی دایانگرتین، وام ئەزانی دەرچونمان نیە، بوو بە تەپ و تۆز و گیز و ویزێک کەس ئاگای لە کەس نەما، پێشمەرگەکان بەرەو ژوور دەرچۆن، ئێمەش بەدۆڵەکە دا هەڵکشاین و من پێش کەوتم، چەند دەسرێژێکیان لێکردم لام نەکردەوە و دیتم پۆلێ لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید نادر بە بریندارێکەوە لە بەرزایەکانی پشت ئاوایەوە دابەزین و منیش تێکەڵیان بووم، کاک غەفار ئازروار(منبەری) بریندار ببوو.

لە ژوورەوەی ئاوایی و لە ناو دوڵ و گابەردەکانا سەنگەرمان گرت، من لەگەڵ کاک عەلی ئەشرەف و کاک شاپور دا مامەوە و هێزی پێشمەرگە هەتا بەرزایەکانی دوو برا و پشت ئاوایی هەوارە گەرمە پاشەکشەیان کردبوو.

لەو کات و ساتە دا لەبیرم چوو بزانم کاک عەبدوڵا بارامی دوا بە دوای من هاتووە یان نا، زیاتر وام ئەزانی کە بەرەو بەرزایەکان هەڵکشاوە، لەو کاتە دا وتیان کە کاک بابا و عەلی و کاک مستەفا هیجری لەو سەروەن و بارگەیان لێخستوە. دوا نیوەڕۆ نامەیەک لە کاک بابا عەلی مێهرپەروەرەوە هات بۆ کاک شاپور و هەواڵی کاک عەبدوڵای پرسیبوو، کاک شاپور وتی ڕەنگە لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێمە لەو سەرەوە بن. من وتم تا لای ماڵی عەلی ڕەعنا و تا ئەو کاتەی تەقەمان لێکرا و گەڕاینەوە ناو چۆمەکە کاک عەبدوڵام بینی بەڵام پاشان نازانم چی لێ بەسەر هات. هێزی دیواندەرەش وتیان کە چەند پێشمەرگەی ئەوانیش دیار نین و ئەو هەواڵەش دەم بە دەم بە ئێمە گەیشت کە لە ئەسڵدا لە بەرەی شەڕەکەدا بووین و تەق و تۆق دوژمنمان دا ئەگرت.

پۆلێ پێشمەرگە لەو بەر ئێمەوە دامەزرا بوون و ئەیانوت ئەگەر ئار پی جی یەکمان پێ بگات ئەم سەنگەرانەی پێشەوە تێک ئەشکێنین و ئەتوانین پەلاماری ئاوایی بدەین بەڵام کاک شاپور و کاک عەلی ئەشرەف وتیان نابێ ئێمە بچینەوە ناو ئاوایی تا ئەو کاتەی سەر شاخەکان بە دەست دوژمنەوە بێ.

پێشمەرگەکانی بەرانبەر هەر بانگیان ئەکرد کە ئار پی جی مان دەوێ، کاک شاپور نەفەری نارد دوو ئار پی جی و چەند گولەیان هێنا، چەند جار هەوڵمان دا بگەینە هەڤاڵەکانمان بەڵام نێزیک بە ٥٠ گەز دەشتایی بوو و دەبوو مرۆڤ لە چۆمەکەوە بپەڕێتە ئەوبەر و لەو کاتە دا دوژمن بە خەستی و بە چەکی جۆراجۆر ئەمانی دایە بەر دەسرێژ. من بە کاک عەلی ئەشرەف و کاک شاپورم وت، ئار پی جی یەکم بدەنێ من ئەیانگەمێ، وتیان واز بێنە نابێ بڕۆێ نابینی چۆن ئەو دەشتایە بە گولە ئەبێژن، وتم ئار پی جی م دەنێ و کارتان نەبێ. وتیان تۆ ناتوانی ئار پی جی هەڵگری، بۆیە لەگەڵ کەسێکیترا بڕۆن، کاک شاپور پێکەنی و وتی: ئاخر مەلوچک (چۆلەکە) تو چیت کە سەرو پاکەت چی بێ.

لەگەڵ ئار پی جی بە دەستەکە خۆمان گەیاند لای چۆمەکە و نە چوینە ناو دەشتایەکە و تەنیا مەترسی پەڕینەوە لە ئاوەکە بوو، پێشمەرگەکان دوژمنیان دایە بەر گولە و سەرگەرمیان کردن، ئار پی جی بە دەست پەڕیەوە و دوای ئەویش من ویستم بکەمە ئەوبەرەوە، لە ناوەڕاستی ئاوە کە بووم، ویز، ویز گولە بەلای گوێما ئەیدایە ناو ئاوەکە چزەیەکی لێوە ئەهات، ئەژنوم ئەلەرزی لە دڵی خۆما ئەموت باشە بۆ بە قسەی کاک شاپور و کاک عەلی ئەشرەفم نەکرد بەڵام نەجاتم بوو و نیوە گیان گەیشتمە پێشمەرگەکان و دوو ئار پی جی یان نایە سەنگەری یەکەمەوە هەر ئەوەندەمان زانی سەنگەر چۆڵ کرا و بەرەو خوار ئاوایی بۆی دەرچوون بانگمان لە کاک شاپور و کاک عەلی ئەشرەف کرد کە دوژمن خەریکی پاشەکشەیە ئەوانیش چەند دەستە پێشمەرگەیان نارد بەرەو سەنگەری بەرزایەکان و ئێمەش بە ناو چومەکە دا گەیشتینە یەکەم ماڵی گوند و دیتمان دوژمن بۆێ دەر ئەچێ و بە بێ تەقە ئاوایمان گرت دیارە لە یەکەم ماڵ تا ماڵەکانی خوار ئاوایی کە لە ١٠ ماڵ زیاتر نەبوو نێزیک نیو سەعاتێکی پێچوو فەرماندەکان چاوەڕوان بوون کە پێشمەرگەکان بەرزایەکان بگرن بێ خەبەر لەوەی دوژمن لەبەرزایەکانیشەوە پاشەکشەی کردوە و ئەو گنخاندنە وایکرد کە نەتۆانین لە پاشەکشەدا زەربەیەک لە دوژمن بوەشینین.

ڕومان لە زیارەتەڵانی گوند کرد کە ئەکەوێتە خوارێ ئاوایەوە لە پڕ دیمەنێکی زور ناخۆش وشکی کردین، من و کاک عەلی ئەشەرەف و دوو پێشمەرگەی دیکە دەست بە چەک لە ڕیزی یەکا ئەڕۆشتین. جەنازەی کاک عەبدوڵای بارامی بە دەست بەستراوی کەوتبوو هێشتا خوێنی لێ ئەڕۆیشت. تۆزێ لەولاوەتر جەنازەی حەمە برنەومان دیتەوە کە سەر لە بەیانی شەهید کرابوو و جەنازەکەی وشک ببوەوە و لە سەروەتر جەنازی سەدیق ئەندامامان دیتەوە کە تا دوا فیشەک بەر بەرەکانێی کردبوو. خاڵە حەمە و سدیق پێشمەرگەی هێزی دیواندەرە بوون، خاڵە حەمە پێشمەرگەی هێزی مەریوان بوو بەڵام چووبووە هێزی دیواندەرە، پێشمەرگەیەکی بە تەمەن، بێدەنگ و هەژار بوو. سدیق ئەندام گەنجێکی ١٦ ساڵان و پێشمەرگەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

ئازا و ناو لە سەر زاران بوو، تازە لە دەورەی پێشمەرگایەتی گەڕابووەوە و لە شەڕی کۆڵ و دوزخدەرە دا ئازایەتیەکی وای نواند بوو کە ببووە وێردی زمانی هەڤاڵەکانی.

کاک عەبدوڵای بارامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب و خەڵکی شاری پاوە و پێشمەرگەیەکی زانا، لەبەر دڵان و ڕوخۆش بوو. بەداخەوە لە لایەن هێزەکانی دوژمنەوە دەسگیر دەکرێ و پاشان لە لایەن چەند جاشێکەوە کە تەسلیمی بوون واتە پێشتر پێشمەرگە بوون و خۆیان بە دوژمن تەسلیم کردبووەوە ئەناسرێتەوە و نەیان هێشتبوو بەڕێ بکرێتە پشت جەبە و نازانم چ مەبەستێکیان هەببوو تەنانەت ڕەختەکەشیان لێ نەکردبووەوە و لە دوا ساتەکانی هەڵهاتن دا ڕگبارێکیان لێ کردبوو و شەهید ببوو، دەمانچەکەی بە کەمەرەوە بوو، سەعاتەکەی لە دەستا و پارە و کیفی بەخەڵی هەروا دەستی لێ نەدرا بوو بەڵام کلاشینکۆفەکەیان بردبوو.

بەیانیش لەگەڵ یەکەم تەقە دا ئەنوەر شەهید ببوو و ئێمە چوار جەنازەمان لە ریزێک دانابوو و بە خەمباریەوە لێمان ئەنواڕین. کاک شاپور دەستوری دا کە گۆڕیان بۆ بکەنن و بە جل و بەرگی خۆیانەوە بیانێژین، و نامەیەکیشی بۆ کاک بابا و عەلی و کاک مستەفای هیجری نوسی و دایە من کە بە سواری ئەسپەکەی کاک شاپور بویان بەرم.

کاتێک نامەکەم دایە کاک مستەفا و خۆێندیەوە بە تەواوی خەمباری بە دەم و چاوەوە دیار بو و نامەکەی دایە کاک بابا عەلی و ئەویش خۆێندیەوە و دەستی بە گریان کرد، کاک هادی و کاک تۆفیق و ئەوانیش دەستیان کردە گریان و هەموو پێکەوە گەڕاینەوە ناو ئاوێی و پاش ئەوە جەنازەکانمان ناشت هێزی بێستون ڕۆشتن و هێزی دیواندەرە گەڕانەوە ناو ئاوایێ و ئەو شەوەش پێکەوە بووین و هێزی شەریفزادە و هێزی بێستون لە لای سەروی ئاوایەوە بوون و ئەوەندەمان خەم نەبوو.

ڕۆژی دوایێ هەموو هێزەکان دوور کەوتنەوە و تەنیا ئێمە واتە ئاژوان ماینەوە و ئەوانەش کە لە ئاژوان بوون پیر و پەک کەوتە و کەسانێکی "بن‌پاژینە"یان پێ ئەوتن لە قسە کردن بەو لاوە هیچیان لە بارا نەبوو. فەرماندەی پێشمەرگەکان حەمە نەزیف قوڕە قەڵایێ بوو و یەک دوو پێشمەرگەی دیکە هەبون کە نە ئەترسان، ئەوانی دیکە بە ئاشکرا ترسی خۆیان باس ئەکرد و ئەیانوت ئێمە لە ئاوایێدا نامینینەوە.

کاک مستەفا و کاک بابا عەلی بڕیاریان وا بوو تا بەیانی لەوێ بین و هاوکات پۆلە پێشمەرگەیەک خەریکی چادر لێدان بوون لەو کۆێستانانە دا کە ئێمەش ڕۆژی دوایێ بار کەین بۆ ئەوێ.

تا ئەو کاتە کە تاریک داهات باش بوو، دوو کەس دوو کەس نیگابانمان دا ئەنا بەڵام هەر کە تاریکی کرد نیگابانەکان ئەهاتنەوە ناو ماڵەکە. حەمە نەزیف دەنگێکی ناسکی هەبوو و پێیان ئەوت حەمە نوزە نوز کەر حەمە نەزیف لەو حاڵەتە



سەرچاوە
Serchawe

**بێزار ببوو و بە نوزە نوز وتی: خوا بیبورێ ئەم پێشمەرگانە، ناوێرن نیگابانی بدەن. وتم گوێیان مەدەرێ نیگابانی ناوێ بەڵام بڵێ کەس مافی خەوتنی نیە، دیارە بە بێ ئەوەش کەس نە ئەخەوت.**

**حەمە نەزیف وتی: بچوو بە کاک مستەفا و کاک بابا عەلی بڵێ پێشمەرگەکان ڕوحیەیان لە دەست داوە و ناوێرن نیگابانی بدەن، منیش چووم و پەیامەکەم گەیاند، کاک مستەفا وتی: وەرە دانیشە جارێ چایەک بخۆ پاشان هەموو شتێ باش دەبێ، کاک بابا عەلی خەریکی نوسین بوو و کاک مستەفاش کتێبێکی بە دەستەوە بوو و ئەیخوێندەوە و کاک عوسمان پاڵنگانیش لە پەنا چرا عەلادینەکە دانیشتبوو و جار و بار چایەکی بۆ دا ئەکردن.**

**چایەکەم خوارد و هەروا چاوەڕوانی وەڵام بووم. لە پڕ درگا لێدرا و یەکێک خۆی کردە ژورا و بێ ئەوە چاو لە کەسمان بکات وتی: برا بۆ خاتر خوا بۆ ئەتانەوێ بە کوشتمان بدەن، سێ هێز لێرە بوو بەرگەی دوو دەقیقەیان نەگرت، ئەتانەوێ ئێمە بەرگەی چەندە بگرین؟ بۆ نا یەن بڕوین. کاک مستەفا بێ ئەوە هیچ خۆی تێکدا وتی: تۆ فەرماندەت هەیە، کێ ئیزنی داوی بۆ خۆت بیتە ئێرە و قەرار بدەی، مەگەر نازانی پێشمەرگایەتی مەترسی زۆرە؟ ئەگەر زۆر ئەترسی بڕو ئاوایی بە جێ بێڵە، کابرا وەک ئەوە پەشیمان بێ لە هاتنەکە ماوەیەک بێدەنگ وەستا و پاشان چوە دەرەوە.**

**کاک بابا عەلی وتی واباشتر ئاوایی بە جێ بێڵین، ئێمە دەبێ بڕوین، جا ئێستا بێ یان بەیانی چ فەرقی هەیە، کاک مستەفا وتی: نا ناچین.**

**ئیزنم لێ خواستن کە بڕۆمەوە بۆ لای پێشمەرگەکان، وتیان بڕۆ لەگەڵ حەمە نەزیف قسە بکە و بڵێ ئەگەر نیگابانی نادەن و نایانەوێ بچنە دەرەوە کێشە نیە، بەڵام دانە دانە لە ناو ماڵەکە دا نیگابانی بدەن و بەیانی کات ژمێر ٤ ئەڕوین و پاشان بگەڕێوە لای ئێمە.**

**چووم و هەواڵەکەم پێ گەیاندن و گەڕامەوە لای کاک مستەفا و ئەوان. کاک عوسمان وتی من خەوم نایە تۆ لە ناو کیسە خەوەکەی مندا بنوو، یەکڕاست تفنگەکەم خستە ژێر سەرم و خەوتم و خوا خوام بو لە دەست ئەو دڵە ڕاوکەیە نەجاتم بێ. کاتژمێر ٣ و نیو هەڵیان ساندم و منیش چووم و پێشمەرگەکانم وەشیار کردەوە و دوو هێسترمان بار کرد و ڕومان لە کوێستانەکانی ئەو ناوە کرد و بنکەی تازەمان دامەزراند، بەڵام زۆر سارد و شێدار بوو.**

**ئێستاش کە بیر لەو شەوە ئەکەمەوە ئەترسم و بە خۆم ئەڵێم بەڕاستی نازانم کاک مستەفا چۆن نەئەترسا و بۆچی ئەوەندە ویشک بوو کە ناڕوین و ئەو هەموو خەڵکەی ترسان، لە ڕاستیدا زور مەترسیداریش بوو، دوژمن بە تەواوی زاڵ و تازە چەند کەسمان لێ شەهید ببوو و پێشمەرگەش بە دەورمانەوە نەمابوو و ئەو پێشمەرگانەش کە بۆ پارێزگاریکردن لە ناوەندی ئاژوان دەسنیشان کرابوون بەرگەی دوو دەقیقە شەڕیان نەئەگرت.**

نووسینی: هیوا گوڵ محەممەدی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٣٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ هیوا گوڵ محەممەدی بۆ ئامادەکردنی و نووسینی ئەم بیرەوەریە بەنرخ و خەبات و بەرخۆدانی پێشمەرگانەت.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

